# باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێردا
# لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# بارى ئەدەبيى كوردى لە شارى هەولێر

## لە نێوان سالآنى ١٩٣٥-١٩٥٨

گۆران سۆران فەيزى



ئەم بەرهەمە لە هەولێرەوە هەڵقولآوە و بەهەولێریش پێشکەشە

پێشکەشیشە بە گیانی پاکی (عیزەدین فەیزی) باپیرم

کتێب: بارى ئەدەبيى كوردى لە شارى هەولێر لە نێوان سالآنى ١٩٣٥-١٩٥٨
دانانى: گۆران سۆران فەيزى
بڵاوكراوەى ئاراس- ژمارە: ٤٢٤
دەرهێنانى هونەريى ناوەوە: ئاراس ئەكرەم
هەڵەگرى: جەلال ئەلياس
سەرپەرشتيى چاپ: ئاورەحمانى حاجى مەحموود
چاپى يەكەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە كتێبخانەى گشتيى هەولێر ژمارە (٢٢٣)ى ساڵى ٢٠٠٥ى دراوەتێ

شاری هەولێر مەنبەعی عیرفانمە
شاری هەولێر باغ و هەم بیستانمە
سەرچلی سەر ئەرزە قووتی ڕووحمە
شاری هەولێر عەنبەری شارانمە
خۆش هەوایە مەنزەریشی شیرینە
شاری هەولێر دولبەر و جانانمە
زەڕڕەیێ خاکی ئەمن نادەم بەزێڕ
گەوهەرە، دوڕڕە، وەهەم مەرجانمە
ماڵ و موڵکم بۆ چییە غەیری وەتەن
ماڵ و موڵک و سەروەت و سامانمە
مەولدی خۆم جێگەی ئەجدادمە
بۆ برینم مەرهەم و دەرمانمە
هەر لە منداڵی هەتاکو ئەم دەمە
جێگەی سەیر و وەهەم سەیرانمە
جێی شەڕی دارا و ئەسکەندەر بووە
جێی کەمال و ئیبن خەلەکانمە
فەیلەسوفی عەسری خۆی (حاجری)
جێی ئەوە زاتێکی خاوەن شانمە
جێگەی ڕاستی و وەفایە، چاوەکەم
جێی (مظفر) شاه و هەم سوڵتانمە
جێگەی تەقوا و عیلم و عیفەتە
جێگەی تەفسیر و هەم قورئانمە

محەمەد شەریف میهری



## پێشەکی

خۆم زۆر بە بەختەوەر و کامەران دەزانم کە شەرەفی ئەوەم بۆ هەڵکەوێت لە شارەکەی خۆم و لە مەنبەعی عیلم و عیرفانەوە، شیلەی بەهرەی بەپێز و هزری ڕووناک و دووربین و بەرهەمی نایابی خامە ڕەنگینی ڕۆڵە ماندوونەزانەکانی هەولێر بخەمە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانەوە، بەڵکو بتوانم تۆزقاڵێک ئەمەکداری پێویست بەرامبەر بەم شارە خۆشەویست و کوردپەروەرە و دانیشتوانە دڵ ساف و غەریب دۆست و بەشەرەفەکەیدا دەرببڕم.

بەپێی ئاگاداری من تا ئێستا مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەولێر نەخراوەتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و بەرنامەئامێزدا، بۆیە هیوای ئەوەم لە دڵە کە ئەم هەوڵە بچووکەم ببێت بەدەستپێکی زنجیرەیەکی نەپساو لە باسی قووڵ و توێژینەوەی فراوان و شایان بەڕابردووی پڕ شکۆداری شارەکەمان.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لەگەڵ چاو هەڵێنانم بۆ ژیان، پەروەردەی خێزانیم ڕێگەی نەتەوە پەروەری و خۆشەویستی نیشتمان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی و ئاشنابوون لەگەڵ ڕۆشنبیری و ئەدەب دۆستی و چێژ وەرگرتن لە کولتووری کوردەواریمیانی خستە بەردەمم. کە ئەم دەرفەتەی خوێندنیشم بۆ ڕەخسا وەک چۆن جۆگەلە ئاوێک ڕێگەی ئاسایی خۆی بگرێت، ئەوها منیش بزووتنەوەی ئەدەبی لەنێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)م لە هەولێری دێریندا هەڵبژارد تا ببێکەمە بابەتی نامەکەم و لەو کلاوڕۆژنەیەدا خزمەتێک پێشکەش بەمێژووی ئەدەبی فەرامۆش کراوی ئەم شارە بکەم.

شایانی باسیشە پڕ بەدڵ سوپاسی خۆم ئاراستەی مامۆستای بەڕێزم پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر نەوزاد وەقاس سەعید دەکەم کە بەتێبینی و سەرنجە بەنرخەکانی سەرپەرشتی نامەکەمی کرد.

ماوەی دەستنیشانکراویش بەسەردەمێکی دەوڵەمەند لە ڕووی گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکان و بەرەو پێشەوەچوونی باری ژیانی ئادەمیزاد بەگشت لایەنەکانییەوە دادەندرێت. ئەمانەش بێ گومان کاریگەریی خۆیان بەسەر ئەدەبدا

هەبووە. کۆمەڵگەی ئێمەش وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەک بێ بەش نەبووە لەم گۆڕانکارییانە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەست پێکراویش ڕەنگی لەسەر داوەتەوە.

بێ گومان هەڵبژاردنی بابەتێکی فراوانی وەک بزووتنەوەی ئەدەبی لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا لە شاری هەولێر کارێکی ئاسان و بەردەست نییە و ئامادەکردنی نامەیەکی ئەکادیمیش بۆ ئەم جۆرە بابەتە نوێ و پەرت و بڵاوە تووشی چەندین گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی کردم. گرنگترینیان کەمی سەرچاوەکان بوو، ئەمەش ناچاری کردم پەنا ببەمە بەر چاوپێکەوتن و گەڕان و سوڕانێکی زۆر. بۆ نموونە بۆ پێداچوونەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکی نامەکەم وەک ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) کە زۆر جێی داخە ئێستا تەواوی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە نەماوە و فەوتاوە تەنها بەشێک لە ژمارەکانی نەبێت کە لەلایەن مامۆستایەکی بەڕێزی ئەم شارە(*) بەسوپاسەوە پارێزراوە و ماوەتەوە منیش بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەکە و وەکو تاکە سەرچاوەی بوونی ئەم ڕۆژنامەیە بەناچاری ببووم بە بارگرانیەک بەسەر مامۆستا و لە ماڵەکەیدا لاپەڕە بەلاپەڕەی ڕۆژنامەکەم هەڵدەدایەوە و چەندین سەعات لە کات و حەسانەوەی ئەویشم تێک دابوو.

هەروەها لەمیانەی ئامادەکردنی نامەکەمدا گەیشتمە ئەو ڕایەی کە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی ئەدەبی لە شارێک لە ماوەیەکی دوورودرێژ و تێکچڕژاو کارێکی سەختە و نەک ساڵێک بەڵکو چەندین ساڵی دەوێت، تا بەوردی و گشتگیرییەوە تێڕوانینەکان جێگای خۆیان بگرن و هیچ داهێنەرێکیش پشت گوێ نەخرێت.

دوو ڕووداوی گرنگیشم کرد بەدوو سەرەجەمسەری سەرەتا و کۆتایی ماوە هەڵبژاردەکەم، دەرچوونی گۆڤاری ڕووناکی لە ساڵی ١٩٣٥، وەک گۆڤارێکی نۆبەرە و وەک بنەمایەک بۆ ڕۆژنامەگەری و نووسین و بڵاوکردنەوە لە هەولێر، ئەمە لەلایەک و شۆڕشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨)یش وەک وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە و کاریگەر لەلایەکی دیکەوە. ئەم دوو خاڵە پرشنگدارەم بەباشترین سنوور زانی تاوەکو لەنێوانیاندا ڕەوڕەوەی بزووتنەوەی ئەدەبی لە هەولێردا هەڵسەنگێنم.

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە لە سێ بەشدا خۆی دەنوێنێت:

(*) مەبەستم بەڕێز مامۆستا عەلی چوکل بەرییەیە.



**لە بەشی یەکەمیاندا:** تیشکێکم خستۆتە سەر باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی شارەکە. ئەوەی سەرنجی هەر توێژەرێکیش ڕادەکێشێت، ڕۆڵی دیاری سیاسەت و ئایدۆلۆجییەکانە لەسەر لاوەکانی ماوەی دیاریکراودا لە هەولێر و ئەو تێکەڵ بوونە گیانی بەگیانییەیە کە لەگەڵ باری ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی ئەدەبی و داهێنانەکاندا هەیبووە. ئەمەش ناچاری کردم پێداچوونەوەیەکی سەرپێیی بەم لایەنەدا بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گرنگترین سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانیشم لەسەر باری ئەدەبیدا فەرامۆش نەکردووە.

**لە بەشی دووەمیشدا:** لەو بزووتنەوە شیعرییە دواوم کە لەماوەی دیاریکراودا لەناو شاردا لە ئارادا بوو و لە ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعری شاعیرانی ماوەکەشم کۆڵیوەتەوە. باسێکی تێروتەسەلیشم لە بارەی گرنگترین هونەرەکانی پەخشان لەماوەی دیاریکراودا لەناو شاردا کردووە، کە دیارترینیان بریتین لە (وتار، شانۆگەری، دواندەری، چیرۆک).

**لە بەشی سێیەمیشدا:** بەپێی قۆناغی جیاجیای ماوەی دیاریکراودا ژیاننامە و بەرهەمی چەند شاعیرێکم خستۆتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، تاوەکو بێ بەئاوێنەیەک ئاستی شیعری شاعیرانمان لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ تیایدا ڕەنگ بداتەوە، ئەوانیش بەپێی مێژووی لەدایک بوونیان بریتین لە "عەبدولجەبار ئاغای کانی ١٨٩٧-١٩٥٧، ناسیح حەیدەری ١٨٩٨-١٩٨٦، محەمەد شەریف میهری ١٩٠٣-١٩٤٢، شێخ جەلال جەمیل نەقشبەندی (نووری) ١٩١٢-١٩٩٥، ئیبراهیم هوشیار ١٩١٦-١٩٩٤، بورهان جاهید ١٩١٨-١٩٩١، مەلا مەسعود بێبەش ١٩٣٢-١٩٩٨، پیربال مەحموود ١٩٣٤- ٢٠٠٤".

هیوادارم ئەم بەرهەمە سەرەتایەک بێت بۆ لێکۆڵینەوەی تر لە داهاتوویەکی نزیکدا. بۆ ئەوەی بەرهەمی خامە ڕەنگینەکانی هەولێر لە قاپی زێڕیندا بخەمە بەردەمی نەوەکانی داهاتوو.

# بەشی یەکەم

## باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨

## باسی یەکەم

### باری سیاسی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨

بێ گومان سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری یا ئەدەبی پێویستی بەپێشخانێک هەیە، ئەمەش زیاتر خۆی لە دروست بوونی بارێکی سیاسی یاخود نەتەوەیی دەبینێتەوە، چونکە باری ڕۆشنبیری و سیاسی ڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن و هەردووکیان هۆکاری سەرەکین بۆ بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەکانیان و "لە هەندێ باردا شۆڕشی ڕۆشنبیری و ئەدەبی پێش شۆڕشی سیاسی دەکەوێ و ئاو و هەوای تەقینەوەی شۆڕشەکە ئامادە دەکات، بەڵام پاش تەقینەوەی شۆڕشەکە ڕووداوە سیاسییەکەی ئەو بزووتنەوەیە دەنگدانەوەیەکی زیاتری دەبێ لە بزووتنەوە ئەدەبییەکەی"[١]. بوونی کیانێکی تایبەت بۆ هەر میللەتێک، تا لە چوارچێوەیدا مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بێنێت، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرەو پێش چوونی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئەو میللەتە و هەستە نەتەوەییەکەشی شێوەیەکی ئاسایی خۆی وەردەگرێت. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمەی میللەتی کورد کیانێکی سیاسی تایبەتیمان نەبووە، بۆیە باری ڕۆشنبیری و ئەدەبیمان و گرنگیدانمان بەزمانەکەمان زیاتر بەستراوەتەوە بە باری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و بەو بزووتنەوە ڕزگاریخواز و شۆڕش و حزب و ڕێکخراوانەی کە ئامانجیان دابین کردنی مافەکانی میللەتی کورد و بوونی کیانێکی تایبەت بووە بۆ کورد.

بۆیە باسکردنی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی شاری هەولێر پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەک بەباری ڕامیاری ئەو سەردەمە هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو لایەنە لەسەر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی شارەکە ڕوون بکەینەوە.

---

(١) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (کەریم شارەزا) لە ٢٠٠١/١١/١.



لە کۆتاییەکانی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، هەولێر وەک قەزایەکی پشتگوێ خراو دەهاتە بەرچاو کە لەگەڵ ناوبانگ و مێژووە دەوڵەمەندەکەی نەدەگونجا. لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی شاری هەولێر ڕاستەوخۆ سەر بە(والی بەغدا) بووە. تەنانەت هەندێ جار ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرا[٢].

شاری هەولێر لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ مایەوە. بەڵام لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی ناوبراودا، ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٧ بەغدایان داگیر کرد و[٣] بەرە بەرە بەرەو ویلایەتی موسڵیش هەڵکشان[٤].

لە ڕۆژی سی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ پەیماننامەیەک بەناوی (مۆدروس) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیزەکاندا بەسترا بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ. پێش بەستنی ئەم پەیماننامەیە زۆربەی ناوچەکانی (ویلایەتی موسڵ)[٥] هەر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، تەنیا شاری کەرکووک نەبێ کە لە (١٩١٨/١٠/٢٥) ئینگلیزەکان خستبوویانە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام دوای پەیماننامەکە و بەهۆی ناوەڕۆکەکەیەوە ئینگلیزەکان بەمافی خۆیان دەزانی، هەر شوێنێکی ئیستراتیجی داگیر بکەن، کە بزانن هەڕەشە لە بوونیان دەکات[٦]. بەم شێوەیە بەرەبەرە ئینگلیزەکان زۆربەی شار و شارۆچکە و ناوچەکانی ویلایەتی موسڵیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان[٧]. ئەوەبوو لە ڕۆژی دەی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ هەولێریشیان داگیر کرد و، لە حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩)شدا

---

(٢) هادی رشید چاوشلي، تراث اربيل التأريخي، اربيل، ١٩٨٥، ص(٢٢)

(٣) زبير بلال اسماعيل، تأريخ اربيل، اربيل، ١٩٩٨، ص(٢١٥).

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٥).

(٥) (ویلایەتی موسڵ) لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دووبارە لە ساڵی ١٨٧٩ پێکهێنرایەوە، شاری هەولێریش سەر بەم ویلایەتە بوو، بۆ زیاتر شارەزابوون لە بارەی (ویلایەتی موسڵ) سەیری (مشكلة الموصل، تأليف الدكتور فاضل حسين، بغداد، ١٩٥٥) بکە.

(٦) ستيفن هيمسلي كونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، الجزء الاول، بغداد، ١٩٨٨، ص(١٥٦).

(٧) د. فاضل حسين، المصدر السابق، ص(٣)

کابتن (های)یان وەکو یەکەمین حاکمی سیاسی لە هەولێردا دەستنیشان کرد. لە یەکەمین ڕۆژی مانگی تشرینی دووەمی (١٩١٩)شدا لیوای هەولێر پێکهێنرا و، هەر دوو قەزای کۆیە و ڕواندزیشی خرایە سەر و، پاش پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقیش[٨] (ئەحمەدە فەندی عوسمان)یان کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناو شاری هەولێر و سەرۆکی شارەوانی هەولێریش بوو لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کرد بەیەکەمین موتەسەڕیفی هەولێر[٩].

هاتنی ئینگلیزەکان گۆڕانکارییەکی لە بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی عوسمانییەکاندا دروست کرد. لە سەردەمی داگیرکردنی هەولێر لەلایەن ئینگلیزەکان شارەکە تارادەیەک جۆرە بوژانەوەیەکی بەخۆوە دیت، ئەمەش لەبەر هەندێ هۆ لە سەرووی هەموویان گۆڕانکاری لە ڕووی فەرمانڕەوایەتی لە ڕژێمێکی عوسمانی پاشکەوتووی نا ناوەندی، کە بەزۆری گرنگی بەکۆکردنەوەی باج و دەرامەت دەدا لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی دابوو. بۆ ڕژێمێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری کە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەباشی دەزانی هەندێ لە هۆیەکانی پێشکەوتن بۆ ناوچەکە بگوازێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی نەک تایبەتی واتە بۆ هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیدایە نەک بۆ ناوچەیەکی تایبەت. ئەو پێشکەوتنەش زیاتر بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و دروست کردنی هەندێ کۆشک و تەلاری حکومی و دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی ڕێگەوبان و دابینکردنی هۆیەکانی هاتوچۆ و... هتد دەگرێتەوە[١٠].

لەم بارەیەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێت: «دامودەزگای دەوڵەتی لە هەولێر لەگەڵ

---

(٨) لە (٢٦) نیسانی ساڵی (١٩٢٠) عێراق بووە یەکێک لە وڵاتانی ئینتدابی بەریتانی و لە (٢٣)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ یەکەم وەزارەتی کاتی بەسەرۆکایەتی (نەقیبی ئەشرافی بغداد) عبدالرحمن الگیلانی دامەزرا و لە (٢٣)ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٢١ (شا فەیسەڵی یەکەم)ی کوڕی شەریفی حوسەینی شەریفی مەکە بوو بە یەکەم شای عێراق.

(٩) زبیر بلال اسماعیل، هەولێر لە مێژوودا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١) زستانی ساڵی ١٩٩٨، ل(١٣).

(١٠) اسماعیل شكر رسول، اربیل دراسة تأریخیة في دورها الفكري والسیاسي (١٩٣٩-١٩٥٨)، اطروحە دكتوراه، قسم التأریخ، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ١٩٩٩، ص(٢٩)



دروستبوونی حکومەتی عێراقی لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢١ دامەزرا. چەند بینایەیەک دروست بوو و جۆرە شارستانییتییەک کەوتە هەولێر»[١١].

ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی تر ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی بەهەموو شێوەیەک دژی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و شۆڕشەکان و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکان بوون. سیاسەتیان بەرامبەر کورد و کێشەی کورد، بەدرێژایی حوکمی خۆیان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٥٨ لەسەر یەک ڕێچکە ڕۆیشتووە، تەنیا بەدەگمەن نەبێ هەندێ جار جۆرە هەڵوێستێکی نەرمیان نواندوە ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت، لە سەرووی هەموویان بەرژەوەندی خۆیان[١٢].

لە شاری هەولێر بزووتنەوەی (کوردایەتی) لە سەرەتای سییەکان بوژایەوە و لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان بەرەو تەکامول بوون و پێشکەوتن ڕۆیشت تا قاڵبی خۆی وەرگرت و چەندین کەسایەتی ناوداری کوردپەروەر لەناو شار پەیدا بوون. ئەم بزووتنەوە کوردپەروەرییەی لەناو شار لەم ماوەیەدا سەری هەڵدا، بەهۆکارێکی یەکجار سەرەکی گەشەسەندنی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی دادەندرێت. لەبەرئەوەی ئەم هەستە نەتەوەیە وەکو هاندەرێک بوو پاڵی بەدەیان کەس لە خەڵکی ئەم شارە نا بەتایبەتی لاوان و ڕۆشنبیران کە گرنگی بەزمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بدەن[١٣]. لێرەدا بەپێویستی دەزانم تیشک بخەمە سەر چەند هۆکارێکی سەرەکی کە بەهاوبەشی کاریگەرییەکی گرنگیان لەسەر بوژانەوەی گیانی نەتەوەیی و نەش و نماکردنی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و گرنگیدان بەزمانەکەمان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەم شارەدا هەبووە. یەکێک لەو هۆکارە هەرە گرنگانەش بریتییە لەو بارودۆخە ناهەموارەی کە میللەتی کورد لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تیایدا ژیاوە و بۆتە هۆی جیاکردنەوەی لە میللەتانی تر. لەبەرئەوەی لە دەست وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەرانەوە تووشی چەندین زوڵم و زۆرداری بووە و، بۆیە کورد

---

(١١) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار.

(١٢) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب ٢٠٠١/١١/٣، حاجی حەیدر عوسمان ٢٠٠١/١١/٦، ئەحمەد دڵزار٢٠٠١/١١/٢٨، عومەر فەرهادی ٢٠٠١/١٢/٣).

(١٣) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، حەیدەر عوسمان، د. مارف خەزنەدار ٢٠٠١/١١/٢٠، سەید مەولوود بێخاڵی ٢٠٠١/١١/٣٠، نەژاد بەرزنجی٢٠٠١/١١/٢٢).

وەکو میللەتێکی بێ ماف و بەش خورا و سروشتێکی تێکۆشینانەی بەخۆوە دیوە، کاتێ مرۆڤی کوردیش لە چوارچێوەی ئەم جۆرە بارودۆخە گەشە بکا، شتێکی زۆر ئاسایە کە پێیانەوە کاریگەر بێت و ئەمە وای لە شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیرانی کورد کردووە کە شۆڕش و ڕاپەڕینی یەک لە دوای یەک ئەنجام بدەن دژی ئەو وڵاتانەی کە کورد لەژێر ئاڵایاندا دەیناڵاند. لەو شۆڕشە ناودارانەش کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کاریگەرییان لەسەر شاری هەولێر هەبووە شۆڕشەکانی (شەهید شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) لە نێوان ساڵانی ١٩٠٧-١٩١٤ شۆڕشەکانی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٢، هەروەها شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر[١٤].

ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانەش بەفاکتەرێکی سەرەکی بوژانەوەی هەستی کوردایەتی دادەندرێت. کە ئەمەش بەدەوری خۆی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەبەرەو پێش بردن و گەشەسەندنی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و گرنگیدان بەزمانەکەمان.

هۆکارێکی بەهێزی تری وروژانی هەستی (کوردایەتی) و گەشەسەندنی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە شاری هەولێر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم قەڵەمی ڕۆژنامەنووسانە لەم بارەیەوە گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە.

ڕۆژگار و تاقیکردنەوە و بزووتنەوەکانی کورد بەهەموو لایەکی سەلماند کە خەبات لەپێناو گەل و نیشتمان تەنیا بەچەک هەڵگرتن نایەتە دی، بۆیە ڕۆشنبیرەکانی کورد و لاوە خوێن گەرمەکانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بیریان لە ڕێگەی تر کردەوە بۆ خەبات کردن لەپێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاریی کورد. ئەوەبوو هەڵسان بەپێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوی ڕامیاری و یانەی ڕۆشنبیری و کردنەوەی قوتابخانەی کوردی. بەو ڕێگە نوێیەش کە ڕۆشنبیرە دڵسۆزەکانی کورد گرتیانەبەر بۆ خەبات و کۆشش، بزووتنەوەی کوردایەتی و باری ڕۆشنبیریی ڕادەیەکی بەرزتری وەرگرت و شێوەیەکی پوختە و ڕێکوپێکی گرتەبەر[١٥]. لەم بارەیەوە مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێ: "تا ئاخر و ئۆخری

(١٤) لەبارەی کاریگەریی ئەم شۆڕشانە لەسەر شاری هەولێر سەیری (ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو) بکە.

(١٥)عەبدولجەبار جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل(٥٢-٥٣).



سەدەی نۆزدەهەم کورد هەر لەو عالەمەدا بوو... لەم مێژووە بەدواوە عالەمێکی تری زیاد کرد کە عالەمی ڕۆژنامەیە"[١٦]. ڕۆژنامە و گۆڤارە ئاشکرا و نهێنیەکانی شارەکانی (بەغدا و سلێمانی و هەولێر و دیمەشق)[١٧] و ئیتریش، بەتایبەتی بڵاوکراوەکانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە نهێنییەکان، ڕۆڵی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی هەستی کوردایەتی و پرنسیپەکانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە شاری هەولێردا بینی هەریەک بەپێی ئاستی خۆی بۆ نموونە هەردوو گۆڤاری زاری کرمانجی ڕواندز و ڕووناکی هەولێر[*] کاریگەریی تایبەتی خۆیان لەسەر شاری هەولێر هەبوو. گۆڤاری گەلاوێژی بەغداش ١٩٣٩-١٩٤٩ لە ڕاستیدا زمانحاڵی پێشکەوتنخوازانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو لە عێراقدا[١٨]. هەروەها ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە غەیرە کوردییانەی کە دەگەیشتنە هەولێر هەندێکیان بیری پێشکەوتنخوازی و ئازادی دەخستە بەرچاو کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی ناو شاری هەولێر، ئەمەش بەدەوری خۆی کاریگەری لەسەر بیری نەتەوەییدا هەبووە[١٩].

لێرەدا پێویست بە ئاماژەکردن بەهۆکارێکی دیکەی پێشخستنی باری نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەم شارەدا دەکات. ئەویش دەرکەوتنی چەند کەسایەتییەکی ڕابەر و خاوەن ئەزموون و ڕۆشنبیر، یاخود خاوەن بڕوانامەی زانستی لەم شارەدا کە دیارترینیان ڕۆشنبیر و مێژوونووس و کوردپەروەری خواڵێخۆشبوو (حوسێن حوزنی موکریانی)یە کە بەڕێگەی هەڵوێست و نووسینەکانی و چاپەمنییەکانی توانی باری ڕۆشنبیری و زمانەوانی لەم شارەدا بشڵەژێنێ کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کار لەباری ئەدەبی و نەتەوەیی و بۆچوونی خەڵکەکە دەکات[٢٠].

(١٦) عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بغداد، ١٩٥٢، ل(١٥٥).

(١٧) سەیری (جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣) بکە.

(*) لە بابەت باری ڕۆشنبیریی شاری هەولێرەوە، بەتێروتەسەلی باسی دەکەم.

(١٨) ساڵح حەیدەری، یاداشت و چاوپێخشاندن بەمێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕیی کوردستان و عێراقدا ١٩٤٠-١٩٥٣، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، زستانی ١٩٨٨.

(١٩) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (د. مارف خەزنەدار و زیوەر خەتاب).

(٢٠) دەستنووسێکی مامۆستا (عیزەدین فەیزی) کە تیایدا باسی چەند سەربردەیەکی خۆی دەکات.

هەر لە بارەی نەشونماکردنی گیانی کوردایەتی و گەشەکردنی باری ڕۆشنبیری و گرنگیدان بەزمانی کوردی لەناو شاری هەولێر، هەوڵی چەند مامۆستایەکی پێشەنگی پەروەردەیی نابێ لەبیر بکرێت کە (فەزلی) سەرەکییان هەبوو، بەتایبەتی لە ڕێگەی سروودی نەتەوایەتی بەجۆش و بزواندنی گیانی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونی قوتابییان، توانییان چینێکی نەتەوەپەروەری ڕۆشنبیر لە دەیان لاوی خوێن گەرمی هەولێری لەناو قوتابییانی ناو شار پەیدا بکەن کە ئەوانیش دەوری پێشەنگییان بینی لە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی کورد لەم شارەدا، بەتایبەتی لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم و بەرەو پێش، ڕەگی بیروباوەڕیان لە خاکەکەدا چەقاند و بەری خۆشی هەبوو[٢١]. هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنان و گرنگیدان بەزمان و ئەدەبی کوردی لەوانەوتنەوەدا توانییان خۆشەویستی ئەم زمانە و ئەدەبە لە دڵ و دەروونی سەدەها قوتابی بچەقێنن. بەتایبەتی مامۆستایانی قوتابخانەی یەکەمی هەولێر کە وانەوتنەوە تیایدا بەزمانی کوردی بوو[٢٢]. لە نموونەی ئەم مامۆستا ڕابەر و کوردپەروەرانەش (سەعدی جەلال، ئەحمەدە فەندی، مستەفا بەهجەت، عەبدوڵڵا عەزیز، برایان شێخ حەسەن و شێخ مستەفا نیعمەتوڵڵا، سەید نەزیف عەبدولکەریم بەرزنجی، عیزەدین فەیزی، موسا سەمەد، زاهیر هەناری، برایان کەمال و سەدیق عەبدولقادر، حەیدەر عوسمان، جومعە محەمەد سەفار، یونس مستەفا چەلەبی، خدر مەولود، کەریم ڕەئووف، یوسف شیخ یەحیا، سەلیم موختار و دەیانی تر).

خاڵێکی گرنگی تری گەشەسەندنی هەستی کوردایەتی و بەرەوپێش بردنی زمانی کوردی لە شاری هەولێر بریتییە لە کۆتایی هێنان بەتەنگژەی (ویلایەتی موسڵ). هەروەکو ئاشکرایە (ویلایەتی موسڵ) کە ناوچەکانی بادینان و هەولێر و کەرکووک و

(٢١) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (د. مارف خەزنەدار، زیوەر خەتاب، کەریم شارەزا، حەیدەر عوسمان، نەژاد بەرزنجی، عەلی چوکل بەرییە ٢٠٠٢/١١/٢٠، سەید مەولود بێخاڵی، عومەر فەرهادی، مەحموود زامدار ٢٠٠٢/١/١٠، محەمەد عارف ٢٠٠٢/٢/٢، قەدریە عەزیز ٢٠٠٢/١/٣٠ز)؛ ممتاز حەیدەری، مامۆستا عیزدەین فەیزی بۆ هاوکاری ئەدوێ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١٧)، ١٩٧٢.

(٢٢) مەغدید حاجی، یەکەمین قوتابخانەی هەولێر، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢٢٥٠)، ١٩٩٨/٣/١٩.



سلێمانی و موسڵ دەگرێتەوە، پاش کێشەیەکی زۆر و دوای ڕازی بوونی حکوومەتی بەریتانی بەبڕیارێک لەلایەن (عصبة الامم)ەوە واتە نەتەوەیەکگرتووەکان لە (١٦)ی کانوونی یەکەمی ساڵی **١٩٢٥** درایە حکوومەتی عێراقی، ئەو حکوومەتەش بەچەندین پەیماننامە لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیادا بەسترابووەوە و پابەند کرا بوو بەڕەچاوکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا[٢٣] کۆمەڵەی نەتەوەکانیش (عصبة الامم) لە ساڵی **١٩٣٢** هەمان مەرجی فەرز کردە سەر عێراق ئینجا عێراقی وەکو ئەندام وەرگرت.

بۆیە ئەم حکوومەتە ناچار بوو دان بەهەندێ لە مافەکانی کورد بنێ (ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیشبایە)، لەوانەش دەرکردنی یاسای بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ساڵی (١٩٣٠)دا، بەمەش زمانی کوردی لە قوتابخانە و فەرمانگە میرییەکانی کوردستان بەکار هات[٢٤].

جگە لە دانانی نووسینگەیەکی تایبەت بۆ وەرگێڕان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی بۆ وەرگێڕانی دەق و یاساکان و سیستەمەکان و فەرمانەکان بۆ سەر زمانی کوردی سەرەڕای دانانی قوتابخانەکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی لەژێر چاودێری یەک (سەرپەرشتیار)ی پەروەردەیی لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٠)دا[٢٥].

ئەم فاکتەرانەی کە پێشتر باس کران بەسەرچاوەی سەرەکی دروست بوونی تۆوی کوردایەتی و پەیدابوونی چینێکی ڕۆشنبیر لە نێوان لاوان و قوتابییان و خەڵکانی تری ناو جەرگەی ئەم شارە دێرینە دادەنرێن. ئەم چینە ڕۆشنبیرە توانییان بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری لەناو ئەم شارە دروست بکەن و لە دواڕۆژیشدا نووسەر و شاعیری بەتوانا و هونەرمەندی لێهاتوویان لێ دەرچوو. دەبوایەش ئەم چینە ڕۆشنبیرە ئەو هەست و بیروباوەڕەیان لە ڕێگەی کارکردن و دامەزراندنی چەند حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دەرببڕن. ئەمەش بۆ ڕێکخستن و پلان دانانێکی ڕێکوپێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مەبەستیان بوو.

(٢٣) زبیر بلال اسماعیل، ثورات بارزان ١٩٠٧-١٩٣٥، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٨٠).

(٢٤) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، بغداد، ص(١١-١٢).

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل (١٢)

**حزب و ڕێکخراوەکان:**

لە ساڵی **١٩٣٧** ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی (نهێنی) بەناوی (دارکەر) دروست بوو، زۆربەی لاوە ڕۆشنبیرە خوێن گەرمەکانی ناو شاری هەولێر بەگەر ئەم ڕێکخراوە نەتەوەیە کەوتن[٢٦].

ئەم ڕێکخراوە بەناوی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کە کاتی خۆی لە ئیتالیادا کاری دەکرد و داوای یەکێتی ئیتالیای دەکرد ناو لێنراوە[٢٧]. سەرەتای دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە لە شاری هەولێر دەستی پێ کرد، چونکە کۆمەڵێک لەقوتابی خاوەن بیروبۆچوونی نەتەوەیی بڕیاریاندا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی پێکەوەبنێن[٢٨]. دامەزرێنەرە بەرایەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەمانە بوون (یونس ڕەئووف دڵداری شاعیر، مستەفا عوزێری، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان حاجی ئەحمەد باغچەچی،... هتد) وە لە ئەندامە چالاکەکانیشی خوالێخۆشبووان فەتاح و ڕۆستەم عەبدولجەبار بوو[٢٩]. گشتیان خەڵکی شاری هەولێر بوون تەنیا یونس ڕەئووف دڵدار خەڵکی کۆیە بوو.

لە زۆربەی سەرچاوەکاندا باسی ڕۆڵی نەتەوەپەروەری پێشکەوتنخوازی شاعیری نوێخوازی ناسراو (یونس ڕەئووف دڵدار) دەکرێ لە دامەزراندن و هەڵسوڕاندنی ڕێکخراوەکە هەر خۆیشی ماوەیەک سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بوو[٣٠]. شایانی باسە لەم ماوەیەدا شاعیری ناوبراو لە شاری هەولێر دەژیا.

ئەم ڕێکخراوە پەرەی سەند و ئەندامانی لە زۆربەی شار و شارۆچەکەکانی کوردستان پەیدا کرد و زۆربەی ئەندامانیش لە قوتابییانی ناوەندی و ئامادەیەکان

(٢٦) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، نەژاد بەرزنجی، ئەحمەد دلزار، کەریم شارەزا، ممتاز حەیدەری ١١/١٢/٢٠٠١، حەیدەر عوسمان).

(٢٧) ساڵح حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

(٢٨) ساڵح حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٥)؛ فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، هەولێر، ١٩٩٧، ل(١١).

(٢٩) هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

(٣٠) کەریم شارەزا، المناضل القومي والشاعر المجدد (دڵدار) (١٩١٨-١٩٤٨)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (١٠٠١)، ١٠/١١/٢٠٠٠.



پێکهاتبوون، کە سەر بەلیواکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی بوون[٣١]. بەڵام زۆربەی زۆری ئەندامانی لە ساڵی **١٩٣٧** کە لە (٦٠) ئەندام پێکهاتبوو، بریتی بوون لە قوتابیانی ئامادەیی و ناوەندی شاری هەولێر[٣٢].

هۆی بەگەرکەوتنی لاوانی ڕۆشنبیری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی بەگەر ڕێکخراوی (دارکەر) ئەو دروشمانەبوو کەبەرزی کردبۆوە. لە بارەی یەکێتیی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و مافەکانی گەلی کورد. (دارکەر) هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەچوون بوو لە بارەی بیر و ڕێکخستن و تێکۆشینەوە[٣٣]. بۆیە کاریگەرییەکی یەکجار تەواوی لەسەر باری ڕۆشنبیری بەگشتی لەم ماوەیەدا هەبوو.

سەرکردایەتی (دارکەر) بەپێویستییەکی مێژوویی زانی کە ڕێکخراوەکەیان بکرێت بەحزبێکی نەتەوەیی سیاسی گەورەتر و کەسی دیار و ناسراوی ئەو سەردەمەی کورد لە ڕێکخراوەکە نزیک بکرێتەوە[٣٤]. بۆیە لە ئەنجامی کۆشش و پێشکەوتنی ئەو ڕێکخراوە و کۆمەڵی کوردەواری لە عێراقدا گەیشتبووە ئەو پلەیەی حزبێکی نەتەوەیی کوردی دروست بکات. وابوو لە ئەنجامدا لە ساڵی **١٩٣٩** حزبی هیوا دروست بوو[٣٥]. کە ئەو ناوەش لە کۆمەڵەی (هێڤی)[٣٦] وەرگیراوە کە لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی قوتابییانی کورد لە ئەستەمبۆڵ وەکو کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی ڕێکیان خستبوو[٣٧].

لە بارەی حزبی هیواوە پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار دەڵێ: (بەڕاستی حزبی هیوا

(٣١) حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق (في محططات رئيسية) (١٩٤٦-١٩٩٣)، دهوك، ١٩٩٨، ص (٢٦).

(٣٢) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١١٢).

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(١١٢-١١٣).

(٣٤) ساڵح حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل(٩١).

(٣٥) د. مارف خەزنەدار، حزبی هیوا، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، ژمارە (٣٦٤)، (١٠)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، ل(٥٦).

(٣٦) لە بارەی کۆمەڵەی (هێڤی) سەیری د. بلەج شێرکۆ، القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، القاهرة، ١٩٣٠، ص (٥١-٥٢) بکە.

(٣٧) د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٦).

ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزووی هەموو نەتەوەی کورد بوو بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە لەناو ڕیزەکانیدا کەسانی هەموو پیشەیەک دەبیران، قوتابی و مامۆستا و کرێکار و جووتیار و دەوڵەمەند و هەژار و سەرباز و ئەفسەری سوپا و مووچەخۆری میری و مەلا و شێخ و زۆرانی تر)[٣٨].

ڕۆشنبیرانی هەولێر ڕۆڵێکی بەرچاو و سەرەکی و گرنگیان بینی لە دامەزراندن و بەرەو پێشوەچوونی ئەم حزبە و هەروەها لە نەمانیشی لە کۆتاییدا[٣٩].

لقی هەولێری حزبی هیوا لە چالاکترین لقەکانی ئەو حزبە بوو بەتایبەتی لە چەسپاندنی بیروبۆچوونەکانی حزب و تا ماوەیەک ئەم لقەی هیوا ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری لەناو خەڵکی شاری هەولێر بەگشتی و لاوان بەتایبەتی[٤٠]. لەم بارەیەوە بەڕێز کاک زیوەر خەتاب دەڵێ: (هەولێر شارێکی سیاسییە و مێژووی سیاسی نوێی هەولێریش لە کۆتایی سییەکان لەگەڵ حزبی هیوا دەستی پێ کرد و خەڵکێکی زۆر لە هەولێر لەگەڵ حزبی هیوا بوون)[٤١].

مامۆستا (دڵزار) دەڵێ: "زۆربەی هەرە زۆری لاوانی ڕۆشنبیری هەولێری لەناو حزبی هیوا بوون"[٤٢].

بێ گومان کۆبوونەوەی ئەندامانی حزبی هیوا لە شاری هەولێر لەماڵانی قەڵاتێ ئەنجام دەدرا ئەم جۆرە کۆبوونەوانە وەکو کۆڕی ڕۆسنبیری و ئەدەبی بوون لەو سەردەمەدا لەبەرئەوەی چەندین بابەتی ڕۆشنبیری جیاجیا تاوتوێ دەکرا و باسی

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٦).

(٣٩) لە بارەی چالاکی حزبی هیوا لە شاری هەولێر سەیری (تاریق جامباز، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی حزبی هیوا لە هەولێر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١)، ئابی ساڵی ١٩٩٧ هەولێر، ل(٢٥-٣١)، هەروەها (تاریق جامباز، هۆشیاریی نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سییەکان و ناوەڕاستی چلەکان لەنێو حزبی هیوادا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(١)، هەولێر، زستانی ١٩٩٨، ل(٥٧-٦٦).

(٤٠) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١١٦).

(٤١) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (زیوەر خەتاب).

(٤٢) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (ئەحمەد دڵزار).



شیعر و شاعیرانی نیشتمانی و نیشتمانپەروەر و باسی ئەدەب بەگشتی دەکرا[٤٣].

شایانی باسە مامۆستایان کە چینێکی ڕۆشنبیری ناو شار بوون سەرەڕای ڕۆڵی سەرەکییان لەناو ئەم حزبەدا، بەرپرسیارێتی ئەم حزبەش لەناو شار هەر بەوان سپێررابوو، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤١ مامۆستا (عیزەدین فەیزی) (معتمد)ی واتە بەرپرسی یەکەمی ئەم حزبە بوو لەناو شاری هەولێر[٤٤]. پێش ئەویش ئەم ئەرکە بەمامۆستا (مەجید ئەمین) کە ناسراوە بە(مەجید کۆفێت). سپێررابوو[٤٥]. هەر لە ڕێگەی گەڕان و پرسین و هەروەها بەهۆی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان دەرکەوت زۆربەی لاوە خوێن گەرمەکانی بنەماڵەکانی هەولێر سەر بەحزبی هیوا بوون بەشێکی باش لەمانەش خاوەن ڕۆشنبیرییەکی باش بوون و توانییان لە ڕێگەی ئەم حزبەوەش جوڵانەوەیەک لە بارەی گرنگیدان بەزمانی کوردی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی دروست بکەن. تیایاندا چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری لێهاتوویان لەو سەردەمە و لە دواڕۆژدا لێ دەرچوو. کە ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ ئەندامانی حزبێکی نەتەوەیی. دیارترین و چالاکترین ئەندامە ڕۆشنبیرەکانی (حزبی هیوا) لەناو شاری هەولێر بریتی بوون لە بەڕێزان: "ڕەئووف مەلا ئیبراهیم، سەید ئیبراهیم سەید یوسف (هوشیار)ی شاعیر، حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی، عەونی یوسف، ڕەمزی نافع ئاغا، عومەر عوسمان، عیزەدین فەیزی، مستەفا عوزێری، زەید ئەحمەد عوسمان، مەجید ئەمین، حەیدەر عوسمان، یونس مستەفا چەلەبی، شیت مستەفا چەلەبی، نافع یونس، ئیحسان شێرزاد، فەتاح جەبار ئەسعەدی، ئەنوەر عەبدوڵڵا دڵسۆز، عەبدولقادر دۆغرەمەچی، شێخەشەل، موسا سەمەد، ڕەشید عەبدولقادر، ڕەئووف مەعرووف سەربەستی، مستەفا عوسمان دزەیی، ڕۆستەم جەبار ئەسعەدی، جەلال عەبدوڵڵا

(٤٣) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز حاجی (حەیدەر عوسمان)؛ تاریق جامباز هەردوو سەرچاوەی پێشوو.

(٤٤) تاریق جامباز، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی حزبی هیوا لە هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٨)؛ کەریم شارەزا، المربي والاديب والصحفي عزالدين فيضي (١٩١٧-١٩٨٥)، جريدة (خەبات)، العدد (١٠١٦)، اربيل، ٢٠٠١/٣/٢ ص(١٣).

(٤٥) نجاة ياسين نجار، مجيد افندي (١٩١١-١٩٦٨) الشخصية السياسية المنسية، مجلة (گولان)، العدد(١٧) اربيل، ١٩٩٧/١٠/٢٥، ص(٤٩).

حاجی دەباغ، جەلال شەریف، عەزیز محەمەد، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، ئەمین ڕواندزی، مارف جیاووک، هاشم عەبدوڵڵا، ئەنوەر فەیزی، جەلیل هوشیار، خدر مەولود، قەرەنی نافع ئاغا، عەبدولوەهاب حاجی حەسەن، فەیسەل ئەحمەد عوسمان، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی، موسا سلێمان، یەحیا سەلیم، عادل سەلیم، قەرەنی دۆغرەمەچی، جەمال جەمیل، جابیر پیرداود، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، برایانی دزەیی بایز و کانبی و ئیبراهیم عەزیز ئاغا، ئەنوەری حوسێنی مەلا، عوسمان قۆجە قەساب، عومەر ساقی، سەید ئەحمەدی بەرزنجی، عەزیز فەتاح، هادی ڕەشید چاوشلی، ئیسماعیل یەعقوبی، سەلیم سەیدۆک، ئیبراهیم یەعقوبی، عەلی مەحموود کاکەخان دزەیی، مولازم جەلال قادر، نازم سەعید ئەسعەدی، شێخ حوسێن شێخ قازی، مەجید فەتاح، ناسیح ڕەشید، سەید فەتاح سەید عەزیز، ڕەفعەت ئیسماعیل توتنچی، تاهیر ڕەشید ئاغا، فایق نادر، مارف خەزنەدار، خاڵس جەواد، عومەر گەردی، عەلی فەتاح دزەیی، ئەحمەد عوسمان و زۆرانی تر"[٤٦].

هەر ئەندامێکی حزبی هیوا دوای سوێندخواردن نازناوێکی کوردی بۆ دانراوە نازناوەکەش نە هی بنەماڵە نە هی عەشیرەت نە هی شارەکەیان، یان ناوچەکەیان، یان کار و پیشەیان بووە، بەڵکو وشەکە دڵسۆزی و خەمخۆری و خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان دەرخستووە، بۆ نموونە ئەم بەڕێزانە ئەم نازناوانەیان بۆ داندراوە و هەندێکیان پێوەی ناسراون[٤٧]:

١- عەزیز محەمەد (گورد).

٢- عەبدولقادر دۆغرەمەچی (ئاگر).

٣- مستەفا عوزێری (دلاوەر).

٤- حەیدەر عوسمان (شێرزاد).

---

(٤٦) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (حەیدەر عوسمان، زیوەر خەتاب، ئەحمەد دڵزار، نەژاد بەرزنجی، عەلی چوکل بەربیە)؛ ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١١٤-١١٥)؛ تاریق جامباز، وشیاریی نەتەوایەتیی گەنجانی هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٠-٦٢)؛ تاریق جامباز، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی حزبی هیوا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٥-٣١)؛ بەکر شاکر عەبدوڵڵا، عەلی فەتاح دزەیی، (نامەی ماستەر)، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(٢٠).

(٤٧) تاریق جامیاز، هەفتەنامەی گۆڤار، هەولێر، ١٩٩٨، ل(١٢-١٣).



٥- عومەر عوسمان (بەختیار).

٦- نافع یونس (غەمگین).

ئەندامانی حزبی هیوا لە هەولێر بڵاوکراوە و گۆڤاری نهێنییان دەرچواندوە و بەدەست خەت نووسیویانە و بەشێوەیەکی نهێنی ئەندامانیان لەناو شار و خەڵکی شار بڵاویان کردۆتەوە، خۆیشیان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە سوودمەند بووینە پێیانەوە. لەوانە بڵاوکراوەیەک بەناوی (دەنگی کورد) بەقەبارەیەکی بچوک کە لە چوار لاپەڕە تێنەدەپەڕی لەلایەن ئەندامانی حزبەوە لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە و بەدەست خەت نووسراوە، لە چەند دانەیەک زیاتری لێ دەرنەچووە[٤٨].

هەروەها ئەندامانی هیوا لە هەولێر هەفتەنامەیەکی نهێنییان دەرچوواندوە بەناوی (گۆڤار) کە هەفتەنامەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردییە. (یەک) دانە ژمارەی لێ دۆزراوەتەوە و لە کتێبێکدا لەلایەن ڕۆشنبیرێکی بەڕێزی هەولێری[*] بڵاوکراوەتەوە، کە ئەویش ژمارە (T) ئەو گۆڤارەیە. وا دیارە ئەم ژمارەیە ژمارە (٢٠)ی ئەم گۆڤارە بێت، ئەویش بەپێی زنجیرەی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی[٤٩]. تیایدا نووسراوە (هەموو گەنجانی هەولێر) یاریدەی نووسین و بڵاوکردنەوەی دەکەن لەتەک ناونیشانەکەش لەلای ڕاستی هەفتەنامەکەدا نووسراوە ساڵی یەکەم، لەلای چەپی ژمارە (T)دا ئالای ڕەنگ کراوی کوردستان بەقەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ کراوە، بەڵام جێی داخە کە ساڵی دەرچوونی ئەم گۆڤارە دیار نییە لەبەرئەوەی ساڵی دەرچوونی لەسەر نییە، هەروەها هەموو نووسینەکانی هەفتەنامەکە بەناوی (نهێنی) بڵاوکراونەتەوە بۆیە دیار نییە کێن ئەوانەی کە وتارەکانی هەفتەنامەکەیان بڵاوکردۆتەوە. بەڕێز خوالێخۆشبوو (شێخەشەل) دەڵێ: "مامۆستایان نافع یونس و قەرەنی دۆغرەمەچی لێپرسراوی ڕاگەیاندن بوون لە حزبی هیوا بۆیە ئەوان بەدەستی خۆیان بڵاوکراوەکانیان دەنووسیەوە و بڵاویان دەکردەوە"[٥٠].

---

(٤٨) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١١٦).

(*) بەڕێز کاک (تاریق جامباز)

(٤٩) تاریق جامباز، هەفتەنامەی گۆڤار، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٩).

(٥٠) تاریق جامباز، سەرچاوەی پێشوو، ل(١١).

لەبەرئەوەی ئەم هەفتەنامەیە لەگەڵ چەندەها دەستنووسی تر لەلایەن مامۆستا (نافع یونس)ەوە پارێزراوە، کە ئەویش ئەندامێکی کارامەی حزبی هیوا بوو، لە دوایشدا ڕۆڵ و جێ پەنجەی چاکی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەبووە، بەتایبەتی لەڕۆژنامەی (ئازادی)دا[٥١]. لەبەرئەوەی هەفتەنامەکە ئاڵای کوردستانی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نەخشێنراوە، وەکو ئاشکراشە ئەندامانی حزبی هیوا سوێندیان بەقورئانی پیرۆز دەخوارد کە ئاڵای کوردستان و خەنجەری دەبانی ڕووت و گوڵەگەنمی لەتەک داندرابوو. هەروەها ئەم هەفتەنامەیە هەموو بابەتەکانی بەناوی نهێنی بڵاوکراوەتەوە ئەم ناوە نهێنییانەش نزیکن لەناوە نهێنییەکانی ئەندامانی حزبی هیوا کە لەو سەردەمە بۆ هەر ئەندامێک لەناو حزب ناوێکی نهێنی هەبوو. ناوەڕۆکی بابەتی وتارەکانیش پڕن، لە هەستی نەتەوەیی، بۆ نموونە لە یەکەم وتاری ئەو ژمارەیەدا نووسراوە "گەنجی کورد لەو سەردەمەدا دەبێ چۆن بێ؟ ئەی غەمخۆرانی نیشتمان و ئەی خوێن وەرگیرانی باب و باپیر و ئەی ئومێدان و مایەی کوردانی کوردستان ویستم بەدڵێکی خۆش و سەرێکی بەرز ئەم دوو سێ وتەی دڵی ڕزاوەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە و بنووسم..."[٥٢].

لە بەشێکی تری ئەم تاکە ژمارەیەدا شیعرێکی نیشتمانی بڵاوکراوەتەوە بەناوونیشانی "محاوەرە لە بەینی شیعر و نەسر: لە بەینی نیشتمان و نیشتمانپەروەرێک"[٥٣]. هەروەها هۆنراوەیەک بەناوی "گۆڕی (تضحیة) بۆ ڕێگەی وڵات"[٥٤] هەر لەو تاکە ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم جۆرە بابەت و هۆنراوە نیشتمانییانەش لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی حزبی هیوا یەک دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە جۆشدانی بیری لاوی کورد بەرێبازە ڕووناکبیرە تازەکانی ئەو سەردەم و چارەسەرکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆ بەرەو پێشەوەبردن و هاوچەرخ کردن و ڕۆشنبیرکردنی لاوی کورد لەو سەردەمەدا، کە ئەم بیرۆکانەش بریتین لەو هیوایانەی کە حزبی هیوا نیازی بوو جێگیریان بکات.

---

(٥١) لە دەستنووسێکی خاتوو (فەریدە یونس) لە بارەی ژیاننامەی (نافع یونس)ی برای.

(٥٢) تاریق جامباز، هەفتەنامەی گۆڤار، هەفتەنامەیەکی حزبی هیوا لە هەولێر، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (٥)، هەولێر، نیسان ١٩٩٨.

(٥٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٥٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو



ئەم هۆکارانەی پێشوو هەموو بەڵگەی دیار و ئاشکران کە ئەم هەفتەنامەیە بڵاوکراوەیەکی (حزبی هیوا)یە لە هەولێر، پێش دەچێ کە هەردوو ئەندامانی دیاری ناو ئەم حزبە نووسەران و شەهیدان (نافع یونس و قەرەنی دۆغرەمەچی) ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دەرچواندن و نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم هەفتەنامەیە[٥٥].

شایانی باسە وتارەکانی ئەم تاکە ژمارەیە، چوار وتارە و بەزمانێکی کوردی پتەو و تاڕادەیەکی باشیش پارا و بەپێی سەردەمی خۆی و هەروەها شێوازێکی ڕێکوپێکیان بەکارهێناوە لەداڕشتنی بیرۆکە و بابەتەکان کە هەندێ جار لەزمان و شێوازی گۆڤاری گەلاوێژی ناوداری ئەو سەردەم باشترە[٥٦]. بەڵام جێی داخە کە لە بڵاوکراوەکانی حزبی هیوا تەنها ئەم هەفتەنامەیە دۆزراوەتەوە و لەبەردەست دایە، گوایە ئیتریش هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەبەر دەستدانین ناتوانین باسیان لێوە بکەین. لە ئەنجامی چەندین چاوپێکەوتن و پرسین و گەڕان لە کتێبخانەکان هیچ سەرە داوێکم لە بارەی ئەم بڵاوکراوانە نەدۆزیەوە بەتایبەتی ژمارەکانی تری هەفتەنامەی گۆڤار، ئەمەش بەهۆی تۆقاندن و هەڕەشەی حکوومەت لەم سەردەمە گوایە بڵاوکراوەکانیان دوای خوێندنەوەی دەسوتاند یاخود فڕێیان دەدا. ئەم بڵاوکراوانەش لەبەرئەوەی بەدەست خەت و لەسەر وەرەقەی کۆن نووسراون پاراستنیان بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە شتێکی سەختە.

حزبی هیوا لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردن و بەرەو پێشەوەچووندا بوو. لەو سەردەمەدا بەیەکێک لە بەهێزترین پارتە سیاسییەکانی مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دادەنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (١٩٤٣)ەوە دووبەرەکی و جیاوازی بیروبۆچوون کەوتە ناو حزبەوە و لە کۆتاییشدا لە ساڵی ١٩٤٤ بەرەو نەمان چوو، لێرەدا بەپێویستی دەزانم سێ هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی حزبی هیوا دەستنیشان بکەم کە بەپێی گرنگییان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- بەهێزبوونی بیری مارکسی لەو ساڵانەدا و بەگەرکەوتنی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم لەگەڵ ڕێکخراوە مارکسییەکان بەخاڵێکی سەرەکی

---

(٥٥) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل (١١٦).

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ل (١١٧).

لاوازبوونی حزبی هیوا و پاشان نەمانیشی دادەنرێت[٥٧].

بێ گومان بیری مارکسی لەو سەردەمەدا لەتەشەنەکردندا بوو ئەویش بەهۆی باری گرانی ژیان و جیاوازی لە نێوان باری ئابووری خەڵکەکە و، هەروەها سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت کەهەڵگری ئالای مارکسیەت بوو، بەسەر نازیەت، سەرەڕای ئەوەی کە لاوان و مرۆڤ بەگشتی لە تەمەنێکی دیاری کراودا ئارەزووی بیردۆز و روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم جۆرە بیرەن[٥٨].

٢- لە بارەی یارمەتیدانی شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ دوو بۆچوون لەناو حزبدا هەبوو. یەکێکیان بەهەموو توانایەوە لەگەڵ یارمەتیدانی شۆڕشەکە بوو ئەمانە زیاتر باڵە نەتەوەیەکەی حزبی هیوابوون. ئەوانی تر لەو ڕایە بوون کە حزبی هیوا پێویستە هەڵوێستێکی بێ لایەنی هەبێت[٥٩].

٣- ئینگلیزەکانیش لە ڕێگەی بەکرێگیراوانیان توانییان دووبەرەکی و ناخۆشی بخەنە ناو ڕیزەکانی حزب[٦٠].

جا باڵی ڕاستی ناو حزبی هیوا توانی ماوەیەک بەردەوام بێ لە چالاکییەکانی خۆی، هەر بەناوی حزبی هیواوە، بەڵام زۆری نەبرد ئەمانەش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان دا و لەو کاتەدا ڕۆڵی حزبی هیوا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کۆتایی پێ هات[٦١].

باڵی چەپی ناو حزبیش بوون بەچەند بەشێک بەشێکی زۆرکەمیان بەگەر حزبی شیوعی عێراقی کەوتن کە (فهد) سکرتێر و ڕۆژنامەی (القاعده)ش زمانحاڵی حزبەکەیان بوو. دیارترینیان (مەلا شەریف مەلا عوسمان) بوو کە ناسراوە بە(مەلا عەروس)، خەڵکی شاری هەولێرە و بەماوەیەکی کەم جێگای خۆی لەناو حزبدا کردەوە و تا دەرچواندنی ڕۆژنامەی (ئازادی) ئۆرگانی لقی کوردستانی حزبی شیوعی

(٥٧) دەستنووسێکی مامۆستا (عیزەدین فەیزی)کە تیایدا باسی چەند سەربردەیەکی خۆی دەکات.
(٥٨) لەچاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ کاک (زیوەر خەتاب).
(٥٩) علي عبدالله، تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق حتى انعقاد مؤتمره الثالث، ايلول، ١٩٦٨، اعيد طبعة سنة ١٩٩١، ص(٢١).
(٦٠) حەبیب محەمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ص(٢٧).
(٦١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٧).



عێراقی پێ سپێررا، کە لە ساڵی ١٩٤٤ بەشێوەیەکی نهێنی لە بەغدا دەردەچوو[٦٢]. شایانی باسە (مەلا شەریف) نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا و ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو و دانەری کتێب و شاعیرێکی نیشتمانپەروەریش بوو[٦٣].

ئەندامانی تری باڵی چەپی حزبی هیوا لە هەولێر کە بەشی زۆرینەی ئەندامانی چەپی ناو حزب بوون، بەگەر ئەو ڕێکخراوە مارکسییە کوردییانە کەوتن کە بەکاریگەریی ئەو حزبە مارکسییانە دروست ببوون کە لە حزبی شیوعی عێراقی جیاببوونەوە و وەکو حزبی شیوعی سەربەخۆ کاریان دەکرد[٦٤]. کە دیارترینیان و چالاکترینیان (کۆمەڵەی میللەت) بوو، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ لەناو شاری هەولێر و لەلایەن ڕۆشنبیران و لاوانی هەولێرییەوە دروست ببوو[٦٥]. کۆمەڵێک لە دیارترین ڕۆشنبیرانی هەولێری بەخۆوە گرتبوو، لەوانە "ساڵح حەیدەری، موسا سلێمان، ڕەشید عەبدولقادر، قەرەنی دۆغرەمەچی، حەیدەر عوسمان، زەید ئەحمەد عوسمان، عەزیز محەمەد، هاشم عەبدوڵڵا، ئەنوەر دڵسۆز، حەمید عوسمان، نافع یونس، شێخەشەل، یەحیا سەلیم، کەریم ئەحمەد، عەبدولقادر حاجی مەمەد، جەوهەری حوسێنی مەلا و زۆرانی تر"[٦٦]. ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەستنووسیان هەبوو بەناوی (دەنگی کورد) بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک بەکاریان دەهێنا. ئەم کۆمەڵەیە پاش چەند مانگێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی تری جیابووەوە لە حزبی شیوعی عێراقی یەکیان گرت، ئەویش ڕێکخراوی (وحدة النضال) بوو، لقی ئەمانە لە کوردستان ناوی (یەکێتی تێکۆشین) بوو، ڕۆژنامەیەکیشیان هەر بەم ناوە. دەر دەکرد[٦٧]. کۆمەڵێک لە لاوان و قوتابیانی ڕۆشنبیری هەولێر کە کاریگەربوون بەبیری مارکسی چوونە ناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە و ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە

(٦٢) ئەحمەد دڵزار، پاشکۆی بیرەوەرییەکان، بەشی دووەم،هەولێر، ٢٠٠١، ل(١١).
(٦٣) کەریم شارەزا، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، ل(١٧٩).
(٦٤) سەمیر عەبدوالکەریم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق، بغداد، ص(٥٧-٦٨).
(٦٥) ساڵح حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٥-٧٧).
(٦٦) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٥)؛ چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (حاجی حەیدەر عوسمان).
(٦٧) عەلی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١).

بەهێزکردنی و تەنانەت سەرکردایەتی لقەکەش لە بەڕێزان (ساڵح حەیدەری و نافع یونس و ڕەشید عەبدولقادر) پێکهاتبوو کە هەرسێکیان خەڵکی هەولێرن[٦٨]. لە بارەی ڕۆژنامەکەیان (ساڵح حەیدەری) دەڵێ: "ڕۆژنامەیەکی کوردیمان بەناوی لق و هەر بەناونیشانی یەکێتی تێکۆشین دەردەکرد و دەچووین هەندێ وتاری عەربیمان لە ڕۆژنامەی مەرکەزی وەردەگێڕا و هەندێ وتاری تایبەتیشمان لە بارەی بارودۆخی کوردستانەوە دەنووسی وەک مەسەلەی بارزان و کێشەی جوتیارانی دەشتی قەراج و هتد"[٦٩].

(یەکێتی تێکۆشین) لە پایزی ساڵی ١٩٤٥ بڕیاری گۆڕینی ناوی لقەکەیان دا بۆ (حزبی شیوعی کوردستان- عێراق)، بۆ ئەوەی وەکو حزبێکی سیاسی شیوعی سەربەخۆ کار بکەن[٧٠]. ڕۆژنامەیەکیشیان دەرکرد بەناوی (شۆڕش) کە زمانحاڵی حزبەکەیان بوو، هەر بۆیە لەناو خەڵک بەحزبی (شۆڕش) ناسراوە[٧١]. حزبی شۆڕش بەماوەیەکی کەم لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردی بوو بەحزبێکی بەهێز و کاریگەر و خاوەن پرۆگرام و سیستەمێکی ناوخۆیی دیاریکراو و تاڕادەیەکی باشیش گونجاو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستاندا. زۆربەی زۆری ئەندامانیشی کە گەیشتۆتە ٣٥٠ ئەندام خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری بوون[٧٢]. تەنانەت هەندێ بۆچوون ئەم حزبە بەڕێکخراوێکی سیاسی تایبەت بەکوردی هەولێر دادەنێت[٧٣]. ڕاستیشە ڕۆژنامەی (شۆڕش) لەسەر هەمان شێواز وپرۆگرامی ڕۆژنامەی (یەکێتی تێکۆشین) دەڕۆیشت، بەڵام زیاتر گرنگی بەچەسپاندنی بیروبۆچوونی (مارکسی)دەدا، لەبەرئەوەی ئەم حزبە بەحزبێکی شیوعی کوردی سەربەخۆ دادەنرا[٧٤].

(٦٨) صالح الحيدري، مذكراته، جريدة (الاتحاد)، العدد (١١)، اربيل، ١٩٩٣/٤/٣.
(٦٩) ساڵح حەیدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٨).
(٧٠) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (زیوەر خەتاب)؛ سەمیر عەبدوالکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ص(٦٦-٦٧).
(٧١) سەمیر عەبدوالکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٧)
(٧٢) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو،
(٧٣) صامد الكردستاني، كفاح الاكراد، د.م، د.ت، ص(٣٦).
(٧٤) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣١).



حزبی شۆڕش هەوڵێکی زۆری دا بۆ دروستکردنی حزبێکی جەماوەری و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی پێشڕەو، ئەم هەوڵانەشی لە ساڵی ١٩٤٥ لە دروستکردنی (حزبی ڕزگاری کورد) بەئەنجام گەیاند. ئەم حزبە ڕۆڵێکی سیاسی و نەتەوەیی زۆر گرنگی بینی، بەشدارییەکی تەواوی کرد لە ناساندنی کێشەی کورد لە جیهاندا[٧٥].

ئەندامانی حزبی ڕزگاری لە شاری هەولێر ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبوو، هەردەم لەژێر چاودێری پۆلیس بوون بەتایبەتی لە چایخانەکان، یاخود لە هەندێ ماڵان کە تیایاندا کۆدەبوونەوە، یا لە کتێبخانەی بەڕێز خواڵێخۆشبوو (شێخەشەل) کە زۆر جاران لەوێ کۆبوونەوەکانی خۆیان دەکرد[٧٦].

ئەم ڕۆشنبیرە بەڕێزانەی خوارەوەش لە ئەندامە هەرە دیارەکانی حزبی ڕزگارین لە هەولێر "عەونی یوسف، شوعە مەخلوف، مارف خەزنەدار، عیزەدین فەیزی، ساڵح حەیدەری، نافع یونس، ڕەشید عەبدولقادر، عومەر عوسمان، فائق نادر، ئەنوەری حوسێنی مەلا، برایان جەمال و عاسم حەیدەری، عەزیز محەمەد، یونس یەحیا، عەلی فەتاح دزەیی، حەمید عوسمان، عەلی قادر، ڕەقیبی حوسێنی مەلا، ئەحمەد عوسمان، خالس جەواد، ڕەفعەت ئیسماعیل توتنچی، نیازی عومەر ئەمین، مونیر عەزیز، فاتیح مەزهەر، حەیدەر عوسمان، کەریم ڕەئووف، موسا سلێمان، شێخەشەل، جەمال عزەت، جەلیل هوشیار، بورهان شێخ نەجمەدین، مەولود شێخ محەمەد و زۆرانی تر"[٧٧].

حزبی ڕزگاری ڕۆژنامەیەکیشیان دەردەکرد بەناوی (ڕزگاری)[٧٨]، کە زمانحاڵی حزبەکەیان بوو، لەو ڕێگەیەوەش پرنسیپە سەرەکییەکانی حزبەکەیان بەجەماوەر

(٧٥) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (ئەحمەد دڵزار، زیوەر خەتاب)؛ عەلی عەبدڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٦)
(٧٦) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٢١).
(٧٧) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، حەیدەر عوسمان، ئەحمەد دلزار)، ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٨-٢١٩)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، عاسم حەیدەری لاپەڕەیەکی شاراوە لەمێژووی خەباتی نەتەوایەتی شاری هەولێر بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦، گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)، ل(٨).
(٧٨) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، ئەحمەد دڵزار)؛ سەمیر عەبدوالکەریم سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٧).

دەگەیاند. بابەتە بنەڕەتییەکانیشی ڕیسواکردنی فەرمانڕەوایەتی ئەو سەردەم و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بوو. سەرەڕای پارێزگاری کردنی لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کورد و هاوکاریکردنی گەلی کورد[٧٩].

لەلایەکی تر دوا بەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ بەسەرۆکایەتی جەنابی (مەلا مستەفای بارزانی)[٨٠]. شاری هەولێر یەکێک بوو لە کاریگەرترین شارەکانی کوردستان بەو شۆڕشە، ئەوەش زیاتر بەهۆی ئەو گرژی و ئاڵۆزییە بوو لەو ماوەیەدا کە هەولێر بەخۆیەوەی بینی، بەتایبەتی شارەکە لەسەر ڕێگەی نێوان بەغدا و ناوچەی بارزان بوو، لێرەدا پێویستە بۆ مێژوو بوترێت خەڵکانێکی زۆر لەناو شاری هەولێر هەڵوێستی جوامێرانەیان بەرامبەر بەو شۆڕشە مەزنە نواند[٨١]. لەلایەکی تر لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە جیهان ڕوویدا بەتایبەتی لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و هەروەها ئەو بارودۆخەی کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا تیایدا دەژیا بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥). دەبوایە وەکو پێویستییەکی مێژوویی حزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی خاوەن پرۆگرامێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەکە دروست ببێ ئەوەبوو لە زستانی ساڵی (١٩٤٦)دا لە شاری مەهاباد لیژنەی دامەزرێنەری (پارتی دیموکراتی کورد) بەسەرۆکایەتی جەنابی (مەلا مستەفای بارزانی) پێکهات و ئەم لیژنەیەش پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکەیان داناو پەیوەندیشیان بەحزبەکانی (شۆڕش و ڕزگاری) و (ژ-ک)یش کرد[٨٢].

شایانی باسە یەکێک لە دیارترین ئەندامانی ئەو لیژنەیە ئەفسەری شەهید (خەیروڵلا عەبدولکەریم)ە کە یەکێک بوو لە لاوە کوردپەروەرە ڕۆشنبیرە دیارەکانی قەڵاتی هەولێر. بۆ ئەم مەبەستە هەریەکە لە حزبەکانی شۆڕش و ڕزگاری لە مانگی

(٧٩) ساڵح حەیدەری، حزبی ڕزگاری کورد (١٩٤٥-١٩٤٦)، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٢) هەولێر بەهاری ١٩٩٩، ل(٥-٣٢).

(٨٠) بۆ زیاتر شارەزا بوون لە بارەی ئەم شۆڕشە سەیری (فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی بارزان) (١٩٤٣-١٩٤٥) هەولێر، ١٩٩٧، بکە.

(٨١) لە بارەی ڕۆڵی شاری هەولێر لە شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)دا؛ سەیری (ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥٨-١٩٠) بکە.

(٨٢) عەلی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٥).



ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا کۆنگرەی خۆیان بەست و هەردوو حزبیش بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوە و چوونە ناو پارتیان دا[٨٣]. بەڵام لەناو کۆنگرەکان بەتایبەتی کۆنگرەی حزبی شۆڕش جیاوازییەکی تەواو لە بارەی بیروبۆچوونەوە دروست بوو. بۆیە لەکۆتایی کۆنگرەکەدا بەشێک لە ئەندامانی هەردوو حزب چوونە ناو حزبی شیوعی عێراقی و ئەوانی تریش چوونە ناو (پارتی)[٨٤].

یەکەم کۆنگرەی (پارتی دیموکراتی کورد) لە (١٦)ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دراو ئەندامانی کۆنگرەش لە نوێنەرانی هەردوو حزبی (شۆڕش و ڕزگاری) پێکهاتبوون[٨٥]. کۆنگرەکە کارەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا و بڕیاری ڕەزامەندی لەسەر پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزب درا و لە کۆتایی کۆنگرەشدا سەرکردایەتی (پارتی دیموکراتی کورد)ی عێراق هەڵبژێردرا و هەروەها بڕیار درا (ڕۆژنامەی ڕزگاری) زمانحاڵی حزبی ڕزگاری کورد، ببێت بەڕۆژنامەی ناوەندی پارتی و زمانحاڵی حزبی نوێ[٨٦]. ئەوەش لەبەر ئەو ئاستە جەماوەرییە بەرزە بوو کە ڕۆژنامەی ناوبراو لەناو خەڵکدا هەیبوو، لەم مێژووەوە (پارتی) وەکو حزبێکی نەتەوەیی ڕۆڵێکی سەرەکی و مێژوویی بینیوە لە ڕابەریکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا.

لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە دوو باڵی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسی کوردی لە ئارادا بوو، یەکێکیان نەتەوەیی کە خۆی لە (پارتی) دەنواند و ئەویتریان (مارکسی) کە لە ڕێگەی حزبی شیوعی عێراقییەوە، کارەکانی خۆی بەئەنجام دەگەیاند، جا دەیان کەس لە سیاسەتمەدارانی ناو شاری هەولێر بەگەر ئەم دوو حزبە کەوتن و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان دیوە لەناو هەردوو حزبەکەدا تەنانەت لەناو سەرکردایەتییەکانیشیان. ململانێی فیکریی لە نێوان هەردوو حزبەکەدا یەکێک بوو لە دیاردە هەرە دیارەکانی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لە بارەی قۆزتنەوەی ڕووداوە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکاندا. ئەم دیاردەیە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم زیاتر ڕەنگی دایەوە. شایانی باسە

(٨٣) عەلی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٧-٥٢).

(٨٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، حەیدەر عوسمان).

(٨٥) حەبیب محەممەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٥).

(٨٦) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز کاک (زیوەر خەتاب)؛ حەبیب محەمەد کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٥)

زۆربەی سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە چ لەناو (حزبی شیوعی) و چ لەناو (پارتی) تارادەیەکی باش ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەیان پێک دەهێنا شاعیر و نووسەری لێهاتوویان تێدا هەبوو، ڕۆشنبیری باش بوون و کاریگەریشیان لەسەر بواری ڕۆشنبیریدا هەبوو.

## هەولێر و ڕاپەڕینەکەی مایسی (١٩٤١)ی عێراق

ڕاپەڕینی نیسان- مایس ١٩٤١ لە عێراقدا بەیەکێک لەلاپەڕە گرنگەکانی مێژووی نوێی عێراق دادەندرێت[٨٧]. ئەم ڕاپەڕینە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەسەر هەموو شارەکانی عێراق هەبوو. هەرچەندە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە دژایەتی خۆیان بەئاشکرا بەرامبەر بەکورد دەردەبڕی، بەڵام لەبەرئەوەی ئینگلیزەکان هەڵوێستێکی خراپیان بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبوو، بۆیە گەلی کورد پشتگیرییەکی تەواویان لەو ڕاپەڕینە کرد[٨٨].

شاری هەولێر ڕۆڵێکی دیاری لە ڕاپەڕینەکەدا بینی، بە بەراوردیش لەگەڵ شارە کوردییەکانی تر بەپلەی یەکەم دێت و تایبەتمەندی خۆی هەبوو[٨٩]. تەنانەت هەندێ جار گەیشتۆتە ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی[٩٠]. بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک ڕێپێوان و خۆپیشاندانی جەماوەری لەناو شار سازدراوە[٩١]. تیایاندا قوتابیان و مامۆستایان و کاسبکاران و پیاوانی ئاینیی و ئیتریش بەشداریان تێدا کردووە.

هەروەها ئافرەتانیش ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبووە و بەتایبەتی لەو سەردەمەدا هەندێ لە ئافرەتانی ڕۆشنبیری چاوکراوەی هەولێری تێکەڵ بەسیاسەت ببوون کەئەمەش جۆرە گۆڕانکارییەک بوو بۆ شارێکی پارێزەری وەکو هەولێر[٩٢].

(٨٧) لە بارەی ئەم ڕاپەڕینەوە سەیری (عبدالرزاق الحسني، الاسرار الخفية في حركة مايس ١٩٤١، الطبعة الخامسة، مركز الابجدية التحررية، بيروت، ١٩٨٢) بکە.

(٨٨) د. سلمان لفة الزبيد، مساهمة الكرد في ثورة مايس التحررية، جريدة (العراق)، بغداد، ١٩٩٧/٥/٢.

(٨٩) د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، هەولێر، ٢٠٠١، ل(١٧٨).

(٩٠) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٣-١٥٧).

(٩١) سۆران عیزەددین فەیزی، یادی عیزەددین فەیزی، هەولێر، ١٩٨٨، ل(٩٠).

(٩٢) اسماعیل شکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٨).



شاری هەولێر چەند جارێک لە ڕۆژانی بزووتنەوەکە لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بۆردومان کراوە و سەربەری هاوێشتنە خوارەوەی چەندین بڵاوکراوەی دژ بەبزووتنەوەکە، تەنها لە ڕۆژی (١٦)ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٤١ دوو جاران فڕۆکەکانی ئینگلیز فڕۆکەخانەی هەولێریان بۆمبباران کرد و بەربادیان کرد[٩٣]. بۆیە لەو ڕۆژەدا خۆپیشاندانێکی توندوتیژ بەرپێنمایی و سەرپەرشتیەکی تەواوی کورد پەروەری خوالێخۆشبوو مامۆستا (شێخ حەسەن نیعمەتوڵڵا) بەڕێوەبەری قوتابخانەی دووەمی هەولێر ئەنجام درا. مامۆستا (شێخ حەسەن) داوای لە هەندێ مامۆستایان کرد کە لەگەڵیدا بەشداری بکەن، هەندێ لە مامۆستایانیش لەگەڵیدا چوون و ڕوویان لەسەرا کرد و لە ڕێگەدا لەسەر شەقامەکە خەڵکێکی گەلێ زۆریان بەگەر کەوت و هێرشیان بردە سەر سەرا و بەتایبەتی سەر پارێزگاری هەولێر و کاربەدەستانی تر و ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگاریان سوتاند و چەند شوێنێکیشیان بەرد باران کرد[٩٤]. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ئەگەر (ساڵح زەکی ساحێبقڕان)ی پارێزگاری هەولێر و کوردپەروەری خوالێخۆشبوو (ئەمین ڕواندزی) ئامر فەوجی هەولێر نەبونایە، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی خوێن گەرمی هەولێری دەکوژران، شێوەی کۆتایی پێ هێنانی ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن ئەم دوو زاتەوە وای لێ کردوون کە هەردەم شایانی ڕێز و سوپاس بن[٩٥].

شایانی باسە شاری هەولێر بەدووەم شار لە عێراقدا دادەنرێت، سەبارەت بەژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی پشتگیری کردن لە ڕاپەڕینەکەدا گیراون و بەندکراون ژمارەی بەندکراوەکانیشی گەیشتۆتە (٤٢) بەندکراو ئەم ژمارەیەش چوار بەقەد ژمارەی بەندکراوەکانی شاری (موسڵە) کە ناسراون بەبۆچوونی نەتەوەییان[٩٦].

(٩٣) دەستنووسێکی مامۆستا (عیزەدین فەیزی) کە تیایدا باسی چەند سەربردەیەکی خۆی دەکات.

(٩٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ د. کەمال مەزهەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧٨).

(٩٥) سۆران عیزەددین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٢)؛ سەید مەولوود بێخاڵی، بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا و هەرایەکەی شێخ حەسەن ئەفەندی لە شاری هەولێردا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٢) هەولێر، ١٩٩٩.

(٩٦) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥٢-١٥٣).

## شاری هەولێر و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان

بێ گومان شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان[٩٧] بەسەرکردایەتی جەنابی (مەلا مستەفای بارزانی) یەکێکە لەو شۆڕشە کوردییە هەرە مەزن و مێژووییە و کاریگەرییانەی کە بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ زۆر ڕووداو و گۆڕانکاری مێژوویی لە گۆڕەپانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی بەگشتی. هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکە لە مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٤٣)وە گڕوتینێکی نەتەوەیی کەوتە نێو زۆربەی شارەکانی کوردستان لەوانەش شاری هەولێر کە لەم بارەیەوە تایبەتمەندیی خۆی هەبوو هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد[٩٨]. ئەمەش لەبەر ئەو بارودۆخە نائاساییەی کە کەوتە نێو شار و بووە هۆی وروژانی هەستی نەتەوەیی زۆربەی خەڵکی شارەکە[٩٩]، ئەمە لە لایەک لە لایەکی تر شارەکە کەوتبووە نێوان ڕێگای ناوچەی بارزان و شاری بەغدا[١٠٠]، کە تاکە ڕێگایە بۆ گەیاندنی هێز و چەک و تەقەمەنی بۆ ناوچەکە. هەروەها گواستنەوەی بریندارەکانی حکومەت بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر، بۆ نموونە لە یەک لە ڕۆژەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٣)دا پازدە سەربازی عێراقی بریندار بۆ نەخۆشخانەکانی هەولێر گواستراونەتەوە[١٠١]. بێ گومان شاری هەولێر دوابەدوای شۆڕشی مایسی (١٩٤١)ی عێراق و ئەو بارودۆخە تایبەتییەی بەسەر شارەکەدا هات لەکاتی شۆڕشەکەدا، دووچاری توندوتیژییەکی زۆر هاتبوو، ئەمەش کاری کردبووە سەر دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی[١٠٢]. بۆیە ئەم شۆڕشە گڕوتینێکی سەر لە نوێ و هاندەر بوو بۆ جوولانەوەی هەستی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی لەم شارەدا .

(٩٧) لە بارەی ئەم شۆڕشە سەیری (فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣ - ١٩٤٥)ی بارزان، ١٩٩٧، هەولێر) بکە.
(٩٨) بگەڕێوە لاپەڕە ٢٩.
(٩٩) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.
(١٠٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٦٧
(١٠١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (١٦٧ - ١٦٨).
(١٠٢) لەم بارەیەوە سەیری فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو بکە.



لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشەکە ئەندامانی لقی هەولێری (حزبی هیوا) بەتایبەتی باڵە نەتەوەییەکەی ناو حزب، چالاکییەکی بێ وچانیان بەخۆوە بینی بۆ پشتگیری کردنی شۆڕشەکە. لەم بارەیەوە چەندین بڵاوکراوەی نهێنیتان دەرکرد. ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ ڕای گشتی خەڵک و بەتایبەت بۆ حکوومەتە عەرەبییەکان لەبارەی شۆڕشەکەوە ڕوون کردەوە. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی حزبی هیوا لە یاداشتێکدا بۆ حکوومەتی عێراق کە لە ڕێگەی (ئەمین ڕواندزییەوە) گەیاندییە (نووری سەعید)ی سەرەک وەزیرانی عێراق و داخوازییەکانی هیوای تێدا بوو.

لەمەوەش (نووری سەعید) بۆی دەرکەوت کە ئەمە شتێکی ڕێکخراوی سەرتاسەری کوردستانە و هیوا دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر ڕۆشنبیران، ئەفسەران، قوتابیان، مامۆستایان، مەلا، فەقێ، ... تاد هەیە و ئەوەی لە ناوچەی بارزانیش ڕوو دەدات یاخی بوونێکی خێلایەتی نییە، بگرە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی چەکدارە و میللەتی کورد پشتگیری تەواوی لێ دەکات، بۆیە پێویستە لە ڕێگەیەکی ترەوە بۆیان بچێت ئەم ڕێگەیەش لاواز کردنی مەلا مستەفا و تێکدانی هیوا بوو"[١٠٣]. لەبەرئەوەی جەنابی (بارزانی) کۆمەڵێک لە داخوازییەکانی میللەتی کوردی خستە بەردەم کاربەدەستانی ئەو سەردەمە و ئەم داخوازییانەش مەرجی سەرەکی بوون بۆ کۆتایی هێنان بەشۆڕشەکە لەمانەش[١٠٤]:

١- پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان لە کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و قەزایەکانی لیوای مووسڵ و زاخۆ و ئامێدی و دهۆک و ئاکرێ و شێخان و شنگار. هەروەها قەزاکانی دیالە (خانەقین و مەندەلی).
٢- زمانی کوردی ببێ بەزمانێکی ڕەسمی لە ویلایەتەکەدا.
٣- دامەرزاندنی بریکارێکی کورد بۆ هەر وەزارەتێک.
٤- پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ بەمەرجێ وەزیرەکەی کورد بێ، تا سەرپەرشتی کاروباری ویلایەتی کوردستانی پێشنیارکراو بکات.
٥- ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، بەکردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگەوبان و... تاد

(١٠٣) فەیسەڵ دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
(١٠٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦- قەرەبووکردنی زیانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی شۆڕشەوە زیانیان پێکەوتبوو.

٧- گواستنەوە و دوورخستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرتیل خۆری ناسراون و بەشێوەیەکی خراپ دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنا.

ئەم داواکارییانە هەر لەسەرەتاوە جۆرە هیوایەکی بەرۆشنبیرانی هەولێر و هەناسەیەکی نەتەواییانەیانی پێ بەخشی تا وای لێهاتبوو خەڵکی شار لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا ئاماژەیان بەو شۆڕشە مەزنە دەکرد و چاوەڕوانی زیاتریش بوون.

خەڵکی شاری هەولێر هەڵوێستی یەکجار جوامێرانەیان بەرامبەر بەو شۆڕشە نواند لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە[١٠٥]. پشتگیرییەکی تەواویشیان لە شۆڕشەکە کرد و چەندین کەسایەتی ناو شاریش بەفیعلی بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کرد.

## هەولێر و ڕووداوەکانی کانوونی ١٩٤٨ لە عێراق

لە (٢٩)ی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٧ وەزارەتێکی نوێ لە عێراق دروست بوو، بەسەرۆکایەتی (ساڵح جەبر)، زۆربەی وەزیرەکانی ناو ئەم وەزارەتە بەدڵ و هەوەسی سەفارەتی ئینگلیزی بوو لە بەغدا[١٠٦]. جا ئەم وەزارەتە چەند هەنگاوێکی یەک لە دوای یەکی نا بەمەبەستی ئەنجامدانی پەیماننامەیەک لە نێوان عێراق و ئینگلتەرا. وابوو دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و گفتوگۆ لە نێوان حکوومەتی عێراقی و حکوومەتی ئینگلتەرا پەیماننامەیەک لە ڕۆژی (١٥)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە نێوانیاندا بەسترا بەناوی پەیماننامەی (پۆرتسمۆث)[١٠٧].

(١٠٥) ئیسماعیل شوکر ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١).

(١٠٦) عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص(١٧٦).

(١٠٧) ئەم پەیماننامەیە لە شاری (پۆرتسمۆثی) کەنار دەریا ئیمزا کرا، بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە و دەرئەنجامەکانی بڕوانە،
- خميس خزام والي، وثبة كانون الوطنية في العراق ١٩٤٨، رسالة ماجستير، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٩.
- كامل الجادرجي، سجل الحركة الوطنية ضد معاهدة (جبر - بيغن) ودور الحزب الوطني الديمقراطي فيها، بغداد، ١٩٦٠.
- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، ص(١٧٥-٣١٠).



جا بەهۆی بەستنی ئەم پەیماننامەیە ناڕەزاییەکی جەماوەریی سەرتاسەری عێراقی گرتەوە. ڕۆژانە ڕێپێوان و خۆپێشاندانی خوێناوی ئەنجام دەدرا و بەماوەی مانگێک شێوەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی گشتی بەخۆیەوە بینی و دەیان لاوی نیشتمانپەروەر تووشی کوشتن و گرتن هاتن. ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییانە تەنیا بەهۆی بەستنی پەیماننامەکە نەبوو بەڵکو هۆکاری گرنگی تریش هەبوو لە سەرووی هەموویان باری ئابووری عێراق، کە لەو سەردەمەدا کەوتبووە ژێر باری گرانی و برسیەتییەکی دژوارەوە[١٠٨].

بەم شێوەیە ئەم ڕاپەڕینە بوو بەیەکێک لەلاپەڕە گەشەکانی مێژووی نوێی عێراق. لە کۆتاییشدا وەزارەتەکەی (ساڵح جەبر) لە ١٩٤٨/١/٢٧ ڕووخا[١٠٩]. شارە کوردییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە ڕاپەڕینەکەدا بینی و ڕێکخستنی ئەم جوڵانەوەیەش لەلایەن هەردوو حزبی سەرەکی ئەو سەردەمە (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (حزبی شیوعی) ڕێک دەخرا[١١٠].

ئەم ڕاپەڕینە وەکو هێزێکی بزوێنەر بوو بۆ ڕۆشنبیران و لاوانی نەتەوەپەروەری هەولێری، بۆیە لاوان بەتایبەتی و خەڵکی شاری هەولێر بەگشتی لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان بینی چ لە بەغدای پایتەخت[١١١] و چ لەناو شاری هەولێر.

لەناو شاری هەولێر ڕۆژانە خەڵک دەڕژانە ناو شەقامەکان و زنجیرەیەک خۆپێشاندانیان دژی (ساڵح جەبر) و (پەیماننامەی پۆرتسمۆث) ئەنجامدا. سیفەتی

(١٠٨) بەکر شاکر عەبدوڵڵا، عەلی فەتاح دزەیی، شاعیر و نووسەر، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٠.

(١٠٩) د. فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية البريطانية واثرها في السياسة الداخلية ١٩٢٢-١٩٤٨، بغداد، ١٩٧١، ص (٣٧٧-٤٢٣).

(١١٠) لەو سەردەمەدا جۆرە ڕکەبەرایەتییەک لە نێوان ئەم دوو حزبە هەبووە تەنانەت هەندێ جار گەیشتۆتە ڕادەیەک کە هەر لایەنێ، بەتەنیا خۆپێشاندان ئەنجام بدات کە ئەمەش بەزۆر دەشکاوە سەر ڕۆڵی ناوچە کوردییەکان لە ڕاپەڕینەکەدا، لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، عومەر فەرهادی، نەژاد بەرزنجی، فەریدە یونس ٢٠٠٢/١/٢٢، حەیدەر عوسمان)

(١١١) ئیسماعیل شوکر ڕسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٤٦-٢٤٩).

هەرە دیاری ئەم خۆپیشاندانانەی هەولێر بەشداریکردنی زۆرینەی خەڵکی شار بوو، بەتایبەتی چینە هەژارەکەی کە لەو کاتەدا، لەژێر بارێکی ئابووری زۆر خراپ دەیانناڵاند[١١٢].

شایانی باسە ڕۆشنبیران و شاعیرانی هەولێر بەپلەی یەکەم دێن، لە هاندان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان، چەندین وتار و هۆنراوەی ئاگرینی پڕ لە بیری پێشکەوتنخوازی و نەتەوەییان لەسەر ئەم ڕاپەرینە نیشتمانییە دانا و بەجۆشەوە بۆ جەماوەر دەیانخوێندنەوە[١١٣]. ئافرەتانیش لەم بارەیەوە ڕۆڵیان هەبوو بەڕێز خاتوو (فەریدە یونس) دەڵێ: "لەکاتی ڕاپەرینی کانوونی ساڵی ١٩٤٨، چەندین خۆپیشاندانی بەگوڕ لەناو شاری هەولێر ئەنجام درا، من یەکێ لەوانە بووم کە وتارێکی نیشتمانی پڕ هەستم پێشکەش بەخەڵکەکە کرد"[١١٤].

لە دوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی (ساڵح جەبر) جۆرە ئازادییەک هاتە ئاراوە هەموو شارەکان کەوتنە سازدانی بۆنەی تایبەتی[١١٥]. خۆپیشاندان و ڕێپێوان بۆ ماوەی چەند مانگێکیش لە دوای ڕاپەرینەکە بەشێکی ئاسایی دادەنرا، بەڕێژەی خۆپیشاندانێک لە هەر هەفتەیەکدا لەناو شار ئەنجام دەدرا[١١٦].

(١١٢) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان خاتوو (فەریدە یونس، حەیدەر عوسمان، نەژاد بەرزنجی).

(١١٣) کەریم شارەزا، دەوری کورد لە ڕاپەرینە نیشتمانییەکەی (١٩٤٨)ی عێراقدا، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢٢٦٣)، هەولێر، ٢٧/١/١٩٩٧.

(١١٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز خاتوو (فەریدە یونس).

(١١٥) محسن دزەیی، احداث عاصرتها، اربیل، ٢٠٠١، ص(٩١-٩٢).

(١١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٩١-٩٢).



## شاری هەولێر و ڕێکخراوی قوتابیان

بێ گومان قوتابیان بەتوێژێکی ڕۆشنبیر و چاوکراوە دەژمێردرێن بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ کە زۆربەی نەخوێندەوار بن و دووریش بن لە کاریگەریی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دەروازەکانی ڕۆشنبیری، وەک کۆمەڵگەی هەولێر، جا ئەگەر قوتابیانیش بەچەند پرنسیپێکی سیاسییەوە ئاراستە بکرێن و لە قاوغی یەکێتیەکدا کۆ بکرێنەوە و سەرەڕای ئەو ڕۆشنبیرییەی لە قوتابخانە وەریان گرتووە، بەپەروەردەیێکی سیاسییەوەش مێشک فراوانتر بکرێن و گیانی ئیلتزام و پابەند بوون بەمەسەلەیەک لە مێشکیاندا بچەسپێت ئەوا دەورێکی گرنگیان لە بەرەوپێشخستنی کۆمەڵگە بەگشتی و ڕۆشنبیری بەتایبەتیەوە دەبێت، چ بەڕێگەی ئەو بڵاوکراوانەی لە نێوان خۆیاندا یا بۆ خەڵک پەخشیان دەکرد یا بەهۆشمەندکردنی خەڵک بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە مەبەستیان بوو.

یەکێتی گشتیی قوتابیان کە لەلایەن حزبی شیوعی عێراقییەوە لە ڕۆژی (١٤)ی مانگی نیسانی ساڵی (١٩٤٨)دا یەکەم کۆنگرەی خۆی لە گۆڕەپانی (بیاع) لە شاری بەغدا بەست[١١٧]. ژمارەیەک لەقوتابیان تیایدا خۆیان دۆزیەوە، بەپرنسیپی سۆشیالیستییەوە لە چوارچێوەی یەکێتییەکەیاندا مێشک و دەروونیان ئاودراو و ئەمەش ڕەنگی دایەوە سەر توێژێکی فراوانتر لەناو کۆمەڵ کە لە ئەنجامدا بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، بەهەمان شێوە ژمارەیەک لە قوتابیانی ناو شاری هەولێر بوون بەئەندام تیایدا و هەمان ڕۆڵیان بینی، لەم بارەیەوە بەڕێز عومەر فەرهادی دەڵێ: "لە ساڵی ١٩٥٢ کە قوتابی بووم لە قۆناغی دواناوەندی، بووم بەئەندام لە یەکێتی گشتی قوتابیان، شانەکەی ئێمە لە (٥) کەس پێکهاتبوو و پێش ئێمەش چەندین شانەی تر هەبوو، زۆر چاونەترسانە کارمان دەکرد و نەشماندەزانی کێ بەرپرسمانە، بەڵام ئەندامەکان یەکتریان دەناسی، هەندێ لە کۆبوونەوەکانیشمان لە ماڵان لە قەڵا ئەنجام دەدا و هەندێ جاریش دەچووینە دەرەوەی شار و لە دەوروبەری منارەی چۆلی کۆدەبووینەوە. مەنشوراتمان بۆ دەهات و بڵاومان

(١١٧) ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٩).

دەکردەوە، زۆر جارانیش هەر بەخۆمان دەماننووسی، جێگای ئاماژە پێ کردنە کە هەندێ لە کوڕە ئاغاکانیش دەوریان هەبوو لەناو یەکێتیەکەدا"[١١٨].

بەهەمان حاڵیش دەربارەی دامەزراندنی دووەم ڕێکخراوی نهێنی قوتابیان لە عێراق کە ئەویش (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بوو کە لە (١٨)ی مانگی شوباتی ساڵی **١٩٥٣** بە بەرگێکی نەتەوەییەوە دامەزرا و ئامانجەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ڕێگەی ئەم یەکێتییەوە خرایە نێو قوتابیان وبیریان بەبۆچوونی نەتەوەییەوە پەروەردە کرا. ئەم یەکێتییە خزمەتێکی گەورەی توێژی قوتابیان بەتایبەت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی بەگشتی کردووە. بەرەبەرە ئەندامانێکی زۆری لەنێو قوتابیانی ناو شاری هەولێر پەیدا کرد. لێرەدا لەبەر فراوانی ئەم بابەتە و گرنگی و دەوڵەمەندییەوە لە ڕووی مێژوویی، بۆیە ناتوانم هەقی تەواوی بدەم لەبەرئەوەی پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەتی و تێروتەسەل هەیە.

(١١٨) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز کاک (عومەر فەرهادی).



## شاری هەولێر و جەژنی نەورۆز

گەر قەڵای هەولێر هێمای مێژینەی کورد بێ ئەوا نەورۆز تازەکردنەوەی ژیان و گیانی کوردایەتییە. ڕۆژی (٢١)ی مانگی ئادار، لەلای میللەتی کورد ڕۆژێکی تایبەت و بەجەژنێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی دادەنرێت، شاری هەولێری کوردپەروەریش بەردەوام یادی ئەم ڕۆژە مەزنەی کردۆتەوە، بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە تایبەتە بەباسەکەمان.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان لە نێوان ساڵانی **١٩٣٣**-**١٩٤٠** بەشێوەیەکی بەردەوام و هەموو ساڵ بەنهێنی[١١٩]، لە قەڵاتێ لە ماڵی یەکێ لە گەنجە کوردپەروەرەکانی ئەو سەردەم کە ئەویش ماڵی خواڵیخۆشبوو (سەلیم سەیدۆک)[١٢٠] بوو ئەنجام دەدرا[١٢١].

لەم بارەیەوە مامۆستا (عیزەدین فەیزی) دەڵێ: "لە (٢١)ی ئاداری ساڵی **١٩٣٣** مامۆستا (حوزنی موکریانی) داوای لە بەشێک لە قوتابیانی ناوەندی کرد لە ماڵی خواڵیخۆشبوو (سەلیم سەیدۆک) لە قەڵای هەولێر کۆببنەوە هاوڕێیەکی دڵسۆزی بوو، منیش یەکێک بووم لە ئامادەبوان، لەو کۆبوونەوەیەدا، مامۆستا موکریانی کتێبێکی کۆنی لە دەست بوو بۆ ئێمەی ڕوونکردەوە نەورۆز چییە لە چییەوە هاتووە،

(١١٩) ڕژێمی شاهانەی ئەوسەردەم یادکرنەوەی جەژنی نەورۆزی لا قەدەغە بوو، ئەوەی باسی نەورۆزی بکردبایە، ئەوا زیندانی دەکرا و ئەوانەی ئاگری نەورۆزیشیان دەکردەوە بەئاگر پەرستن لە قەڵەم دەدران.

(١٢٠) سەلیم سەیدۆک کوڕی عەبدوڵڵای جۆڵەمێرگییە، لە ساڵی ١٩١٠ لە قەڵای هەولێر هاتۆتە دونیاوە، لە ساڵی ١٩٢٧ لەبەردەستی (مەلا فەندی) هەولێری ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ئەو کەڵەمێردە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بەنووسین و خوێندن دەزانی، شاعیرێکی کارامەبوو، زۆر وتاری لە ڕۆژنامەکانی (خەبات، صوت الاکراد، المبدأ والاستقلال... هتد) بڵاوکردۆتەوە، لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندە لە ڕۆژی (٢٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی دەکات.

بڕوانە (تاریق جامباز، نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٣-١٩٤٠ لە قەڵای هەولێر لاپەڕەیەکی شاراوەی شکۆمەندیی کوردایەتییە، ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، ژمارە(٦٦)، هەولێر ١٩٩٣/٣/٢١

(١٢١) تاریق جامباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆچی کورد بەجەژنی خۆی دادەنێت بەم جۆرە لام ئاشکرا بوو ئەو ڕۆژە چییە و پێویستی یادکردنەوەی وەک جەژنێکی نیشتمانی لە مێشکمدا چەسپا، بەنیسبەت منەوە وابزانم ئەمە یەکەم یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزە لە هەولێر"(١٢٢).

ئەم یادە شەوی (٢٠) لەسەر (٢١)ی مانگی سێ واتە شەوی نەورۆز ئەنجام دەدرا و، پەقلاوە و زۆر جۆرە خواردەمەنی ئامادە کرا، هەندێ لە بەشداربووان کورتەکوشەڕواڵی مواردخانیان لەبەردەکرد و مشکی ڕەشیان لەسەر دەنا. ئاهەنگەکە بەمەولوود خوێندنەوەی پێغەمبەر (د.خ) دەستی پێ دەکرد و ئینجا دەستیان بەگوتنی سروودی نەتەوەیی دەکرد و وتاری پڕ هەستی نیشتمانی دەخوێندرایەوە و گۆرانییان دەچڕی و تەمسیلیان دەکرد(١٢٣). لەم بارەیەوە مامۆستای بەڕێز خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی) دەڵێ: "لە سەرەتا ئەو بیرەوەرییە پیرۆزەمان لە ماڵی (سەیدۆک)دا بەدزیەوە دەکردەوە و ئاهەنگمان بۆ دەکرد لەوێدا شیعر و وتاری بینراوی شانۆییمان تیا دەکرد و یەکێکیش چاودێری ماڵەکەی دەکرد لە ترسی پۆلیس و پیاو خراپی ئەو سەردەمە"(١٢٤). ئەم یادکردنەوەیە تاکو بەرەبەیانی ڕۆژی نەورۆز بەردەوام دەبوو. تا ساڵی ١٩٤٠ هەموو ساڵێ بە بەردەوامی ئەنجام دەدرا، بەڵام لەپێش نەورۆزی ساڵی ١٩٤١ بەچەند ڕۆژێک (سەلیم سەیدۆک) گیرا بەو تاوانەی هەموو ساڵ یادی نەورۆز لە ماڵی ئەواندا ئەنجام دەدرێ(١٢٥).

کۆمەڵێک لە دیارترین ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم بەشداریان لە ئاهەنگگێڕانی یادی نەورۆزی نێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٠)دا کردووە و بریتین لەم زاتە بەڕێزانە "سەلیم سەیدۆک، حوسێن حوزنی موکریانی، گیوی موکریانی، عیزەدین فەیزی، عەونی یوسف، ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی، عومەر ساقی، ئەسعەد ئاغای زراری، فەتاح جەبار ئەسعەدی، عەبدولوەهاب حەمد ئاغا، دەروێش ئیسماعیل ڕەمەزان،

(١٢٢) تاریق جامباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ د. ئیسماعیل شوکر، نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٨ لە هەولێر، گۆڤاری(هاڤیبون)،ژمارە(٩)، دهۆک، ٢٠٠١، ل (١٢٦-١٢٧)؛ دەسنووسێکی مامۆستا عیزەدین فەیزی کە تیایدا باسی چەند سەربردەیەکی خۆی دەکات.

(١٢٣) تاریق جامباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٢٤) حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، هەولێر، ١٩٨٥، ل(٩٢).

(١٢٥) تاریق جامباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ د. ئیسماعیل شوکر ڕسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٢٧).



مەلا عەبدولڕەحمان هەولێری و جەلیل هوشیار، تاهیر عەبدوڵڵا، عومەر عوسمان، عاسم حەیدەری، فایق نادر، هادی ڕەشید چاوشلی و زۆرانی تر"(١٢٦).

یەکەم یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیش بەشێوەی سەیران گێڕان لە دەرەوەی شار، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٠ لە نەورۆزی ئەم ساڵەدا بۆ یەکەم جار سەیرانێکی نهێنی بۆ دێی (قەتەوی) و بۆ سەر کارێزی دێیەکە ئەنجامدرا سەیرانەکەش لەلایەن قوتابیان و هەندێ لە مامۆستا سەرەتاییەکانی ناو شار ئەنجام درا(١٢٧).

لەم بارەیە یەکێک لە قوتابیانی بەشداربوو لەو سەیرانە کە ئەویش سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی هەولێری کاک (عەزیز محەمەد) بوو دەڵێ: "وەک لە یادم بێت ساڵی ١٩٤٠ کە قوتابیانی پۆلەکانی (٤،٥،٦)یان بردە دەرەوە بەناوی گەڕیدە (جوالة)، بەهاربوو، گیا لە چۆکان بوو، دیاربوو (نەورۆز بوو)، بەو بۆنەیەوە مامۆستای بەڕێز (عیزەدین فەیزی) هەستا وتارێکی کورتی ئاراستەکردین، هانی داین، دەروونی جۆشداین، مەستی کردین، لەو کاتەدا خۆمان گرانتر و گەورەتر هاتە بەرچاو، خۆشەویستی گەل و نیشتمان دڵی پڕ و سارێژکردین، ئەم ڕۆژە تامی خۆی هەبوو، ئەم هەنگاوە بوو منی بەرەبەرە خستە سەر ڕێی خەبات"(١٢٨).

دووەم یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بەنهێنی لە ساڵی (١٩٤٤)دا بوو، ئەمجارەیان یادەکە لەسەر ئاوی (زار موفتاح)(*) لە سەیرانێک لەلایەن گەنجە کوردپەروەرە ڕۆشنبیرە هەولێرییەکانەوە ئەنجامدرا. لە نەورۆزی ساڵی پاشتریش ١٩٤٥ سێیەم

(١٢٦) ممتاز حەیدەری، مامۆستا عیزەدین فەیزی بیرەوەری خۆی بۆ هاوکاری دەگێڕێتەوە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (١١٧) ٢٠/٥/١٩٧٢، ل(٣)؛ تاریق جامباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ د. ئیسماعیل شوکر ڕسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٧). سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێر و بەهار و نەورۆز، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(٦)، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٠، ل(١٠١).

(١٢٧) تاریق جامباز، نەورۆزانەی ساڵی (١٩٤٠)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە، ١٩٠، هەولێر، ٢١/٣/١٩٩٤ ل(٦)؛ د. ئیسماعیل شوکر، سەرچاوەی پێشوو؛ (١٢٧-١٢٨).

(١٢٨) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستا (عەزیز محەمەد)، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە (٤) سوید، ١٩٨٧.

(*) زار موفتاح، لە شوێنی گۆڕەستانی شێخ ئەحمەدی ئێستایە، باشترین سەرچاوەی ئاوی هەولێر بوو.

ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەسەر ئاوی (تورەق) لەلایەن زۆرینەی گەنجانی ڕۆشنبیری هەولێری بەنهێنی ئەنجام درا(١٢٩). لەم سەیرانانەدا چەندین هۆنراوە و پەخشانی هونەری بەپێز خوێندراونەتەوە و زیاتر سەیرانەکانی پێ ڕازێنراوەتەوە.

لەو سالآنەدا لەناو شاری هەولێر بەنهێنی لە زۆر مالآن، شەوان و ڕۆژانی نەورۆز دراوسێیەکان ئاهەنگیان گێڕاوە(١٣٠) و یادی ئەم جەژنەیان کردۆتەوە، ئەندازیاری بەڕێز خاتوو فەریدە یونس دەڵێ: "ئێمە لە ماڵەوە یادی جەژنی نەورۆزمان دەکردەوە و جلی سورمان لەبەر دەکرد، ئاگرمان دەکردەوە و کاکم (نافع) شیعری شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی بۆ دەگوتین و باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکردین"(١٣١).

لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سالآنی چلەکان و کۆتایی هاتن بەشەڕی دووەمی جیهانی و لەناوبردنی فاشیەت و دکتاتۆریەت و تەشەنەکردنی بیری ئازادی و دیموکراسی و مافی سەربەخۆیی وەرگرتنی چەندین میللەتانی جیهان و پەیدابوونی چەند پارتێکی یەک لە دوای یەکی سۆشیالیستی و نەتەوەیی بەتایبەتی (هیوا، یەکێتی تێکۆشین، شۆڕش، ڕزگاری)، لەناو شاری هەولێر لەو ماوەیەدا و هەروەها کاریگەرە تایبەتییەکەی شۆڕشی (بارزان) ١٩٤٣-١٩٤٥ لەسەر شاری هەولێر، گشتیان بوون بەهاندەرێک کە بۆ (یەکەمین جار) کورد وەکو پێویستییەکی مێژوویی، بتوانێ لە ڕێگەی ڕۆشنبیران و کوردپەروەرانی هەولێر ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ و پاشانیش ١٩٤٧ و ١٩٤٨ بەئاشکرا لە گۆڕەپانەکانی ناو شاری هەولێر بگێڕێ(١٣٢). هەرچەندە ئاهەنگگێڕەکان لە سەرەتا تووشی بەرهەڵستکارییەکی زۆر بوونەوە و چەندین گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەیان تووش

(١٢٩) عاصم حەیدەری، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی شاری هەولێر، بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٦، گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری)، ل(٩).

(١٣٠) د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە یادگارییەکانی نەورۆز، ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە ٦٣، هەولێر، ٢٠٠٠/٣/٢٧.

(١٣١) چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز خاتوو (فەریدە یونس).

(١٣٢) عاصم حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٨-١٤)؛ عیزەدین فەیزی، یادگارەکانم لەگەڵ جەژنەکانی نەورۆزدا، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٤١٧، ١٩٧٨/٣/١٧؛ سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێر و بەهار و نەورۆز، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٦)، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٠، ل(١٠١).



هات، چونکە میریی ئەو کاتە لەبەر کۆنەپەرستان و تەسک بیران و ناحەزان و هەندێ لە پیاوانی ئاینییش ڕێگەی نەدەدا کە ئەم جۆرە ئاهەنگانە ساز بدرێت، بەلآم لە کۆتاییدا بەهۆی هەندێ لە بەرپرسە دڵسۆزەکان و سووربوونی خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەنجامدانی، توانرا ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن و ئاهەنگەکانیش زۆر بەڕێکوپێکی لە گۆڕەپانەکانی شاری هەولێر ئەنجام درا(١٣٣). هەزاران کەسیش لەناو شاری هەولێر و دەوروبەری بەپیاو و ئافرەتەوە بەشداریان تیایاندا کرد و چەندین وتاری نەتەوەییش خوێندرایەوە. زۆربەی ئاهەنگەکانیش بەشیعر و گۆرانی گوتن و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێ دەهات(١٣٤).

هەر بۆ نموونە گۆڤاری گەلاوێژی ناوداری ئەو سەردەم بەم شێوەیە باسی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ دەکات: (جەژنی نەورۆز لە کوردستان: هەولێر و گەنجانی هەولێر لەبەرئەوەی پلێتی بانگێشتی نەورۆزیان کردبووەوە لە ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٢دا سعادەتی متصرف و کاربەدەستانی حکوومەت لەگەڵ هەموو ئەشرافی ناو شار و عەشایری دەرەوەی شار لە سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆدا لە مەیدانی ماڵی (داود ئاغا) پیاوان لەبەری ڕۆژئاواو ژنان لەبەری ڕۆژەوە موستاریان گرت و جگەرە و خواردەمەنیان بەسەرا بلآوکردن و لەلایەن جەوهەر عەزیزەوەش وتارێک لە بارەی نەورۆزدا وترا و پەیتا پەیتا چەپڵەی بۆ لێ دەدرا و لە پاشا بۆرە لاوێک دەستیان بەهەڵپەرکێ و هەموو جۆرە یاری کردنێک کرد، پاش هەندێ یاری لەلایەن چەند گەنجێکی قوتابییەوە بە(شیعر) و گۆرانی گوتن دڵی دانیشتوانەکەیان کردەوە، لە سەعات پێنجدا هەموو بەدڵخۆشی و ڕووخۆشییەوە بلآوەیان لێ کرد"(١٣٥)، ئەو بەڕێزانەی کە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئاهەنگی نەورۆزی سالآنی (١٩٤٦، ١٩٤٧، ١٩٤٨)، بریتین لەم کەسایەتی و لاوە ڕۆشنبیرە هەولێرییانە "عەونی یوسف، جەوهەر عەزیز ئاغا،

(١٣٣) عاصم حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٩)؛ عیزەدین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (د.مارف خەزنەدار، حەیدەر عوسمان، زیوەر خەتاب، عومەر فەرهادی، سەید مەولوود بێخاڵی، نەژاد بەرزنجی، عەلی چوکل بەرییە).

(١٣٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (حەیدەر عوسمان، نەژاد بەرزنجی، زیوەر خەتاب، عومەر فەرهادی)

(١٣٥) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٤)، ساڵی هەشتەم، بەغدا، ١٩٤٧.

ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، شێخەشەل، فایق نادر، د. مارف خەزنەدار، نافع یونس، ئەنوەر فەیزی، زیوەر خەتاب، عاسم حەیدەری، موسا سلێمان، عەزیز محەمەد، عەلی فەتاح دزەیی، یونس یەحیا، تاهیر عەبدوڵڵا، محەمەد شەهاب دەباغ، جەمال حەیدەری، نەژاد بەرزنجی (سەید محیەدین) عەبدولوەهاب حاجی حەسەن، حەمید عوسمان، مەلا عولا حاجی سمایل، نازم سەعید ئەسعەدی، عومەر عوسمان عەبدوڵڵا، تەحسین یاسین ئەسعەدی، خەلیل خۆشناو، سالح شێرە، مەولوود شێخ محەمەد و زۆرانی تر"[١٣٦]. لە دوای نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)دا ماوەی ڕەشبگیری لە عێراقدا دەستی پێ کرد و دەیان کەسیان لەناو شاری هەولێر گرت و حوکم دا، بەتایبەتی ئەندامانی (حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کورد)، ئەو سیاسەتە توندوتیژە و کۆنەپەرستانەی ڕژێمی عێراقی وای کرد کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک یادی جەژنی نەورۆز نەکرێتەوە، بەڵام لە نەورۆزی ساڵانی **١٩٥٣** و **١٩٥٤** بەهەوڵ و کۆششی خەمخۆران و ڕۆشنبیرانی هەولێر، دوو ئاهەنگی گەورە و قەشەنگ لەناو شاری هەولێر ئەنجام درا[١٣٧]. هەزاران کەس لەناو شاری هەولێر بەشداریان لەم ئاهەنگانە کرد، سەرەڕای بەشداری کردنی جەماوەرێکی زۆری شار و شارۆچکە کوردییەکانی تریش، کە ئەمەش یەکێک بوو لە سیفەتە هەرە دیارەکانی ئەم ئاهەنگانە[١٣٨]. ئەم ئاهەنگانەی جەژنی نەورۆز لەناو شاری هەولێر وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی بەهێز کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر بیر و هۆشی خەڵکەکە بەگشتی و بەتایبەتیش لەسەر باری ئەدەبی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم هەموو وتار و پەخشانە هونەرییە جوانانەی کە لەناو ئاهەنگەکان دەخوێندرایەوە و، ئەو هەموو پارچە هۆنراوە نەتەوەییە بەهێزانەی شاعیرە نەتەوەپەروەرەکان کە وەک هاندەرێک بوون بۆ لاوان و قوتابیان بۆ ئەوەی بایەخ بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بدەن.

---

(١٣٦) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ (نەژاد بەرزنجی، حەیدەر عوسمان، عومەر فەرهادی)؛ ئیسماعیل شوکر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٩ - ١٣٠). عاسم حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٣٧) بۆ زیاتر شارەزا بوون لە بارەی ئەم ئاهەنگانەوە سەیری (مەلا عەولای حاجی سمایل، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بغداد، ١٩٩٠، ل(١٠٢-١١٤) بکە.

(١٣٨) مەلا عەولا حاجی سمایل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠٢-١١٤)؛ د. ئیسماعیل شوکر، سەرچاوەی پێشوو ل(١٣٢).



## باسی دووەم

## باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی شاری هەولێر

## لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨

لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم، شاری هەولێر لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزمدا بوو و لە زۆر ڕووەوە پشتی بە بەرهەمی خۆی دەبەست و بەتایبەتیش لە ڕووی کشتوکاڵییەوە کە بەشێوەیەکی سەرەتایی و تاڕادەیەکی دوور لە هەموو تەکنیکارێکی کشتوکاڵی و بەندبوو بەسیستەمێکی نیچمە دەرەبەگی باوبوو. واتە چینی جووتیارانی دەوروبەری هەولێر لەوپەڕی کەم دەرامەتی و هەژاریدا بوون، سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵێک لە خاوەن زەویوزاران، کە بەشی زۆریان لەناو شاردا دەژیان و هەندێکیشیان لە دێیەکانی دەوروبەری هەولێر بەشێوەیەکی جیا بەرزتر لە زۆربەی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەدا گوزەرانییان بەسەر دەبرد. ئەوانەی لەناو شاردا، دەژیان سەرکاریان لە گوندەکانیان هەبوو ئەو گوندانەی کە بەناوی خۆیان بوو. ئەم چەند خێزانە هەولێرییەش کە بەئاغاکانی هەولێری ناسرابوون سیمایەکی نیمچە تێکەڵیان هەبوو لە نێوان شارستانیەتی و دەشتەکیەتیدا، ئەمەش بەحوکمی خاوەنداریەتیان بۆ زەویوزارەکانی دەوروبەری هەولێر و ئەنجامدانی کاروباری کشتوکاڵ[١٣٩]. لە ئەنجامی ئەوەشدا ببوون بەخاوەن بڕیار و دەست ڕۆیشتوو لەناو خەڵکدا. هەر لەم چینەش نوێنەرانی ناو شاری هەولێر بۆ پەرلەمانی عێراقی هەڵدەبژێردران[١٤٠]. تاڕادەیەکی زۆریش هەر کوڕەکانی ئەم توێژەش بۆیان دەرەخسا خوێندن تەواو بکەن و بەتایبەتیش بڕوانامەی کۆلێژی ماف بەدەست بێنن و لە دوا ڕۆژیشدا پلە و پایەی کارگێڕی و دادوەری وەربگرن هەر ئەمانەش تاڕادەیەک بەشێک لە توێژی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەیان پێک دەهێنا.

سەرەڕای ئەم چینەش کە چینی یەکەم بوون لە دەوڵەمەندی چەند بازرگانێکی تریش لە هەولێریان و جولەکەکان هەبوون، کە ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ شارەکانی

---

(١٣٩) هادي رشيد چاوشلي، تراث اربيل التأريخي، الموصل، ١٩٨٥، ص(٨٧).

(١٤٠) سەیری (عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر) بکە.

عێراق و تا وڵاتانی دەرەوەش هەبوو. تەنیا بۆ نموونە، چەلەبییەکانی هەولێر واتە بازرگانە گەورەکان پێستە و خوری کوردستانیان لە خەڵکی ئەو دەڤەرە دەکڕی و دەیاننارده بەسرە لەوێش بۆ ئەوروپا، بۆیە ئێستا چەند بنەماڵەیەک بە(دەباغ) ناو زەد دەکرێن[١٤١]. جا ئەم چینە تاڕادەیەکی باش باری داراییان لە ئاستێکی بەرزدا بوو.

لەنێو ئەم چینانەی سەرەوە (ئاغاکان و موڵکدارەکان و بازرگانەکان)، هەندێ کەسایەتی هەبوون لە ڕێگەی دروستکردنی چەندین مزگەوت و قوتابخانەی ئاینیی توانییان جوڵانەوەیەکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری دروست بکەن، بەتایبەتی ڕۆشنبیریی ئاینی. لەم قوتابخانە ئاینییانە دەیان مەلا و فەقێ پێڕاگەیشتن و دەیان کەس فێرە خوێندەواری و زانستە گواستراوە و هزری و فەلسەفییەکان بوون.

هەندێ لە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر پشتگیرییەکی ئابووری تەواویان لەم قوتابخانانە کرد و یارمەتییەکی باشیشیان پێشکەش بەفەقێیەکان لە ڕووی دابینکردنی جلوبەرگ و خواردەمەنی و هەندێ پێداویستی تر کرد[١٤٢]. لەو سەردەمەدا ١٩٣٥-١٩٥٨ زۆربەی مزگەوت و قوتابخانە ئاینییەکانی ناو مزگەوتەکان لەلایەن هەندێ لە دەوڵەمەندەکانی ناو شار دروست کرابوون. دیارترین ئەو بنەماڵانەی کە ڕۆڵیان لەم باریەوە هەبووە بنەماڵەی (مەلا فەندی) کە بەگشتی خاوەن مزگەوت و مەدرەسەی ئاینیی بوون، هەروەها بنەماڵەی (شێخ ئەبوبەکرە فەندی نەقشبەندی) مزگەوت و قوتابخانەی ئاینییان هەبووە و خۆی تیایدا دەرسی دەگوتەوە و دوای ئەویش کوڕەکەی (شێخ مستەفای نەقشبەندی) لە جێگای ئەو. هەروەها بەم شێوەیە چەندین مزگەوت و قوتابخانەی تریش لەناو شاری هەولێر هەبوون[١٤٣].

بێ گومان هێنانی کارەباش بۆ شاری هەولێر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر

(١٤١) یوسف نانەکەلی، د. عەبدوالڕزاق دەباغ، مامەکانم قەیسەری هەولێریان دروست کرد، گۆڤاری بارش، ژ(٦)، هەولێر، ٢٠٠١، ل(٦١).

(١٤٢) زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في اربيل، الموصل، ١٩٨٤، ص(١٠).

(١٤٣) زوبێر بیلال ئیسماعیل. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١-٢٢)؛ هەروەها سەیری (سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە، بەغدا، ١٩٩١، ل(٦٦-٧١).



بوژاندنەوەی ژیانی شارستانی و ڕۆشنبیری، بەڕێز خوالێخۆشبوو (ئەحمەد محەمەد چەلەبی) کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرە و کەسایەتییەکی ناودار و ڕۆشنبیریش بوو، داوای مافی دامەزراندنی مەکینەیەکی کارەبای کرد بۆ ناو شاری هەولێر[١٤٤]. ئەنجوومەنی شارەوانی و موتەسەریفی ئەوسای هەولێر و وەزارەتی ناوخۆ بەگەرمی پشتگیری داواکەیان کرد. بەپێی تەقدیری بەڕێز (ئەحمەد چەلەبی) خۆی، هێنان و دامەزراندنی مەکینەکە و ئەو خانووەی بۆی تەرخان کرابوو بەسەریەکەوە دەوروبەری یازدە هەزار و دوو سەدو پەنجا دیناری تێچوو، کە بۆ ڕۆژگاری خۆی پارەیەکی یەکجار زۆر بوو، هەموو پارەکەش هەر خۆی سەرفی کرد. بەو جۆرە پڕۆژەی کارەبای ناو شاری هەولێر دامەزرا و ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ ئاشی ئەلیکتریکی شار کەوتە کار و گلۆپ داگیرسا هەرچەندە سەرەتا تایبەت بوو بەڕووناککردنەوەی شەقامەکان و هەندێ لە فەرمانگە میرییەکان و هەندێ لە ماڵە دەوڵەمەندەکان[١٤٥]. بەڵام بەگشتی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بوژانەوەی بیری خەڵکەکە و هەڵبەت دامەزراندنی ئاشی ئەلیکتریکی کارەبا لە گشت ڕوویەکەوە هەنگاوێکی ژیاریی گەورە بوو بۆ ژیانی هەولێر و هەولێرەییەکان[١٤٦]. سەرەڕای ئەمەش (ئەحمەد چەلەبی) یەکەم کەس بوو کە ئاشی ئارد و کارگەی بەفر دروستکردنی لەناو شار دامەزراند[١٤٧].

سینەماش کە یەکێکە لە دەزگا ڕۆشنبیرییە گرنگەکان لە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن بنەماڵەی (یەعقوبییەکان) دروستکرا، ئەویش سینەمایەکی هاوینی بوو، بەڵام پاش ساڵێک زستانییەکەشی دروستکرا و هاوینییەکەی ڕووخێنرا. دووەم سینەماش سینەما حەمڕایە کە لە ساڵی ١٩٤٦ لەلایەن (تەحسین عەلی پاشا) دروست کرا، کە یەکێ بوو لە دەوڵەمەندەکانی ناو شار، ئێستاش ئەم سینەمایە هەرماوە[١٤٨].

(١٤٤) د. کەمال مەزهەر، هەولێر نەک بەغدا یەکەم شاری عێراق بوو لەبواری مانگرتندا بۆ داشکاندنی نرخی کارەبا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٤٢)، بەغدا, ١٩٩٩

(١٤٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٤٦) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، نەژاد بەرزنجی، عومەر فەرهادی).

(١٤٧) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (نەژاد بەرزنجی)

(١٤٨) هەولێر، سەرپەرشتی و ڕێکخستنی (تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر)، کۆمەڵە وتارێکی ڕۆشنبیری و مێژوویە شارەوانی هەولێر ئامادە کردووە هەولێر، ١٩٨٥، ل(١٦٨).

بەشەکەی تری خەڵکی شاری هەولێر بەجۆرەها کاسبکاریەوە خەریک بوون و زۆربەیان لەناو بازاڕی هەولێر پیشەکانی خۆیان بەئەنجام دەگەیاند، ئەمانەش لە رووی داراییەوە چینێکی مام ناوەندی بوون، وەک دارتاش و ئاسنگەر و ناڵبەند و ئۆتراغچی و کورەچی و سەبزەچی و بەقاڵ و نانەوا و جامباز و کورتان دروو و چاپچی و بەزاز و کۆتاڵفرۆش و خانچی و زۆری تر[١٤٩].

واتە هیچ کۆگایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو یا بازاڕگایەکی مۆدێرنی تێدا نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕێکی شێوە قەیسەری و تارادەیەک ڕێکوپێکی هەبوو کە تا ئێستاش هەر ئاوەدانە و لەم بارەیەوەش بەڕێز (د. عەبدولڕەزاق دەباغ) دەڵێ: "بەر لەبەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کاتێ مامەکانم (حاجی ساڵح) و (حاجی مەحموود) دەچنە حەجێ لە ڕێگەدا کە بە شاری دیمەشقی سوریادا دەگەڕێنەوە، بازاڕی (حەمیدییە) دەبینن، کە بازاڕێکی بازرگانی ڕێکوپێکی هەبووە، لەسەر شێوەی خانی جزیری دروستکراوە. زۆر بەو بازاڕە سەرسام دەبن، بۆیە کە دەگەڕێنەوە هەولێر بازاڕی قەیسەری لەسەر هەمان شێوەی بازاڕی حەمیدییەی سووری دروست دەکەن، ئەو بازاڕە سەربانێکی پتەو و تۆکمەی هەبووە گەلێک بەسوود بووە بۆ پاراستنی ئەو دوکانانە لەبا و بۆرانو باران و، سەرما و گەرما هەتا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت ئەو بازاڕە قەیسەرییانە لە هەولێر هەرماون، کە وێڕای ئەوەی سەنتەرێکی بازرگانییە، لە هەمان کاتیشدا شوێنەوارێکی بەپێز و مێژوویی ئەو شارەشە"[١٥٠].

لەلایەکی تریش لەبەر باری بازرگانی و هاتوچۆکردن بۆ هەولێر لە ساڵانی **١٩٣٥-١٩٥٨**، شەش خان و چوار ئۆتێلی پلە نزم لە دەوروبەری بازاڕی هەولێر هەبوون[١٥١]، لەگەڵ ئوتێلێکی تارادەیەک پێشکەوتووتر لە وێستگەی شەمەندەفەر بەناوی (ڕێست هاوس) کە ئەویش لە ساڵی **١٩٤٧** دامەزرا[١٥٢]. بەو بۆنەیەوەش

(١٤٩) سەید مەولوود بێخاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٦-١٢٧).
(١٥٠) یوسف نانەکەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦١).
(١٥١) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز کاک (نەژاد بەرزنجی).
(١٥٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.



پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەستنی هەولێر بە بەغدا بەهێڵی ئاسنین کاریگەرییێکی زۆری لەسەر جووڵەی بازرگانی و کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری ناو شار هەبوو، هەروەها لەناو شار ژمارەیەک حەمام و ئاش و کەبابخانە و گارگەی لباد دوورین و دەباخخانە و کورەی کەرپووچ دروست کردن و قەسابخانەیەکیشی تێدا هەبوو.

ئەمانەی پێشوو گشتیان جۆرە جوڵانەوەیەکی لەباری ئابووریی ناو شاری هەولێری دروست کردبوو[١٥٣]. ئەم جوڵانەوە ئابوورییەش بوو بەهۆی بوژانەوەی شارەکە و پێشکەوتنی لە ڕووی بیناسازی و ڕۆشنبیری و ژیارییەوە جگە لەمانەی کە باسمان کرد، چینێکی هەژار و ڕەش و رووت هەبوو کە بەخزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندەکان و بارهەڵگری و کرێکاری ژیانیان بەسەر دەبرد.

جگە لەمانەش ژمارەیەک لە مووچەخۆرانی دەوڵەت کە لەفەرمانگەکانی میری کاریان دەکرد، مووچەیەکی دیاری کراوی مانگانەیان هەبوو کە گوزەرانێکی تارادەیەک گونجاوی بۆ دابین دەکردن، ئەمانەش بەپێی خوێندەوارییان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەگەڵ خەڵکەکە جیاواز بوون و تەنانەت لەمانەش (مامۆستایان) دەوری کاریگەر و سەرەکییان لە بڵاوکردنەوە و بەرەو پێشبردنی باری ڕۆشنبیرییدا هەبوو، ئەمەش لەبەر ئەو بارە ئابووری و کۆمەڵایەتییە باشە بوو کە مامۆستایانی ئەم سەردەم تیایدا دەژیان.

شاری هەولێر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بریتی بوو لە شارێکی پارێزەر و داخراو، واتە خەڵکی شارەکە پابەندبوون بەرەچاوکردنی دابونەریتە جۆراوجۆر و نەگۆڕەکان، هاتوچۆ و تێکەڵ و هاموشۆی خەڵکەکەش زیاتر لەناوەخۆی بوو، تەنانەت خەڵکی شارەکە بەزۆری گشتیان یەکتریان دەناسی ئەم کەمی تێکەڵ بوونەش لەگەڵ دەرەوەی شار کارێکی زۆری کردە سەر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەو شارەدا[١٥٤]. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو شار چەند بنکەیەکی کۆمەڵایەتی هەبوو، کە هەر یەکەیان بەپێی ئاستی خۆی کاریگەرییان لەسەر بواری ڕۆشنبیری و

(١٥٣) لەم بارەیەوە سەیری مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١، بکە.
(١٥٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب، نەژاد بەرزنجی).

ئەدەبی ئەم شارەدا هەبووە یەکێ لەوانەش چایخانەکانە، کە وەک دەزگاییێکی ڕۆشنبیری لەو سەردەمەدا خۆیان دەنواند[١٥٥]. لەبەرئەوەی خەڵکانێکی زۆر و هەمە جۆر دەچوونە ئەم چایخانانە، لەوانەش دەوڵەمەند و هەژار و ڕۆشنبیر و مووچەخۆری میری و کاسبکار و زۆرانی تر. بەزۆری لەناو چاپخانەکانیش (ڕادیۆ) هەبوو، کە لەو سەردەمەدا بەئامێرێکی ڕۆشنبیری دادەنرا[١٥٦] هەروەها لە هەندێ چایخانانـدا حیکایەتخوانی تایبەت هەبوو کە حیکایەتی جۆراوجۆریان بۆ خەڵکەکە دەچڕی. هەندێ لەم حیکایەتخوانانەش بەشێوەیەکی وا حیکایەتەکانیان دەگێڕایەوە، خەڵکەکە پێیانەوە سەرسام دەبوون[١٥٧]. ئەم حیکایەتانە جۆرە سەرەتایەک بوون بۆ سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری نوێ.

لەلایەکی تر خەڵکی شاری هەولێر لە کۆنەوە گرنگییەکی زۆریان بەبۆنە ئاینییەکان داوە و یەکێک لەو بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییانەش کە بەسەرچاوەی بوژانەوەی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەناو شاردا دادەنرا، بریتی بوو لە سازدانی (مەولوودی پێغەمبەر -د.خ-)، کە بێ گومان بریتییە لە بەرهەمێکی ئەدەبی کە بەشێوازێکی تایبەت و بەسێ چوار زمان پێشکەش دەکرا لەوانەش (کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی). مەولوودی پێغەمبەر لە دواییدا بوە هۆکارێک بۆ نووسینی مەولوودنامەی کوردی[١٥٨].

لە شاری هەولێر لەو سەردەمەدا تەکیە و خانەقا و مزگەوت دەوری دیاریان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، بەتایبەتی ژیانی ئەدەبی و دەورکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی[١٥٩]. لە هەولێر دوو تەکیەی گەورەی تەریقەتی قادری هەبوو، تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما لە گەڕەکی خانەقا و تەکیەی شێخ محیەدینی

(١٥٥) د. مارف خەزنەدار، هەولێری جاری جاران و چەند یادگارێک، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٩)، زستانی ٢٠٠١، ل(٣١).

(١٥٦) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (عەلی چوکل بەرییە، نەژاد بەرزنجی، مەحموود زامدار).

(١٥٧) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (د. مارف خەزنەدار، مەحموود زامدار، زیوەر خەتاب، عومەر فەرهادی).

(١٥٨) ڕەشاد موفتی، مەولودنامەی کوردی، هەولێر، ,٢٠٠١

(١٥٩) د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٢).



شێخ سالّح لە گەڕەکی عارەبان، هەردوو بنەماڵە لە نەژادوا بەرزنجەیی بوون، هەروەها تەکییەکانی شێخ شەریف و شێخ عەبدولکەریم لە قەڵاتێ. جگە لەمانە مزگەوت و خانەقای نەقشبەندییانیش لە شارا هەبوو، لەمانە خانەقای شێخ مستەفا هەرشەمی و هەروەها خانەقای شێخ تاجەدین و خانەقای شێخە ڕەشکە[١٦٠]. لەگەڵ هەندێ وردە تەکیە و خانەقای تر نەوەکو تەنیا سەر بەدوو تەریقەتەکە، بەڵکو تەریقەتەکانی تریشیان تێدابوو. باسی شیعر و ئەدەب و خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی لە کۆڕەکانی ئەم تەکیە و مزگەوت و خانەقایانە دەکرا. بەتایبەتی تەکیەی بەرزنجییەکان[١٦١].

بەڵام لە دیوەخانەی ماڵە هەولێرییە دەوڵەمەند و ئاغاکان باسی ئەدەب و شیعر و ڕۆشنبیری کوردی نەکراوە مەگەر بەدەگمەن نەبێ، هەر بۆیە دیوەخانەکانی ناو شار جۆرە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی لەم شارەدا نەبووە، هەرچەندە چەندین دیوەخانەی جیاجیاش لەناو شار هەبوون. بەڵام لێرەدا نابێ ڕۆڵی دیوەخانەی مەلایان لە مزگەوتەکان لەبیر بکەین. چونکە (کۆبوونەوەی) مەلایان لەم جۆرە دیوەخانانە لەو سەردەمەدا گۆشەیێکی ئەدەبی گرینگ بوو، مەلایەکان لەم دیوەخانانە وتوویژ و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و ئەدەبی جۆراوجۆریان دەکرد.

لەلایەکی تر یەکێک لە بنکە و دەزگا کۆمەڵایەتییە هەرە دیارەکانی شاری هەولێر (یانەی فەرمانبەران) بوو. کە لە ساڵی ١٩٢٨ز. کرایەوە و فەرمانبەران و مامۆستایان ئێوارە و شەوانیان لەم یانەیە بەسەر دەبرد و تاهەشتاکانی سەدەی ڕابردووش هەرمابوو. دەتوانین بڵێین ئەم یانەیە سەرەڕای ئەوەی کە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بوو شوێنێکی ڕۆشنبیریش بوو لەبەرئەوەی تیایدا وتوویژ و ئاڵوگۆڕی چەندین ڕاوبۆچوونی جیاجیا لە بارەی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کراوە.

(١٦٠) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (نەژاد بەرزنجی، د. مارف خەزنەدار، عەلی چوکل بەرییە، عوسمان موفتی ٢٠٠١/١٢/٢٣).

(١٦١) د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل(٣٢).

## باسی سێیەم

## باری ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر

## لە نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨

بەگشتی ئەمانەی خوارەوە بەگرنگترین سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی ناو شاری هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا دادەنرێت.

### ١- مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان

"بەر لەوەی قوتابخانەی میری بکرێتەوە مزگەوت و خانەقا و سوختەخانەکان، تەنیا مەڵبەندی خوێندن و فێربوون و پێگەیاندن و بڵاوبوونەوەی کلتوور و ڕۆشنبیری بوون، سوختە و موستەعید و فەقێیان بۆ خوێندن و فێربوون، لە مزگەوتێک بۆ مزگەوتێک لە شارێک بۆ شارێک دەگەڕان بەدوای زانا و مامۆستای بەناوبانگ لەو بابەتەی کە دەیانویست فێری بن لەبەرئەوەی هەر مامۆستایێک ناوی بەزانا لە بوارێک دەرچوو بوو"(١٦٢). هەر چەندە لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨ چەند قوتابخانەیەکی میری لەناو شاری هەولێر هەبوو، لەگەڵ ئەوەش ئەو قوتابخانە ئاینییانەی کە لەو ماوەیەدا لەناو شاردا هەبوون ڕۆڵی گرنگی خۆیان هەر هەبوو و وەک مەشخەڵێک بوون خوێندەواری و زانست و زانیاری و ڕۆشنبیرییان بڵاوکردۆتەوە(١٦٣). چونکە خەڵکانێکی زۆر لەو ماوەیەدا لەناو شار منداڵەکانیان دەنارده ئەم جۆرە قوتابخانانە کە پێیان دەوت (مەدرەسەی دینی).

بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی دیاریکراودا لایەنێکی باری ڕۆشنبیری شاری هەولێر ئاینیی بوو، لەبەرئەوەی بەشێک لە ڕۆشنبیرەکان دەرچووی حوجرەکانی مزگەوت و (مەدرەسە ئاینییەکانی) ناو مزگەوتەکان بوون. ئەم حوجرە و مەدرەسە دینییانە جێگای پێگەیشتنی هەندێ لە شاعیر و نووسەرانی ئەو سەردەمە بووە. لەبەرئەوەی

(١٦٢) نەوزاد وەقاس سەعید، بزووتنەوەی شیعری لە کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا نامەی دکتۆرا، کۆلجیی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، بەغدا، ١٩٩٦، ل(٢٢).

(١٦٣) مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە، بەغدا، ١٩٩١، ل(٦٦)



بەشێک لەم خوێندەوارانە خوێندەواری خۆیان کە مەلایانە بووە، لەگەڵ زمانی کوردی لە ڕووی پراکتیکییەوە گونجاندووە. واتە شیعر و نووسینیان بەزمانی کوردی هێناوەتە ناوەوە با بەشی زۆریشی لە ڕووی هونەری ئیستاتیکییەوە لە پلەی داهێنان نەبووبێ، بەڵام بەرهەمی وایان بووە کە مێژووی ئەدەبی کوردی شانازییان پێوە بکا(١٦٤).

لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨ ئەم قوتابخانە ئاینییانە لەناو شاری هەولێردا هەبوون(١٦٥):

أ: لەناو قەڵات

١- قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی قەڵا (مزگەوتی مەلا فەندی).

٢- قوتابخانەی مزگەوتی مەلا عەبدولڕەحمانی مەلا ڕەسووڵی گڕاوی.

٣- قوتابخانەی مزگەوتی (ئەسعەدە فەندی)

٤- قوتابخانەی ئیبراهیم دۆغرەمەچی.

ب: لە خوارەوەی قەڵات:

١- قوتابخانەی مزگەوتی خانەقا: ئەو قوتابخانەیە بەدەست بنەماڵەی مەلا هیدایەتی نەقشبەندی بوو.

٢- قوتابخانەی مزگەوتی شێخ ئەبوبەکرە فەندی نەقشبەندی واتە مزگەوتی (شێخ مستەفا).

٣- قوتابخانەی مزگەوتی حاجی عەبدولقادر دەباغ، مەلا حەمەدەمینی بێتواتەیی لە دیارترین مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە بووە.

٤- قوتابخانەی مزگەوتی دێرە بروشە.

٥- قوتابخانەی مزگەوتی شێخی چۆڵی.

٦- قوتابخانەی مزگەوتی شێخ نورەدین: مامۆستا (مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی) لەم قوتابخانەیە دەرسی دەگوتەوە.

(١٦٤) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، هەولێر، ٢٠٠١، ل(٦٤).

(١٦٥) زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في اربيل، الموصل، ١٩٨٤، ص(٢١،٢٢،٢٣)؛ مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە، بەغدا، ١٩٩١، ل(٦٦-٦٧).

٧- قوتابخانەی مزگەوتی بازاڕ، مزگەوتی گەورە (مزگەوتی حاجی محەمەدی حاجی ئەحمەدی حەداد). لە دەستنووسەکە نووسراوە مزگەوتی حاجی داود.

لەو قوتابخانانەدا شاعیران و نووسەرانی بەهرەمەند و هەست ناسکی وەک کانی، ڕەشاد مفتی، نووری، میهری، فانی و زۆرانی تر توانییان بەرهەمی نایاب بخەنە نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەهەردوو بەشەکەیەوە شیعر و پەخشان.

## ٢- قوتابخانەکانی میری و مامۆستایەکان

بێ گومان یەکەم هەنگاو بەرەو شارستانیەت لەلای هەر میللەتێک لە پەروەردەوە دەست پێ دەکات، بۆیە لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨ ئەو چەند قوتابخانە میرییەی کە لەناو شاری هەولێر هەبوون، بەسەرچاوەیەکی سەرەکی و بەڵکو بەیەکەم سەرچاوەی ڕۆشنبیری لەناو شاردا دادەنران. ئەوەش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیانی ناو شار کە لەم قوتابخانانە دەیانخوێند و جۆرەها بابەت و وانەی جیاجیایان تیایاندا وەردەگرت. ئەم قوتابخانانە مەڵبەندی پێگەیاندنی ڕۆشنبیران و بنچینەی دروستبوونی چەندین شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بوون. پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردنیش لەم قوتابخانانەدا لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز و لە خۆبوورد و پەروەردەییەوە بەڕێوە دەچوو[١٦٦].

لە کۆتایی سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم لەناو شاری هەولێر سێ قوتابخانەی کوڕان و دوو قوتابخانەی کچانیش هەبوون، ئەوانیش (قوتابخانەی یەکەمی هەولێر) و (قوتابخانەی دووەمی هەولێر) و (قوتابخانەیەکیش تایبەت بەجولەکەکان)، یەک قوتابخانەی کچانیش لە قەڵاتێ هەبوو و قوتابخانەیەکیش لە خوارەوەی قەڵا لە گەڕەکی جولەکەکان[١٦٧].

لە ڕووی سیستەمی خوێندنەوە مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان شێوازێکی توندوتیژیان لە پرۆسەی فێرکردن و بەڕێوەبردندا بەکار دەهێنا، سەرەڕای

(١٦٦) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (شوکریە ئەکبەر ٢٠٠١/١/٢٩، قەدریە عەزیز، نەژاد بەرزنجی، عەلی چوکل بەرییە، حەیدەر عوسمان)..

(١٦٧) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (قەدریە عەزیز، حەیدەر عوسمان، نەژاد بەرزنجی، زیوەر خەتاب، عەلی چوکل بەرییە).



گرانی و وشکی پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوەش بەهۆی ئەو هەموو زانیارییە زۆرانەی کە خرابوونە نێو بابەتەکانی خوێندنەوە. ئەو توندوتیژی و پرۆگرامە زۆر سەختەش بوو بووە هۆی ماندووکردنی مێشکی قوتابیان[١٦٨]. بەڵام ئەو دیاردەیە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی هەندێ لە مامۆستا پەروەردەییە دڵسۆزەکان توانرا جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەردابێت هەرچەندە هەوڵەکانیان تاکەکەسی بوو بەڵام کاریگەرییەکەی لەسەر سیستەمەکە بەگشتی هەبوو.

لەو قوتابخانانەی شاری هەولێر دەیان نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری داهێنەر و بەتوانا دروست بوون و بە بەرهەمە بەپێزەکانیان ڕۆڵی کاریگەریان لەئەدەبی کوردی بینی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ڕۆڵی (قوتابخانەی یەکەمی هەولێر) بکەین لە گرنگیدان بەزمان و ئەدەبی کوردی لەبەرئەوەی خوێندن لەم قوتابخانەیە بەزمانی کوردی بوو و لە ڕێگەی ئەم قوتابخانەیەش چەندین مامۆستای دڵسۆز و کوردپەروەر ڕۆڵێکی باشیان بینی لە بڵاوکردنەوە و گرنگیدان بەزمان و ئەدەبی کوردی[١٦٩].

ئەم بەڕێزانەی خوارەوەش دیارترین مامۆستا پەروەردەییەکانی ئەو سەردەمە بوون: "ئەحمەد ناجی، غەریب سەلیم، دانیاڵ قەساب، عومەر ئەمین، جیهاد عەبدولڕەزاق، بەشیر مستەفا، عیزەدین فەیزی، موسا سەمەد، جومعە محەمەد سەفار، عەلی چوکل بەرییە، تاهیر عەبدوڵڵا، یوسف شێخ یەحیا، شێخ حەسەن نیعمەتوڵڵا، عەلی حوسێن کەسرە، حەکیمی قازی، خدر مەولود، یونس مستەفا چەلەبی، کەریم ڕەئوف، حەیدەر عوسمان، بویا سولاقە، بویا موشی، عەبدولئەحەد ئوغستین، جەلال شەریف، نەشئەت محەمەد سەفوەت، عوسمان قۆجە، عەزیز مەولود، خدر حوسێن، حوسێن ڕەشوانی، محەمەد عەزیز فەتاح، مستەفا شەعبان، سدیق عەبدولقادر، کەمال عەبدولقادر، کەریم شارەزا، مەجید فەتاح، جەواد ڕەسووڵ ناجی، خێریە نادر، شکوریە ئەکبەر، ئەستێر سەعید، سەبیحە ولیەم، حەمدیە سابیر، مستەفا عوسمان دزەیی، عەلی حومادی، ڕەمزیە عەدلی، ساکنە سلێمان، قەدریە عەزیز، بەستێ

(١٦٨) عەبدوڵڵا عەباس، مامۆستا عیزەدین فەیزی لاپەڕەکانی ژیانی پەروەردە و ڕۆشنبیری بۆ (هاوکاری) هەڵدەداتەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ١٩٧٩/٦/١٨، لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (زیوەر خەتاب)

(١٦٩) عەبدوڵڵا عەباس، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سابیر، شوکریە سابیر، عەلی حومادی، ئەدیبە دۆغرەمەچی، جەمال جەمیل، کەمال شاکر، موسا خەلیل، ئەنوەر تاهیر، زەکی هەناری، زاهیر هەناری، ئەنوەر سلێمان، جابیر پیرداود، مەجید ئاسنگەر، نوری ئەمین، رەفعەت عیزەت سامی و دەیانی تر.

**٣- کتێبخانەکان:**

بێ گومان کتێبخانە رۆڵێکی گرنگی لە ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی هەیە، یەکێکە لە بنەما هەرە پێویست و دیارەکانی هەر شار و شارۆچکەیەک. بەم پێیە لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ چەند کتێبخانەیەک هەبوو. لەوانەش (کتێبخانەی گشتی) کە کتێبخانەیەکی میری بوو لە ساڵی ١٩٤٣ دامەزراوە و[١٧٠]، خەڵکانێکی زۆر هامۆشۆی دەکرد و هەموو کەس بۆی هەبوو رووی تێ بکات و کتێبی لێ بخوازێت و بیخوێنێتەوە و سوودی لێ وەربگرێت. لەڕاستیدا ئەم کتێبخانەیە تا ساڵی ١٩٥٨ لەناو شاردا بەمەڵبەندێکی رۆشنبیری دادەندرا، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی باش کتێب و رۆژنامە و گۆڤاری بەخۆوە گرتبوو.

سەرەڕای ئەم کتێبخانەیەش چەند کتێبخانەیەکی تایبەت هەبوون کە شوێنی فرۆشتنی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە بوون، لەو کتێبخانانەش کتێبخانەی (شیمال) کە کۆنترینیانە و لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ دروستکراوە و خاوەنەکەی خوالێخشبوو (عەزیزە ئەفەندی) بوو، ئەم کتێبخانەیە سروشتێکی ئاینیی لەسەر بوو[١٧١]. هەروەها وەکیلی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژ بوو لە هەولێر لەسەر داوای سەربازە ئینگلیزەکانیش رۆژنامەی (لەندەن تایمزی)ی دەهێنا بۆ فرۆشتن[١٧٢].

یەکێک لە دیارترین و ناودارترین کتێبخانەکانی شاری هەولێر کتێبخانەی (هەولێر) بوو. ئەم کتێبخانەیە هی بەڕێز خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەد محەمەد) ١٩٢٣-٢٠٠٢ کە ناسراوە بە(شێخەشەل) بوو. ئەم کتێبخانەیە بۆ ماوەی (١٠) ساڵی رەبەق ١٩٤٤-١٩٥٤ رۆڵی دیار و بەرچاوی لە وشیارکردنەوە و

(١٧٠) بەرهەم عەلی، گەشتێک بەنێو کتێبخانەکانی شاری هەولێردا، گۆڤاری بارش، ژمارە (٥)، تەمووزی ٢٠٠١، هەولێر، ل(٦٦).
(١٧١) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (زیوەر خەتاب).
(١٧٢) تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، هەولێر، ١٩٨٥، ل(١٤٥).



رۆشنبیرکردنی خەڵکی هەولێر دیوە[١٧٣]. هەموو جۆرە کتێب و گۆڤارێکی پێشکەوتنخوازی و مارکسی بۆ دەهات و هەروەها وێستگەیەکیش بوو بۆ نامەی حزبی و وادە و بەڵێن و بەیەکگەیشتنی ئەندامانی حزبی شیوعی[١٧٤].

هەروەها کتێبخانەیەکی ناودار لەناو شار هەبوو ئەویش کتێبخانەی سەربەستی بوو کە لە ساڵی ١٩٤٧ کرایەوە و خاوەنەکەی بەڕێز مامۆستا (مەلا رەئووف مەعرووف) بوو، ئەم کتێبخانەیە جگە لە کتێب و رۆژنامە، کەلوپەل و پێداویستییەکانی قوتابخانەشی تێدا دەفرۆشرا و خەڵکانێکی زۆر لەناو شاردا هامۆشۆی ئەو کتێبخانەیەیان دەکرد[١٧٥]. سەرەڕای ئەمانەش سێ کتێبخانەی تریش لەناو شاردا هەبوون ئەوانیش یەکەمیان (کتێبخانەی ئاینیی) و دووەمیان (کتێبخانەی عەسکەری) و سێیەمیشیان (کتێبخانەی جیهاد) بوون، خاوەنی کتێبخانەی یەکەم (مەلا سەعدوڵڵا) بوو کە کەسایەتییەکی هەولێری بوو، هی دووەمیشیان مامۆستا (فاروق عەبدولڕەحمان شەش خان) بوو خاوەنی کتێبخانەی سێیەمیش مامۆستا (عەبدولڕەحیم ئەلسائیغ) بوو[١٧٦]. لەبەر کەمی کتێب و چاپکراوی کوردی لەو کتێبخانانەدا گۆڤار و رۆژنامە میسری و عێراقی و سووری و لوبنانییەکانی وەک "المصور، آخر ساعة، الهلال، الثقافة، الرسالة، الطريق، الآداب، الاديب"[١٧٧] و زۆرانی تر دەفرۆشرا. لەکاتی گەیشتنی ئەم گۆڤار و رۆژنامانەش خەڵکانێکی زۆر لەبەردەم ئەم کتێبخانانە کۆدەبوونەوە[١٧٨].

(١٧٣) تاریق جامباز، شێخەشەل خاوەنی کتێبخانەی هەولێر، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٠)، هەولێر، ١٩٩٨/١٢/٥، ل(١٨٣).
(١٧٤) ساڵح حەیدەری، یاداشت و چاوپێخشاندن بەمێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێریی لە کوردستان و عێراقدا ١٩٤٠-١٩٥٣، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٩٣).
(١٧٥) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (نەژاد بەرزنجی، زیوەر خەتاب، د. عەبدوڵڵا حەداد ٢٠٠٢/١/١٥)؛ سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە، بەغدا، ١٩٩١، ل(٦٤-٦٥).
(١٧٦) تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٥).
(١٧٧) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (د. مارف خەزنەدار، زیوەر خەتاب، عەلی چوکل بەرییە).
(١٧٨) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (زیوەر خەتاب)، (عەلی چوکل بەرییە).

بێ گومان جگە لەم کتێبخانانەش هەندێ لە مەلا و زاناکان و ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیران و سیاسییەکان لەناو دیوەخان و ماڵی خۆیاندا کتێبخانەی تایبەتییان هەبووە و کەسانێک لەناو شار بەتایبەت خزم و ناسیاوەکانیان، توانیویانە سوود لەم جۆرە کتێبخانانە وەربگرن.

هەروەها مامۆستا (گیوی موکریانی) لەناو چاپخانەکەی خۆی کتێبخانەیەکی هەبوو، خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی لاوانی ڕۆشنبیری هەولێر سەردانی ئەم چاپخانەیان دەکرد و تیایدا کۆدەبوونەوە و تاڕادەیەک هەندێ کەس فەزڵی سەرەکی فێربوونی زمانی کوردی پەتی و ڕەسەن دەگەڕێننەوە بۆ ئەم زاتە و بۆ ئەم شوێنە[١٧٩]. لەبەرئەوەی مامۆستا (گیو) گرنگییەکی زۆری بەکتێبی کوردی دەدا. سەرەڕای ئەو هەموو کتێبە کوردییانەش کە بۆ شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمی چاپ کردوون.

### ٤- شاری هەولێر و هونەرەجوانەکان:

بێ گومان ڕۆشنبیری بەمانا فراوانەکەی (هونەریش) بەهەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە. لە ڕووی هونەری (وێنەکێشانەوە) بزووتنەوەیەکی تاڕادەیەک باش لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەو هەولێرەدا لە ئارادا بوو. لە بیستەکان هونەرمەندێکی گەورە هەبوو کە بەڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو، بەڵام لە شاری هەولێر دەژیا، مامۆستای ڕەسم بوو لە قوتابخانە ئەم هونەرمەندە دوکانێکی هەبوو و تابلۆی قەشەنگی دەکێشا و دەیفرۆشتەوە دەوڵەمەندەکان و هەندێ لە خاوەن چاپخانەکان و قاوەخانەکان و هەر بەو پارەیەش دەژیا[١٨٠]. پاشان لەژێر کاریگەریی ئەم هونەرمەندە مامۆستایەک و هونەرمەندێکی جوولەکەی بەهرەدار بەناوی (دانیاڵ قەساب)[١٨١] هاتە مەیدانی هونەر و دەیان تابلۆی ڕەنگینی بەرهەم هێناو پاشانیش چەندین تابلۆی تایبەتیشی داهێنا و بوو بەڕابەری هونەری شێوەکاری لەم شارەدا لەم باریەوە بەڕێز هونەرمەندی

(١٧٩) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (پیرباڵ مەحموود ٢٠٠٢/٢/١٠).

(١٨٠) د. فەرهاد پیرباڵ، لەپێناو نووسینەوەی مێژووی هونەری ڕەسم لە کوردستاندا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٩)، تشرینی دووەم ١٩٩٨، ل(١٤٢).

(١٨١) د. فەرهاد پیرباڵ، دانیاڵ قەساب دامەزرێنەری هونەری ڕەسم لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، زستانی ,١٩٩٨



هەولێری ناسراو دکتۆر (محەمەد عارف) دەڵێ: "چەند تابلۆیەکی هونەریی پایەبەرزی ئەم هونەرمەندەم لە چەند شوێنێکی گشتی لە هەولێر بینیوە کە ئێستاش هەر لەم شارەدا ماون"[١٨٢].

بە بەشداری و سەرپەرشتی ئەم هونەرمەندە لە ساڵی خوێندنی **١٩٣٧-١٩٣٨** لە قوتابخانەی یەکەمی هەولێری سەرەتایی پێشانگایەکی وێنەکێشان کرایەوە و تیایدا ئەم هونەرمەندە زۆر تابلۆی نایابی خستە ڕوو کە جێگەی سەرسووڕمان بوو[١٨٣]. هونەرمەندە بەشداربووەکانیش خودی قوتابیان بوون ئەوانیش (منیرو ناحوم) عوزێر قەساب (برایانی دانیاڵ)، ئیحسان مستەفای (چیرۆکنووس)، ڕەشید عەبدولقادر (سەرۆکی دادگای تەمییزی ئێستا)، برایان جەواد و فوئاد ڕەسووڵ ناجی و هتد.

پاشان لە چلەکان چەندین هونەرمەندی بەهرەدار و بەتوانا لەم شارە پەیدا بوون کە بەشدارییەکی تەواویان لە جوڵانەوەی هونەری کوردی بەگشتی کردووە، لەوانەش هونەرمەندان (جابر پیرداود، برایان فوئاد و حەسیب ڕەسووڵ ناجی، منیر قەساب (برای دانیاڵە)، عەبدوڵڵا حوسێن کەسرە، فەریق سەید جەمیل،... هتد). وێنەکانیان بەزۆری بریتی بوو لە پۆرترێت و نیگارکێشانی وێنەی ژیانی کوردەواری و ژیانی خەڵک و دیمەنە سروشتییەکان، واتە ڕێبازی کلاسیکیان لە وێنەکردن پەیڕەو دەکرد[١٨٤]. پاشانیش لە پەنجاکاندا چەندین هونەرمەندی دەست ڕەنگین و داهێنەر پەیدا بوون وەکو (سلێمان شاکر، محەمەد عارف، یەحیا مەرجان، واحد مەرجان، مونیر حوسێن کەسرە، ئەدوەرد ولیەم، ئەسکەندەر عوسمان، شاخەوان نامیق، سوداد عەتاوڵڵا ئاغا).

جێگای ئاماژەیە لە شاری هەولێر لە پەنجاکاندا ساڵانە پێشانگای هونەری و ڤیسیتڤاڵی وەرزشی قوتابخانەکان هەریەک بەجیا ئەنجام دەدران. ئەم چالاکییانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بواری ڕۆشنبیریدا هەبوو لەبەرئەوەی خەڵکانێکی باش بەشداریان تێدا دەکرد و خەڵکانێکی یەکجار زۆریش ئامادەی دەبوون بەتایبەتی ڤیستڤاڵە وەرزشییەکان[١٨٥]. لە ڕووی هونەری پەیکەرتاشیەوەش هونەرمەندی بەرز

(١٨٢) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (محەمەد عارف).

(١٨٣) د. فەرهاد پیرباڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٦).

(١٨٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (محەمەد عارف).

(١٨٥) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز مامۆستا (محەمەد عارف).

خوالێخۆشبوو (جابر پیرداود) بەپێشەنگی هونەرمەندان لەم بوارەدا دەدانرێت چەندین پەیکەری جۆراوجۆری بەجۆرێکی وا دروست کردووە کە تا ئێستا لەناو شاردا هەر ماون[١٨٦]. لەلایەکی تر دانیشتوانی شاری هەولێر ئارەزووی گوێگرتن بوون لە مەقاماتی وەک (قۆریات و بەیات و حەیران). لە پیاوی بەتەمەنم بیستووە کە لە چایخانەکانی هەولێر وەک (عەبۆ، مستیل، عەلی فلەیح،... هتد) مەقامبێژ و قۆریات بێژی تایبەت هەبوون، لاوک و حەیرانیان یاخود هەندێکی تر قۆریاتیان بۆ خەڵکەکە دەگوت. هەروەها لەشایییەکانیش لەپاش خوێندنەوەی (مەولوود) کۆمەڵە لاوێک ئاهەنگێکیان ساز دەدا و گۆرانی بێژەکانیش ئاهەنگەکەیان گەرم دەکرد، لە هەولێر بەم دیاردەیەیان دەگوت (ئەگلەنجە). بەگشتی لە ڕووی هونەری گۆرانیبێژییەوە دەتوانین بڵێین هەولێر چەندین هونەرمەندی پایەبەرزی لێ هەڵکەوتووە، لەوانەش کە مێژوو بەشانازییەوە ناویان دەبات "شەهابەی هەولێری، حەیدەر عەبدولڕەحمان (حەیدەرە کەچەڵ)، جەمیل قەپقاپچی، ڕەسووڵ گەردی، تاهیر تۆفیق، فوئاد ئەحمەد، جامیلە سایق، کۆرە، محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و زۆرانی تر"[١٨٧].

## ٥- ڕۆژنامەگەری لە هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨

بێ گومان ڕۆژنامەگەری پێوەرێکی ڕاستەقینەی گەشەسەندن و بەرەو پێشەوەچوونی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەتایبەتیش ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێست و کاریگەر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی نوێی پڕ سەرفرازی ئەم شارە دێرینەمان، تیشکی ئەم لایەنە شارستانییەی کە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون ڕەنگ دەداتەوە. خاڵی پڕ شانازی و شکۆداری ڕۆڵە نەبەرد و دڵسۆزەکانی هەولێر دەردەخەن کە بەهەر ڕێگەیەک بێت

---

(١٨٦) مەحموود زامدار، ئازاد عەبدولواحید، لەبەردەم پەیکەری پەیکەرتاشێکدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٨)، ١٩٩٧/١٢/٥، ل (٧٩-٨٣).

(١٨٧) لە بارەی هونەری گۆرانیبێژییەوە بەڕێز کاک (جەلال خدر حوسێن) یەکێکە لەو مەقامناس و گۆرانیبێژناسانەی کە بۆ ماوەی نزیکەی (٣٠) ساڵ دەبێت خەریکی کۆکردنەوەی زانیارییە لە بارەی گۆرانیبێژەکانی هەولێر، لەم بارەیەوە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بەم شارە کردووە کە ئەمەش نیشانەی دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیەتی بەرامبەر بەم شارە دێرینە.



کەمتەرخەمییان لە خزمەتکردنی نەتەوەکەیان نەکردووە، ڕۆژنامەگەرییشیان بەهۆیەکی سەرەکی داناوە بۆ گەیشتن بەئامانجە پیرۆزەکانیان لەمانەش بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری وەک لەنگەرێک بۆ ڕاگرتنی گیانی نەتەوایەتی و خۆشەویست کردنی زمانی کوردی لەلای تاکی کورد کە بەڕاستیش جێگای کتێبیان دەگرتەوە[١٨٨]. بەتایبەتیش لە شاری هەولێر. دەشتوانین بڵێین ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەوری سەرەکییان هەبووە لە پشتگیری کردنی بەهرەی نووسین و زیندووکردنەوەی سامانی ئەدەبی پێشووی کورد و چارەسەرکردنی گیروگرفتە پەروەردەیییەکان و هاندانی وەرگێڕانی ئەدەبی بیانی (شیعر و چیرۆک و پەخشان و حیکایەتی منداڵان) بۆ سەر زمانی کوردی لە فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزییەوە[١٨٩].

بەپێداچوونەوەیەکی خێراش بەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی "ڕووناکی و (هەولێر- اربیل) و هەتاو"وە هەروەها تاکە ژمارەکەی (هەتاوی) ئەمین ڕواندزی کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەری کرد و جووتە ژمارەکانی گۆڤاری (الامل)ی قوتابیان ١٩٥٦ و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە نهێنییەکانی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردوون، بەڵگەی ڕوونی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەمان بۆ دەردەکەوێت.

ئەمەی خوارەوەش سێ لێکۆڵینەوەی جیایە لەسەر سێ لایەنی سەرەکی ڕۆژنامەگەری لە هەولێر:

### أ- گۆڤاری ڕووناکی

ئاشکرایە کە ئەدیب و مێژوونووسی ناسراو (حوسێن حوزنی موکریانی) خاوەن گۆڤاری زاری کرمانجی بوو، کە لە ڕواندز لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢ دەری دەکرد[١٩٠].

بەڵام لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە داخرا، لێرەدا پەرۆشی حوزنی بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا هاندەرێک بوو بۆ

---

(١٨٨) باری ئەدەبی و ڕووناکبیری پەنجایەکان لە هەولێر و کۆیە، مێزگرد، بەشداربووان (د. مارف خەزنەدار، پیربال مەحموود، جەوهەر غەمگین، دڵزار، کەریم شارەزا، مەجید ئاسنگەر، مەدحەت بێخەو)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤٠)، تشرینی یەکەم ١٩٩٩، ل(١٤٩).

(١٨٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا(١٤٩).

(١٩٠) عەبدولجەبار جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠، ل(٨٩).

ئەوەی ساڵی ١٩٣٤ داواکارییەک پێشکەش بەموتەسەریفی (پارێزگاری سلێمانی) بکات بۆ ڕێگە پێدانی بەدەرهێنانی گۆڤارێک بەهەمان ناوەوە (واتە زاری کرمانجی) بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەکەوت[١٩١].

ئینجا لە مایسی ساڵی (١٩٣٥)یش لەگەڵ (زەین ئەلعابدین ئەفەندی) ناوێک داوای ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی هەفتەی دووجاری بەناو (سۆران) پێشکەش بەموتەسەریفی هەولێر کردووە[١٩٢]. وادیارە ئەم هەوڵانەی حوزنی سەر ناگرن تاوەکو پارێزەرێکی لاوی (هەولێری) بەناو (شیت مشتەفا)ی لێ پەیدا دەبێت، کە ئەویش وەک (حوزنی) خۆی دەڵێت: "تەقەلای دابوو ئیمتیازی ڕۆژنامەیەک وەربگرێت"[١٩٣]. ئینجا هەردووکیان لەسەرئەوە ڕێک دەکەون گۆڤارەکە دەربکەن، لە ئەنجامی ئەم پێگەیشتنە مێژووییەشدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ڕووناکی) لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ وەک نۆبەرەیەکی ڕۆژنامەگەری لە هەولێر دەرچوو[١٩٤]. حوزنی سەرنووسەری هەڵسووڕێنەری گۆڤارەکە بوو، (شیت مستەفا) بەڕێوەبەر و لێپرسراوی بوو[١٩٥]. ژمارەکانی یەکەم و دووەم لە چاپخانەی (الموصل الحدیثة) و ژمارەکانی ٣-٦ لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە ڕواندز و ژمارەکانی ٧-١١ لە هەمان چاپخانەدا پاش هێنانی بۆ هەولێر بەچاپ گەیاندن[١٩٦]. ئەگەرچی لە لاپەڕەی یەکەمی هەر ژمارەیەکیشدا نووسراوە (کۆوارێکی هەفتەیی علمی اجتماعی ادبی کوردیە)، بەڵام وادیارە باری گونجاوی هەفتانە دەرچوونی بۆ نەڕەخساوە، بەڵکو لە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی تا دەرچوونی دوا ژمارەیدا واتە لە نێوان (٢٤)ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ تاوەکو (١٦)ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٣٦ تەنها یازدە ژمارەی کەوتە دەست خوێنەرانەوە[١٩٧].

---

(١٩١) د. کوردستان موکریانی، ڕووناکی، هەولێر، ٢٠٠١، ل,٧

(١٩٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٣).

(١٩٣) دەستنووسێکی مامۆستا (حوزنی) لەلای د. کوردستان موکریانی پارێزراوە و منیش لەوم وەرگرتووە.

(١٩٤) جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل(٢٧).

(١٩٥) حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی ڕۆژنامەگەری، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٩٩).

(١٩٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠٠).

(١٩٧) سەیری ژمارەکانی گۆڤاری (ڕووناکی) بکە.



لە بارەی هۆی وەستانیشیەوە مامۆستا (حەمە ساڵح فەرهادی) سێ بیروبۆچوونی جیاواز دەخاتە بەرچاو کە دەڵێت: "پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار پێی ڕاگەیاندم، لە مایسی ساڵی ١٩٣٩ چاپخانەکە لەلایەن میرییەوە دەستی بەسەردا گیرا و گوازرایەوە بۆ (موسڵ)، گۆڤارەکەش پەکی کەوت و وەستا، بەڵام مامۆستا (گیوی موکریانی) دەڵێ: هۆی داخستنی گۆڤاری ڕووناکی ئەوەبوو داوای پەیداکردنی ئاوی دەکرد بۆ شاری هەولێر. مامۆستا (مستەفا نەریمانیش) دەڵێ هۆی داخستنی گۆڤاری ڕووناکی دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز (شیت مستەفا)ی بەڕێوەبەری لێپرسراو لەبەرئەوەی کرایە دادوەر، لە هەولێر دوورکەوتەوە"[١٩٨] لەلایەکی تر لە پێداچوونەوەیەک بەبیرەوەرییەکانی حوزنی دەتوانین دووخاڵی تریش بخەینە سەر ئەم خاڵانەی سەرەوە، کەئەویش سەرهەڵدانی ئەوگیروگرفتەی لە نێوان حوزنی و موتەسەریفی هەولێر (ئەحمەد تۆفیق بەگ) بوو، هەروەها ئەو ناتفاقیەی کەوتبووە نێوان حوزنی و شیت مستەفا[١٩٩]. لەلایەکی ترەوەش د. کوردستان موکریانی بۆچوونەکەی (مستەفا نەریمان) بەناڕاست دادەنێت چونکە وەک دەڵێت (شیت مستەفا) تاساڵی ١٩٤١ هەر لە هەولێر بوو[٢٠٠].

هەر ژمارەیەکی ئەو گۆڤارە لە (١٦) لاپەڕەی (٢٨سم- ٢٠سم) پێکهاتوون، بابەتەکانیشی بەپانتایی (٢٤سم-١٧سم) لە سێ ستوندا بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر چی جاربەجار لەناو ئەم سێ ستونەدا خوێنەر تووشی سەرلێشێوان و تێکەڵکردنی بابەتەکان دەبێت، بەڵام بەهەر حاڵ بەدابەشکردنێکی هونەری دادەنرێت. لەلایەکی دیکەوە لەسەر بەرگی پێشەوەی گشت ژمارەکاندا وێنەی ڕێزە چیایەک لە دواشیاندا ڕۆژێکی تیشک بەخش هەڵهاتووە و وشەی (ڕووناکی)ش بەگەورەیی لەسەر وێنەکەدا تۆمارکراوە لە ڕووی دەرەوەی بەرگی پشتەوەشیاندا دەنوسرا (ڕووناکی: ڕەوشت و دەستورێکی بەرزی هەیە، ڕابردوو استا بەناسین دەدا، بەڕەهبەرێکی باش.

ڕووناکی بەدڵێکی خاوێن بۆ یکەتی عراقی دەکوشێ
ڕووناکی ادبیات و زانستی کورد کۆدەکاتەوە

---

(١٩٨) حەمە ساڵح فەرهادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٠٠)

(١٩٩) لەم بارەیەوە سەیری (د. کوردستان موکریانی، ڕووناکی، هەولێر ٢٠٠١) بکە.

(٢٠٠) د. کوردستان موکریانی، ڕووناکی، هەولێر ٢٠٠١، ل(١٩).

ڕووناکی بیرەوەری بۆ کورد دەکات

ڕووناکی ڕەوشت و خووی کورد تازە دەکاتەوە

ڕووناکی ناوی ناودارنی کورد بەخێو دەکا

گۆڤارێکە لە ژمارەکانیدا دیوانی ایستا و ڕابردوو فەرهەنگ و شێوەی کورد و زانستی اجتماعیات نشر دەکات"[٢٠١]

بەئاوڕدانەوەی لاپەڕەکانی یەکەیەکەی ژمارەکانی ڕووناکی دەگەینە ئەو بیروڕایەی کە ئەم ئامانجانەی لەسەر بەرگی دواوەی ژمارەکانیدا بلاوی کردوونەتەوە تارادەیەکی بەرز جێبەجێی کردوون، ئەوا چەندین وتار لە بارەی مێژووی کورد و نەتەوەکانی تر و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان و چەندین بەرهەمی شیعر و چیرۆکی ئەدەبییانی ئەو سەردەمی تێدا بەدی دەکرێن، بەڵگەش بۆ ئەمانەی سەرەوە ناونیشانی ئەم چەند بابەتەیە کە بۆ نموونە لە ژمارە جیاجیاکانیدا هەڵم بژادووە. (کۆمەڵەی نەژاد و بنەچەکەی کورد) لە نووسینی (حوزنی) لە ژمارەکانی (٣،٢،١). (سەربووردێکی تاریخی کورد) لە نووسینی (ح.ح) لە ژمارە (٧). (وەعی قەومیەت و تجددی ئیجتماعی) لە نووسینی (شیت مستەفا) لە ژمارە (٢). (ناپلیۆنی ڕەش) لە نووسینی (حوسێن حوزنی) لە ژمارە (٤). (مێژووی ادبیاتی کوردی) لە نووسینی (گ.م) -ئەم ناوە لەوانەیە (گیوی موکریانی) بێ- لەژمارە (١٠)، (اقتصادیاتی نیشتمانی کورد) لە نووسینی (حوسێن حوزنی) لە ژمارە (٣،٢،١).

لەلایەکی دیکەوە چەند بابەتێکی پەروەردەیی و ڕێنماییکەر و بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی لە ژمارەکانیدا بلاوکراونەتەوە لەمانەش بۆ نموونە: (ترسنۆکی منالان) لە نووسینی (ف.م) لە ژمارە (٦)، (دەستووری ئەخلاق) لە نووسینی (جەمال ئەحمەد) لە ژمارەکانی (٧،٦). (هەرچی دەکەی دوامینی ڕەچاوکە) لە نووسینی لە ژمارە (١٠). (بۆ کوڕ و کچەکانی خۆمان) لە نووسینی (شیت مستەفا) لە ژمارە (٢). ئەگەرچی (ڕووناکی) گۆڤارێکی سەر بەمیری نەبوو بەڵام دەنگوباس و چالاکییەکانی میری و چەند بانگەشەیەکی فەرمانگەکانی میرییش کە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی بوو تیایدا بلاوکراونەتەوە، لەمانەش (ڕۆژی خزمتی وطن

(٢٠١) سەیری ژمارەکانی گۆڤاری ڕووناکی بکە لە ژمارە (١)ەوە تا دوا ژمارە



لە لیوای هەولێر) لە ژمارە (٣)، (دائرەی ئەشغال) لە ژمارە (٨).

ئیعلاناتەکانیش لە لاپەڕە (١٦)ی ژمارەکانی (٤) و (٥) و (٦) و (١٠) دەبینرێت، جگە لە مانەش ڕووناکی پڕوپاگەندەی بۆ چاپخانەی (زاری کرمانجی) و پارێزەر (شیت مستەفا) و کەسانی دیکەش کردووە نموونەیەکیشم لەوانە لەلاپەڕە (١٦)ی ژمارە (٧)دا وەرگرتووە کە دەڵێت: (محامی: استاد شیت افندی مصطفی محامیکی ماهر و قانون شناسە محلی لە هەولێر لە نزیک سەرای حکومتە تماشای هەموو دعوایک دەکا هەر کەس چی جۆرە دعوایکی هەبی مراجعت بەو استادە فاضل بفرموی). ئەوەی زێتریش سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت پڕوپاگەندە کردنی ڕووناکییە بۆ ئەو کتێب و چاپکراوە تازانەی بەکوردی دەکەوتنە بازاڕەوە[٢٠٢].

ڕووناکی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری لەبیر نەکردووە و لە هەوڵی بەردەوامیی ڕێنمایی کردن بۆ بەرەو چاکتر کردن و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی چاکتری شارستانی و گەشەسەندندا لەمانەش بۆ نموونە: (عەشایری ڕەوەندی کورد اسکان بن چاکترە یان بەڕەوەندی (رحالە) بمێننەوە) لە نووسینی (س.ح) لە ژمارە (٩). (ژیانی ڕەوەندان و کرمانجەکان) لە نووسینی (شیت) لە ژمارە (٢)، (پێویستانی ئادەمیزاد چییە؟) لە نووسینی (ح.ح) لە ژمارەکانی (٦،٥)، سەرەڕای ئەمانەش هەندێ دەنگوباس و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و کەموکورتی و داواکاریشی دەخستە بەردەم میری و خوێنەرانەوە وەک، (یانەی صلاح الدین لە بەغدا دەکرێتەوە) لە ژمارە (٧). (ضایعاتێکی گەورە لە هەولێر) لە ژمارە (٧). (کاس احمد چلبی دباغ زانستی لە شارەکەمان) لە نووسینی (ر) ژمارە (٢)، (آو کاریز -هەولێر) لە نووسینی (ح.ح) ژمارە (٢) (معلمێک بۆ مدرسەی متوسطە) لە ژمارە (٢). (اغا دل ڕەنجیدە نەبی حقی قسەمە) لە نووسینی (حوسێن حوزنی) لە ژمارە(٥). بۆ بلاوکردنەوەی (زانستی گشتیش) ئەم گۆڤارە دەورێکی بەرزی بینیوە چەندین بابەتی هەمە جۆری لە نووسین و وەرگێڕاندا بلاوکردۆتەوە لەمانەش "زبانانی گێشتی (عالم)" لە وەرگێڕانی (پ.ج) لە ژمارەکانی (٧،٦). گەورەترین کەشتی (پاپور)ی جیهان نۆرماندی) لە ژمارە (٩). (یەزدان دۆخت شەنگێکی پاکیزەی دل بەری هەولێری) لە نووسینی (حوسێن حوزنی) لە ژمارەکانی

(٢٠٢) بۆ نموونە سەیری ژمارەکانی (٧،٢،١)ی گۆڤاری ڕووناکی بکە.

(١١،١٠،٩،٨،٧)، (له قصری جسشتاندا ژیان) له نووسینی (ک.ج) ژماره (٢).

ئەگەرچی بەم پێداچوونە خێرایە نەمتوانیوە پڕ بەپێست حەق بەدابەشکردنی جۆری بابەتەکانی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە قەشەنگە بدەم، بەڵام ئەوەی لەلای مندا گرنگە، هەڵسەنگاندنی ئەو داهێنانە ئەدەبیانەیە کە لەسەر لاپەڕەکانی ڕووناکیدا بەدی کراون ئەگەر چی ڕووناکی بەناوی گۆڤارێکی (علمی اجتماعی ادبی) دەرچووە تاڕدەیەکی باشیش لایەنی (علمی و ئیجتیماعیەکەی) ڕەچاو کردوە، بەڵام ڕووکارە ئەدەبیەکەی بەسەر سیمای گۆڤارەکەدا زاڵە چونکە زۆربەی بابەتەکانی بەشێوەی (وتار) نووسراون یا وەرگێڕدراون وتار و وەرگێڕانیش لە هونەرە گرنگە تازەکانی ئەدەبن.

تەنانەت لەو سەردەمیشدا کە نووسین بەکوردی هێشتا لە گرۆگاڵ دابوو بەتایبەتیش لە شاری هەولێر، بۆیە ئەو وتار و وەرگێڕانە ڕێکوپێکانەی (ڕووناکی) و زمانە پاراوەکەی مایەی شانازییە بۆ ئەو شارە و ڕۆژنامەگەری کوردی. ڕۆڵی هەڵسوڕێنەری گۆڤارەکەش مامۆستا (حوزنی) لە نووسین و وەرگێڕان و چاککردنەوەی دەستنووسەکان، شتێکی بەڵگە نەویستە و پێویست بەئاماژەکردنێک ناکات.

بەپێداچوونەوەی زۆربەی وتارەکان سیفەتی وتاری سەرکەوتوویان بەسەردا دەسەپێت زۆربەیان بابەتی سەرنج ڕاکێشن و تەنانەت خوێندەواری ئەو سەردەمەش ئەگەر بەدەستیان بکەوێت بەتامەزرۆییەوە دەیخوێننەوە. شێوەی دەست پێ کردن و ڕێڕەوی وتارەکان و کۆتایی هاتنیان بەزنجیرەیەکی تەریب لەگەڵ مێشکی خوێنەردا داڕێژراون و، ئەمە کارامەیی نووسەران و کارمەندانی گۆڤارەکە دەردەخات لە نموونە هەرە سەرکەوتووەکانی وەرگێڕانیش لەم گۆڤارەدا (سەربهرد و مەتەڵ). لە ژمارە (٣،٤)، (یەزدان دۆخت) لە ژمارەکانی (١١،١٠،٩،٨،٧). کە هەردووکیان لە وەرگێڕانی مامۆستا (حوسێن حوزنی)یە.

بەپێداچوونەوەیەک بەو چیرۆک و هۆنراوانەی کە لاپەرەکانی ئەم گۆڤارەیان ڕازاندۆتەوە. سەرەتا وا دیارە (حوزنی) زۆر ئاشقی شیعرەکانی (عبدالله بەگ مصباح الدیوان) واتە (ئەدەب) بووە. سەرەڕای خستنە ڕووی سەربووردەکەی ژیان و پایە و شوێنی ئەدەبی و چەند دێرە شیعرێکی ئەم شاعیرە. لە وتارێکی تایبەتیدا، کە یەکێکە لەو زنجیرە وتارانەی بۆ ناساندنی ئەدیبانی وەک خانی و مەولەوی و بەردەشانی و جەمیل زەهاوی و حاجی کۆیی تەرخان کرابوون، چوار غەزەلی ئەم



شاعیرە واتە (مصباح الدیوان) لە ژمارەکانی (١،٢،٨،١٠) بڵاوکراونەتەوە. لەوانەشە (حوزنی) لاوێتی خۆی لەم غەزەلانەدا دۆزیبێتەوە، بەپێی ئەوەی کە لە ناوچەی موکریاندا هەڵقوڵاون و لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا یەکیان گرتبێتەوە. ئەگەر ئەم دوو بەیتەی شاعیری عەرەب (ابو تمام) لەسەریدا بسەپێنین ئەوا دەقاودەق ئەم بۆچوونەمان ڕاست دەردەچێت.

کم من منزل یالفه الفتی    وحنینه ابدا لاول منزل
ودع فؤادک حیثما شئت من الهوی    وما الحب الا للحبیب الاول

شاعیری ناسراوی هەولێری (جەبار ئاغای دۆغرەمەچی) ناسراو بە(کانی) ١٨٩٧-١٩٥٨ بە سێ بەرهەمی شیعری بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا کردووە، یەکێکیان بەناوی (پێنجەکی کانی) کە لە ژمارە (١١)دا بڵاوکراوەتەوە ئەوانی دیکەیان (مەتەڵێ)یە بەناوونیشانی (هەڵهێن) کە بەشیعر هۆنراوەتەوە و لە ژمارەکانی (٧،١٠) خراونەتە بەردەم خوێنەرانەوە، لە ژمارە (١١)شدا (محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی) بەهۆنراوەیەک وەڵامی مەتەڵەکی داوەتەوە.

لە دووتوێی گۆڤارەکەدا شاعیرانی ناسراویش (دڵدار و هەوری) هەر یەکەیان بەهۆنراوەیەک هەستی خۆیان دەربارەی دەرچوونی ڕووناکی دەربڕیوە. یەکەمیان لە ژمارە (٢) دووەمیان لە ژمارە (٨). لە هەمان ژمارە هەشتیشدا چیرۆکێکی شیعری (هەوری) دەکەوێتە بەرچاو.

لە ڕووی چیرۆکەوەش چەند چیرۆکێکی هونەری لە ڕووناکیدا بەدی دەکرێن. لەمانەش (نازدار یان ژنی کورد لە لادێ) کە لەژێر ناوونیشانەکەیدا هاتووە (ڕۆمانێکی کوردیە لە ١٠٠ لاپەڕەدا نووسراوە) لە نووسینی (محەمەد عەلی کوردی)یە و لە ژمارەکانی (٧،٩،١١)دا بڵاوکراوەتەوە. دوو چیرۆکی کورتیش بەناوونیشانی (پادشاهێکی دادپەروەر)و (قیمەتی ناڵێک) لەلایەن (یونس مستەفا عومەر)ەوە نووسراوە لە ژمارەکانی (٨،٩)دا بڵاوکراونەتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش گێڕانەوەی چەند پەندێک و چیرۆکێکی فۆلکلۆری لەم گۆڤارەدا بەرچاو دەکەوێت، وەک (پەندی لەشکری) لە ژمارە (٣).(فاتم چونکی زاڵم بوو آخری مالی کاول بوو) لە نووسینی (رشۆ) لە ژمارە (٣). ئەم دوو بابەتەی ئاماژەم پێکردن (چیرۆک)یان لەسەر نووسراوە. هەروەها (گەمەی ئەدەبی -هەرامە- مەلای بەناوبانگ) لە نووسینی (گ.م.) لە ژمارە (١٠). سەرەڕای ئەمانەش ڕووناکی

لایەنی پەخشانی هونەریشی فەرامۆش نەکردوە. بۆ نموونە (ڕۆژ و کردەوەی شیرینی) لە نووسینی (محەمەد فەهمی هەمەوەند) لە ژمارە (٣). (پێکەنین و گریان) لە نووسینی قوتابی (ق.م) لە ژمارە (١٠).

لە پێداچوونەوەی بابەتە مێژوویی و نەتەوەیی و ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم گۆڤارە پێشەنگەی هەولێردا، هەست بەبایەخدانێکی زۆر دەکرێت لە دروستکردنی هۆشمەندیی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردەواری و چەسپاندنی نووسین بەزمانێکی پاراوی کوردیدا، جگە لەمەش توانیویتی خۆی لە قەرەی سیاسەتی ڕووتەوە نەدات. واتە کوردپەروەرییەکی هێمنانەی کردووە لە ڕێگەی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی ڕەسەنەوە و جێگای خۆی لەناو بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی کردۆتەوە و "گەیشتۆتە ڕیزی گۆڤارە پێشکەوتووەکانی کوردی"[٢٠٣]. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دانایی حوزنی و کارمەندانی ئەو گۆڤارە و پوختەیی نەخشەکێشانیان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی و دەرنەچوون لەو دروشمانەی لەسەر گۆڤارەکەدا نەخش کراون، بەڵگەش بۆ ئەو بۆچوونە ئەو بەشداری کردنەی لاوان و نووسەرانی ئەو سەردەمی هەولێر و دەرەوەیەتی، لە دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکە بە بەرهەمەکانیان ئەگەر چی بەشێکی زۆری بابەتەکان لە نووسینی (حوزنی) و چوار بابەتیش بەقەڵەمی (شیت مستەفا) بوون، بەڵام ڕۆشنبیرانیش لە هاوکاریکردنیاندا کەمتەرخەمییان نەکردووە بێ گومان خوێنەرانی (ڕووناکی) و ئەو نووسەرانەی هەوڵیان دەدا بۆی بنووسن ڕووبەڕووی زمانێکی کوردی پاراو و ڕەسەن و ڕێکوپێک دەبوون بەمەش بەپێش قۆناغی ئەو سەردەمی کەوتبوون واتە وەک قوتابخانەیەک یاخود بنەمایەک بوو بۆ پەیڕەوکردنی و لاسایی کردنەوەی لەلایەن خەڵکانێکی ترەوە[٢٠٤]. لەلایەکی دیکەوە گومان لەوەدا نییە ئەو داواکارییانەی بۆ چاککردنەوەی باری ناو شار کە لەسەر لاپەڕەکانی دەخرانە بەرچاو زێتر گۆڤارەکەی لە دڵی خەڵک نزیک دەکردەوە و زێتر خۆیان تێدا دەدیتەوە[٢٠٥].

(٢٠٣) د. کوردستان موکریانی، ڕووناکی، هەولێر، ٢٠٠١، ل(٦).

(٢٠٤) د. ئەمیر شیت، (ڕووناکی) یەکەمین گۆڤاری شاری هەولێر گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٧،٦) هەولێر، ٢٠٠١-٢٠٠٢، ل(١٣٧).

(٢٠٥) د. کوردستان موکریانی، تیشکێک لەسەر گۆڤاری ڕووناکی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٧) ئەیلوولی، ١٩٨٥، ل(٢٦٧).



ئەو ئیعلانە (میری و ئەهلییانەی) کە لە ژمارەکانیدا بڵاوکراونەتەوە بەڵگەنە بۆ ئەوەی کە لەو سەردەمیدا ئەم گۆڤارە هۆیەکی ڕاگەیاندنی (سەرەکی) بووە لەم شارە و گەیشتۆتە دەست ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران. هەروەها بڵاوکردنەوەی نیمچە ڕیپۆرتاژ و دەنگوباسی ناو شار و مردنی کەسایەتییە ناسراوەکانی و پەخش کردنی پێشبڕکێ بۆ خەڵک، ئەوە دەگەیەنن نامۆ و دوورە پەرێز نەبووە، بەڵکو زۆر بەزیندوویی لەناو جەرگەی ئەم شارە هەڵقوڵاوە و لەگەڵ دانیشتوانیشیدا تێکەڵ بووە.

لە دواییدا دەڵێم ئەگەرچی (چواردە) ساڵ بەسەر وەستانی (ڕووناکی)یدا ڕەت بوو ئینجا بارێکی تری گونجاو بۆ ئەم شارە ڕەخسا، تاوەکو تیشکی ڕۆژنامەگەریی ئاشکرا جارێکی تر تیایدا بدرەوشێتەوە بەگڕوتینێکی بەهێزەوە (ڕۆژنامەی هەولێر-اربیل) دەربچێت، گۆڤاری (ڕووناکی) وەک پێشەنگێکی ڕۆژنامەگەری لەم شارە و لە کوردستان بەگشتی هەر بەڕووناکی و بەگەشاوەیی لە مێژووی ئەم (هەولێر)ە دەمێنێتەوە.

### ب- ڕۆژنامەی هەولێر:

مامۆستا (عەبدولمەجید حەسەن) لە ڕۆژی ١/٤/١٩٥٠[٢٠٦] بەفەرمانێکی میری بوو بە بەڕێوەبەری مەعاریف لە شاری هەولێر[*]. ئەم مامۆستایە ڕۆڵێکی زۆری لە بوژاندنەوەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و زانستی لەم شارەدا بینی[٢٠٧]. مامۆستا (عەلی چوکل بەربیە) دەڵێ: "مامۆستا (عەبدولمەجید حەسەن) شۆڕشێکی لە بواری پەروەردە لەناو شاری هەولێر دروست کرد. کاریگەرییەکی زۆری هەبوو"[٢٠٨].

جا ئەم مامۆستا پەروەردەییە لەگەڵ کۆمەڵێک لە مامۆستا دڵسۆزەکانی شار

(٢٠٦) باوکی کوردستان، لە یادی (٤٢) ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی هەولێردا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٦٩)، ١٦/١٢/١٩٩٢.

(*) ئەو سەردەمە بە بەڕێوەبەری پەروەردەیان دەگوت بەڕێوەبەری مەعاریف.

(٢٠٧) مەحمود زامدار، جریدة هەولێر وشهود من الخمسینیات، جریدة العراق، العدد (٤٣٢٥)، ٢٦/٤/١٩٨٧.

(٢٠٨) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (عەلی چوکل بەربیە).

بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مامۆستایانیان لە هەولێر هێنا ئاراوە و هەوڵێکی زۆریشیان بۆ دا. هەوڵەکانیان لە ڕۆژی ١٩٥٠/٤/٥ سەری گرت و لە کتێبخانەی گشتی کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی یەکەم دەزگای بەڕێوەبردنی لقی هەولێری کۆمەڵەی مامۆستایان بەسەرپەرشتی مامۆستا (عەبدولمەجید حەسەن) ساز کرا [٢٠٩]. گەلێک مامۆستای خزمەتگوزاری کورد و دڵسۆزی خوێندن بەزمانی کوردی لە دەوری ئەو ڕێکخراوە پیشەییە ڕۆشنبیرییە پەروەردەییە کۆبوونەوە[٢١٠] و دەستەیەکی تازەی لێهاتووی کۆمەڵەکەیان هەڵبژارد و بەزۆربەی دەنگ ئەم مامۆستایانەی خوارەوە بوون بە دەستەی بەڕێوەبەر:

| | |
|---|---|
| ١- عیزەدین فەیزی | سەرۆک |
| ٢- جەمیل ڕەشید ئامێدی | جێگری سەرۆک |
| ٣- ئەستێر سەعید | ئەندام |
| ٤- حەمدیە سابیر | ئەندام |
| ٥- حەیدەر عوسمان | ئەندام |
| ٦- جەمال جەمیل | ئەندام |
| ٧- یوسف شێخ یەحیا | ئەندام |
| ٨- جومعە محەمەد سەفار | ئەندام |
| ٩- مستەفا حەسەن شەعبان | ئەندام[٢١١] |

ئەو ماوەیەی کە ئەو دەستەیە لقی کۆمەڵەی لە هەولێر بەڕێوەبرد بەماوەیەکی زێڕین لە مێژووی خۆیدا دەژمێردرێت، چونکە لەو ماوەیەدا بەهەوڵ و کۆششی کۆمەڵە بۆ یەکەمین جار کچان توانییان بەشداری لە نمایشی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکان بکەن و هەروەها سازدانی یەکەم وەرزی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر و کردنەوەی دەرسی نموونەیی بۆ ژن و پیاو پێکەوە و هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی

(٢٠٩) باوکی کوردستان: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٢١٠) کەریم شارەزا: دەوری مامۆستایانی هەولێر لە کۆمەڵە و سەندیکای مامۆستایان بۆ پێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی، گۆڤاری (هەولێر)، ژمارە (٧)، هاوین (٢٠٠٠)،لا(٥٠).

(٢١١) باوکی کوردستان: هەمان سەرچاوەی پێشوو.



بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان و زۆر کاری تریش[٢١٢]. لەم بارەیەوە مامۆستا (کەریم شارەزا) دەڵێ: "ئەو کۆمەڵەیە لە سێ ساڵی یەکەمی کارکردنیدا دەورێکی باشی هەبوو لە پێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی لە پارێزگای هەولێردا ئەویش بەکردنەوەی قوتابخانەی نوێ لەناو شار و لە دەرەوەی شار"[٢١٣]. بەڵام گرنگترین و بەرزترین کارێک کە کۆمەڵە کردبی بریتی بوو لە دەرهێنانی ڕۆژنامەی (هەولێر-اربیل). هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد کۆمەڵەی مامۆستایان کە لە ١٩٥٠/٤/٥ دامەزرا. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت جوڵانەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕێک بخات و نووسینەوەش لەناو شارەکە بەزمانی کوردی بڵاوبکاتەوە بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی تایبەتیی بەخۆیەوە هەبێت[٢١٤]. چونکە دەبوایە ئەم کەرتە ڕۆشنبیرەی هەولێر، واتە مامۆستایان کە چینی هەرە ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵ بوون، چ وەک ئەرکێکی پیشەیی و چ وەک ئەرکێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی دەنگی خۆیان بگەیاندبوایە کۆمەڵانی خەڵک[٢١٥]. بەم جۆرە پاش هەوڵ و تەقەڵلایەکی زۆر گرنگترین هیوا و دەستکەوتی کۆمەڵەی مامۆستایان هاتەدی ئەویش ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی ئەو سەردەم بوو کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٠)دا دەرچوو و ڕێی بەکۆمەڵەی مامۆستایان دا بۆ دەرهێنانی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی نیوە کوردی و نیوە عەرەبی لەم شارەدا[٢١٦].

یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە ١٩٥٠/١٢/١٦ دا دەرچوو لەژێر ناوونیشانی (هەولێر-اربیل)[٢١٧]. لەو مێژووەوە هەموو هەفتەی جارێک بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و پوخت دەرچووە و کەوتوتە بەر دەستی خوێنەران و بەردەوامیش بووە تا ١٩٥٣/١٢/٢٨[٢١٨]. لەو ماوەیەدا (١٤٠) ژمارەی لێ دەرچووە. خاوەنی

(٢١٢) عەبدوڵڵا عەباس: عیزەدین فەیزی، لاپەڕەکانی ژیانی پەروەردە و ڕۆشنبیری بۆ هاوکاری هەڵدەداتەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٧٩)،١٩٧٩/٦/١٨.

(٢١٣) کەریم شارەزا: سەرچاوەی پێشوو، لا(٥٠).

(٢١٤) عیزەدین فەیزی، یەکێتی نوسەرانی کورد و دوو کۆڕ، هەولێر، ١٩٨١، ل(٢٩).

(٢١٥) مەحموود زامدار، هەولێر لە هەولێردا، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ(١٤٧)، ١٩٩٨/٢/١٢، ل(٢).

(٢١٦) عیزەدین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٩).

(٢١٧) مەحموود زامدار، ڕۆژنامەی هەولێر، ١٩٥٠-١٩٥٣، هەولێر، ١٩٨٨، ل(١٠).

(٢١٨) مەحموود زامدار: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل (٨٣).

ڕۆژنامەکە کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر بوو (مدیری مسؤل)یشی مامۆستا (جەمیل ڕەشید ئامێدی) بوو کە تا دوا ژمارە هەر لەگەڵ ڕۆژنامەکە مایەوە. دەستەی نووسەرانیشی لە مامۆستایان (عەبدولمەجید حەسەن، عیزەدین فەیزی، ئەستێر سەعید) پێکهاتبوو (مدیری ادارە)شی مامۆستا (جومعە محەمەد سەفار) بوو[٢١٩]. ئەم زانیارییانەی سەرەوەم دەقاودەق لە ژمارە (یەکی) ڕۆژنامەکە وەرگرتووە. بەڵام پاش ماوەیەک لە ژمارە (١٤)ەوە مامۆستا (یوسف شێخ یەحیا) بووە بەمدیری ئیدارە و مامۆستا (مستەفا شەعبان)یش خراوەتە نێو دەستەی نووسەرانەوە لە ژمارە(٦٢)ەوە مدیری ئیدارە بوو بەمامۆستا (جەمال جەمیل)وە مامۆستا (مستەفا شەعبان) لە دەستەی نووسەران نەماوە مامۆستا (یوسف شێخ یەحیاش لە مدیری ئیدارە نابینرێ. وە لە ژمارە (٦٣)ەوە مامۆستا (نافع دەباغ) بووە بەئەندامی دەستەی نووسەران تا ژمارە (٨٨)، لە ژمارە (٨٩)ە وە مامۆستا (حوسێن ڕەشوانی) دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەران و مامۆستا (نافع دەباغ) نامێنێ[٢٢٠].

ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) لە سەرەتادا بەدوو لاپەڕە دەرچوو، لاپەڕەیەکیان بەزمانی کوردی و ئەویتریشیان بەزمانی عەرەبی[٢٢١]. جا لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە سێ ی بەشە عەرەبییەکەی لە چاپخانەی (الحداد)ی موسڵ چاپکراوە و[٢٢٢] بەشە کوردییەکەشی لە چاپخانەی کوردستان لەلایەن بەڕێز (گیوی موکریانی) چاپ دەکرا. بەڵام لەبەر کەمیی ژمارەی کرێکاران لە چاپخانەکەدا، بۆیە دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دوا دەکەوت[٢٢٣]. لەبەرئەوە لەگەڵ چاپخانەی (ام الربیعین) لە شاری موسڵ ڕێککەوتن کە ڕۆژنامەکەیان بەهەردوو بەشەکەیەوە بۆ چاپ بکات لەبەرئەوەی چاپخانەکە پیتی تورکی هەبوو دەستی دەدا بۆ نووسینی کوردییش[٢٢٤].

(٢١٩) مەحمود زامدار: ٣٥ ساڵ و... یادێک، ڕۆژنامەی هاوکاری، ١٩٨١/٤/٢٣، ل (٣).
(٢٢٠) مەحمود زامدار: ڕۆژنامەی (هەولێر) ١٩٥٠-١٩٥٣، هەولێر ١٩٨٨، ل (١٣-١٤).
(٢٢١) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (عەلی چوکل بەرییە، حاجی حەیدەر عوسمان).
(٢٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢٢٣) عیزەدین فەیزی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (٣٠).
(٢٢٤) لە چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێز (عەلی چوکل بەرییە)؛ عیزەدین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٣٠).



بەم جۆرە لە ژمارە (٤)ەوە تا وەستانی ڕۆژنامەکە بەهەردوو بەشەکەیەوە و بەچوار لاپەڕەی قەبارە گەورەی دوان کوردی و دوان عەرەبی لەم چاپخانەیە بەچاپ گەیاندرا[٢٢٥]. لە هەر ژمارەیەکیش (٧٥٠) دانەی لێ چاپ دەکرا و بەسەر مامۆستایان و کتێبخانەکان و بەشداربووەکاندا دابەش دەکرا و چەند دانەیەکیش بێ پارە دەنێردرا بۆ چەند بەر پرسیارێک و چەند قوتابییەک کە لە کۆلێژەکانی بەغدای پایتەخت دەیانخوێند[٢٢٦]. جگە لە شاری هەولێریش ئەم ڕۆژنامەیە دەگەیشتە زۆربەی شارەکانی عێراق لەوانە شاری (سلێمانی و موسڵ و بەغدا و تەنانەت شاری بەسرەش) کە ئەمەش بەڵگەی پەرۆشیی خەڵکەکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە نیشان دەدات[٢٢٧].

جێگای ئاماژەشە نرخی یەک دانەی ڕۆژنامەکە بە(١٠) فلس بوو، ئابوونەی ساڵانەی بەشداربووەکانیش یەک دینار بوو لە ساڵێکدا.

لە سەرەتادا مامۆستا (عەبدولمەجید حەسەن) بەرپرسی بەشە عەرەبییەکەی ئەم ڕۆژنامەیە بوو، بەڵام پاش ماوەیەک کە کاری مامۆستای ناوبراو لە هەولێرەوە گوێزرایەوە بۆ لایەکی تر، ئەم ئەرکە بەمامۆستای خوالێخۆشبوو (حوسێن ڕەشوانی) سپێررا[٢٢٨]. بەڵام ئەوەی من لێرەدا زیاتر مەبەستمە بیخەمە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە بەشە کوردییەکەیەتی، جا بەرپرسی ئەم بەشە مامۆستا (عیزەدین فەیزی) بوو. لێرەدا پێویستە بۆ مێژوو بوترێت کەوا مامۆستا (عیزەدین فەیزی) نەک هەر تەنها بەرپرسی بەشە کوردییەکە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو بەڵکو هەڵسوڕێنەر و ڕێکخەری ڕۆژنامەکەش بوو[٢٢٩]، مامۆستا (عەلی چوکل بەرییە) دەڵێ (ئەوەی لە هەموومان زیاتر هیلاک و ماندوو دەبوو مامۆستا (عیزەدین

(٢٢٥) عیزەدین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٣٠).
(٢٢٦) عیزەدین فەیزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٣٠).
(٢٢٧) جەمال ئیسماعیل، ٤٧ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی هەولێر چۆن دەرچوو؟، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢٣١٥)، ١٩٩٧/٤/٢٢.
(٢٢٨) مەحمود زامدار: جریدە هەولێر و شهود من الخمسینات، المصدر السابق؛ دەستنووسێکی مامۆستا (عیزەدین فەیزی) کە تیایدا باسی چەند سەربردەیەکی خۆی دەکات.
(٢٢٩) ئیسماعیل بەرزنجی، لە کوردستانی جەلادەت بەدرخانەوە تاکوردستانی نوێ، هەولێر لە هەولێردا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٣٧٠)، ١٩٩٣/٤/٢٢.

فەیزی) بوو کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو)[٢٣٠]. ڕۆژنامەی هەولێر لە کاتێکدا دەرچوو کە شاری هەولێر زۆر پێویستی بەڕۆژنامەیەک هەبوو بەتایبەتی لە دوای چوارده ساڵ لە نەبوونی گۆڤارێک یاخود ڕۆژنامەیەکی تایبەت لەم شارەدا. بۆیە ئەم ڕۆژنامەیە وەک دەروازەیەک و تیشکێکی ڕووناککەرەوە بوو گۆمی بەستەڵەکی وەستاوی نووسین بەزمانی کوردی لەم شارەدا هەژاند و توانی دەستی دەیان لاوی خەمخۆری زمان و ئەدەبی کوردی بێنێتە ناو جیهانی شیرینی وشەی کوردی بۆ ئەوەی ڕێچکەی ڕۆشنبیریی کوردی ڕەسەن بگرنەبەر[٢٣١]. ئەمە و سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زۆری نووسەرانی ناوداری ئەوسای کورد بەشداری نووسینیان تیا کردووە[٢٣٢]. لەم بارەیەوە بەڕێز شاعیری هەولێری (پیربال مەحموود) دەڵێ: (ڕۆژنامەی هەولێری هەفتەیی کە بەچوستی و پوختی لە لایەن کۆمەڵەی مامۆستایانەوە دەردەچوو. ڕۆڵێکی هەرەگرنگی لە پێگەیاندن و خولقاندنی چەند شاعیر و نووسەرێکی لاو گێڕا کە تا ئێستا دەوری خۆیان لە مەیدانی ئەدەب و داهێناندا دەبینن)[٢٣٣].

ئەم ڕۆژنامەیە کە لە لایەن کۆمەڵە مامۆستایەکی ڕۆشنبیری هەولێری لەو کات و سەردەمە و لە دۆخی ڕۆژگارێکی ئێکجار سەخت و دژواری ژێر زەبر و زەنگی (حوکمی عورفی)دا دەردەچوو گەورەیی و هەیبەتی خۆی هەیە و لێرەدا هەقی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکرێت و دەست خۆشانەی گەرم پێشکەش بەشۆڕەسوارانی ماندوونەناسی ئەو ڕۆژنامەیە بکەین کە لە سەردەمێکی دژوارا و بارودۆخێکی ناسکی وا دا توانیویانە تارادەیەکی باش خزمەت بەوشەی کوردی و بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا بکەن[٢٣٤].

(٢٣٠) جەمال ئیسماعیل: سەرچاوەی پێشوو.
(٢٣١) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان (کەریم شارەزا، عەلی چوکل بەربیە، نەژاد بەرزنجی، مەحموود زامدار).
(٢٣٢) عەبدوڵڵا عەباس: هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢٣٣) مێزگرد، باری ئەدەبی و ڕووناکبیریی پەنجاکان لە هەولێر و کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٥)ی تشرینی یەکەم ١٩٩٩، ل (١٤٨).
(٢٣٤) عەلی چوکل بەربیە، ڕۆژنامەگەریی هەولێر لە پەنجاکاندا، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٤،٣)، ٣١/١/١٩٩٣.



ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) وەک ئەستێرەیەکی پرشنگداری بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی توانی کەشوهەوای زمانی کوردی لەم شارەدا بگۆڕێ، لە بەر ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە جۆرە وەرچەرخانێکی دیار لە بواری نووسین بەزمانی کوردی لەم شارەدا ڕوویدا[٢٣٥]. ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) وەکو هێزێکی بزوێنەر بوو چالاکییەکی زۆری خستە نێو بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە شاری هەولێر[٢٣٦]. جێگای خۆی لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز لە هەموو شارەکانی کوردستاندا کردبووەوە[٢٣٧]، بەتایبەتی لە لایەن ڕۆشنبیرانی پایەیەکی یەکجار بەرزی هەبوو[٢٣٨]. هەر بۆیە لە هەموو ژمارەیەکیدا خوێنەران بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دەرچوونی بوون[٢٣٩].

دەتوانین ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) بە(تۆمارێکی ئەرشیفی) بۆ ئەم شارە دابنێین، چونکە بەهەڵدانەوەی لاپەڕە درەوشاوەکانی ڕۆژنامەکە و وردبوونەوە لێی سەیر دەکەین دەیان ڕووداو و هەواڵی جۆراوجۆری لە بارەی ئەم شارە و خەڵکی ئەم شارە تێدایە لەوانەش: (ژنهێنان، منداڵبوون، مردن، ڕووداوە سروشتییەکانی وەکو (باران بارین، لافاو، سوتان... هتد)، بۆنە ئاینییەکان (سازدانی مەولوودی پێغەمبەر، جەژنەکان)، وەرگرتنی بڕوانامەیەکی بەرز، دەنگوباسی پەروەردەی هەولێر، بۆ نموونە (کردنەوەی قوتابخانەیەکی تازە)، دەنگوباسی مامۆستایان وەکو (دەست بەکاربوونی مامۆستایەک، زیادبوونی موچەی مامۆستایەک، گواستنەوەی مامۆستایەک)، بۆنە ڕۆشنبیرییەکان و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەکان وەکو (ڤیستیڤاڵی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکان، پێشانگای وێنەکێشانی قوتابیان و مامۆستایان کۆڕەکانی سینەما سەلاحەدینی کۆمەڵەی مامۆستایان)، هەواڵی دەزگاکانی خزمەتگوزاری، چالاکییەکانی شارەوانی وەکو (دروستکردنی شەقامێک، دابینکردنی ئاو،... هتد). ئەمەش چەند نموونەیەکی ئەم جۆرە هەواڵانەیە بۆ نموونە لە ژمارە (١٠٠)ی (٣٠)ی کانوونی یەکەمی (١٩٥٢)دا نووسراوە دەڵێ:

(٢٣٥) مێزگرد، گۆڤاری ڕامان، سەرچاوەی پێشوو.
(٢٣٦) محمود زامدار، جريدة (هەولێر) وشهود من الخمسينات، المصدر السابق.
(٢٣٧) عیزەدین فەیزی، یەکێتی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ، هەولێر، ١٩٨١، ل (٣١).
(٢٣٨) عەلی چوکل بەربیە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢٣٩) زامدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

"بەموناسەبەتی لەدایکبوونی محەمەد المصطفی (ص) مدیرییەتی ئەوقاف لە هەولێر لە ڕۆژی هەینی ١٩٥٢/١٢/١٥ ئاهەنگێکی زۆر ڕێکوپێکی دامەزراند. لە سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆ دانیشتوانی شار بەمامۆستا و ئەهالی ڕوویان لە مزگەوتی بازاڕ کرد بۆ گوێگرتن لەم ئاهەنگە". هەروەها لە ژمارە (١٠٩)ی (١)ی ئاداری (١٩٥٣)دا ئەم پیرۆزباییە بەرچاو دەکەوێت "ڕۆژی پێنج شەممە کچی مستەفا ئەمین ملاحظی نفوسی هەولێر بۆ کاک عەبدولوەهاب حاجی حەسەن مهندسی بلدیە گوزرایەوە، پیرۆزی یەک بن". لە ژمارە (٣١)ی (٢١)ی تەمووزی (١٩٥١)دا نووسراوە "جەنابی ئەحمەد چەلەبی و محامی محەمەد چەلەبی دەباغ (١٠٥٠)م زەویان بەخشیوە بۆ ئەوەی قوتابخانەی ئیبن مستەوفی لەسەر بکرێت، ئەم پارچە زەویە جێگایەکی زۆر جوانی گەڕەکی مستەوفیە و بە (٥٢٥) دینار تەقدیر دەکرێ". هەروەها لە ژمارە (١٠٥)ی (٣)ی شوباتی (١٩٥٣)دا دەڵێ: "لە کاک کەمال سەید محەمەد مدیری قوتابخانەی عەوێنە بۆمان هاتووە ئەڵێ مامۆستایانی قوتابخانەی عەوێنە زۆر سوپاسی حسن اغای شێخ محەمەد اغای دانیشتوانی دێ ئەکەن کە (٣٣) دیناریان بەخشیوە بۆ جلوبەرگی قوتابییە هەژارەکانی ئەوێ".

سەرەڕای ئەمانەش هەواڵی بەرپرسانی ناو شار و دەرەوەی شار و هەروەها سەردانی بەرپرسان و ناودارانیشی بۆ هەولێر، بڵاودەکردەوە. جگە لە شاری هەولێریش هەواڵ و دەنگوباسی شارە کوردییەکانی تر و هەندێ جاریش دەنگوباس و ڕووداوەکانی عێراقیشی بڵاودەکردەوە.

لەبەرئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ماوەی دەرچوونیدا تاکە سەرچاوەی ڕاگەیاندنی سەرەکی بووە، بۆیە لەنێو ژمارەکانیدا دەیان بانگەشە و ئاگاداری فەرمانگەکانی میری و کۆمەڵەی مامۆستایانی بڵاودەکردەوە. هەروەها چەندین ڕیپۆرتاژی سەرکەوتووی لەمەڕ بابەتە جیاجیاکان سازداوە، هەر بۆ نموونە لە ژمارە (١٧)ی نیسانی ١٩٥١ ئەم ڕیپۆرتاژە بەرچاو دەکەوێ (هەڵبژاردنی دەستەی ئیدارەی یانەی هەولێر)، (هەڵبژاردنی کۆمەڵەی مامۆستایان)یش لە ژمارە (١٤)ی (١٧)ی ئاداری (١٩٥١)دا هەروەها. "یاری و ئیستعرازی قوتابخانەکانی سلێمانی" ڕیپۆرتاژێکە لەلایەن (ساڵح عەلی) ئامادەکراوە و لە ژمارە (٢٣)ی (١٩)ی مایسی ١٩٥١ بڵاوکراوەتەوە. "تەعزیە لە هەولێر چۆن کرا" لە ژمارە (٣)ی (٣٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠ و زۆر ڕیپۆرتاژی تریش. لەسەر شێوازێکی تازەش



پڕوپاگەندەی بۆ هەندێ کەرەستە و کارگە و شوێن و کەسانی جۆراوجۆر کردووە، هەر بۆ نموونە لە ژمارە (١٢٢)ی (٢)ی شوباتی (١٩٥٣)دا پڕوپاگەندە بۆ (کۆکا کۆلا) دەکات و دەڵێت: "حەز دەکەی سەختی گەرمای هاوین کارت لێ نەکا؟ پێت خۆشە هەرچی بیخۆی هەزمی کەی و تووشی گرفت (قبوضیە) نەیەی... کۆکا کۆلا بخۆرەوە... یەک شووشەی بە(٢٠) فلس صندوقی بە ٣٨٢ فلس، وەکیلی گشتی صدیق خضر... شەقامی سەلاحەدین... هەولێر".

ڕۆژنامەی (هەولێر-اربیل) وەکو مەشخەڵێک بووە و لەنێو لاپەڕەکانیدا ئاسۆی بیری خوێنەری بەدەیان بابەتی جۆراوجۆری (ئەدەبی و پەروەردەیی و مێژوویی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی و نیمچە ڕامیاری و کلتوری و دەروونی و ڕەخنەیی) ڕۆشنکردۆتەوە.

ڕۆژنامەکە گرنگییەکی زۆری بە(ئەدەب) داوە، نووسەران و شاعیران بەچەندین ژانر و بابەتی (ئەدەبی) جۆراوجۆر ڕۆژنامەکەیان ڕازاندۆتەوە. ئەم بابەتانەش یا وتاری ئەدەبین یا چیرۆکن یا شیعرن یا پەخشانی هونەرین یاخود وتار و شیعری وەرگێڕدراون. نووسەران و شاعیران زۆر بۆچوونی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و بابەتی هزرییان لەناو ئەم قاڵبە شیعری و دەقی وتار و فۆرمی چیرۆکانەدا بڵاوکردۆتەوە. ئەم بابەتانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکی ئەدەبی جۆراوجۆری ناو ڕۆژنامەکەن: "موشکیلەی وەستا جەعفەر"، چیرۆکی ئیحسان مستەفا، ژمارە (٥٤)ی (٥)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥٢). (خاوەر و زەمین)، حیکایەتی فۆلکلۆریە، زەکی ئەحمەد هەناری، ژمارە (٨٩)ی (٣٠)ی ئەیلوولی، (١٩٥٢). (بەغیل)، چیرۆک، محەمەد عەلی کوردی، ژمارە (٩٤)ی (٤)ی تشرینی دووەمی (١٩٥٢). (پیرەمێرد) وتار عیزەدین فەیزی لە ژمارە (٢٨)ی (٢٣)ی حوزەیرانی (١٩٥١). ئامانجی ئەدەبیات (گیوی موکریانی) وتار ژمارە (١)ی (١٦)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٠). (بوێژ و نووسەر)، وتار، (مارف خەزنەدار)، ژمارە (٦٤)ی (٢٥)ی ئاداری (١٩٥٢). (مەولەوی و شیعری موناسەبات) ژمارە (١٠)ی (١٧)ی شوباتی (١٩٥١). (فەیسەڵم)، شیعر، (ئیبراهیم هوشیار)، ژمارە (٩)ی (١٠)ی شوباتی ١٩٥١، (خوێندن)، شیعر، جەلال شێخ جەمیل نووری، ژمارە (١١)ی (٢٤)ی شوباتی (١٩٥١). (دایک و باوک)، شیعر، (فوئاد عیززەت)، ژمارە (١٣)ی ئاداری (١٩٥١).(هەی گوڵ)، شیعر، (ناهیدە شێخ سەلام)، ژمارە

(١٩)ی (٢١)ی نیسانی (١٩٥١). (مدحی کانی)، شیعر، (مەلا مەحموودی بێخود)، ژمارە (٨٠)ی (٢١)ی تەمووزی ١٩٥٢، (معلم)، شیعر، (کەریم مستەفا حەویزی شارەزا)، ژمارە (١٠٩)ی (١)ی ئاداری (١٩٥٣). (شالوور و گوڵ)، شیعر، (خەلیل خۆشناو)، ژمارە (١٢٨)ی (٨)ی تشرینی یەکەم (١٩٥٣).
لەناو ڕۆژنامەکەدا چەندین وتار و شیعری وەرگێڕدراومان بەرچاو دەکەوێ، لەوانەش بۆ نموونە: (شۆڕش)، شیعری شکسپیر، وەرگێڕانی (مارف خەزنەدار)، ژمارە (١٨)ی (١٤)ی نیسانی ساڵی ١٩٥١، (بەرەو ڕووناکی)، وتار، وەرگێڕانی (فوئاد عیززەت) ژمارە (٣٤)ی (١١)ی ئابی ١٩٥١،

شاعیری هەولێری (ئیبراهیم هوشیار) لە ژمارە (٤٢)ی (٢)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥١)دا ئەم هۆنراوە دڵدارییەی بڵاوکردۆتەوە.

کە من دێوانەیی تۆ بم، ئەتۆ بۆ مات و داماوی
دەڵێی تۆراوە دوو نەرگس دیارە تازە گریاوی
بەقوربان ڕەنگە ڕوخسارت لە بازاڕی مەلاحەتدا
بەرابەر هاتبێ ئەمڕۆ لەگەڵ ڕۆژا کە کێشاوی
نیگارا قەت مەڵێ ڕووی من موقابیل خۆرەیەک نەوعن
لە ترسی ڕوئیەتت وا ئەو لە کێوانە بەسووتاوی

ئەمەی خوارەوەش نموونەیەکی شیعری وەرگێڕدراوە، کە لە ژمارە (٥٦)ی (١٩)ی کانوونی دووەمی (١٩٥٢)دا بڵاوکراوەتەوە:

لە ئاوازی شیعری ڕۆژئاوادا

**ڕۆمیۆ و جولێت**

هەڵبەست: شکسپیر
وەرگێڕانی: مارف خەزنەدار

"جولێت: بەمانگ سوێند مەخۆ چونکە هیچ کاتێک لەسەر ئەندازەیەک نییە هەر ڕۆژێ بەجۆرێک خۆی پیشان ئەدات ئەترسم دڵداریت بگۆڕێ.
ڕۆمیۆ: بەچی ئەتەوێ سوێندت بۆ بخۆم.
جولێت: بەهیچ شتێک سوێند مەخۆ ئەگەر سوێندیش هەر پێویستە سوێند بەژیانە نرخدارەکەت بخۆ کە ئەیپەرستم ئینجا باوەڕت پێ دەکەم".



وتار گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دراوە لەناو ڕۆژنامەکەدا تەنانەت بەشی زۆری بابەتە جیاجیاکانی ڕۆژنامەکە لەسەر شێوەی وتار داڕێژراون. لە بارەی وەرگێڕانەوەش نەک هەر تەنیا بابەتی ئەدەبی بەڵکو لە زۆر بواردا وتاری وەرگێڕدراومان هەیە. یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ناو ڕۆژنامەکە کە گرنگی باشی پێدراوە بابەتی (مێژوویی)، لەم بارەیەوە چەندین (وتاری) جیاجیا لە بارەی ڕووداوە مێژووییەکان بەگشتی نووسراوە بەتایبەتیش مێژووی شاری (هەولێر). بۆ نموونە مامۆستا (گیوی موکریانی) بەزنجیرە وتارێک لە ژمارە جیاجیاکانی ڕۆژنامەکە باسی مێژووی شاری هەولێری کردووە، لە ژمارە (٥)ەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ژمارە (١٠٠). هەروەها چەندین بابەتی مێژوویی تریشی گرتۆتە خۆی لەوانەش بۆ نموونە: (نەتەوەی پەکتەکێن) زنجیرە وتارێکە لە ژمارەکانی (١٠، ١١، ١٣، ١٥، ١٨، ٢٢) مامۆستا (سەلیم موختار) نووسیویەتی.

هەروەها گرنگییەکی زۆر بە بابەتە زانستییەکان دراوە لەوانەش بابەتی (پزیشکی، کشتوکاڵی، جوگرافی... هتد). بۆ نموونە: (نەخۆشی گەنم)، وتار، مستەفا تۆفیق، ژمارە (١٠٨)ی (٢٤)ی شوباتی (١٩٥٣). (زانستی گشت لایی)، لە نووسینی (ژ) ژمارە (١١٢)ی (١٥)ی نیسانی (١٩٥٣). (هەموو مامۆستایەک چی بزانێ)، وتاری تەندروستی، ژمارە (١٢٥)ی (٥)ی تەمووزی ١٩٥٣... زۆرانی تر.

لەلایەکی تر لەبەرئەوەی ڕۆژنامەکە لە لایەن کۆمەڵەی مامۆستایانەوە دەردەچوو، بۆیە گرنگی بە بابەتی پەروەردەیی دەدا و، لە بارەی پەروەردەی منداڵ و هەرزەکار و قوتابییانەوە چەندین وتاری تێدایە و هەروەها چەند بابەتێکی گرنگی لە بارەی پەیڕەوکردنی پەروەردەیەکی ڕاست و دروست و سەرکەوتوو لە قوتابخانەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لەوانەش (ئەلفاکەی مامۆستا باڵدار) وتارێکە لە ژمارە (٧٨)ی (٨)ی تەمووزی ١٩٥٢ لە لایەن (نووری عەلی) نووسراوە، (بۆ مامۆستایان) لە نووسینی (عیزەدین فەیزی) ژمارە (١٢٧)ی (١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٣، (گەنج و ڕێگەی لە ژیاندا) وەرگێڕانی (جمال محیەدین) ژمارە (٧٤)ی (٣)ی حوزەیرانی ١٩٥٢ و چەندین بابەتی پەروەردەیی تر.

دیارترین ئەو نووسەر و شاعیرانەش کە بەبابەت و وتارەکانیان لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەیان ڕازاندۆتەوە ئەمانەن: "عیزەدین فەیزی، مارف خەزنەدار، گیوی

موکریانی، شاکر فەتاح، زەکی هەناری، عەلی چوکل بەرییە، خەلیل خۆشناو، محەمەد عەلی کوردی، فوئاد عیزەت، نووری عەلی ئەمین، ئیحسان مستەفا، کەریم مستەفا (شارەزا)، گۆرانی نەمر، جەلال تاڵەبانی، مستەفا تۆفیق، جەمال محیەدین، ئیبراهیم هوشیار، سەلیم موختار، ئیبراهیم باڵدار، خالید دلێر، پیرباڵ مەحموود، ڕەشاد موفتی، بورهان جاهید، سەید محیەدین بەرزنجی (نەژاد)، حوسێن ڕەشوانی، جابیر پیرداود، شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری)، کەمال شاکر، کانی، محەمەد شێخ ڕەشید، ئەخۆل، ئەنوەر مائی، نورەدین خدر، وریا ئەمین ڕواندزی، حەیدەر عوسمان، ناهیدە شێخ سەلام، محەمەد عەزیز فەتاح، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، یوسف شێخ یەحیا، جەمال جەمیل، عەبدوڵڵا کاکە و...... زۆرانی تر".

### ج- گۆڤاری هەتاو

بەوەستانی ڕۆژنامەی هەولێر بۆشاییەکی گەورە لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە لەم شارە دێرینە پەیدابوو، بەڵام مامۆستای غەم خۆری وشەی کوردی (گیوی موکریانی) قۆڵ و بازووی لێ هەڵکرد و گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (هەتاو) بەپێی ئەوەی کە خۆی خاوەنی چاپخانەی (کوردستان) واتە چاپخانەی (زاری کرمانجی) پێشووبوو، هەر لە هەمان چاپخانەدا ئەم گۆڤارەی بەچاپ گەیاند[٢٤٠]. هەتاو گۆڤارێکی ئەدەبی قەبارە (٢١سم ٥ و١٣سم)، بەدەرچوونی نزیکەی دوو هەفتە جارێک لە ١٩٥٤/٥/١٥ تاوەکو ١٩٦٠/١٠/٣٠، (١٨٨) ژمارەی لێ دەرچوو[٢٤١].

خاوەن ئیمتیاز و هەڵسوڕێنەری گۆڤارەکە (گیوی موکریانی) و سەرنووسەریشی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەڕێزان (ئیبراهیم عەزیز ئاغای دزەیی و محەمەد شەهاب دەباغ و جەلال قادر) یەک لە دوای یەک سەرنووسەرێتی ئەم گۆڤارەیان کردووە[٢٤٢].

دەربارەی وەستانیشی جەبار جەباری دەڵێت "ئەم گۆڤارە لە شاری هەولێر توانی لە ماوەی حەوت ساڵیدا خزمەتی ڕاستەقینە بەگەل و نیشتمان بگەیەنێت، مامۆستا

(٢٤٠) کەریم شارەزا: دەوری گۆڤاری هەتاو لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.
(٢٤١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٢٤٢) د. کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستی، بەغدا، ١٩٧٨، لا٢٤١؛ جەبار جەباری: مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کەرکوک، ١٩٧٠، لا١٠٣-١٠٤,.



(گیوی موکریانی)یش وەکو ڕۆژنامەگەرە هاوڕێکانی بەتاوانی خەبات و تێکۆشان، لە لایەن کاربەدەستانی (عەبدولکەریم قاسم) بۆ خوارەوەی عێراق دوورخراوە، گۆڤارەکەش داخرا"[٢٤٣] گومان لەوەدا نییە لەو بارودۆخەی کە هەتاو تیایدا دەرچوو، ئەدەب و ڕۆشنبیری لە هەولێر و لە کوردستان بەگشتی کەوتە قۆناغێکی نوێیەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەرهەمەکانی دەیان ئەدیب و ڕۆشنبیر جێگای خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (هەولێر) و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەغدا و سلێمانی کردبۆوە. ئەمەش زەمینەیەکی گونجاوی خوڵقاندبوو بۆ ئەوەی مینبەرێکی دیکەی ئەدەبی بەئاسان بتوانێت دەوری خۆی لەناو خەڵکدا بچەسپێنێت و تەکانێک بەباری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بدات، وەک بەڵگەیەکیش بۆ ئەم بۆچوونە دەڵێم لە شارێکی وەک هەولێری ساڵی ١٩٥٧ کە (٥١) کەس وەڵامی مەتەڵێکی بڵاوکراوەی ناو ئەم گۆڤارە بدەنەوە مانای فراوانی جەماوەریی خوێنەرانی هەتاو بەئاشکرا دەبەخشێت، لە ئەنجامیشدا کاریگەریشی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردییش دەردەخات[٢٤٤]. لە پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمووزیش کە لە یەکەم[٢٤٥] ژمارەی پاش شۆڕشەکەدا پێشوازی لە شۆڕشەکە کراوە. هەر لەم قۆناغەشدا نووسەرانی کورد لە هەموو لایەکەوە بەرهەمیان بۆ ڕەوانە کردووە، واتە کەوتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر[٢٤٦].

مامۆستا کەریم شارەزا لە بارەی بابەتەکانی ئەم گۆڤارەدا دەڵێت (کاتێک لە جۆری بابەتەکانی ئەم گۆڤارە ورد دەبینەوە هەست دەکەین هەموو جۆرە بابەتێکی زمانەوانی و مێژوویی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی و ئەدەبی و هەواڵی وەرزشی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی بەخۆیەوە گرتووە و تەنانەت بابەتی زانستی و پزیشکیش گرنگییەکی زۆریان پێ دراوە)[٢٤٧].

(٢٤٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو لا(١٠٣-١٠٤).
(٢٤٤) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١٠٠) حوزەیرانی (١٩٥٧). ڕووی دووەمی بەرگی یەکەم.
(٢٤٥) گۆڤاری هەتاو ژمارە (١٣٦) (٢٠)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨.
(٢٤٦) د. هیمداد حوسێن، ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیریی کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری هەتاودا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩) هاوینی (٢٠٠٢)، ل ٣١٢.
(٢٤٧) کەریم شارەزا: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە بابەتەکانیشدا ژیانی نوێخوازی و تێڕوانین بەشێوەیەکی نوێ و نەتەوەپەروەری و شارستانییەوە بەئاشکرا سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشێت. ئەوا (س.ش) لە بەغدا بابەتێکی ڕەخنەیی بەناوونیشانی (بۆ شێواو) نووسیوە و دەڵێت "ئایا کاکی شێواو وا شێواو بیت کە ئەو هەموو وشە جوانانەی بەزمانی کوردیدا هەیە بەکارت نەهێناوە بۆ ئەوەی هەڵبەستەکەت جوان بێ و وەزنی ڕێک بێ و بۆیە ئەو وشانەتان بەکاربردووە. نەخێر بەو وشانەوە ناشیرین و دزێو دەبێ و ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هەزاران خوێندەوار بێز و بۆی لێ بکەن چونکە شێوەکەشی زۆر کۆنە"[٢٤٨]. هەروەها بەڕێز د. مارف خەزنەداریش لەو کاتیدا ڕێنمایی کورد دەکات بۆ نەنووسین بەشێوەی دیالێکتەکان و پابەندبوون بەیەک زمانی نووسین، ئەمەش لە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی نووسەرێکدا دەڵێت "تا ئێستا فەرق لە بەینی شێوازی زمانی قسەکردن و نووسین نازانێت چییە، لە هەموو زمانەکانی جیهانا بۆ نووسین یەک زمان هەیە، بەڵام بۆ قسەکردن گەلێک شێوە هەیە من نەمدییەوە کتێبی ئینگلیزی بەسێ چوار شێوە بنووسرێتەوە، تاوەکو ئێمەش هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان ببێتە چەند زمانێکی جیاواز و بەتەواوی شەقوپەق بێن"[٢٤٩].

دەبا بزانین (خاڵۆی ڕێبوار)یش چەند بوێرانە و بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزەوە گیروگرفتی ئاوی هەولێر دەخاتە ڕوو "کوڕە برا کاکی خاوەن ئوتێل تۆزێ ئاو زۆر هیلاکم. برام ئێمە چی بکەین ئاوی هەولێر بەنۆرەیە، برام چۆن ئاو لە هەولێر نابێ، ئێمە لە بەغدا و بەعقوبە و بەرەو خوار هەزاران باغ و بێستان و کشتوکاڵ بەئاوی زێ و سیروان بەڕێوە دەبەین، وا حکومەت بەبێ حسێب چەند ملیۆن دینار بەخت دەکات بۆ خاتری بەغدا و ئەو خوارە بەئاوی زێ و سیروان ئەخنکێن... کەچی ئێوە لە هەولێر لە ناوەڕاستی هەردوو زێ یاندا وا لە تێنان دەخنکێن"[٢٥٠].

گۆشەی باخچەی بوێژانیش لەنێو لاپەڕەکانی ژمارەکانی هەتاو دا بەدەیان بەرهەمی شیعر و پێ ناساندنی کەڵەشاعیر و ئەدیبەکانمان دەوڵەمەندە. وەک مشتێک لە خەرواریکدا ئاماژە بۆ چەند داهێنانێک دەکەین. شاعیری هەولێری (جاهید) باسی

(٢٤٨) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٩)، تشرینی دووەم (١٩٥٦)، دەرەوەی بەرگی دوواوە.
(٢٤٩) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٤٢)، ٣٠/ ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٥.
(٢٥٠) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٤١)، ٢٠/ ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٥.



هاوینە هەواری سەلاحەدین دەکات و سەرسامی خۆی بۆ جوانی ئەم شوێنە دەردەبڕی و دوعا خواز دەبێت بۆ ئاوەدانکردنی:

ئەی بەنی پیرمام هەر ئاوەدان بی
هەردەم مەوقعی سەیر و سەیران بی
بەرز و موعەلا قیمەت گران بی
هەرچی مەسکەنی خێڵی کوردان بی[٢٥١]

هەروەها شاعیری موکریان (میهری) لە ئەستەمبوڵەوە پێنج خشتەکییەکی خۆی لەسەر شیعری حاجی قادری کۆیی بۆ هەتاو ناردووە هەر بۆ نموونە لە تاکە پێنج خشتەکییەکدا دەڵێت:

شعاعی لعلی لێو سێوی مەمکی آگر و آوە
دوو بسکی میسک و نیگای خال و خاکی دانەووداوە
رەشی چاوی لە نیو تاریکە شەودا شەو چرای چاوە
لە سەر شەو ڕۆژی داناوە مەڵێن فیسی لەسەر ناوە
لە بار باجامی یاقوتی بەموشکی وشکی داداوە[٢٥٢]

نموونەیەکی دیکەش ئەگەرچی لە ڕووی تەکنیکیەوە هێز و پایەیەکی ئەوتۆشی نەبێت، بەڵام لە ڕووی بابەتەوە بەرەنگاربوونێکی بیروبڕوا پووچەکانی ئەو سەردەمی کۆمەڵەکەمانی تێدا بەدی دەکرێت. هۆنراوەکەش بەناوی بۆ کچە کوردێکە و لە دانانی (م. ڕەسووڵ)ە و لە دهۆکەوە ناردوویەتی و دەڵێت:

ئەی کچە کوردەی گۆنا شەکرە سێو
بۆ دوش داماوی کزو بار بەلێو
پێم ناڵێی بۆ چی کز هەڵوەشاوی
چیت لێ قەوماوە وا پەشۆکاوی
کام خۆشەویستت دڵی شکانوی
یا چ دڵدارێک دڵی ڕەنجانوی

(٢٥١) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٣٣)، ١٠ / حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٥.
(٢٥٢) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٣٤)، ٢٠/ حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٥.

تووشی کام کۆسپ و کام دەرد و داوی
وا هێندە پەست و سەرلێشێواوی
بۆ چی وا قورگت پڕە لە گریان
فرمێسکی چاوت ئەتکێ وەک باران
کوانێ بۆ کووێ چوو بزەی سەر لێوت
کوانێ تیلابی دڵدار ئەنگێوت
کوا زەردەخەنەی جاری جارانت
کوا گورجی و سرکی سەر ڕێگەوبانت
کام نهێنییە هەستی لەرزانوی؟
لە دوا کەوتنی خۆیی گەیانوی؟
خستویتیە گێژی دەریای بێ پایان
چەقیوی لەسەر چەقی ڕێ ی ژیان
بەڵام ئەی کیژی کوردی هەرزەکار
هیچ دادت نادات خەفەت و آزار
لە فلسفەی ژین تێ بگە چییە
ناخۆشی بۆ کەس هەتا سەر نییە
تەنها هەر بڕوات بەرز و بەهێزبێ
ئەم دەورەش ئەبێ بڕواو گۆڕ نێژبێ
ئەوسا پەستی تۆش ئەبڕێتەوە
وەک تەمی بەیان ئەڕەوێتەوە
بە آرەزووی خۆت ئەگەی بەآوات
دێیتە مەیدانی خزمەتی وڵات(٢٥٣)

جگە لە هۆنراوەش چەند چیرۆکێکیش بڵاوکراونەتەوە دەشێت تاڕادەیەک لە قاوغی چیرۆکی هونەری دابندرێن، بۆ نموونە (ئەی مردن کوا سام و مەترسیت) لە نووسینی (شەیدا) ژمارە (٣٤)ی (٢٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٥، (شەوچەرە) لە نووسینی

(٢٥٣) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١٠٣)، ٣١ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٧.



(ع. قرگەیی) ژمارە (٤٧)ی (٢٠) تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٥، (ڕێگەی گەڕانەوە) لە نووسینی (جەمال خەزنەدار) ژمارە (٧٧)ی (٣١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ و چەندینی تر.

گۆڤارەکەش پڕە لە وتاری هەمە چەشنە و هەمە بابەتەوە. تاڕادەیەکیش بایەخی بەوەرگێڕانیش داوە، تەنانەت مامۆستا (گیویش) بەناوی (گ.م.) لە فەرەنسیەوەش بابەتی وەرگێڕاوە بۆ کوردی و بڵاوی کردۆتەوە(٢٥٤).

دیارترین ئەو نووسەر و شاعیرانەی بە بەرهەمەکانیان چ بەنووسین یا بەوەرگێڕان لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەیان گەشاندۆتەوە ئەوانەن گیوی موکریانی، مارف خەزنەدار، شاکر فەتاح، عەبدولقادر قرگەیی، بورهان جاهید، کانی، ئیبراهیم هوشیار، محەمەد مەولوود مەم، مەجید ئاسنگەر، عومەر ساقی، محەمەد شێخ ڕەشید، ئەحمەد دڵزار، عومەر دزەیی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، قانع، ع. بێمار، پیرباڵ مەحموود، مەدحەت بێ خەو، ئەسعەد خەیلانی، صبریە محەمەد، صدیق عەبدولڕەحمان، د. مەروان عەلی، تۆفیق وردی، عوسمان عوێزی، جەوهەر غەمگین، بێبەش، زەکی هەناری، سەربەست هەناری، ئەنوەر مایی، محەمەد صائب نەقشبەندی، خەلیل خۆشناو، کەمال غەمبار لەگەڵ چەندینی دیکە کە ناکرێت ناوی هەموویان لێرەدا بژمێرم.

ئەوەی سەرنجی هەر بەدواداچوویێکی ئەم گۆڤارە ڕادەکێشێت، هەبوونی چەند گۆشەیەکی تایبەتە تیایدا وەکو (باخچەی بوێژان، بەشی ئافرەت، بەشی پزیشکی، بەشی پێکەنین).

سەرەڕای ئەوانەش دەنگوباسی هەولێر و گواستنەوەی کاروباری بەرپرسە میرییەکان بۆ هەولێر یان بەپێچەوانەوە و ڕاگەیاندنی ڕووداوە گرنگەکانیشی بڵاو کردۆتەوە(٢٥٥). بۆ نموونە"پایە بەرز سعادەتی خالد بەگ نەقشبەندی موتەسەریفی هەولێر کرانە ئەندامی مەجلیسی سیادەی ئەعلا، خوا پایە بەرز تریان کات و پیرۆزباییان لێ دەکەین"(٢٥٦).

(٢٥٤) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٤١)، ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٥.
(٢٥٥) هەر بۆ نموونە سەیری گۆڤاری هەتاو، ژمارە(٣٧)ی (٢٠)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٥ بکە.
(٢٥٦) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١٣٦)ی (٢٠)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، ڕووی دواوەی بەرگی یەکەم.

جگە لە مانەش هەندێ جار دەنگوباسی ئەدیب و ناودارە دڵسۆزەکان و دەزگا خزمەتگوزارییەکانیشی بڵاودەکردەوە. هەر بۆ نموونە لە ژمارە (٧٢)ی(١٠)ی ئەیلوولی ساڵی **١٩٥٦** دوو هەواڵ بەرچاو دەکەون یەکێکیان دەڵێت "مامۆستا علاء الدین سجادی لەم ڕۆژانەدا هاتنە هەولێر دوای چەند ڕۆژێک بەرەو سلێمانی وەڕێ کەوتن بەخێرچن" لە ئەوی تریان نووسراوە"یانەی وەرزانەوەی بروسک: یانەی ناوبراو لە هەولێرێ لە نزیک چاپخانەی کوردستاندا کراوەتەوە اومید وایە کە دەوڵەت و ملت لە یارمەتیاندا بەشداربن چونکو بەهۆی ئەوانەوە هەستی بەرزی گیانی وەرزانەوەی کوردی هەولێر لە هەموو کۆڕێکی دا ئەندام دەنوێنی".

لە لایەکی دیکەوە ئەوەی لەم گۆڤارە دا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت زۆری بانگەشە میللییەکانە تیایدا، بۆ نموونە لە ژمارەیەکدا[٢٥٧] لە (٣٢) لاپەڕەی گۆڤارەکە (١٣)یان بۆ بانگەشە تەرخان کراوون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری دارایی گۆڤارەکە، چونکە تەنیا بەهیمەتی (تاکە کەسی) مامۆستا (گیو) و ئابوونەی بەشدارکردنی خوێنەران و داهاتی بانگەشەکە بەردەوام دەبوو[٢٥٨]. ئەگەر چی (گیو)یش چەند گلەییەکی لە بەشداربووان هەبووە، وا دیارە ئابوونەکانیان دوا خستووە و هەروەک بەخۆی دەڵێت "تکایە ئەوانەی پارەی هەتاویان لە لایە بەبێ خۆگرتن بینێرن. بۆ (٢٥) ملیۆن کورد زۆر شوورەییە کە نەتوانن گۆڤارێکی (٢٠) لاپەڕەیی بژێنن"[٢٥٩]. جگە لەمەش هەتاو ویستوویەتی خۆی وەک هۆیەکی ڕاگەیاندنی سەرەکی بچەسپێنێت و (ئیعلاناتەکانیش) بکات بەرێگەیەک بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ گۆڤارەکە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەرێزەوە ئاماژە بۆ دەوری دادوەری هەولێری خوالێخۆشبوو (جەلیل هوشیار) بکەم کە لە ساڵی **١٩٥٦** حاکمی (صولحی) هەولێر بوو بەتەنیا ئەو بانگەشانەی بەئیمزای ئەو زاتە بوو، بەکوردی بڵاوکراونەتەوە کەچی گشت بانگەشەکانی دیکەی میری تەنانەت هەمان دادگای صولحیش پاش ئەو بەعەرەبی دادەڕێژرا.

---

(٢٥٧) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١٠٣)، (٣١)ی تەمووزی ١٩٥٧.

(٢٥٨) سەیری ژمارەکانی گۆڤاری هەتاو بکە.

(٢٥٩) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٩)، (٢٠)ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦.

## بەشی دووەم

# بزووتنەوەی ئەدەبیی لە شاری هەولێر

# لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨

## شیعر

شیعر وەک بەهرەیەکی ناسک لە خودی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و وشەکان وەک چەپکە گوڵێک لە ڕستەی مۆسیقادارەوە دەهۆنرێتەوە. جا هەرچەندە شیعر داهێنانێکی تاکەکەسیش بێ، بەڵام بیر و ئەندێشەی ئەم کەسەش دەکەوێتە ژێر باری چەندین هۆکاری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئاینیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە لە کۆمەڵگەکەیدا جێگیر بووە و سیمای ڕێڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکە دیار دەخەن.

بەپێی ئەمەوە شاعیرانی هەولێر لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، پەروەردەی ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە ئەم شارەی پێ ناسرا بوو. بەتایبەتیش لە ڕووی پێشکەوتنی زمانی کوردی و کاریگەری ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردن. واتە لەم شارەدا و لەماوەی دیاریکراودا زەمینەیەکی هاندەر بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی شیعریی بەرز نەهاتبووە کایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی چاک لە شاعیرانی بەتوانا و لێهاتوو دەنگی خۆیان چەسپاند و ڕێڕەوی شیعری کوردیان لەم شارەدا بەرەوپێش برد و لە کاروانی شیعری کوردی دووریان نەخستەوە و لە ئاستی کوردستاندا جێ پەنجەی خۆیان بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە و بنەمایەکی چاکیان بۆ نەوەی پاش خۆیان ڕەخساندووە.

لێرەدا وا بەباش دەزانم ئاماژە بەناوی ئەو شاعیرانەی شاری هەولێر بکەم کە لە ماوەی دیاریکراودا ڕۆڵی خۆیان لە بزووتنەوەی شیعری کوردی بینیوە و خاوەن دیوانن و ناوی گەشەداربوون لە جیهانی شیعری کوردیدا و بەپێی مێژووی لە دایک بوونیان ئەمانەن "مەلا حوسێن شێخ سەعدی (فانی)، مەلاساڵحی کۆزەپانکەیی، عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی (کانی)، ناسیح حەیدەری، گیوی موکریانی، محەمەد شەریف (میهری)، شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری)، ڕەشاد



موفتی، ئیبراهیم هوشیار، بورهان جاهید، سەید محیەدین بەرزنجی (نەژاد)، دکتۆر عەبدوڵڵا نەقشبەندی (هەرشەمی)، مەغدید سۆران، مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی، عەلی فەتاح دزەیی، مەسعود بێبەش، پیربال مەحموود، مەدحەت بێخەو، جەوهەر غەمگین".

بۆ هەڵبژاردنی ئەو شاعیرانەی کە خستومنەتە ناو چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوو پێوەر دەستنیشانم کردوون یەکەمیان ئەوانەی بەڕەچەڵەک (هەولێرین)، دووەمیشیان ئەو شاعیرانەی کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ لە هەولێردا ژیاون و کاریگەرییان لەسەر باری ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی شیعری ئەم شارەدا هەبووە.

بەپێویستیشی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە لەبەر فراوانی بابەتەکەم و درێژیی ئەو ماوەیەی خستومەتە ژێر تیشکی ئەم نامەیە، لایەنی ئەدەبی فۆلکلۆریم لەو شارەدا پشتگوێ خست و، چونکە ئەم شارە گەنجینەکی دەوڵەمەندی لە ڕووی ئەدەبی میللییەوە هەبووە و پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێزەوە ئاماژە بەناوی چەند شاعیرێکی وەک (ڕەسووڵ بێزار گەردی) و (حەبیب عەلی مەمی میرانی) و (تەها مامەر) و چەندینی دیکە کە لەم بوارەدا ناوی دیار و ناسراون دەکەم.

بەچاوپێخشاندنێک بەئاستی شیعر لە ماوەی دیاریکراودا لەم شارە دەردەکەوێت، کە شوێنی جوگرافی و کاریگەریی مێژوویی هۆکار بوینە بۆ کارتێکردنی تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی شیعری (بابان) بەسەر شیعری شاعیرانی شاری هەولێر[١]. لەم بارەیەوە تاڕادەیەک ئەم قوتابخانەیە کاریگەریی خۆی بەسەر ڕادەی نەشونماکردن و تایبەتمەندییەکانی شیعر لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە هەبووە.

بەوردبوونەوە لە شیعری شاعیرانی شاری هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا دەردەکەوێت کە سیمای شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە بەسەریدا زاڵە. ئەگەرچیش ئەم تێبینییە لە ڕووی فۆرمەوە واتە ڕووخساری

---

(١) لە بارەی تایبەتیەکانی قوتابخانەی شیعری (بابان) سەیری (نەوزاد وەققاس سەعید، بزووتنەوەی شیعریی لە کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا (نامەی دکتۆرا)، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦) بکە.

شیعرەکانەوە زێتر بەدی دەکرێ، چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ بوونی چەندین بابەتی کلاسیکی جیاجیای وەکو (دڵداری، سیاسی و نەتەوەیی، ستایش، وەسف، مەی نۆشی، لاواندنەوە، ئاینی، هەجو "داشۆرین"، شانازی...). کەچی بەهۆی پێویستی بارودۆخەکە چەند بابەتێکی شیعری تری تازەش. وەکو (هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و پەند و ئامۆژگاری، سروود و شیعر بۆ قوتابیان و منداڵان) بەکارهاتووە.

ئەمانەی خوارەوەش تایبەتییەکانی شیعری شاعیرانی شاری هەولێرن لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە:

## ڕووخسار

### ١- دیالێکتی شیعری:

لە ڕووی بەکارهێنانی دیالێکتی شیعرییەوە شاعیرانی هەولێر بەگشتی لەو ماوەیەدا پابەند بوون بە بەکارهێنانی دیالێکتی کرمانجی خواروو. بەتایبەتیش ئەو دیالێکتەی کە شاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابان شیعریان پێ نووسیووە، هەر بۆ نموونە شاعیری هەولێری (نەژاد بەرزنجی) دەڵێ:

دڵم پڕ بوو لە خەم گەردوون لە کوێ بێنم دڵێکی تر
هەتا لە ژیانی داهاتووم وەدەس بێ بۆ خەمێکی تر
فەرامۆشی بەچی بێ ئەو دڵەی پڕ ئێش و ئازارەم
لە دەس جەوری زەمانە کەوتوومە نێو عالەمێکی تر
بەچەی ناکەس بەچەش زۆرن ئەوەی هاوکاری دوێنێم بوو
بەڕوو گرژی وەلاما دێ ئەچێ بۆ لای یەکێکی تر
بەشێکیش خۆم ئەیانناسم بەزەنگین دائەنێن خۆیان
بەفێڵ بازی و زمان لووسی ئەخۆن ڕەنجی بەشێکی تر(٢)

(٢) لە دەستنووسێکی بەڕێز کاک (نەژاد بەرزنجی).



هەروەها پیربال مەحموود (دەڵێ):

خۆ وێنە کێشی پەیکەر و کالام
بزانێ منیش بەئاڵ و والام
بەهەست و نەست و ڕاز و سکالام
ئەکێشم وێنەی سروشتی بالام
چیتر ڕیشەکەی بەرامبەر ڕیشەم
بەکار ناهێنێ لەبەر ئەندێشەم(٣)

بەڵام شاعیرانی هەولێر تایبەتیەتی خۆیان لە بارەی دیالێکتی شیعرییەوە هەبووە، لەبەر ئەوەی لەلای هەندێکیاندا کاریگەری شێوەزاری هەولێر بەسەریاندا دیار و ئاشکرایە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ زاراوە و وشەی تایبەت بەشێوە زارەکەوە، وەکو (مزگەفت، چار، لۆ، دەبینی، دەیگۆ، خێن، دەوم، کەسک، داک، کانی، وەکی... هتد). هەر بۆ نموونە (د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی هەرشەمی) دەڵێ:

گیا پڕ بۆنی کوردە و ناوکەی خاوە
هەموو دەم کەسکە سەوزە و ڕوگەش و ماوە(٤)

### ٢- زمانی شیعری:

بێگومان یەکێ لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بریتییە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی و تورکی لە شیعر نووسیندا، هەروەکو لە پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد لە ڕووی ڕووخساری شیعرییەوە شاعیرانی هەولێر پابەند بوون بە پەیڕەوکردنی تایبەتییەکانی ڕێبازی کلاسیکی، بەپێی ئەمەوە و هەروەها لەبەرئەوەی شاعیران بەگشتی کاریگەربوون بە شیعری شاعیرە بەرزەکانی عەرەب و فارس و تورک و هەروەها لەبەر باری سیاسی و بەپێی مەوقعی جوگرافی و کاریگەری ئایین و قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی، بۆیە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە شاعیرانی هەولێر بەگشتی و بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی کوردی هەندێ جار وشە و دەستەواژە و

(٣) پیربال مەحموود، بزەی سروشت (دیوان)، بەغدا، ١٩٨٥، ل(١١).
(٤) هەرشەمی، دەستەگوڵ (دیوان)، بغداد، ١٩٨٩، ل(٥٦).

زاراوەی عـەرەبی بەپلەی یەکـەم و هەروەها فـارسی و هەندێ جـاریش بەدەگـمـەن تورکیش لە شیعرەکانیاندا بەکارهاتووە.

بۆ نموونە (مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی) دەڵێ:

تا لە دەست وەحشی جەهالەت دەرکەوێ قەوم و وڵات
سوجدە بۆ تیمسالی عیلم و فەلسەفە و عیرفان ئەکەم[٥]

سەیر دەکەین شاعیر لە تاکە دێڕێکدا چەند وشەیەکی (عەرەبی) بەکارهێناوە لەوانەش (وەحشی جەهالەت، سوجدە، تیمسال، عیلم، عیرفان).

هەروەها (مەلا حوسێن شێخ سەعدی) فانی دەڵێ:

وەک مـورغی پایەبەندم بۆ دانەیی سـیـاهت
چۆن ماهی نێو کەمەندم بۆ ڕوویی هەم چوماهت
نەشئەی زولالی بۆ سەم کەی لطفەکەی بفەرمووی
تاجـان و دڵ فـیـداکـەم لەشـاە ڕاهی ڕاهت
لە ڕێی فـیـراقی جـانان چاوم غـەریقی خـوێنە
تەنم پڕ زەخـمی خـەنجـەر بەدووتاقی سـیـاهت
فـەریدو بێ نەزیری لەکـێـشـوەری نەزاکـەت
سالاری تیـپی حوسنی وەی بم فـیـدای سـیـاهت[٦]

لێرەدا شاعیر جگە لەبەکارهێنانی چەندین وشەی (عەرەبی) وەکو (نەشئە، لطفەکەی، فیراقی، غەریقی، فرید، نەزیری، حوسنی، فیدای). چەند وشەیەکی فارسیشی بەکارهێناوە لەوانەش (سیاە، مورغ، ماهی، جان، شاە، ڕاە، زەخم).

هەروەها (شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی) نووری دەڵێ:

زولفی داو داوت نیـقـابە لایدە نەختێ لاکـەوێ
قـورصی شەمسی کوڵمەکەت جانا بلابا دەرکەوێ

(٥) کەریم شارەزا، مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (١)، زستانی ١٩٩٨، ل(١٧٨).

(٦) بەشیر حوسێن سەعدی، دیوانی فانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل(١٨).



شـوعلەیی خـسـتـە دەروونم مـاهتـابی ڕوومـەتت
حـوبی دڵ مـاچی گـوڵێکی کـوڵمـەتە یاری دەوێ[٧]

لێرەشدا دیسانەوە شاعیر چەندین وشەی عەرەبی بەکارهێناوە لەوانەش (قورصی شەمسی، شوعلەیی، هەروەها حوبی).

### ٣- سەروا:

سەروا ڕەگەزێکی بنیادی شیعرە، نەک هەر لە کوردیدا، بگرە نزیکەی لە هەموو زمانێکدا هەبووە و هەیە، بەڵام شوێنی هاتن و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕادەی بایەخ پێدانی بەپێی زمان و سەردەم و شاعیر دەگۆڕێ، هەر نەتەوەیەک بەپێی خاسیەتی تایبەتی فۆنۆلۆجی زمانی خۆی و قۆناغی پێشکەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی و پەیوەندە زانستییەکانی تر، جۆرە سەروایەکی تایبەتی پەیڕەوکردووە. سەروا وەکو دیاردەیەکی دەنگی و مۆسیقی خۆی لە دووبارەبوونەوە دەدۆزێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێ ڕەگەزی تر دەکەوێتە کارلێک و بەهەموویان ئاوازی شیعرەکە تێرتر و سفت و خەستتر دەکەن و بەتایبەتی دەنگی کۆتایی بۆتە هۆیەک بۆ پۆلێن کردن و ڕێکخستنی شیعری کلاسیکی، کە یەکێتی سەروای تێدایە، لە دیوانەکاندا ئەمە یارمەتی ساغکردنەوە و بەراوردکردنی شیعری شاعیرەکان دەدا و ڕێگە خۆش دەکا بۆ چوونەوە سەر شیعرەکان[٨].

بەوردبوونەوە لە شیعری شاعیرانی هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا ١٩٣٥-١٩٥٨، سەیر دەکەین بەگشتی دوو جۆرە سەروا لە شیعرەکانیاندا بەکارهاتووە یەکێکیان یەکێتی سەروایە، ئەویتریشیان سەروای هەمەڕەنگە.

#### ١- یەکێتی سەروا:

لەم جۆرە سەروایەدا شاعیر هەردوو نیوە دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەی لەسەر هەمان سەروادا دادەنێت و جا هۆنراوەکە تا کۆتایی لەسەر ئەم سەروایە دەڕوات. بۆیە لە ڕووی بەکارهێنانی سەرواوە جۆرە یەکێتییەک لەهۆنراوەکەدا دەستەبەر دەکرێ[٩].

(٧) سەردار میران، دیوانی نووری، بەغدا، ١٩٨٣، ل(٣٤).

(٨) د. عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر، ١٩٩٩، ل(٣٥١).

(٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٥١).

شاعیرانی هەولێر ئەم ڕێچکەیەیان بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێناوە، لەلای زۆربەی شاعیران بەدی دەکرێ. هەر بۆ نموونە پیرباڵ مەحموود دەڵێ:

وەرە بۆم پڕکـــە بادەی ڕەنگاوڕەنگ
لە چەشنی ئاڵتون لە چەشنی پڕ شەنگ
وەرە بۆم پڕکـــە بادەی جـــوانی
بەمەیی دڵداری ئەی دولبەری شەنگ[١٠]

شاعیر لەم دوودێڕەدا هەمان سەروای بەکارهێناوە (پڕشەنگ، شەنگ) هەر بەم شێوەیەش تا کۆتایی هۆنراوەکە دەڕوات.

هەروەها شاعیری هەولێری (بورهان جاهید) دەڵێ:

هێندە سەرمەستم چ هۆشێکم نەما دنیا چییە؟
من چمە و ساقی چییە، هەم بادە و سەهبا چییە؟
من بەسەودایی سەرم سەد موشکلی دڵ حەل دەکەم
عەقڵ و هۆشم گەر لەڕێی سەودایی سەر بڕوا چییە؟[١١]

لێرەشدا شاعیر هەردوو نیوە دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەی لەسەر هەمان سەروا داناوە کە ئەوانیش (دنیا، سەهبا)یە، پاشان تا دوایین سەروای هۆنراوەکە لەسەر هەمان شێوە دەڕوات بۆ نموونە لە سەروای دێری دووەمدا دەڵێ: (بڕوا)، وشەی (چییە)ش بریتییە لەپاش سەروا.

(عەبدولجەبار ئاغای کانی)یش دەڵێ:

سەر فرۆناکەم بۆ عالەم چونکە عالی هیممە تم
ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم ڕەغبەتم
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکو شێری دلێر
گوێت لە بەیتم بێ دەکا ئیسپاتی نوتق و قوەتم[١٢]

(کانی) ئەم هۆنراوەیەی لەسەر بنەمای یەکێتی سەروا دامەزراندووە و وشەی

(١٠) پیرباڵ مەحمود، بەهەشتی دڵداری (دیوان)، کەرکووک، ١٩٥٨، ل(٢٣).
(١١) دیوانی بورهان ئاغای هەولێری، کەرکووک، ١٩٥٧، ل(٣٢).
(١٢) کەریم شارەزا،دیوانی کانی، کۆکردنەوەی(موەفەق ئەکرەم کانی)،هەولێر، ١٩٨٠، ل(٢٤).



سەرواکانیش بریتین لە (هیممەتم، ڕەغبەتم، قوەتم) کە پیتی (ت) ڕەوییە، واتە ئەو پیتەیە کە سەرواکەی لەسەر دامەزراوە و ڕاناوی لکاوی (م) پاش ڕەوییە.

### ٢- سەروای هەمەڕەنگ:[*]

شاعیرانی هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا، ئەم جۆرە سەروایەیان بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێناوە. ئەمەش بەپێی جۆر و ژمارەی بەکارهێنانی سەرواکە چەند جۆرێکی هەیە.

١- جووت سەروا: "بەو هەڵبەستانە وتراوە کە هەر بەیتەی قافیەی (سەروای) تایبەتی سەربەخۆی هەبووە، جیابووە لە قافیەی بەیتەکانی تر"[١٣] واتە شاعیر لەکاتی دانانی هۆنراوەکەی پێویستە سەروای هەردوو نیوە دێری هەر دێڕێکی هۆنراوەکەی وەکو یەک بێت و جیا بێت لە سەروای دێڕەکانی تر، لێرەدا شاعیر جۆرە سەربەستییەک بەدی دەکات لە دانانی هۆنراوەکەیدا، هەر بۆیە ئەم ڕێچکەیەی بەکارهێنانی سەروا زیاتر بۆ بەرهەمی دوور و درێژ بەکار دێت، وەکو داستانی شیعری و چیرۆکی شیعری و بابەتی ئاینیی و مەولوودنامە و بۆ هەندێ بابەتی تر، وەکو مەبەستی فێرکردن[١٤].

شاعیرانی هەولێر ئەم جۆرە سەروایەیان یەکجار زۆر بەکارهێناوە و بەگشتی لای زۆربەیان بەدی دەکرێت، هەر بۆ نموونە مامۆستا (گیوی موکریانی) دەڵێ:

هەویاو سوزێکی ناسکتر لە (گوڵ)
پێشکێش لاوان کە وەک (بولبول)
تاسەوسۆزی دل جۆش و (خرۆشی)
بنوێنە بەوان بەلاّن بە(خۆشیی)
هەرچەند ئاوارە دووری (یارانە)
هەر ئەو دڵسۆزەی جاری (جارانە)[١٥]

(*) تێبینی: وشەی سەرواکان لەگشت جۆرەکانی سەروای هەمەڕەنگدا لەنێوان دوو کەوانە دان
(١٣) د. مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، (١٩٦٢) ل(٦٧).
(١٤) د. عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر، ١٩٩٩، ل(٤٤).
(١٥) کوردستان موکریانی، دیوانێکی شیعری (گیوی موکریانی)، دەستنووس.

هەروەها (ناسیح حەیدەری) شاعیری داهێنەری هەولێری لە "داستانی شێخ ئەحمەدی جزیری و ڕابیعە خاتوونی خوشکی بەدرخان پاشا"دا[16] دەڵێ:

دەکەم باسی شێخ ئەحمەدی (جزیری)
بەدرخان پاشا ئەوساکە بوو (میری)
مودەریس بوو خاضیعی مەدرەسەی (میر)
ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (جزیر)
سەرۆکی عالیمانی دەوری (خۆی بوو)
بەدایم مەرجەعی ئەصنافی (خۆی بوو)

٢- سێینە: "بریتییە لە پارچەیەکی بچووک لە سێ لەتە دێڕ پێک دێ. دەکەوێتە قاڵبە سەروای جۆراوجۆرەوە، سێیینە دەشێ بەتەنیا بێ و مانای سەربەخۆی هەبێ و دەشێ لە هۆنراوەیەکی پارچە داربێ، پارچەکان یەکسان بن (هەمووسێیینە بن) یان جیا بن"[17].

ئەم جۆرە پارچە هۆنراوەیە لای شاعیرانی هەولێر زۆر بەدەگمەن بەرچاو دەکەوێ. تاک تاکە هەندێ جار لەلای هەندێکیاندا بەدی دەکرێ بەتایبەتی لای (پیرباڵ مەحموود).ئەگەر سێیینەکان بەدوای یەکدا هاتبن ئەوا سەرواکەیان ئەم سێ جۆرە قاڵبە شیعریەیان وەرگرتووە.

1- AAA BBB
2- AAA  AAA
3- AAB CCB

بۆ نموونە (پیرباڵ مەحموود) لەبزەی سروشتدا دەڵێ:

چی پێ بڵێم گەر گەڕایەوە (ماڵ)
ڕوانییە دەورەی تۆی نەدی لە(پاڵ)
بڵێ: لەبەر تۆ نێژرا لەژێر (خاک)
ئەگەر کلافەی هەوری (خەمناکی)

(١٦) شێروان حەیدەری، دیوانی حەیدەری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(١٩١).
(١٧) د. عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٩٨-١٩٩).



ئالآیە ئاسۆی چاوی (ڕووناکی)
دڵی بدەوە وەک خوشکی دڵ (پاک)[18]

هەندێ جاریش سێیینەکان لەگەڵ پارچەی تردا بەکارهاتوون دیسانەوە (پیرباڵ مەحموود) دەڵێ:

لەسەر هەرگەردێ بژانگی گوڵان
تک تک... ئەتکێنێ فرمێسکی جوان
دەستە خوشکانت هاتونە سەیران
هەموو جوانتر لەپەری ئاسمان
هەرتۆ دیارنی ئەی بووکی دڵان
ئەی حۆری بەهەشت ئەی ئاواتی گیان
ئەی گوڵی گەشتر لەگوڵی (باغان)
ئەی ئاواز خوشتر لە نەو (کەمان)
پرشنگی دڵ و ڕووناکی (چاوان)[19]

٣- چوارین: یاخود (چوار خشتەکی): "پارچەیەکی چوار لەتییە، کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە بەتەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ، وەکو سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و شتی تر"[20].

بەزۆری لە چوار خشتەکیدا سەروای لەتی یەکەم و دووەم و چوارەم وەک یەک دەبێ، بەڵام سەروای لەتی سێیەم دەگۆڕێ، لەوانەشە هەندێ جار هەر چوار لەتەکە یەک سەروایان هەبێت.

ئەم هونەرە شیعرییە هونەرێکی فارسییە و لە کۆن لەسەر کێش (لاحول ولاقوة الابالله) بووە، بەڵام بەزۆری لەلای شاعیرە کوردەکان لەسەر یەکێک لە کێشە عەرووزییەکان دانراوە[21].

(١٨) پیرباڵ مەحموود، بزەی سروشت (دیوان)، بغداد، ١٩٨٤، ل(٤٨).
(١٩) پیرباڵ مەحموود، بەهەشتی دڵداری (دیوان)، کەرکوک، ١٩٥٨، ل(١١١).
(٢٠) د. مارف خەزنەدار، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی، ڕووخسار و ناوەڕۆک، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٩٣، ئاداری ١٩٩٢، ل(٩-١٨).
(٢١) نەوزاد وەقاص سەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٨).

شاعیرانی هەولێر ئەم قالبەیان بەشێوەیەکی یەکجار فراوان لە هۆنراوەکانیاندا بەکارهێناوە و بەشێوەیەکی گشتیش لەلای ئەمانە سەروای لەتەکان لەناو چوارینەکاندا ئەم دوو جۆرە قالبەی وەرگرتووە.

1-AABA

2- AAAA

بۆ نموونە شاعیری هەولێری (مەغدید سۆران) دەڵێ:

من کەخاوەنی باخی بەرداربم
بەدڵ سەرمەستی دوو چاوی یاربم
هەرگیز ناچمەوە بۆلای کچی ڕەز
مەگەر وەک فەرهاد لەژین بێزاربم[٢٢]

لەو چوارینەدا هەر سێ وشەی (بەردار، یار، بێزار) وشەی سەروان، پیتی (ر)ش پیتی ڕەوییە و مۆرفیمی (بم)ی ڕێزمانیش پاش ڕەوییە.

هەروەها شاعیری هەولێری (نووری) دەڵێ:

بەم ئاگری عیشقە چ (پەرێشانە) دڵی من
بۆ دولبەری ڕەعنا چ لە (ئەفغانە) دڵی من
یەک لەحزە بنۆڕە چ لە(گریانە) دڵی من
دایم بەغەم و حەپسی(زەنەخدانە) دڵی من[٢٣]

لە هەر چوار وشەی سەروای ئەم چوارینەدا پیتی (ن) ڕەوییە و بزوێنی کورتی (٥) پاش ڕەوییە و، دەستەواژەی (دڵی من) پاش سەروایە.

یەکێک لەو شاعیرە هەولێرییانەی کە وەستاییەکی زۆری لە داهێنانی (چوارین)دا نواندووە، شاعیری بەتوانا (بورهان جاهید)ە، کە دوو دیوانی چاپکراوی تایبەت بە چوارینەکانی خۆی هەیە. لە یەکێک لە چوارینەکانیدا دەڵێ:

بەعزەک ئەنازێ بەجوانی خۆی
بەعزەک ئەنازێ بەکەسانی خۆی

(٢٢) مەغدید سۆران، هوما (دیوان) هەولێر، ٢٠٠٠، ل(٢٧).

(٢٣) سەردار میران، دیوانی نووری، بەغدا، ١٩٨٣، ل(٣٣).



پیاو ئەنازێ بەڕەنجی دەستی
بە بەرهەمی خۆی بەدانانی خۆی[٢٤]

٥- پێنجین و (پێنج خشتەکی): پێنجینە پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە بەپێی "سیستەمێکی تایبەتی سەرواوە دادەڕژێ، جا ئەو پێنج لەتە چ بەتەنیا یا پارچەیەکی سەربەخۆ پێک بێنن و چ پارچەیەک بن لەناو هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەزۆری دابەشی پارچەی پێنج لەتی دەکرێ"[٢٥].

جا (پێنجین) دووجۆری هەیە یا هەر پێنج لەتەکە هی شاعیرەکە خۆیەتی، یاشاعیر دێڕە شیعرێکی شاعیرێکی تر دێنێ و سێ لەتە شیعری بۆ زیاد دەکات، ئەم جۆرە پێنجینە لە ئەدەبی کوردیدا پێی دەوترێ (پێنج خشتەکی)[٢٦]. لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر پێنجینەکە چەند کۆپلەیەک بوو لە دوای یەکدا هاتبوون بەزۆری سەروای هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەمدا لەسەر یەک قافیە دەبن کە ئەمە قافیەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕە شیعرەکەیە، نیوە دێڕی پێنجەمیش لە هەموو بەندەکاندا لەسەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێ.

شاعیرانی هەولێر لە هونەری شیعری خۆیاندا پێنجین و پێنج خشتەکییان یەکجار زۆر بەکارهێناوە، بەتایبەتی پێنج خشتەکییەکە.

کاتێ هۆنراوە پێنجینەکە چەند کۆپلەیەک بێت، باوترین قالبە سەروای بەکارهێنراو لەلایەن ئەم شاعیرانەوە ئەمانەن:

1-AAAAA BBBB A CCCC A

2- AAAAA BBBB B CCCC C

شاعیری هەولێری (مەلا مەسعود بێبەش)، لە هەموو شاعیرانی هەولێر زیاتر پێنج خشتەکی بەکارهێناوە، دیوانێکی تایبەتی سەبارەت بەپێنج خشتەکییەکانی خۆیەوە هەیە. هەر بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکیدا دەڵێ:

(٢٤) بورهان محەمەد عەبدولڕەحمان جاهید، فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید، هەولێر، ١٩٨٥، ل(٦٦).

(٢٥) د. عەزیز گەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢١٥).

(٢٦) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، هەولێر، ٢٠٠١، ل(١٦٧).

(بێکەس و بێبەش)

ئەی برای کوردی نەبەردم کوردی مەردی (بەشخوراو)
وا لەبەینی عەرەب و تورک و عەجەم (دابەشکراو)
تێت بگەیێنم تێ بگە کاتێ کە دیتت تو بە(چاو)
هەر زەمانێ قەومی کورد دەرچوو لەزیللەت بو بە(پیاو)
جەژنی من ئەو ڕۆژەیە نەک چەژنی قوربانی و (پڵاو)[27]

ئەمەش پێنج خشتەکییەکی (ناسیح حەیدەری)ییە لەسەر شیعری شاعیری نوێخواز (دڵدار):

غەریقی بەحری عیشقی خونچە لێوی (نەوبەهارێکم)
ئەسیری غەمزەیی جەللادی یاری (چاوخومارێکم)
زەبوونی لەنجەو لاری چ شۆخی (بێ قەرار ێکم)
"زەدەی تیری نیگاهی فیتنە پەروازی (نیگارێکم)
گیرۆدەی داوی زوڵفی موشکباری (گوڵعوزارێکم)"
بەشەو من پیشەمە گریە و فیغان و زار و (بێداری)
بەڕۆژ هەتلەی دەرودەشتم، بەڕەنگ و ڕووی (غەمباری)
چ دڵخۆش چ شادانە کەسێ بەدخوو نەبێ (یاری)
"ئەوەی نەیدی بێ ئیشی دڵ، وەیا ئازاری (دڵداری)
چوزانێ من لەئێشانی چ سووتان و (نیگارێکم)"[28]

(جەوهەر غەمگین)یش لەپێنج خشتەکییەکیدا دەڵێت:

کوشتمی کە پەنجەی لەسەر ڕووی لادا یاری (نازدارم)
جگەری ئەنجنیم و نەشیهێشت کەس بێ لە (هاوارم)
ئێستا ئەبینم وادێ یاری (جەفاکارم)
هەناوی گرتوە پەنجەی لەخوێناوی دڵی (زارم)
ئەمە بەرگی شەهادەت بێ کەکوشتەی دەستی (دڵدارم)

(٢٧) مەلا مەسعود، بەشێک لە دیوانی بێبەش، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧١، ل(٨).
(٢٨) شێروان حەیدەری، دیوانی حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١٣٧).



سەر و سامانم گشتی بەفیدای ناسکە (دولبەربێ)
دڵ لە ڕێگەی زولفی قرتاو هەمیشە با (دەربەدەر بێ)
ئەو خوێنەی لە دڵ هاتووە بۆ یار دەبا (هەربێ)
وسیەت بێ کە مردم تەخت و تابووت لە (عەر عەر بێ)
هەتا عالەم بزانێ من شەهیدیی قامەتی (یارم)[29]

### ٤- کێش:

بێ گومان کێش تایبەتییەکی جیاکەرەوەی هونەری شیعرییە و یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی داهێنانی هۆنراوە و بریتیشە لە سەرجەم ئەم پێیانەی کە دێرە هەڵبەستێک دروست دەکەن. کە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێ دەڵێن[30].
"کێش و ترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست، بەیەکەوە پێوەندی دارن و بوونیان پێکەوە پێویستە نەبوونی هەر یەکێکیان کەموکوڕییەک بەلەشی واتایی و شێوە و ڕوخساری هەڵبەست دێ"[31].

جا شاعیرانی هەولێر بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)دا، لە هۆنراوەکانیاندا دوو جۆرە کێشیان پەیڕەو کردووە:

یەکەمیان: کێشی عەرووزی عەرەبییە: ئەم کێشە لەسەر بنچینەی بڕگەی کورت و درێژ دامەزراوە و، خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بەمەبەستی کێش کردنی شیعری عەرەبی لە سەدەی حەوتی زایینیی دایناوە.

شاعیرانی هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەکانیان لەسەر ئەم کێشە بنیات ناوە، ئەم جۆرە کێشەشیان لە ڕێگەی کێشی شیعری شاعیرە عەرەب و فارسەکان وەرگرتووە و لە شیعرەکانیاندا پەیڕەویان کردووە. هەروەکو شاعیرانی کوردیش بەگشتی، بەزۆری کێشەکانی ڕەمەڵ و هەزەج و ڕەجەز و هەروەها چەند کێشێکی تریشیان بەکارهێناوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی سەرەوە، پێویستە چەند دێرە شیعرێکی جیاجیای ئەم

(٢٩) لە دەستنووسێکی بەڕێز کاک (جەوهەر غەمگین).
(٣٠) عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، بغداد، ١٩٩٢، ل(١٠).
(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).

شاعیرانە بێنینەوە و کێشەکانیان دەستنیشان بکەین بۆ نموونە:

نەژاد بەرزنجی (سەید محیەدین) دەڵێ:

دڵم پڕ بوو لەخەم گەردوون لەکوێ بێنم دڵێکی تر
هەتا لەژیانی داهاتووم وەدەس بێ بۆ خەمێکی تر[٣٢]

د/ ڵم/ پڕ/ بوو/ له / خەم/ گەر/ دوون/ له/ کوێ/ بێ/ نم/ د / ڵێ / کی/ تر

ب - - - ب - - - ب - - - ب - - -

هە/ تا/ لەژ/ یا/ نی/ دا/ ها/ تووم/ وە/ دەس/ بێ/ بۆ/ خە/ مێ/ کی/ تر

ب - - - ب - - - ب - - - ب - - -

واتە ئەم دێرە شیعرە لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی تەواوە)

مفا عیلن مفا عیلن مفا عیلن مفا عیلن
ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - - /
ب - - - / ب - - - / ب - - - / ب - - - /
مفا عیلن مفا عیلن مفا عیلن مفا عیلن

مەلا حوسێن شێخ سەعدی (فانی) یش دەڵێ:

گوفتاری فەلەک گردی سەری ئەم دەم و لەهجەت
ڕەفتاری فەلەک بێ بە فیدای گەردووش و لەنجەت[٣٣]

گوف / تا/ ری/ فە/ لەک/ گر/ دی/ سە/ ری/ ئەم/ دە/ م و / لەھ/ جەت/

- - ب ب - - ب ب - - ب ب - -

ڕەف/ تا/ ری/ فە/ لەک/ بێ/ بە/ فی/ دای/ گەر/ دوو/ ش و / لەن/ جەت/

(٣٢) لە دەستنووسێکی بەڕێز کاک (نەژاد بەرزنجی).

(٣٣) بەشیر حوسێن سەعدی، دیوانی فانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل(١٢)



- - ب ب - - ب ب - - ب ب - -

واتە ئەم دێرە لەسەر کێشی

(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووفە).

مفعول مفا عیل مفاعیل فعولن
- - ب ب ب - - ب ب ب - -
- - ب ب ب - - ب ب ب - -
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

(ناسیح حەیدەری)یش دەڵێ:

خاڵی سەر ڕووخساری یارم دانەیی داوی دڵە
دڵ وەکو مورغێکی برسی مەیلی داو دانی دەکا[٣٤]

خا/ ڵی/ سەر/ ڕووخ/ سا/ ری/ یا/ رم/ دا/ نە/ یی/ دا/ وی/ د/ ڵە/

- ب - - - ب - - - ب - - - ب -

دڵ/ وە/ کو/ مور/ غێ/ کی/ بر/ سی/ مەی/ لی/ داو/ دا/ نی/ دە/ کا/

- ب - - - ب - - - ب - - - ب -

واتە ئەم دێرە شیعرە لەسەر کێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە)

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن
- ب - - /- ب - - / - ب - - / - ب -
- ب - - /- ب - - / - ب - - / - ب -
فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

هەروەها قازی (ڕەشاد موفتی) لە (مەولوودنامەی کوردی)دا دەڵێ:

ڕۆژ و شەو زۆرم دەکرد فکرو وخەیاڵ
مەولودی کوردی بنوسم بێ میثال[٣٥]

ڕۆ/ ژو/ شەو/ زۆ/ رم/ دە/ کرد/ فک/ روو/ خە/ یاڵ/

(٣٤) شێروان حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٤).

(٣٥) ڕەشاد محەمەد موفتی، مەولودنامەی کوردی، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٦).

- ب - - - ب - - - ب -

مەو/ لو/ دی/ کور/ دی/ ب/ نو/ سم/ بێ/ می/ ثال/

- ب - - - ب - - - ب -

واتە ئەم دێڕە شیعرە لەسەر کێشی (ڕەمەڵی شەشی مەحزووفە).

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

- ب - - / - ب - - / - ب - /

- ب - - / - ب - - / - ب - /

فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن

دووەمیان: کێشی (پەنجە)یە: کە (سیلاب)یشی پێ دەڵێن و کێشێکی ڕەسەنی خۆماڵی کوردییە و لەسەر بنچینەی ژمارەی برگە دامەزراوە. بێ گومان وازهێنان لە کێشەکانی عەرووزی شیعری عەرەبی و نزیک بوونەوە و بەکارهێنانی کێشی پەنجە لە شیعری کوردیدا لە ڕێگەی تەنیا تاکە شاعیرێکەوە بڵاونەبۆتەوە، بەڵکو چەند شاعیرێک بەیەکەوە لەکات وساڵی جۆراوجۆردا هەریەک لە شوێنی خۆی هەوڵی بۆ داوە و بەکاری هێناوە. عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و شێخ نووری شێخ ساڵح و پیرەمێرد و گۆرانی نەمر و چەندین شاعیری تر، لە دەستپێکی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتیش لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو بەو لاوە ئەم جۆرە تەکنیکەیان لە بارەی کێشی شیعرییەوە پەیڕەوکردووە. کە بۆ ئەو سەردەمە ئەو جۆرە کێشە بەنوێگەرییەک دادەنرا لە شیعری کوردیدا.

هەرچەندە هەندێ لە شاعیرانی سییەکان و چلەکانی شاری هەولێریش لە هەندێ هۆنراوەیان لەو ماوەیەدا، ئەم جۆرە کێشەیان بەکارهێناوە هەروەکو هەندێ لەشیعرەکانی (عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی و ئیبراهیم هوشیار و مەغدید سۆران)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ماوەتەوە و کەم بەکارهێنراوە. بەڵام لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی وەکو (عەلی فەتاح دزەیی و جەوهەر غەمگین و پیربال مەحموود و مەدحەت بێخەو)دا چەند قۆناغێک بەرەو پێشەوەچوو، تاوای لێهات بەکارهێنانی کێشی (پەنجە) بوو بەیەکێک لەتەکنیکە سەرەکییەکانی داهێنانی هونەری شیعری لە پەنجاکان لەم شارەدا.کێشی پەنجەی خۆماڵییش لەلایەن ئەم شاعیرانەوە لەسەر دوو



شێوە خۆیان دەنوێنن یەکەمیان کێشی پەنجەی خۆماڵی ساف و دووەمیشیان کێشی پەنجەی خۆماڵی تێکەڵاوە. ئەم چەند دێڕەی خوارەوەش نموونەی جیاجیای بەکارهێنانی کێشی پەنجەیە لای هەندێ لە شاعیرانی هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)دا: بۆ نموونە

(مەدحەت بێخەو) دەڵێ:

٥ برگە    ٥ برگە    ٥ برگە

وەرە بڕوانە    جوانی کوردستان    کاتی بەهارە    (١٥) برگەیە

ڕەنگینە تارای    دەشت و کێو و دۆڵ    مێرگ و گوڵزارە[٣٦] (١٥) برگەیە

٥ برگە    ٥ برگە    ٥ برگە

واتە ئەم دێڕە لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی سافی پێنج برگەیی شەش پێیە. هەروەها (مەغدید سۆران)یش دەڵێ:

٤ برگە    ٤ برگە

قارەمانی    نەبەردی ژین    (٨) برگەیە

هەڵۆی قەندیل    زۆزک نشین[٣٧] (٨) برگەیە

٤ برگە    ٤ برگە

واتە ئەم دێڕە شیعرە لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی سافی چوار برگەیی چوار پێیە. (عەبدولجەبار ئاغای کانی)یش دەڵێ:

٤ برگە    ٣ برگە

ئەم بەیتە بۆ    ژنانە    (٧) برگەیە

بۆ خراپ و    چاکانە[٣٨] (٧) برگەیە

٤ برگە    ٣ برگە

واتە ئەم دێڕە شیعرە لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی تێکەڵاوی (چوار + سێ) برگەییە.

---

(٣٦) مەدحەت بێخەو، هەندێ لە هۆنراوەکانی خۆی (دەستنووس)

(٣٧) مەغدید سۆران هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٧).

(٣٨) کەریم شارەزا، دیوانی کانی، کۆکردنەوەی (مۆفەق ئەکرەم کانی)، بەغدا، ١٩٨٠، ل(٣٧).

### ٥- بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی:

بەکارهێنانی هونەرە جیاجیاکانی ڕەوانبێژی یەکێکە لە خاسیەتە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بەم پێیە شاعیرانی هەولێر هەردەم هەوڵیانداوە هەروەک شاعیرە کلاسیکییەکان بەگشتی، گرنگییەکی زۆر بەلایەنی هونەری و جوان کردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان بدەن. هەروەها گرنگییەکی باشیشیان بەو جوانییە داوە کە لە ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێ و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە. ئەمانەی خوارەوەش دیارترین ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەن کە لەلایەن ئەم شاعیرانەوە لە ماوەی دیاریکراودا بەکارهاتوون و هۆنراوەکانی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند و بریقەدار و بەپێزکردووە.

### ١- لێکچواندن:

یەکێکە لە هونەرە ڕەوانبێژییە زۆر بڵاوەکان و شاعیرانی هەولێریش بۆ بەهێزکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان یەکجار زۆر بەکاریان هێناوە و لەلای گشتیان بەدی دەکرێ. بریتیشە لە چواندنی شتێک بەشتێکی تر وەک بڵێی شتێک هەیە و ئەوشتە لای تۆ ئاشکرا نییە و نایزانی، ئەو کەسەی کە قسەت لەگەڵدا دەکات ئەوشتە دەچوێنێ بەشتێک کە ئەویان بەلای تۆوە ناسراوە و دەیزانی واتە چواندنی شتێکی سیفەت کرد بەشێکی سینەت زەق. بۆ نموونە شاعیری هەولێری (مەلا مەسعود بێبەش) دەڵێ:

هیچە دونیا چەند سەرنجی لێ ئەدەم وەک پیاوی هیچ
غەم مەخۆ زانیت کە هیچە خۆت مەخە قەت داوی هیچ[٣٩]

لێرەدا شاعیر هەوڵی داوە (هیچێتی دونیا) بۆمان ڕوون بکاتەوە و بیچوێنێ بە(پیاوی هیچ) کە لەلای هەر کەسێکدا سیفەتەکانی ڕوون و ئاشکرایە.

هەروەها شاعیری هەولێری (ئیبراهیم هوشیار) دەڵێ:

شاه نشاهی خووبانە لەنێودا کچی کوردی
قەد عەرعەر و دەم غونچە ڕوی ماهی خودا بوو

(٣٩) مەلا مەسعود بێبەش، دیوانی بێبەش، هەولێر، ١٩٨٧، ل(١٥).



لە ب لەعل و برژانگ تیر و برۆ عەینی هیلالن
باریک تەن و دووبسکی وەکو ماری سیابوو
چاو ئاسک و سینە سەدەف و گەردەنی مینا
چارۆگە هەتا دامەنی پڕ شەرم و حەیابوو[٤٠]

لەم چەند دێڕەدا شاعیر کۆمەڵێک لێکچواندنی یەک لەدوای یەکی هێناوە لەوانەش (قەد عەر عەر)، (دەم غونچە)، (ڕوی ماهی خودا بوو)، (برژانگ تیر)، (برۆ عەینی هیلالن)، (دووبسکی وەکو ماری سیابوو)، (چاو ئاسک)، (سینە سەدەف).

(میهری)یش لە هۆنراوەیەکی پڕ هەست و سۆزدا دەڵێ:

تاقمی شۆخان لەباخان گەردشی گولزار ئەکەن
هەر بەعی شوەو ناز و خەندە خەلق لەڕوح بێزار ئەکەن
چاوڕەش و ئەبرۆ هیلالی عەر عەری قەدن هەموو
تیری موژگانن بەجارێ جەرگ و دڵ زامدار ئەکەن
زولفی چین چین کولمی ئاڵ و لێو وەک لەعلن هەموو
هێند بەشەوقن مانگ وئەستێرە خەجالەت بارئەکەن[٤١]

لەم هۆنراوەیەشدا کۆمەڵێک لێکچواندنی جوان بەرچاو دەکەوێت، لەوانە: (ئەبرۆ هیلالی عەرعەری قەدن)، (تیری موژگانن)، (لێو وەکو لەعلن).

### ٢- خوازە:

خوازە پێچەوانەی (دروستە)، بێ گومان هەر وشەیەک لە هەر زمانێکدا بێت لە بنەڕەتا بۆ مانایەکی تایبەتی دانرابێت، پێی دەوترێت دروست. بەڵام خوازە بریتییە لەوەی کە وشەیەک بۆ مانای دروستی خۆی بەکار نەهێنرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستی تر بگەیەنێ.

(٤٠) کەریم شارەزا، ئیبراهیم هوشیاری شاعیری وەسف، گۆڤاری کاروان، ژ(١٢)، ئەیلول ١٩٨٣، ل(٤٧-٤٨).

(٤١) عەزیز گەردی، دیوانی میهری، سلێمانی، ١٩٧٧، ل(٥١).

خوازە لای شاعیرانی هەولێر بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت و لە رووی بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە بەپلە دوو دێت لە دوای (لێکچواندن).

(بورهان جاهید) لە چوارینێکیدا دەڵێ:

بەعەقڵ و نەفسی بەسراوە ئینسان
نەفسی بۆ سەیران عەقل بۆ گریان
گریانە دەرگەی فەرەح و خۆشی
سەیرانە رێگەی ئازاری ژیان[٤٢]

لێرەدا شاعیر بیرێکی فەلسەفی دەخاتە روو و هەردوو وشەی (گریان و سەیرانی) جگە لە مانای دروستی خۆیان بەمەبەستی (ناخۆشی و خۆشی) بەکاری هێناون.

هەروەها لە چوارینێکی تریشدا دەڵێ:

قەت بێ صفەت تر نەمدی لە بەشەر
یادی خوای ئەکات لەکاتی زەرەر
وەختێ کە دەستی رۆییو گەورە بوو
ئەخوا و ئەزەری زیاتر لەکەر[٤٣]

بێ گومان دەستەواژەی (دەستی رۆییی) بەمانای دروستی خۆی هیچ مانایەک ناگەیەنێ، بەڵام شاعیر لێرەدا وەکو (خوازە) بەکاری هێناوە مەبەستیشی یا دەوڵەمەندییە یاخود پشت بەستنە بە بەرپرسی گەورە.

(نەژاد بەرزنجی)یش دەڵێ:

(نەژاد)پێت خۆش بێ یان ناخۆش هەمووکاری ژیان وایە
کە هەوری ماتەمێک لاچوو ئەچێ بۆماتەمێکی تر[٤٤]

لێرەدا شاعیر (هەوری) وەکو خوازە بەکارهێناوە بەمەبەستی (ناخۆشی)و رووداوی دڵتەزێن دایناوە.

(٤٢) بورهان محەمەد عەبدولرەحمان جاهید، فەلسەفە و چوارینەکانی (جاهید)، هەولێر، ١٩٨٥، ل(٣٠).

(٤٣) بورهان محەمەد عەبدولرەحمان جاهید، چوارینەکانی جاهیدی، بغداد، ١٩٨٢، ل(١٠).

(٤٤) لە دەستنووسێکی بەرێز (نەژاد بەرزنجی).



هەروەها شاعیری هەولێری (نووری) دەڵێ:

ماهی رووخسارت بە چەتری زولفەکەت مەی پۆشە لێم
بۆتەماشای رووت حەبیبم روخصەتم دە بابیێم[٤٥]

لێرەدا شاعیر (ماهی) وەکو خوازە لەبری (دەموچاو) بەکارهێناوە بەڵگەشمان بۆ ئەمە هێنانەوەی (نیشانەیەک)ە لەنیوە دێری دووەمدا کاتێ دەڵێ (بۆ تەماشای رووت).

**٣- درکە:**

"ئەوەیە کە راستە و راست ناوی شتێک نەبەی بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستە هێما بۆکراوەکە بچێ"[٤٦].

شاعیرانی هەولێر زۆر سەرکەوتوانە (درکەیان) بەکارهێناوە، بۆ نموونە (بورهان جاهید) دەڵێ:

تاکەی بەباکەین ئێمە کۆنەکا
تاکەی بچوێنین رۆژمان بەتکا
لەم رێگە دوورە تەیرێکم نەدیت
بگاتە ئامانج هەر باڵی شکا[٤٧]

لێرەدا شاعیر (بەباکردنی کۆنەکا)ی وەکو درکە بەکارهێناوە و لەبری (زۆر گوتنەوەی قسەی کۆندا) گوتویەتی.

مەلا حوسێن شێخ سەعدی (فانی)یش دەڵێ:

باکم چییە لە دەوری فەلەک چی دەکا بکا
جارێ منی بلند نەکرد چۆنم لەعەرز ئەدا

(٤٥) سەردار میران، دیوانی نووری، بەغدا، ١٩٨٣، ل(٣٦)

(٤٦) عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم (رەوانبێژی)، بغداد، ١٩٧٢، ل(٨٨)

(٤٧) بورهان محەمەد عەبدولرەحمان جاهید، فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید، هەولێر، ١٩٨٥، ل(٤٤).

بێ باکە فانی لە فەقر و فەنا چونکە هەردەمێ
دەستم لەسەر دڵم بێ گەوهەر بێ عەدەد دەدا[٤٨]

شاعیر وشەی (گەوهەری) وەکو درکە بەکارهێناوە و بەمەبەستی (نەفس بەرزی و دەوڵەمەندی) داینایوە.

### ٤- ڕەگەزدۆزی:

"ئەوەیە کە دوو وشە یا پتر بێنی، لە ڕواڵەتدا وەکو یەک وابن یابەیەک بچن، بەڵام هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت کە جودا بێ لە واتای وشەکانی تر"[٤٩] ڕەگەز دۆزیش (دوو) جۆرە:

١- ڕەگەزدۆزی تەواو: بریتییە لەوەی کە دوو وشە یا پتر لەم چوار شتەی خوارەوە وەکو یەک بن و مانایان جودا بێ[٥٠]:

أ- ژمارەی پیتەکان
ب- جۆری پیتەکان
ج- شێوەی پیتەکان
د- ڕیزی پیتەکان

٢- ڕەگەزدۆزی ناتەواو: جا ئەگەر بێت و دوو وشەکە لە یەکێ لەم چوار شتە یەک نەبن و لە هەر سێ یەکەی تر یەک بن ئەوکاتە ڕەگەزدۆزی ناتەواوی لێ دروست دەبێ، چونکە بەتەواوی هەر چوار مەرجی لێ نەهاتۆتە دی[٥١].

شاعیرانی هەولێر بەڕێژەیەکی باش ئەم هونەرە ڕەوانبێژییەیان بەکارهێناوە بۆ نموونە:

مامۆستا (گیوی موکریانی) دەڵێ:

(٤٨) بەشیر حوسێن سەعدی، دیوانی فانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل (١٧).
(٤٩) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم (جوانکاری)، هەولێر، ١٩٧٥، ل(٧).
(٥٠) عەزیز گەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥).
(٥١) هەمان سەرچاوە پێشوو، ل(١٥).



ئۆخەی پێش مردنم بیستم لە کوردان هەڵکەوت سەردار
ئیتر من ئامادەم بۆ کوت و زنجیر و بۆ سەردار[٥٢]

هەردوو وشەی (سەردار) لەنیوە دێڕی یەکەم و (سەردار) لەنیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی ڕەگەزدۆزین. (بورهان جاهید)ش دەڵێ:

وەرن ڕۆ ڕۆ بکەین و با بڵێین کانی بڵێین کانی
هەتا مردن بڵێین کانی، بڵێین کوا مامی بورهانی؟[٥٣]

شاعیر لێرەدا سێ جار وشەی (کانی) بەکارهێناوە، جاری یەکەمیان مەبەستی (کانی) شاعیرە کە نازناوی شیعری عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچییە، جاری دووەمیان بەمانای (کوانێ) بەکاریهێناوە کە لە دیالێکتی هەولێردا بە(کانی) بەکاردێت، لە جاری سێیەمیشیاندا بۆ هەمان مەبەستی دووەم داینایوە.

### ٥- پات کردنەوە:

"ئەوەیە هۆنەر یا نووسەر وشەیەک یا دەستەواژەیەک یا ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ"[٥٤] هەر بۆ نموونە (نەژاد بەرزنجی) دەڵێ:

هەر بەتێکۆشین بەتێکۆشین ئەبێ
ڕۆژی تۆش هەڵبێ کە کوردستانەکەت بگرێتەوە[٥٥]

شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری) دەڵێ:

بەڵام ئێستا ڕەقیبی من کراسی دولبەرە دولبەر
تەماسی ئەو لەگەڵ یارە هەموو وەخت و ڕۆژێ[٥٦]

(٥٢) د. کوردستان موکریانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٥٣) بورهان محەمەد جاهید، لە یادی کانی، گۆڤاری هەتاو، ژمارە (١١٢)، ٣١/١٠/١٩٥٦.
(٥٤) عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٧).
(٥٥) لە دەستنووسێکی بەڕێز (نەژاد بەرزنجی)
(٥٦) سەردار میران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣١)

### ٦- پۆشین:

بریتییه له وشەک که دوو مانا بگەیەنێت یەک لەماناکانی دوور بێت، یەکێکی تر له ماناکانی نزیک بێت، واته یەکسەر ماناکەی دەزانرێت[٥٧].

بۆ نموونه شاعیری هەولێری (مەدحەت بێخەو) دەڵێ:

وا (هەتاو) تیشکی بەتینی خۆی ئەدا
بۆ زمان وسوودی کورد هەڵمەت ئەبا[٥٨]

بێ گومان مەبەست له وشەی (هەتاو) لێرەدا گۆڤاری (هەتاوە) لەبەر ئەوەی لەنیوه دێڕی دووەمدا نووسراوه (بۆ زمان و سوودی کورد هەڵمەت ئەبا).

### ٦- بەکارهێنانی قاڵبی شیعری:

١- تاک: بریتییه لەیەک دێڕە شیعری سەربەخۆ کەمانایەکی تەواو دەگەیەنێ[٥٩]. لەم بارەیەوە مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) دەڵێ: "تاک ئەوەیە کە هۆنەر هەندێ جار هەندە بیرێکی بۆ پەیدا ئەبێ و ئەیخاتە ناو هۆنراوێکی تەنها و ئەم هۆنراوە ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نییە خۆی بۆ خۆی سەربەخۆیە"[٦٠]. د. مارف خەزنەداریش دەڵێ: "ئەم جۆرە شیعرە بۆ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و وتەیێکی کورتی دانایانه و بیرێکی ژیربی فەلسەفییانەدا دادەنرێ"[٦١].

لەلای هەندێ شاعیرانی هەولێریش لەماوەی دیاریکراودا، ئەم جۆرە تاکە دێڕە شیعرییە سەربەخۆیانە بەمەبەستی دەربڕینی بیرێکی تایبەت بەکارهاتوون.

بۆ نموونە (مەلا مەسعود بێبەش) دەڵێ:

(٥٧) عەزیز گەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٠)
(٥٨) له دەستنووسێکی مامۆستا (مەدحەت بێخەو).
(٥٩) د. عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر، ١٩٩٩، ل(١٩٤).
(٦٠) عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە له ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٦٧، ل(١٧١).
(٦١) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل(١٦١).



کەس بەکورد ناوەستێ تەنیا خائینانی کورد نەبێ
لێکی ناکا دۆست و دوژمن تاکو ئەستۆی ورد نەبێ[٦٢]

(ناسیح حەیدەرییش) دەڵێ:

چەند نەزانە ئەو کەسەی بۆ ئەم حیهانە غەم بخوا
چونکە خوا هەر خۆی دەزانێ کێ دەکات و کێ دەخوا[٦٣]

(فانی)یش دەڵێ:

خەتت هات زولفەکەت لەرزی لەسەرخاڵی سیە گۆیا
حەبەش بۆچین لەتێلیدا کە هیند و ڕۆمە شەڕیانە[٦٤]

دکتۆر (عەبدوڵڵا نەقشبەندی هەرشەمی)یش دەڵێ:

سەرت بەرز و دەمت خۆش و دڵت پاک
هەموو جەژنێ وها بیت چوست و چالاک[٦٥]

٢- مولەممەع: ئەو هۆنراوەیەیە کە بەزیاتر لە زمانێک ڕێک دەخرێ. بێگومان لە شیعری کوردیدا بۆ مەبەستی مولەممەع زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکار دەهێنرێن. شاعیری کورد لەم جۆرە هونەرەدا هەوڵدەدا هەندێ نیوە دێڕ یا دێڕی تەواوی شیعر بەزمانێک یا زیاتر لەو سێ زمانە دەربڕێ، دیارە دەبێ لەمانادا هەموو ڕستەکان بەزمانە جۆراوجۆرەکانەوە لەگەڵ یەکتری بگونجێن و مەبەستی گشتی شاعیر بەدەستەوە بدەن[٦٦].

هەندێ لە شاعیرانی هەولێر وەکو (کانی و نووری و فانی و میهری) ئەم جۆرە هۆنراوەیەیان داهێناوە، بەڵام بەگشتی لای شاعیرانی هەولێر لە ماوەی دیاریکراودا زۆر کەم بەدی دەکرێ.

(٦٢) مەلا مەسعود، بەشێک لە دیوانی بێبەش. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦١).
(٦٣) شێروان حەیدەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٢).
(٦٤) بەشیر حوسێن سەعدی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٦).
(٦٥) هەرشەمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٥).
(٦٦) دکتۆر مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٨).

(محەمەد شەریف میهری) دەڵێ:

لە خۆشی و سیحەت ئێستا گەرچی دوورم
ئەسـیـری دەرد و زیللەت، حەپسی ژوورم
(فـــلا اقطع رجـــائی منک یـارب)
کـە بێ هێـزم، زەعـیـفم، بێ شـعـورم[٦٧]

٣- موستەزاد (زیادکراو): موستـەزاد هونەرێکی شیعرییە و بەو هۆنراوەیە دەڵێن دوای هەر لەتێک (نیوە دێڕێک)، تیکەیەک یان چەند تیکەیەکی بەکێش و سەروای تایبەتییەوە بۆ زیاد بکرێت[٦٨]. لێرەدا قاڵبی هەرە باوی موستـەزادی کلاسیکی ئەوەیە دوای هەر لەتێک تیکەیەک زیاد دەکـرێ، بەمـەرجێ ئەم تیکە زیادەیە کـە دەچێتە سەر هەموو نیوە دێڕەکانی شیعرەکە هەموویان لەسەر یەک کێش و یەک قـافـیـە بن. بەڵام ئەوە هەیە کـە ئەگـەر هۆنراوە بنەڕەتیـیـەکـە بەتەنیا بێ و بەبێ زیادەکان بخوێندرێتەوە،مانا بەدەستەوە دەدا و غەزەلێکی ئاساییە. بەڵام زیادەکان ئەگەر بەتەنها وەکو بەرهەمێکی تایبەتی بخوێندرێتەوە مـانای تەواو بەدەستـەوە نادەن. بەڵکو ئەم زیادانەی هەر نیوە دێڕێک دەبێ بە شیکەرەوە و ڕوونکەرەوەی ئەو نیوە دێڕە غەزەلەی کەدەچێتە سەری[٦٩]. شاعیرانی هەولێر زۆر بەدەگمەن ئەم جۆرە قـاڵـبە شیـعـرییـەیان بەکـارهێناوە. تەنانەت لەلای زۆربەیاندا بەهیچ جۆرێ بەرچاو ناکەوێ، تاک و تووک لەلای هەندێکیاندا نەبێ بۆ نموونە شاعیری داهێنەر(مەدحەت بێخەو) دەڵێ:

| | |
|---|---|
| گـەر لە ڕێگە تاسـەربی | بێ وەسـتـان |
| بۆ گەل بێ گیان و سەربی | بێ وچـــان |
| وەک دارێکی بێ بەر بی | بۆ ژیـــان |
| ئەو حــەلە تێکۆشـەری | بـۆ شـادی |
| بۆ هۆز و گـــەل ڕابەری | لەیـــادی[٧٠] |

(٦٧) عەزیز گەردی، دیوانی میهری، سلێمانی، ١٩٧٧،ل(٨٢).
(٦٨) د. عەزیز گەردی، سەروا، هەولێر، ١٩٩٩، ل(٢٨٦).
(٦٩) د. مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٨).
(٧٠) دستنووسێکی بەڕێز مامۆستا (مەدحەت بێخەو)



٤- غەزەل: بریتییە لە پارچە هۆنراوەیەکی کورت لەسەر یەک کێشی عەرووز و یەک سەروادا دەبێ. لە بارەی ژمارەی دێڕەکانییەوە ڕاوبۆچوونی جیاجیا هەیە، (عەلائەدین سـەجـادی) دەڵێ: "مـەگـەر بەدەگـمـەن نەبێ ئەگینا لە دە یا دوانزە هۆنراو تێپـەڕ ناکـا"[٧١]. دکـتـۆر مـارف خـەزنەداریش دەڵێ" هەندێ لەسـەر ئەو باوەڕەن کە لەسێ دێڕەوە غــەزەلی پێ دەوترێ، هی تریش دەڵێن، لە حـەوت دێڕەوە دەست پێ دەکـا، هەروەها لەبابەت ژمـارەی گشـتی دێڕەکـانییـەوە دیسـانەوە بیـروڕای جیـاواز هەیە. هەندێ دەڵێن تا دەگاتە دوزادە دێریش هەر غەزەلە، هی تریش دەیگەیێننە پازدە دێر، هی واش هەیە دەڵێـن تـا هەژدەە دێـریش هـەر غــــەزەلـە و لە پـاشـــــانـا دەبێ بەقەسیدە"[٧٢].

لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە دیارە کە غەزەل زیاتر پەیوەندی بەهەست و سۆزی ناوەوەی شـاعـیـرەوە هەیە و لە عـیـشق و دڵداریدا خـۆی دەنوێنێ. ڕووی دەمی شـاعـیـر لە ناوەوەی خـۆیەتی و مـامـەڵە لەگـەڵ سـۆزی هەڵچوونی خـۆی دەکـا[٧٣]. بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە بابەتی غـەزەل تەنیا دڵـداری بێ، بەڵـکو چەندین بابەتی تری وەکو (زانیـاری و سـۆفـیـزم و فـەلسـەفـە و کـۆمـەلایـەتی و ڕەوشت و شـانـازی و شین)یش بەخۆوە دەگرێ[٧٤].

شاعیرانی هەولێر لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨ بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر (غەزەلیان) داهێناوە و لە دیوانەکانیان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاویان کردۆتەوە.

ئەم نموونـەیەی خـوارەوەش غـەزەلێکی شـاعـیـری هەولێـری (نەژاد بەرزنجی)یە کە ناوەڕۆکێکی (کۆمەلایەتی)هەیە:

ئەی هەژاری بێکەس و دڵ پڕکـەدەر بێ ئیـشـوکـار
وابە پێخـواسی و بەسـەرکۆتی ئەسوڕێیی شار بەشار
مـەست و بێـهـۆشی لە دەس بێـدادی و بێکاریا
وامنیش مـەسـتم بەمـەی نۆشی و دڵشـاد و خـومـار

(٧١) عەلائەدین سەجادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٨).
(٧٢) د. مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٥).
(٧٣) د. عەزیز گەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٥٧).
(٧٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٢٥٧).

نیوە پۆشی ئەو جلەی واچڵکن و شرشان بەدەر

وامنیش قاتا لەبەر ما خاوەنی کۆشک و تەلار

تۆ لەسەر خاکا ئەگەوزێنی شەوانت بێ نوین

وامنیش خەوتوم لەسەر تەختێکی پڕ نەقش و نیگار

قرچە قرچی هاوینان و لەرزەکی زستان چەژی

وامنیش هاوین هەوارم پڕ لە خونچە و مێرخوزار

تۆ لەبۆ یەک نانی جۆ هەڵمەت بەئاسمانا ئەبەی

وامنیش هەنگوین و ڕۆنم بۆنەتە جۆگە و ڕووبار

هۆشمەندی تۆ بەیەک ئانەی قەڵب ناکڕم ئەمن

وامنیش پارەم لەگیرفانایە هەردەم دێتە کار

ئایشە کوێری گوێ درێژیش تۆ بەدەستت ناکەوێ

وامنیش حۆری لە دەورمدا ئەسووڕێن بێ ژمار

واهەژاری ئاگرێکە هۆشمەندیتی سووتاند

هیچ نەبێ من هۆشمەندنیم تابیم وەک تۆ هەژار[٧٥]

٥- قەسیدە: بەگشتی غەزەل ئەگەر لە ڕووی ڕووخسارەوە لە هەژدە یاخود بیست دێڕ تێپەڕی کرد دەبێ بەقەسیدە، قەسیدەش بۆ ڕووداوی درێژ و قسەی زۆر بەکار دەهێنرێ، بەتایبەتی ناوڕۆکی قارەمانیەتی و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش دڵداری و ئاینیی و هی تریش دەبنە هەوێنی ئەم جۆرە شیعرە[٧٦]. گیانی مەلحەمی و ڕووداوی چیرۆکیی لە هەندێ قەسیدەدا دەبینرێ. بەگشتی مەیدانی قەسیدە فراوانە و نزیکەی هەموو جۆرە بابەتێکی ئەدەبی و فیکری دەگرێتەوە[٧٧].

هەندێ لە شاعیرانی هەولێر قەسیدەی جیاجیایان لە بارەی بابەتی مێژوویی و

(٧٥) لە دەستنووسێکی بەڕێز شاعیری هەولێری (نەژاد بەرزنجی).

(٧٦) د. مارف خەزنەدار، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی، ڕووخسار و ناوەرۆک، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٩٣)، ١٩٩٢، ل(١٣).

(٧٧) د. عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٥٧).



شکۆمەندی خۆشەویستی و نیشتمانی و ئاینیی داناوە، بۆ نموونە قەسیدەی (هەولێر)ی[٧٨] بورهان جاهید، قەسیدەی (شۆڕش)ی[٧٩] پیربال مەحموود، قەسیدەیەک لە بارەی ناوچەی (موکریانەوە)[٨٠] لەلایەن مامۆستا (گیوی موکریانی)، قەسیدەی (پیری زانایان)[٨١]ی شێخ عەبدوڵلای هەرشەمی، هەردوو قەسیدەکەی "داستانی شێخ ئەحمەدی جزیری و ڕابیعە خاتوونی خوشکی بەدرخان پاشا"[٨٢] و "مێژووی بنەماڵەی حەیدەرییان"ی[٨٣] ناسیح حەیدەری، هەروەها هەردوو مەولوودنامەی کوردیی ڕەشاد موفتی[٨٤] و مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی[٨٥].

## ٧- داهێنانی وێنەی شیعری:

لە سەردەمێکی زووەوە شاعیر و نووسەرە گەورەکانی جیهان لە پەیوەندی نێوان شیعر و وێنەکێشانەوە دواون و لە سەردەمێکی زووی گریکەکانەوە "شیعریان بەوێنەکێشانێکی بە وشە و وێنەشیان بەشیعرێکی بە هێڵ کێشراو داناوە"[٨٦].

وێنەی شیعریی وێنەیەکی هونەرییە لە ڕێگەی وەسفکردنێکی سەرکەوتووانە و بە بەکارهێنانی هونەری لێکچواندن و ئاوەڵواتا و میتافۆر و درکەوە دروست دەبێت و دەبێ لەباری بێ ئاگایی شاعیرەوە بخولقێ نەک بەزۆر لەخۆکردن دروست ببێ و تام و چێژی ئەفراندنی تێدانەبێ. وێنەی شیعرییش دوو جۆری سەرەکی هەیە[٨٧]:

(٧٨) بوڕهان محەمەد جاهید، چوارینەکانی جاهیدی، بەشی یەکەم، بغداد، ١٩٧٩. ل(١٣٧).

(٧٩) پیربال مەحموود، (شۆڕش) هەڵبەست، کەرکووک، ١٩٥٧.

(٨٠) د. کورستان موکریانی، دیوانێکی شیعری گیوی موکریانی، دەستنووس.

(٨١) هەرشەمی، دەستەگوڵ (دیوان)، بغداد، ١٩٨٩، ل(٢٨).

(٨٢) شێروان حەیدەری، دیوانی حەیدەری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(١٩١).

(٨٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠٣).

(٨٤) ڕەشاد محەمەد موفتی، (مەولوودنامەی کوردی)، هەولێر ١٩٩٨.

(٨٥) د. عەبدولحەکیم عوسمانی ساڵح، هەندێ لە هۆنراوەکانی مامۆستا (مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی)، (دەستنووس)

(٨٦) کەریم شارەزا، وێنەی شیعریی لە هۆنراوەکانی دوو شاعیری نوێکار و دوو شاعیری نوێخوازدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٧٨)، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٢، ل(٣٤).

(٨٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٥).

١- وێنەی چەسپاو: ئەو جۆرە وێنەیەیە کە هەست بەجووڵەی پێکهاتەکەی ناکرێ و بەزۆری کاری ڕستە شیعرییەکەی ڕابردووە یان کاری بێ هێزە.

٢- وێنەی جوڵاو: ئەو جۆرە وێنەیە دەگرێتە خۆ کە هەست بەجووڵە و بزووتنەوەی پێکهاتەکەی دەکرێ و کاری ڕستە شیعرییەکەی ڕانەبردوون.

ئەگەر بمانەوێ وێنەی جۆری چەسپاو وەرگرین ئەوا دەتوانین بەیەک وێنەی نەگۆڕ بیکێشین، بەڵام جۆری جوولاو دەبێ بەچەند وێنەیەکی یەک لەدوای یەک دەری بخەین تاکو تابلۆیەکی ئاوێتەییان لێ دروست دەبێ.

هەندێ لە شاعیرانی هەولێر لە ڕێگەی وشەکانیانەوە تابلۆی زۆرجوان و ناسک و قەشەنگیان بۆ کێشاوین. ئەوەتا شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری) لە ڕێگەی چەندین لێکچواندنی یەک لەدوای یەک وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشەری خۆشەویستەکەیمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت.

ئەم کولمە و ئەبرۆیە وەکو بەدر و هیلالە
ئەم چاو و بژانگە کە دەڵێی عەینی غەزالە
سووراوە لەبی لەعلی تۆ بەم خوێنی جگەردا
دوورِ و صەدەفە واکە لەنێو یاقوتی ئاڵە
زولفەینی سیاهی نوورە دای پۆشییە حوسنت
لای دە کە گلوعی ببێ ئەو نووری جەمالە
ئەو گەردنە بەللورە وەکو بەفری کەژ و کێو
نەو ڕوومەتە ئاڵەت لەسەری نوختەیی خاڵە
سینەی تۆ وەکو باغ و گولستانە بەقوربان
ئەی بولبولی دڵ تۆ لەسەر ئەم باغە بناڵە
سۆراوە سەری سێوی سەر ئەم سینەیە جانە
وا شین بووە لەم باغە کە ئەم جووتە هەڵاڵە
مروەت بکە (نووری) کە وەها یەئسی ویصاڵە
گەر بێت و بەخۆت بیکوژی خوێنیشی حەڵاڵە![88]

(٨٨) سەردار میران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٧).



(مەدحەت بێخەو)یش وێنەیەکی فۆتۆگرافی زۆر ناسک و دڵگیری دەشت و چیا و دۆڵ و ناوچەکانی بەهاری کوردستانی لە ڕێگەی هۆنراوەیەکی پڕ هەست و سۆزدا بۆ کێشاوین

وەرە بڕوانە جوانی کوردستان کاتی بەهارە...
ڕەنگینە تارای دەشت و کێو و دۆڵ مێرگ و گولزارە
بۆ هەر لا بڕۆی هەر دڵ ڕفێنە و دیمەنی جوانە
گشت لا سروشتی ئەفسووناوییە خۆشی گەشتیارە
کێوانی بەرزی بەفرین و بەدار چەندە دڵگیرە
قەڵبەزەی تاڤگەی کەف زیوینی شاخ سۆمای ڕێبوارە
هەر کەژ و باخ و چەم و ڕووبارێک کە خۆی ئەنوێنێ
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن پڕ لەنیگارە
سروەی گوڵاوی پەخش و بڵاوە لە مێرگ و دۆڵان
مایەی سرووش و هەوێنی شیعر و چارەی بێمارە
گیاو دەغڵودان شنە شنیەتی هاتۆتە جومیش
خشەی گەڵای دار خوڕەی ئاوی چەم هاژەی ڕووبارە
بلبل ئەخوێنێ ئاوازی بەسۆز لە پۆپەی چڵان
قاسپە و چریکەی کەو و پۆڕ و مەل لەشاخ و دارە
لە دەم ڕووبار و چەم و سەرکانی و ناو لالە زاران
سەیران و گەشتە بەزم و زەماوەند لە گوند و شارە
ئاژەڵ بەشادی لە ماڵی و کێوی خول ئەدەن بەسۆز
لەناو مێرگی تەڕ لەوەڕ و یاری و باڕەیی کارە
جۆری گوڵانی ڕەنگین و جوانی هەردی پۆشیوە
چۆن وا بەخێرا بەمنی شەیدا دێنە ژمارە
هێرۆ و گوڵەباخ گوڵاڵە و مێخەک مێلاقە و شلێر
شیلانە و شەوبۆ سوسن و هەڵاڵە نێرگزە جارە
ئەشرەفی و نەسرین حاجیلە و بەیبوون ڕحان و کنێر
میناو پەلێزە وەنەشەو خەزێم گاگرۆی نازدارە[89]

(٨٩) لە دەستنووسێکی بەڕێز کاک (مەدحەت بێخەو)دا.

## ٨- دانانی نازناوی شیعری:

دانانی نازناوی شیعری یەکێکە لە کردەوە و سیفەتە هاوبەشەکان لای زۆربەی شاعیرانی کورد، شاعیرانی کلاسیکی بەزۆری ئەم نازناوەیان لە دێڕی دوایی یا پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەیەکدا تۆمار دەکرد.

لەبارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم نازناوە بەڕێز پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار دەڵێ: "هەندی جار ئەم نازناوە پێوەندی بەئایینێ یا بەبنەماڵە، یا سۆفیزم یا نیشتمانپەروەری یا موعوممما یا وەرگرتن لە شاعیرانی غەزەلی نەتەوەکانی تری موسڵمانەوە بووە"[٩٠]. هەروەها دەڵێ "بەزۆری ناز ناوی شاعیری سەردەم پێوەندی بەژیانی خۆی و کۆمەڵ وسیاسەت و خاک و نیشتمان و سامانی نەتەوایەتییەوە هەیە"[٩١].

زۆربەی شاعیرانی هەولێر نازناوی شیعرییان بۆ خۆیان داناوە تەنیا (پیرباڵ مەحموود) نەبێ. بۆ نموونە "فانی، کانی، حەیدەری، کۆزەپانکەیی، میهری، نووری، هوشیار، جاهید، نەژاد، هەرشەمی، ڕەنگەڕێژانی، موفتی، دزەیی، سۆران، بێبەش، غەمگین، بێ خەو" زۆربەشیان لەناو هۆنراوەکانیاندا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی پێیەوە بناسرێن.

بۆ نموونە (مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی) دەڵێ:

ئەرێ ئەی شارەکەی (ئۆرێل) نیشانەی ئیفتیخارت بێ
کە ناوی تۆ هەتا ئاخیر لە هەر دەور و زەمانێ دێ
لە خاکی نیشتمانی کورد یەکێ وەک (ڕەنگە ڕێژانی)
سەلامت بۆ دەنێرێ وا لەگەڵ بای سەبایێ دێ[٩٢]

(د. عەبدوڵڵا نەقشبەندی) هەرشەمی دەڵێ:

(٩٠) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، هەولێر، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ل(١٧٠-١٧١).

(٩١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، (١٧٠-١٧١).

(٩٢) کەریم شارەزا، مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، گۆڤاری هەولێر، ژمارە(١)، زستانی ١٩٩٨، ل(١٧٨).



لێو و سینە هەردوو "وافی" شێوەنن
ئەم کەجۆشی گرت ئەویش هاوارەکا
یادی زرار مفتاح لەبیری هەرشەمی
هەر دەمێنێ تاکو لێرە بارئەکا[٩٣]

## ٩- شیعری وەرگێڕدراو

بێ گومان شیعری وەرگێڕدراو خۆی لە خۆیدا داهێنانێکە، لەبەرئەوەی وەرگێڕ پێویستە سەرکەوتوو بێ لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی گونجاو و جوان و ڕێکوپێک بۆ ئەوەی بیرۆکە ڕەسەنەکە بە باشترین شێوە بگەیەنێتە خوێنەر.

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)یشدا شیعری وەرگێڕدراومان هەیە لەم بارەیەوەش بزووتنەوەی شیعری لەم شارەدا قەرزارباری ڕۆژنامەگەرییە بەتایبەتی ڕۆژنامەی (هەولێر) کە لەنێو لاپەڕەکانیدا چەندین شیعری وەرگێڕدراومان لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بەرچاو دەکەوێ. سەرەڕای ئەمەش (عەبدولجەبار ئاغای کانی) زۆر وەستایانە توانیویەتی قەسیدەی (لەیل و مەجنون)ی شاعیری تورک (فضولی) لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری کەم بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕێ. کە تیایدا داهێنانێک و توانایییەکی زۆری نواندووە، چ لە ڕووی زمان چ لە ڕووی داڕشتنی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا. لە کتێبێکی سەربەخۆش مامۆستا (گیوی موکریانی) لە چاپخانەکەی خۆیدا بەچاپی گەیاندوە[٩٤]. هەروەها (شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندیش) هەندێ لە (مەسنەویە) فەلسەفییەکانی (جەلالەدینی ڕۆمی) بەشێوەیەکی جوان لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. (پیرباڵ مەحموود)یش دەستێکی باڵای لەم بارەیەوە هەبوو، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی هەندێ لە هۆنراوەکانی خۆی کە بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی. هەروەها (ناسیح حەیدەری) زۆر هونەرمەندانە هۆنراوەیەک و هەندێ دێڕی تاک تاکی تورکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بێگومان ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوانە بەڵگەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی زمانی کوردییە لەم شارەدا. بۆ نموونە شێخ جەلال شێخ جەمیل

(٩٣) هەرشەمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٣).

(٩٤) عەبدولجەبار ئاغای کانی، لەیل و مەجنون، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ٢٥٧٣ کوردی.

نەقشبەندی (نووری) لە بەشێک لە مەسنەوییەتەکانی جەلالەدینی ڕومیدا دەڵێ:

گوێ بگرە لەنەی سەرگوزشتەی جان دەکا
هەر لە دەست جەوری جودایی گریە بۆ جانان دەکا
لەو کاتە کامنیان لە قەمیشەڵان بڕی یان
وا لە ناڵە و فریادم ژن و پیاو دەگریان
یەخەی کراسی هەر کەسێ لە عەشقدا دڕابێ
دەبێ لەحیرصی دونیا بەتەواوی شورابێ(٩٥)

## ناوەڕۆک

### ١- بابەتی دڵداری:

"شیعری دڵداری یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیات و شیعر دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتیش لەناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەرئەوەی شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێت"(٩٦).

شیعری دڵداری بابەتێکی سەرەکییە لەچاو بابەتەکانی تری شیعر لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکەسایەتی و ناخ و هەست و دەروون و چێژی شاعیرەوە هەیە، لە هۆنراوەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا کە شیعری کلاسیکی کوردیش بەشێکە لەوان، پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. بەگشتی شیعری دڵداری ئەو هۆنراوەیەیە کە پڕیەتی لە هەست و سۆز و وێنەی خۆشەویستی پیاو بەرامبەر بەئافرەت و هەروەها وەسفی ئەو پەیوەندییەی کە بەیەکتریانی دەبەستێتەوە تێدایە.

بەپێی ڕای لێکۆڵەر و ڕەخنەگران سێ جۆرمان لە شیعری دڵداری هەیە(٩٧):

١- دڵداری بۆ لاساییکردنەوە، واتە: شاعیر هەر بۆ ئەوەی دیوانی شیعری لە مەبەستێکی گەورەی شیعر چۆڵ نەبێت شیعری دڵداری وتووە.

(٩٥) شێخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی، چەپکی سێیەم لە دیوانی نووری، هەولێر، ١٩٨٧، ل(٥٥).

(٩٦) دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، ١٩٧٩، ل(٥٢).

(٩٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٢-٥٣)



٢- شیعری دڵداری ڕاستەقینە کەئەمەیان لای شاعیرانی سۆفی بەعەشقی مەجازی دادەنرێت. ئەم چەشنە زۆرتر واقیعییە، با لە ڕووی ڕووخسارەوە، وشەکاری نا واقیعی بۆ بەکارهاتبێت، دیارە جوانی دڵدار لەم بەشەدا زۆرتر بەدەوری جوانیی لەشدا دەسوڕێتەوە.

٣- ئەوەیە کە سۆفیان عەشقی حەقیقی پێ دەڵێن، سەرنەکەوتنی لە عەشقی سەرزەمیندا شاعیر بەرەو خەیاڵ و عەشقی ئاسمانی دەبات.

شاعیرانی هەولێر بەگشتی شیعری دڵدارییان داناوە و بەکارهێناوە، هۆنراوەکانی خۆیانیان پێ ڕازاندۆتەوە و دەوڵەمەند کردووە. ئەو هۆنراوە دڵدارییانەش کە نووسیویانە زیاتر بۆ مەبەستی یەکەم و دووەم بووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مەبەستی سێیەم بەهیچ شێوەیەک بەکار نەهاتووە، بەڵکو لای هەندێکیان پەیڕەوکراوە، بەڵام لە چوار چێوەیەکی تەسکدا ماوەتەوە. (بابەتی دڵداری) لەلای هەندێ لە شاعیرانی هەولێر بەسەر بابەتەکانی تردا زاڵە واتە زیاتر پەیڕەوکراوە. هەر بۆ نموونە لای (پیرباڵ مەحموود) زۆربەی هۆنراوەکان لە قاڵبی دڵدارین لەیەکێ لە هۆنراوە دڵدارییەکانیدا دەڵێ:

گەنجی و جوانی هەموو لای تۆیە     کام تاج لە نرخی دوو تاجی تۆیە
کە خۆشەویستی تەختی خۆی دانە     دیتم جێی تەختی لە دڵی تۆیە
بڕژێنە سەری گیانی پڕسۆزت     تەختی دڵداری قابیل بەتۆیە
ئایا ئەزانی بۆ دەریاشینە؟     چونکە ئاوێنەی دوو چاوی تۆیە
جوانی و گەنجی گەر بەشەڕ هاتن     بزانە گشتی هەر لەبەر تۆیە(٩٨)

(عەلی فەتاح دزەیی)یش لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە لە خۆشەویستی دەدوێ و دەڵێ:

چ ڕازێکی نهێنە خۆشەویستی     چ سحرێکە دڵان لێکتر دەبەستی؟
لە پیرێکی خەراباتم کە پرسی     پیاڵەی پڕ شەڕابی گرتە دەستی
فرێکی ئەم شەڕابەی ئێزەدانی     نیشانیدام بلێسەی جاویدانی
لە پشت پەردەی نەزانین و نەمانا     جوانی، خۆشەویستی، زیندەگانی(٩٩)

(٩٨) پیرباڵ مەحموود، بەهەشتی دڵداری، کەرکوک، ١٩٥٨، ل(٢١).

(٩٩) عەلی فەتاح دزەیی، خرۆشان و ڕامان (دیوان)، هەولێر، ١٩٨٧، ل(١٠١)

(مەغدید سۆران)یش لە هۆنراوەیەکی پڕ هەستی دڵداریدا و بەر لەوەی چاوی بەخۆشەویستەکەی بکەوێ بەچەند چرکەیەک دەڵێ:

ناترسێم هیچ کات لە هەناسەی سارد
ناترسم هەرگیز لە گۆنای زەرد
ترسم لەوەیە کاتی دیدار
لە خۆشی واخۆشی بمرم بەبێ دەرد(١٠٠)

جەوهەر غەمگین دەڵێ:

شەو و ڕۆژ بۆت ئەناڵم
تۆیت چیرۆکی خەیاڵم
ناتوانم کە بێمە لات
مەلم، شکاوە باڵم(١٠١)

**٢- بابەتی سیاسی و نەتەوەیی:**

بێ گومان ماوەی نێوان ساڵانی **١٩٣٥-١٩٥٨**، هەروەکو پێشتر لە باسی (باری سیاسی شاری هەولێر) لەو ماوەیەدا تیشکم خستەسەر، پڕیەتی لە ڕووداوی سیاسی جۆراوجۆر. لەوانەش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی **١٩٣٩** و کۆتایی هاتنی و لەناوبردنی نازییەت و دیکتاتۆرییەت، سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیەتی جۆراوجۆر، تەشەنەکردنی بیری ئازادی و سەربەخۆیی لەلای گەلان، ئەمە بەگشتی و بەتایبەتیش گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناو عێراق و لە سەرووی هەمووشیان بارودۆخی کورد و نەبوونی کیانێکی تایبەت بۆ کورد و بێبەش بوونی لە مافەکانی و بەرپابوونی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان و دروستبوونی چەندین حزب و ڕێکخراوی نەتەوەیی و سۆشیالیستی و هەروەها گەشەسەندنی بیری ناسیونالیستی لەو ماوەیەدا. کاتێ شاعیران لەناو ئەم جۆرە دەوروبەرە پەروەردە بووبن شتێکی ئاساییە کە پێیانەوە کاریگەربن و شیعر وەکو چەکێک بەکاربهێنن بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەدۆخی سیاسی و بێبەش بوونی نەتەوەکەیان لە کەمترین

(١٠٠) مەغدید سۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٣).

(١٠١) دەستنووسێکی بەڕێز کاک (جەوهەر غەمگین)



مافەکانی خۆی. شاعیرانی هەولێرییش کە لەناو جەرگەی ئەم ژینگەیەدا دەژیان، هۆنراوەکانیان پڕیەتی لە هەستی نەتەوەیی و بیروبۆچوونی سیاسی و دەیان هۆنراوەیان لەم جۆرە نووسیوە.

هەر چەندیشە شیعری سیاسی و نەتەوەیی وەکو بابەتێکی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا ڕەگ و ڕیشە و سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (مەلا جزیری و ئەحمەدی خانی) لە سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زایینی و، لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا لەسەر دەستی (حاجی قادری کۆیی) وەکو شاعیرێکی بەرزی نیشتمانپەروەر، چەند قۆناغێک بەرەو پێشەوەچوو، بەڵام لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەپێی ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەم بۆ کردن و بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بەرپابوو هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی گڕوتینێکی بەهێزی بەخۆوە بینی و بوو بە بابەتێکی شیعری سەرەکی لای زۆربەی شاعیران، بۆیە سەیر دەکەین لەو ماوەیەدا چەندین شاعیری بەرزی نەتەوەپەروەر پەیدا بوون، لەناو ئەمانەشدا شاعیرانی هەولێر ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لەشیعری سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستاندا بینی.

بۆ نموونە بەڕێز مامۆستا (مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی) لە هۆنراوەیەکی سیاسیدا دەڵێ:

بژی فیصلی ثانی ملکی ب اتفاقی
تاقانەی داکو بابی ڕووناکی چاوی عێراقی

تا دەگاتە:

یاخوا وەزیرەکانت مخلص بن لۆمەکانت
ئەزیەتی شەعب نەدەن لێ ی گلەیی نەکەن بەاطلاق
متصرفی لواکان رئیس عالی مکان
حق وایە شعب لەوان فێربی سیرت و اخلاق
گەر عدالت لەدەست بێ چ شار بێ چ لە دەشت بێ
هەموو جێت پێ بەهەشت بێ کاسب بە بەاشتیاق
ئومێد وایە ملکمان ڕازی نەبی بەظلمان
بپرسی حالی خزمان دفع کا ظلم و شقاق

ئەگەر هەموو موظف عدل بن و بەشەرەف
حدیان چی یە اغاو کویخا ظالم بن و بەد اخلاق[١٠٢]

ئەمەش نموونەیەکی نەتەوەیی (مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی)یە بەناونیشانی (یادی وەتەن):

هەڵئەسەم وەختی بەیانی سەیری کوردستان ئەکەم
دیقـقەتی باخ و گوڵانی جەننەتی عەدنان ئەکەم
پێی ئەڵێم سائەی وەتەن من هێندە بۆ تۆ موخلیسم
ڕوح وگیانی خۆم لەبۆ تۆ گەر بڵێی قوربان ئەکەم
جار بەجار گەر من لەبۆ تۆ ئاهو ناڵەم بێ وەتەن
حەققە بۆ من، چونکە بۆ کورد ناڵە و ئەفغان ئەکەم
ئەم دڵەی من گەرچی نازانێ کەمەئیوسی چییە.
ئەم چیا پڕ دەرد و غەم من چەند ئەبینم ژان ئەکەم
قەترەیێ فرمێسک ئاخۆ لائەبا دەرد و غەمم؟
یانە بۆ لاچوونی زیللەت خزمەتی کوردان ئەکەم[١٠٣]

(میهری)یش لە هۆنراوەیەکی پڕ هەستی نەتەوەییدا بەم جۆرە هەڵوێست و دەروونی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ:

وەتەن ماتم، وەتەن بۆ تۆ حەزینم
وەتەن بمرم، وەتەن بۆتۆ نەمێنم
فیدای تۆیە هەموو لاوی وڵاتم
بەبێ تۆ ئەی وەتەن بۆ چییە ژینم
وەتەن بێ نوورە دیدەم، بێ قەرارم
وەتەن بۆ تۆیە من ئاهو ئەنینم[١٠٤]

---

(١٠٢) د. عەبدولحەکیم عوسمان مەلا ساڵح، سەرچاوەی پێشوو.

(١٠٣) مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی، یادی وەتەن، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٦)، ساڵی پێنجەم، حوزەیرانی ١٩٤٤.

(١٠٤) عەزیز گەردی، دیوانی میهری، سلێمانی، ١٩٧٧، ل(٢٦).



**٣- ستایش:**

"ستایش بریتییە لە دەرخستنی گشت ئاکامە جوان و سەرنج ڕاکێشەرەکان لە کەسێکدا و ستایشکردنی"[١٠٥]. ئەمەش دەبێ بەدوو جۆر:

١- ستایش بەمەبەستی قازانج وەرگرتن.

٢- ستایشی پاک و بێ خەوش: ئەمەش بەپێچەوانەی ستایشی یەکەمە و لە سۆزێکی قووڵ و ڕاستگۆیانە بەرامبەر کەسەکە و گەورەکردنی هەڵدەقوڵێ، لە ماوەی ئەو ئاکامە جوان و بەرزانەی کە پاڵ بەشاعیرەوە دەنێن بۆ دەرخستن و بڵاوکردنەوەیان، نزیکتریشە لە دەروون و زووتر دەگەنە دڵ، هەستکەیشی پاکترە لە هی یەکەم[١٠٦].

شاعیرانی هەولێر ئەم جۆرە بابەتە شیعرەیەیان بەکارهێناوە جێگای ئاماژەشە ستایش کردنی خوای گەورە و پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ)، لەلایەن هەندێ لەم شاعیرانە تاڕادەیەکی باش بەرچاو دەکەوێت، ئەم جۆرە ستایش کردنەش دەتوانین لە قاڵبی بابەتی ئاینییش دابنێین.

(ناسیح حەیدەری) لە ستایش و پاڕانەوە لە خوای گەورە و تاک و تەنیادا دەڵێ:

خالیقی کەون و مەکانی تۆی کە رب العالمین
ڕازقی ئینسان وجانی تاوەکو دێتە جەنین
(ماورا العقل)ە ئەعمالت، شەریکت بۆ نییە
تۆی کە (غفار الذنوب)ی ڕۆژی حەشرم یاموعین
ڕوو ڕەشی ئەعمالی خۆمم کردەوەی چاکم نییە
تۆی کە (ستار العیوب)ی بۆ عیبادەت موستەعین

تا دەگاتە

ڕووی لە دەرگەی تۆیە (ناصح) هەر بەزکری یا غەفوور
ڕەحمەتت واسیعە خوایە بۆ (جمیع المدعین)[١٠٧]

---

(١٠٥) د. شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، ١٩٨٩، ل(٣٤).

(١٠٦) د. شوکریە ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٤-٣٥).

(١٠٧) شێروان حەیدەری: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٥).

شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری)یش لە ستایشی دوا پێغەمبەراندا دەڵێت:

پرتەوی نووری هیدایەت کائیناتی شوعلەدا
شوعلەیی شەمعی نبوەت نووری ئەنواری هودا
یەعنی زاتی پاکی طاها هەم موحەممەد هەم ئەمین
چاوەنۆڕی ڕەحمەتی تۆن شاهو سولتان و گەدا
گەوهەری تاجی ڕیسالەت دوڕڕی ناوی ئەنبیا
جیسم و جان و ماڵ و ڕوحم بێ لەژێرخاکت فیدا(١٠٨)

(گیوی موکریانی)یش لە ستایشی سەرکردەی کورد (قازی محەمەد)دا هۆنراوەیەکی نووسیوە بەناوونیشانی (گوڵی سەربەستی باغچەی موکریان) و تیایدا دەڵێ:

ئۆخەی چەند خۆشە دەنگوباسی کوردی کەوتە نێو جیهان
بەسەرکردەی کاوەی ئەمڕۆ قازی هەڵۆ پێشەوای کوردان
لە موکریانم ڕۆژهەڵات لە باوەش قازی دەژی ئاوات
هیوادارم گشت کوردستان بەسەرکردەی ببێ نەجات
بەخوێنی سەد هەزار لاو و فرمێسکانی ژن و منداڵ
بەیداخی ئیستیقلال بەدی دەکرێ لەسەربانانی هەمووماڵ(١٠٩)

### ٤- لاواندنەوە (شیوەن):

یەکێکە لە مەبەستە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بریتیشە لە دەربڕینی ئەوپەڕی هەستی سۆز و خۆشەویستی مرۆڤانەی ڕاستەقینە بەرامبەر بەمردوویێک، واتە زمانی دڵتەنگی و مەینەتییە "شێوەکەی نەرمە، بەڵام نە بەنەرمی غەزەل، توندوتیژە، نە بەئەندازەی دلێری"(١١٠).

(١٠٨) شێخ جەلال شێخ جەمیلی نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).
(١٠٩) د. کوردستان موکریانی، سەرچاوەی پێشوو (گیوی موکریانی)
(١١٠) عەلائەدین سەجادی: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، بغداد، ١٩٦٧، ل(١٦٧).



شاعیرانی هەولێرییش هەروەکو خەڵکانی شارەکەی خۆیان، کەسانێکی بەسۆز و خاوەن ویژدانی ڕاستەقینەن، بۆیە چەپکێک هۆنراوەی زۆر جوان و ڕێکوپێکیان لەم جۆرە بابەتە شیعرەییە پێشکەش بەکاروانی شیعری کوردی لەم شارەدا کردووە، هەر یەکەیان بەپێی جۆری بەسەرهاتی خۆی شیعری لاواندنەوەی نووسیوە. هەر بۆ نموونە (پیربال مەحموود) لەلاواندنەوەی خۆشەویستەکەیدا دەڵێ:

لەسەر گۆڕت وەکو بولبول ئەناڵێنم هەتا ماوم
دوای ڕۆیینی تۆ گێتی هەموو ڕەش بوو لەبەرچاوم
سەراپا کوڵخەنی ژیلە و زوخاڵە گیانی سوتاوم
هەموو فرگەی خەم و ئێش و گرینە ژینی ڕووتاوم(١١١)

ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەش نموونەیەکی شیوەنی شاعیری هەولێری (کانی)یە لەلایەن شاعیری هەولێری (بورهان جاهید)ەوە تیایدا دەڵێ:

سەد حەیف کانی کە ڕۆیی لە دەس ئازاری نەفەس
بولبولی زاری بەڕەڵڵا بوو لەناو داوی قەفەس
چۆن لەبۆ شاعیری وا بەرز و نەوەی دۆغرەمەچی
کانی گفتوگۆ، سوخەن شیرین و ئوستادی هەوەس
چەند بەلوتف و کەرەم و موحتەرەم و خوش قسە بوو
زینەت و ڕەونەقی ئەم عەصرە بوو زوو دەرچوو لەدەس(١١٢)

(گیوی موکریانی)یش لەلاواندنەوەی (حوزنی) برا گەورەیدا دەڵێ:

برای نازدار و پشتیوانم ڕۆ
جێگای ئومێدی کورد زمانم ڕۆ
هەی داد هەی بێ داد کوێراییم دایێ
کاکم لەکوێیە بۆچ دەنگی نایە...؟(١١٣)

(١١١) پیربال مەحموود، بزەی سروشت (دیوان)، بەغدا، ١٩٨٤، ل(١٦٧).
(١١٢) بورهان جاهید، شیوەنی (کانی)، گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (٩٧)، ساڵی (٤)، (٢٠)ی مایسی (١٩٥٧).
(١١٣) د. کوردستان موکریانی، سەرچاوەی پێشوو.

مامۆستا (مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی)یش لەشیوەنی (شێخ مەحموودی نەمردا) دەڵێ:

تاجی سەری کورد سەروەری ساداتم ڕۆ
مایەی عزی وطن دافعی ئافاتم ڕۆ
بابگرییین لە هەموو لایەوە مسکین و ذلیل
قورپەسەر خۆ کەین بڵێین ڕاهی نجاتم ڕۆ(١١٤)

**٥- بابەتی ئاینیی و مەولوودنامە:**

یەکێ لە سیفەتە گشتییەکانی سروشتی پێکهاتەی خەڵکی شاری هەولێر بریتییە لە تەواو پابەندبوونی خەڵکەکە بەبنەماکانی ئاینیی پیرۆزی ئیسلام، بەتایبەت لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بۆیە ئەم حاڵەتە لەلایەن شاعیرانیش ڕەنگی داوەتەوە و گرنگییەکی تەواویان پێ داوە و چەندین هۆنراوەی تایبەتییان لە بارەی خوای گەورە و پێغەمبەرمان (د.خ)و ئاینیی ئیسلام و قورئانی پیرۆز داناوە. هەروەها داهێنانی (مەولودنامەی کوردییش) بەشیعر یەکێکە لە داهێزاوەکانی شاری هەولێر لەم بارەیەوە خوالێخۆشبوو قازی (ڕەشاد موفتی) بەسەر قافڵەی شاعیران دادەنرێت هەروەکو دەڵێ:

وا بەناوی خوا دەکەم من ابتدا
تابە ئەمری خۆشەویست بێ اقتدا
ڕەحمەتی زۆر و سلامی خوای مبین
سەر محمد بێ شفیع المذنبین
هەم لەسەر آلی عباد و اصحاب و یار
تاقیامەت هەر دەمێکی صەد هەزار
بەو زمانی کوردیەی شیرین زمان
بحثی گەورەی هەردوو عالەم کەم بیان
بانەڵێن کوردی نییە مدحی نەبی
من وەهام نووسی کەس قسەی نەبی(١١٥)

(١١٤) د. عەبدولحەکیم عوسمان کۆزەپانکەیی، سەرچاوەی پێشوو.
(١١٥) ڕەشاد محەمەد موفتی، مەولوودنامەی کوردی، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٣-٤).



**٦- مەی نۆشی:**

یەکێکە لە مەبەستەکانی داهێنانی شیعری، لەم بارەیەوە مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێ "سەرچاوەی مەی نۆشی لە خۆشییەکەوە هەڵئەستێ کە لە خودی مرۆڤەکەدا بەهۆی هەندێ سۆزی دەروونییەوە دروست دەبێ. وشەکانی نەرم و بەئاوازەیە و گوزارشت لە خۆشی و هەڵپەڕکێیەکی نەوسی ئەدەنەوە ئەگەر ورد بکرێتەوە گوزارەکەش وشەکە ئەخاتە سەما"(١١٦). د. شوکریە ڕەسووڵیش دەڵێ: "یەکێکە لە مەبەستەکانی شیعری ویژدانی، شاعیران بۆ ماناو مەبەستی جیاجیا هەست و نەست و سۆزیان دەردەبڕن، ئەم شیعرە لە خولیاو خودی شاعیردا دروست دەبێ"(١١٧). شاعیرانی هەولێر هۆنراوەکانیان لەم بابەتە شیعرییە بێبەش نەکردووە و شیعرەکانی خۆیانیان پێ بەپێز و ڕازاوەتر کردووە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی (مەی)یەوە هەرچی پەستی و ئازار و ناخۆشییەی لە دڵ و دەروونیاندا پەنگی خواردۆتەوە بەلاوەی بنێن. بەزۆریش (مەیان) وەکو ئامرازێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکارهێناوە.

وێنەی ئەم جۆرە هۆنراوەیەش لەلای شاعیرانی هەولێر زۆرن، بۆ نموونە (مەسعود بێبەش) دەڵێ:

ساوەرە ساقی دەما دەم تێکە بۆم بادەی شەراب
لێدە موتریب تۆش لە عود و ساز و سەمتور و ڕوباب
یار چ خۆشە بێتە ئەم بەزمە لە خیلوەت دانیشین
دەست لە گەردەن دەم لەسەردەم بێتە گفتوگۆ و عیتاب(١١٨)

هەروەها (پیرباڵ مەحموود) دەڵێ:

بێنە بۆم تێکە ئەی مەی گێڕی مەست
قومێ لەم مەیە لەشەڕابی خەست
گەر خەستە من خۆم پەڕۆشی خەستم
گەر هەستە من خۆم حەز ئەکەم لەهەست

(١١٦) عەلائەدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦٣).
(١١٧) دوکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٠).
(١١٨) مەلا مەسعود بێبەش، دیوانی بێبەش، هەولێر، ١٩٨٧، ل(١٩).

من لەژیانا لە چۆلیـــــــەکــــــام
ئەمبڕێ وەکو نەشتەر و مقسەت
چەند چاو ئەگێڕم چیم نایەتە چاو
چەند دەست ئەگێڕم چیم نایەتە دەست[١١٩]

### ٧- شانازی:

بەیەکێک لە کۆنترین مەبەستە شیعرەییەکان دادەندرێ بریتیشە لە شانازی کردنی شاعیر بەخۆی یان بەکار و سیفەتە چاکەکانی بنەماڵەکەی یا عەشیرەتەکەی یا نەتەوەکەیەوە، یەکێکە لە لقەکانی ستایشی خودی. لەم بارەیەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێ: "ئەوجۆرە شیعرە پێوەندی بەتواناییی و شاعیرییەتێکی بەرزەوە هەیە. هەروەها دەبێ هەست و نەستێکی قوڵیشی تێدابێ، بەتایبەتی دۆزینەوەی ڕەستە بۆ بەراورد کردن. زمانی ئەو جۆرە شیعرە سفت و بەهێز دەبێ، هەندێ جاریش لە شانازی خۆ و بنەماڵە دەچێتە دەرەوە و خەریکی مێژوو و بەسەرهاتی نەتەوە دەبێ، وەکو شانازی کردن بەقارەمان و گەورە پیاو و کاربەدەست و زاناو داهێنەر و شاعیر و هونەروەری نەتەوە"[١٢٠] وێنەی ئەم جۆرە بابەتە شیعرییە لەلای شاعیرانی هەولێر لە هۆنراوەیەکی (کانی)دا خۆی دەنوێنێ و تیایدا شانازی بەنەفس بەرزی و بەشاعیرییەتی خۆیەوە کردووە و دەڵێ:

سەر فرۆناکەم بۆ عالەم چونکە عالی هیمەتم
ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم ڕەغبەتم
زاهیرم هەر مەردی مەیدانم وەکو شێری دلێر
گوێت لەبەیتم بێ دەکا ئیسپاتی نوتق و قووەتم
عاریفی عەسرم ئەدیبم حوڕ و سەربەست و فەهیم
بێ موحابا شاعیرم مەشهورە (کانی) شوهرەتم[١٢١]

(١١٩) پیربال مەحموود، سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٩).
(١٢٠) د. مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧٦).
(١٢١) کەریم شارەزا، دیوانی کانی، بەغدا، ١٩٨٠، ل(٢٧).



### ٨- هەجوو (داشۆرین):

بۆ کەم کردن و نزم کردنی پایەی کەسێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت، ئەو هۆنراوەیەیە کە خەوشەکانی ئەو کەسە دەژمێرێت یاخود دروستی دەکاو پێشانی دەدات، شاعیر لەم بابەتە شیعرییەدا مەسەلە گەورە دەکا و وشەو ڕستەی جینۆکاری بەکاردەهێنێ. دیارە ڕیسوا کردن ناچێتە ناو ڕەخنەوە، بەڵام هەموو جۆرە وردەکاری و جوانکاری (ئیستێتیکی) تێدایە[١٢٢]. بەگشتیش چەند هۆکارێک هەیە بۆ نووسینی ئەم جۆرە بابەتە شیعرییە، لەوانەش ڕووداوێکی نالەباری ژیانی کۆمەڵایەتی، جیاوازی چینایەتی، تۆڵەسەندنەوە، بۆ مەبەستی قازانج وەرگرتن، لەسەر هەڵوێستێکی سیاسی و ئایدۆلۆجی و... هتد.

(مەلا مەسعود بێبەش) یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی هەولێر لە داهێنانی ئەم جۆرە بابەتە شیعرییەدا. (نووری)یش لەم بارەیەوە چەند هەوڵێکی شیعری هەبووە، بۆ نموونە:

فەهم و ئیدراکت وەکو کەر ئەی کەری ئەولادی کەر
مەقسەدت هەجووە کە بیکەم هەر لە پێت تا تەوقی سەر
وا لە بوغز و حیدەتا ویستم تەجاوز زۆر بکەم
دەربکەم گشتی لەقەبرا خزم و ئەجداد و پدەر[١٢٣]

### ٩- وەسف

یەکێکە لە مەبەستە شیعرییە سەرەکییەکان، لەم بارەیەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێ "وەسف بۆ مەبەستی وێنەگرتنی دولبەر لە ڕووی جوانیی ئەندامی لەشیەوە بەکاردەهێنرێ، هەروەها باس کردنی کێشانی دیمەنی سروشت جێگەیێکی دیاری لە هونەری وەسف دا هەیە، جگە لەوە وەسف خەریکی هەموو ڕووداوەکانی سروشتیشە وەکو ئاژەڵ و زیندەوەر و ڕووەک، بۆ جەنگ و سوارچاکیش بەکاردەهێنرێ"[١٢٤]. ئەم

(١٢٢) د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧٦).
(١٢٣) سەردار میران، دیوانی (نووری)، بەغدا، ١٩٨٣، ل(٥٨).
(١٢٤) د. مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧٥).

بابەتە شیعرییە زۆر جاران لەگەڵ بابەتە شیعرییەکانی تردا تێکەڵ دەبێ، چونکە کاتێ شاعیر وەسفی دولبەری خۆی دەکات ئەوا هۆنراوەکەی لەگەڵ بابەتی دڵداریدا تێکەڵ بەیەک دەبنەوە، کاتێکیش وەسفی شەڕ و شۆڕ و سوارچاکیش دەکات ئەوا لەگەڵ دلێریدا یەکدەگرنەوە. زۆرجارانیش لەکاتی وەسفی زانایەک یاخود نووسەرێک یان شاعیرێک دەکرێت، ئەوا لەگەڵ بابەتی ستایشدا تێکەڵ بەیەک دەبن، هەندێ جاریش لەکاتی وەسفی دیمەنە جوانەکانی نیشتمانەکەیدا دەچێتە قاڵبی بابەتی نەتەوەیی. هەروەها وەسفی خەوشەکانی کەسێک و دیارخستنی سیفەتە خراپەکانی بریتییە لە (داشۆرین). واتە ئەم بابەتە شیعرییە سیفەتێکی زاڵە بەسەر زۆربەی بابەتە شیعرییەکانی تردا، زۆربەیان بەر (وەسف) دەکەون.

جیاوازی شێوەکەشی بەپێی وەسف کراوەکەدایە، سەیر دەکەی شێوەی بەهێز و تیژە لە شەڕ و لە دەنگی گرمەی هەور و لە کارەساتی ترسێنەردا، نەرمە لە دڵنەوایی و خۆشی و نۆشیدا پلەیەکی سەرنج ڕاکێشەر و ئاوازەی هەیە لەباسی پرشنگی ئەستێرە و تریفەی مانگ و جوانی گوڵ و دەنگی بولبول و دیمەنە جوانەکانی تردا[١٢٥].

لەلای شاعیرانی هەولێردا بەشێوەیەکی سەرەکی وەسفی دڵدار و خۆشەویستی و هەروەها دیمەنە جوانەکانی کوردستان بەسەر ئەوانی تردا زاڵە.

شاعیری بەهرەداری هەولێری (ئیبراهیم هوشیار)، لە هۆنراوەیەکدا بەناوونیشانی (کە من دێوانەیی تۆبم) بەزمانێکی مۆسیقی و ڕەوانبێژییەکی داهێنەرانە وەسفی جوانی (یار)ەکەی خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێ:

کە من دێوانەیی تۆبم، ئەتۆ بۆ مات و داماوی
دەڵێی تۆراوە دوونەرگس دیارە تازە گریاوی
بەقوربان ڕەنگە ڕووخسارت لە بازاڕی مەلاحەت دا
بەرابەر هاتبێ ئەمڕۆ لەگەڵ ڕۆژا کە کێشاوی
نیگارا قەت مەڵێ ڕووی من موقابیل خۆرە یەک نەوعن
لەترسی ڕوئیەتت وا ئەو لە کێوانە بەسووتاوی
نەفامی نەونەمامی شۆخی ئەی شاهەنشاهی یاران
لەهیچ نەوعێ بەشەر، بەخوا عەزیزم تۆ نەخولقاوی

(١٢٥) عەلائەدین سەجادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦١).



وەرە سەیری دڵمکە خۆت ببینە تێ دەگەی ئەوسا
کە تۆ حۆری بەهەشتی، خوایە کوێربێ بەد نەفەس چاوی
بەدەست وخامەی کوفرە،ناکرێ وەصفی جەمالی تۆ
لە ناحەز خۆت بپارێزە نەوەک بتخاتە ناوداوی[١٢٦]

### ١٠- بابەتی کۆمەڵایەتی:

زمان وەک تاکە ڕێگەو شێوازێک بۆ دەربرین لە بواری کۆمەڵایەتی لەلایەن کەسانی هوشیار و ڕۆشنبیر بەشێوەی دەربڕینی ڕازی بوون و ناڕازی بوون دەخرێتە ڕوو، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کەسەکان و دیاردەکانیشدا ئەنجام دەدرێت. شیعریش بنەماکەی زمانە و پەیامێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزی هەیە و کەرەسەیەکی گرنگیشە بۆ ئاراستەکردنی بۆچوونەکان و گوزارش کردن لە تێڕوانینەکاندا[١٢٧]. بەم پێیە شاعیرانی هەولێر هەوڵیان داوە لە هۆنراوەکانیاندا گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵ لە نەزانین و دواکەوتوویی و دەستکورتی و دابونەریتە هەڵەکان و لایەنە چەوتەکانی کۆمەڵ بخەنە ڕوو. لە هەمان کاتیشدا شاعیری هەولێری چارەسەری بۆ ئەم دیاردە نالەبارە کۆمەڵاتییانەش کە لەناو کۆمەڵەکەیدا باون داناوە. هەربۆ نموونە (محەمەد شەریف میهری) دەڵێ:

چۆن زەمانێکە ئیلاهی پڕ لە جەهل و وەحشەتە
زوڵمی مەرغووبە بەبێ حەد، ڕێی شەریعەت زیللەتە
بێ حەیایی و بێ وەفایی عالەمی داگرتووە
هەرچی بێ فێڵ بێ بەجارێ دڵی بەدەرد و میحنەتە
هەروەکو چێشت، چۆن بەبێ خوێ ناخورێت و ناکرێ
بێ درۆ ئەمڕۆ قسە بێ فەڕ و بێ لەززەتە
هەرچی ئەمڕۆ عالمێکی پڕ هونەربێ، چاوەکەم
بی درۆ و تەزویر و فیتنە شەخسەکی بێ ڕەغبەتە

(١٢٦) ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل)، ژمارە (٤٢)، (٢)ی تشرینی یەکەمی (١٩٥١).
(١٢٧) بەکر شاکر عەبدوڵڵا، عەلی فەتاح دزەیی (شاعیر و نووسەر)، (نامەی ماستەر) زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئاداب، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(٦٠).

مێشک دەکردن بەبۆمبا هەر لەلای ئەم عالەمە
فەلسەفە و ئاین و دین و هەم علووم و حیکمەتە[١٢٨]

### ١١- بابەتی فەلسەفی و پەند و ئامۆژگاری:

ئەم بابەتە شیعرییانە زۆر بەزەقی لەلای شاعیرانی هەولێر سەر هەڵدەدەن. لەم بارەیەوە داهێنانێکی زۆریان نواندووە. ئەو شاعیرە هەولێرییانەی کە خۆیان لەقەرەی ئەم بابەتانە داوە، لەڕێگەی ئەزموونی تایبەتی ژیانی خۆیانەوە چوونەتە ناو بابەتەکانەوە و بەهۆی هێنانەوەی پەند و وتەی فەلسەفییەوە ئامۆژگاری خەڵکەکەیان کردووە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە ژیان بگەن و شێوازێکی ڕێکوپێک لە ڕێڕەوی ژیانی خۆشیاندا بگرنەبەر. وردەکارییەکی زۆریان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی بیرە فەلسەفییەکان لە بوون و مردن و کەون و دادپەروەری و... هتد. هەروەها هەندێ لە شاعیرانی هەولێر لە ڕێگەی ناواخنی بابەتی شیعری ترەوەش ئامۆژگاری خەڵکەکەیان کردووە بۆگرتنەبەری ڕێگەی خوای تاک و تەنیا، ڕێگەی زانست و فێربوون، بەکار هێنانی (بیر) بۆ لێکدانەوە و هەڵوێست وەرگرتن... هتد. لە داهێنانی ئەم جۆرە بابەتە شیعرییانەدا (بورهان جاهید) بەسەرقافڵەی شاعیرانی هەولێر دادەنرێت، دەیان چوارینی فەلسەفی و ئامۆژگارییانەی داناوە. هەروەها چەند شاعیرێکی تریش لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەبووە و شیعریان داهێناوە.

(بورهان جاهید) دەڵێ:

ئینسان بزانێ لە مەعنای ژیان
تاکو مردنی ناکاتن زیان
سووک نابێ لەلای خزم و برادەر
ڕۆژ ئەباتە سەر بەگوێرەی میزان
ئەم ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و ئاسمان
ئەم ئاب و هەوا و ئەم عەردی واپان
دار و درەخت و جەمعی مخلوقات
هەمووی بەمەعنا دایناوە یەزدان

(١٢٨) عەزیز گەردی، دیوانی میهری، سلێمانی، ١٩٧٧، ل(٤١).



ئەم ژینە بێ سوود با نەبەینە سەر
لەعەقڵ و چاوە وەرگرین سەمەر
مەخلوقات زۆرە لەم ژان و ژینە
حەیوان حەیوانە بەشەریش بەشەر[١٢٩]

هەروەها لە چوارینێکیشیدا دەڵێ:

هەر چەندە عیلم تۆ فێربی لە ژین
موستەحەق نابێ قەت بەئافەرین
ئەبێ ئەدەبت پاک و پوختە بێ
ڕەوشتت چاک بێ خاڵی بێ لەکین[١٣٠]

## پەخشان

دەتوانین بڵێین پەخشان "هونەرێکی وتنە و هۆش و هەستی مرۆڤ پێشان دەدات و دوورە لەکێش و سەروادا"[١٣١]. لە ڕووی هونەریشەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە یەکەمیان پەخشانی هونەریی یاخود ئەدەبییە و، دووەمیشیان پەخشانی زانستییە.

ئەمەی دوایی بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە زانا و پسپۆرەکان نووسیویانە و ئامانج و ئەنجامیان دەرخستووە. ئەم جۆرە پەخشانەش بابەتێکی وشکە و دوورە لە سۆز و خەیاڵ و باسی ڕاستی و دروستی بابەتێک دەکات کە ژێریی بنچینەیەتی[١٣٢]. پەخشانی هونەریش، ئەو پەخشانەیە کە نووسەر بابەتەکەی پێ دەڕازێنێتەوە و ڕێکی دەخات. ئەویش بەپێی هەڵبژاردنی (ئەلفاز) و داڕشتنی لە ڕستەدا، چۆنێتی دەست پێ کردن و کۆتایی هاتنی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت، نووسەریش دەستێکی باڵای لە تاقیکردنەوەی گشتیدا هەیە بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی هونەرەکانی دەربڕیندا[١٣٣].

(١٢٩) بورهان محەمەد جاهید، چوارینەکانی جاهیدی (بەشی یەکەم)، بەغدا، ١٩٧٩، ل(٢٧).
(١٣٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣١).
(١٣١) د. شوکریە ڕەسووڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٥).
(١٣٢) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣٣).
(١٣٣) سەرچاوەی پێشوو ل(١٣٣).

بۆ نموونە ئەم پەخشانەی خوارەوە وێنەیەکی زیندووی پەخشانی هونەرییە لەم شارەدا کە پرۆفیسۆر (مارف خەزنەدار) بەزمانێکی کوردی پاراو و پڕ هەست و مۆسیقی نووسیویەتی.

"پەریبە جوانەکان لە ئاسمان سەمایان دەکرد، باڵە بچووک و ناسکەکانیان ئاوازی ژیانیان بلاودەکردەوە و پۆل پۆل لە ئاسۆی زۆر دووری ئاسمانەوە جوانییان ئەبەخشاند. خۆشیان ئەپرژاندە ناو هەناوی مرۆڤەوە و تریفەی مانگەشەو بەشنەی باڵەکانیانەوە رووی گوڵە جوانەکانی ئەم مێرخوزارەیان ئەلاوانەوە، گوڵەکانیش لە شەرمانا ئارەقیان ئەکرد و خوناوی سەر سینەیان ئەرژاندە ناو دەمی گیاسپی و زەرد و تینوەکانی دەوروپشتیان..."(١٣٤)

پەخشان بەشێوەیەکی گشتی لە رووی ناوەرۆکەوەش ئەم مەبەستانە دەگرێتەوە: پەخشانی کۆمەڵایەتی، پەخشانی سیاسی، پەخشانی ئەدەبی کە جۆرەکانی بەم شێوانەی خوارەوە دابەش دەکرێت: وتار، خوتبە، چیرۆک، چیرۆکی کورت و نۆڤل و رۆمان، شانۆگەری، ژیاننامە (یاداشت) (بیوگرافیا)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بیرۆکە (خاطرة)، دانان، لێکۆڵینەوە، نامە، وەرگێران، مێژوو، وتووێژ (مناظرة).

"پەخشانی نووسراو لە ئەدەبی کوردیدا چەند سەدەیەک دوای شیعر دەرکەوتووە، بێ گومان مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بەقسە و پەخشان دەستی پێ کردووە، بەڵام پەخشانی هونەریی لە رووی نووسینەوە دیارە وەکو شیعر نەتوانراوە کورت و چڕ و موسیقی بێ و ئەزبەر بکرێ، بۆیە سەرەتا و سەرهەڵدانی راستەقینەی پەخشان نەوەکو هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە ئەدەبی میللەتانی دیکەشدا پابەندە بەدەرکەوتنی چاپەمەنی و رۆژنامە و گۆڤار، بۆیە ئەدەبی کوردی لەم بارەیەوە بەگشتی قەرزاری رۆژنامەنووسییە"(١٣٥).

بەپێی ئەمەی سەرەوە و لەبەر کزیی باری چاپەمەنی کوردی لەنیوەی یەکەمی

(١٣٤) مارف خەزنەدار، لەپێناوی دڵپاکیا، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە(٩٤)، (٤)ی تشرینی دووەمی (١٩٥٢)

(١٣٥) هیمداد حوسێن، رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر ١٩٩٨، ل(١١٩).



سەدەی رابردوودا، یاخود بڵێین لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، جگە لە دیوانی شیعر چ کتێبێکی ئەوتۆی دیکە بەزمانی کوردی لەم شارە چاپ نەکراوە، بۆیە ناچار دەبین گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەم سەردەمە بکەین بەگۆڕەپانی سەرەکیمان بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی زادە و بیر و قەڵەمی نووسەران و رۆشنبیرانی هەولێر کە بەپەخشان نووسرابنەوە.

کەواتە سەرچاوە سەرکییەکانمان بۆ ئەم مەبەستە لە گۆڤاری رووناکی ١٩٣٥-١٩٣٦ و رۆژنامەی هەولێر ١٩٥٠-١٩٥٣ و گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠ و تارادەیەکیش گۆڤارەکانی گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩ و دەنگی گێتی تازە ١٩٤٣-١٩٤٤ خۆیان دەنوێنن.

جگە لەمانەش سیاسەتمەداران و خاوەن بیرەکانی ئەم شارە، دەورێکی دیاریان لە بلاوکراوە سیاسییە نهێنییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە، بەڵام بەداخەوە نووسراوەکان نەپارێزراون تاوەکو بتوانین زانستییانە سوودیان لێ وەرگرین.

گرنگترین جۆرەکانی پەخشان کە لەساڵانی دیاریکراودا لەبلاوکراوەکانی ئەم شارەدا بەرچاو دەکەون لە وتار و پەخشانی هونەری و کورتە چیرۆک و دوانددەری و تاک تاکەش شانۆگەری پێکهاتوون.

### ١- وتار:

دیارترین هونەری نووسینی ئەوسەردەمەیە، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی بەم شێوەیە پێناسە کراوە، (هونەرێکی ئەدەبییە بەشێوەیەکی سادە و کورت نووسەر لێی دەکۆڵێتەوە و بیروڕای خۆی تێدا دەخاتە روو)(١٣٦). لایەنێکی فراوانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی گرتۆتەوە و تیشکیان خستۆتە سەر بابەتەکانی ئەدەبی و نیشتمانپەروەری و پەروەردەیی و مێژوویی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و زانستی.

بەچاوپێخشاندنێک بەم وتارانەی لە هەولێردا نووسراون یاخود بڵێین بەقەڵەمی رووناکبیرانی ئەم شارەوە نەخش کراون بۆمان دەردەکەوێت کە لە رووی پاراویی زمانەوە و بەگوێرەی پێشکەوتنی زمانەکەمان لە قۆناغی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، تارادەیەکی چاک سەرکەوتوو بوینە...

(١٣٦) هیمدادی حوسێن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٥).

ئەوا مامۆستا حوزنی لە وتارێکدا دەربارەی شاعیری میللی (عەلی بەردەشانی) دەڵێت:

"عەلی: لە دێی (بەردەشانە) لە دایک بووە. بەردەشانە دێییێکە لەقضای مەرگە لە خاکی پشدەر بووە، علی هەر دیریک و سەربهوردێکی گەورەکانی کوردی بیستبێت و زانی بێتەوە بەشعر هەلی بەستووە بەڵام، هەرچەند نەش نووسرابێتەوە لە زبانان‌دا بەخێوکراوە و لە مجلساندا بەدەنگ و ئاوازە خوانی بێژراوە"[١٣٧].

بەڕێز شاکر فەتاحیش لە وتارێکدا بەناوی (ئاکرێ بابکرێ بەهاوینەهەوار) کە لە ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاوکراوەتەوە بەم شێوەیە دەدوێت: "ئاکرێ ئێستا شارێکی جوانکیلانەی خنجیلانە و هاوینەهەوارێکی نایابە، ١١٥٨ خانووە، ٥٠٠٠ کەس، نزیکەی (٥٠) کانیاوی سارد، (٥٠٠) ڕەز و باخ، بازاڕێکی (٢٢٤) دوکانی تێدایە، دەزگای ئاو و کارەبای تێدا دامەزراوە، سا خوا کاربەدەستان بخاتە سەر ئەوبیرە پیرۆزە. کە ئاکرێ وەک هاوینەهەوارەکانی تر بڕازێنرێتەوە و بخرێتە بەرچاو"[١٣٨].

بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕوانگەی بابەتەوە بەسەر وتارەکانی نووسەرانی هەولێر لە سەردەمی دیاریکراو، چ بەرهەمی بیر و قەڵەمی خۆیان بێ یا وەرگێڕان، دەبینین، هەمە جۆرە بابەتیان بەخۆوە گرتووە، ئەدەب، زمانەوانی، مێژوو، سیاسەت، ئایین، کۆمەڵایەتی، پەروەردە، فەلسەفە، کولتوور، دەروونزانی، هونەر...

واشم بەباشزانی کە هەڵبژاردەیەک لە چەند بابەتێک لەمانەی ئاماژەم پێ کردوون بخەمە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، تاوەکو وەک نموونەی زیندوو ئاستی هونەری وتار لە هەمەلایەنەکانیەوە لەم شارەدا پێشان بدرێت:

## ١- وتاری ئەدەبی:

وتاری ئەدەبی ئەو بیروڕایانەیە کە نووسەر بەزمانێکی پاراو و وشەی ڕازاوە و بۆچوونی چڕ و بەسۆز و ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە لەو بابەتە دەدوێ، کە پەیوەندە بە ڕێبازەکانی ئەدەب و چۆنیەتی پێشخستنی ئەو ئەدەبە بۆ ئاستێکی بەرز

(١٣٧) گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (٨) لە (٤) نیسانی (١٩٣٦)، هەولێر.

(١٣٨) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٠) لە ١٩٥١/٩/١٩، هەولێر.



و جوان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەوە[١٣٩]. بۆ نموونە لە وتارێکی ئەدەبیدا نووسراوە: "ئەی خوێندەواری هەتاوی بەڕێز... بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردیمان لە قەپێلکی تەنگو تورسک نەمێنێتەوە، پێویستە ئاگاداری هەڵبەستەکانی ئاراگون لە فەرەنسا و (تاگوور) لە هیندستان و (نیرۆدا) لەشیلی و گەلێ شاعیری نەمری وەکو (دیموسیە) و (لورکا)ی ئیسپانی و (شیلی) ئینگلیزی بیت"[١٤٠]

## ٢- وتاری سیاسی و نەتەوەیی:

سیمای نیشتمانپەروەری و پەرۆشی بۆ خزمەتکردن و بەرەوپێشەوەبردنی کێشە نەتەوایەتییەکەمان لە زۆر لە وتارەکاندا دیارە. شایانی ئاماژە پێ کردنیشە کە ناکرێت بەپێوەری ئەمڕۆکە وتارەکانی بڵاوکراوە ئاشکرایەکانی ئەوکاتی لە ڕووی لێدوان لە مەسەلەی کورددا هەڵبسەنگێنین، چونکە هەر نووسین بەکوردی و تەشەنە پێ کردنی ڕۆشنبیری بەزمانەکەی خۆمان خەباتێک بووە لەپێناو خزمەتی میللەتەکەمان.

کەچی لە پەخشاننامەیەکی نهێنیدا کە لە هەولێر دەرچووە و ئێستا دووبارە چاپ کراوەتەوە، زۆر بەزەقی لە قەرەی ئەم بابەتەدا دراوە. لە وتارێکدا بەناوونیشانی (گۆڕی "تضحیة" کردن بۆ ڕێگەی وڵات)، کە بێ گومان ناوی نووسەریشی نەنووسراوە، دەڵێت: "نیشتمانپەروەرینە گۆڕی کردن زۆر پێویستە بۆگەلی کوردی مظلوم، سەدحەیف و سەدمخابن کوردستان ببێتە زینی سواری دوژمن، ببێتە عەبدی عەبدان"[١٤١]. هەروەها لە گۆڤارێکی ئاشکرای وەک ڕووناکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە قەرەی ئەم بابەتەدا دەدرێت بۆ نموونە لەیەک لە ژمارەکانیدا لە وتارێکدا نووسراوە "ئازایی لە ژیانی میللەتەکان لە بەجێ هێنانی فکرەی قەومیەیە بەدڵێکی صاف و بێ ترس"[١٤٢].

هەروەها ژمارەیەک لە نووسەرانی وتارەکان خەمخۆریی خۆیان بۆ شاری هەولێر و

(١٣٩) هیمدادی حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣١).

(١٤٠) ع، بێمار، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٧٨، (١٠)ی تشرینی دووەمی ١٩٥٦.

(١٤١) تاریق جامباز، هەفتەنامەی گۆڤار، هەولێر، ١٩٩٨، ل(٣٤).

(١٤٢) شیت مستەفا، وعی قومیت و تجددی اجتماعی، گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (٢) تشرینی یەکەمی (١٩٣٥)، ل(٧).

پێویستییەکانی دەربڕیوە. ئەوا لە وتارێکدا داخی دڵ بۆ بێ ئاویی هەولێر درکاندراوە و نووسراوە "بەڵام جێگای ئەسەف و حیرەتە باغچەی بەلەدیەی شارێکی خاوەند شازدە کارێز و کانی لەتێنوان وشک ببێ و ماڵەکانی نێو شار لە تەنگانی بێ ئاویی بکێشن و دار و درەختەکانیان گەڵارێزانی تێکەوێ و قرچ هەڵێ وشک ببێ"(١٤٣).

هەر بۆ هەمان مەبەست نووسەرێکی دیکە دەڵێت "بەهاوینان ئەوانەی لە هەموو لایەکی عێراقەوە دێنە کوێستانەکانی شاخ و باخی کوردستان بەسەر ئەم شارە کۆنە تێپەڕ دەبن و چاوێکی تێدا دەگێڕن، جا بەم موناسەبەتانەوە دەبوایە شاری هەولێر زۆر خاوێن و ڕێکوپێک بێت بەڵام داخی گرانم..."(١٤٤).

لە وتارێکی سیاسیشدا بەناوی (لە دەرەبەگێتییەوە بۆ دەسمایەداری) داهاتووە و دەڵێت "لەگەڵ ئەمانەدا دەستەیەکی تر هەبوو کە ئەوانیش چینی کرێکارەکان بوون (Workers)، کرێکارەکان ڕەنجیان ئەدا، چینەکانی تر ئەیانخوارد..."(١٤٥).

## ٣- وتاری زمانەوانی:

نووسینێکی کورتی زانستییە دەربارەی هەندێ لە لایەنە شاراوەکانی زانستی زمان و دەستوورەکانی پێکهاتنی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی و پێوەندی بەکۆمەڵگاوە. بۆ نموونە لە وتارێکی زمانەوانیدا نووسراوە: "بێ گومان زبانی کوردی زبانێکی زیندوو و نەمرە هەزاران ساڵە خۆی لەبەر زەمانە گرتووە و بەگوێرەی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد گۆڕاوە... لەسەر نووسینی کوردیش دوو جۆرە بیر هەیە یەکێکیان پەسندی نووسین دەکا بەلاتینی، ئەوی کە بەپیتی عەرەبی، بەڵام نووسینی کوردی بەلاتینی پەسند دەکرێت لەسەر نووسین بەپیتی عەرەبی لەبەر ئەم ئەسبابانەی خوارەوە..."(١٤٦).

(١٤٣) حوزنی،گۆڤاری ڕووناکی، ژ ٢، تشرینی یەکەمی ١٩٣٥، ل(٦).

(١٤٤) عیزەدین فەیزی، شاری هەولێر، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٦)، کانوونی دووەمی (١٩٥١).

(١٤٥) عەونی یوسف، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٨) ساڵی پێنجەم، (١٩٤٤)

(١٤٦) جەلال تاڵەبانی، نووسینی کوردی بەلاتینی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٤، مایس، (١٩٥١)، هەولێر.



## ٤- وتاری زانستی:

وتاری زانستی ئەوەیە کە لە ناوەڕۆکدا ڕاستییەکی زانستی بەمرۆڤ دەگەیەنێ بەزمانێکی سادە دوور لە خەیاڵ و فانتازی و لەسەر بنەمایەکی ژیری(١٤٧). بۆ نموونە لە وتارێکی زانستیدا نووسراوە: "پێنسلین کەلەم شەڕەدا دۆزرایەوە لە عەجائباتی گب ئەژمێردرێت و گەلێ کەس ناوی بیستووە. ئینجا بۆ ئەوەی مەعلوماتێکی ڕاست لە بابەت ئەم دەرمانەوە بڵاو ببێت بەناو خەڵکا ئەم وتارەم بۆ گەلاوێژ کرد بەکوردی"(١٤٨).

## ٥- وتاری مێژوویی:

ئەو جۆرە وتارەیە کەباس لە بابەتێکی مێژوویی دەکات و بەشێوەیەکی زانستییانە ڕووداوەکان شی دەکاتەوە و دەیانخاتەڕوو. نووسەری ئەم جۆرە وتارەش پشت بەو زەمینە ئایدیۆلۆجی و ڕۆشنبیرییە دەبەستێت کە نووسەر خۆی پێوە لکاندووە. بۆ نموونە لە وتارێکی مێژوویی نووسراوە"میر علی کچکە (زین الدین) کوڕی بەکتەکین هەولێری، لە بنەماڵەی حکمدارەکانی کوردی هەزبانی چەند ساڵێکیان لە کوردستاندا حکمداری وەفەرمان ڕەواییان کردووە و ئەکەوێتە ژێرباری بیانیانەوە بەڵان لەکاتی (أقسنقری زەنگی)دا کە خاوەندی هەولێری بەدەست کەوتبوو،..."(١٤٩).

## ٦- وتاری کۆمەڵایەتی:

بابەتی وتاری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو دیاردانەی ڕۆژانەیە کە پێوەندییان بەچینەکانی کۆمەڵەوە هەیە نووسەری وتار ئەندامێکە لە کۆمەڵەکەیدا لەبەر ئەوە ڕۆڵی کارلێکەر و کارلێکراو دەبینێ. وتارە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو ناهەمواریيانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری هەستیان پێ دەکرێت و ئەو ڕێگەچارانەی کە دەبنە هۆی

(١٤٧) هیمداد حوسێن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣٤).

(١٤٨) د. هاشم دۆغرەمەچی، پەنسلین، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ساڵی شەشەم، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥، بەغدا.

(١٤٩) گیو موکریانی، مێژووی هەولێر، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٩٥، (١١)ی تشرینی دووەمی (١٩٥٢).

بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری یان ڕۆشنبیریی کورد. تەوەرە سەرەکییەکانی وتاری کۆمەڵایەتی منداڵ و گەنج و ژن و پیاو دەگرێتەوە[150]. بۆ نموونە لە وتارێکدا هاتووە: "ماڵی خاوەن کچ، خانمی خاوەن کچ لە خوابترسن کە لاوێک ئەیەوێ ببێتە هاوژینی کچتان ببێتە زاواتان، ئەبێتە کوڕتان ئەمەندە باری گران مەکەن و ئەوەندە تووشی دەستباو (قرض) و ئەوەندەی تر شەرمەزاری مەکەن"[151].

دیارترین وتارنووسانی نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)یش لە هەولێر ئەمانەبوون: حوسێن حوزنی، شیت مستەفا، عیزەدین فەیزی، عەلی چوکل بەرییە، محەمەد عەلی کوردی، زەکی هەناری، مارف خەزنەدار، فوئاد عیزەت، خەلیل خۆشناو، یوسف شێخ یەحیا، محەمەد شێخ ڕەشید، وریا ئەمین ڕواندزی، ڕەشاد موفتی، گیوی موکریانی، جەمال محیەدین، شاکر فەتاح، حەمدیە سابیر، جەمال جەمیل، سەلیم موختار، دکتۆر مەریوانی، مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی، نافع یونس، شێخەشەل، ساڵح حەیدەری، عاسم حەیدەری، عەونی یوسف، موسا سەمەد، د. هاشم دۆغرەمەچی، مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا، عەزیز محەمەد، عومەر دزەیی، محەمەد مەولوود (مەم)، عەبدولقادر قڕگەیی، محەمەد ڕوشدی دزەیی، ناهیدە شێخ سەلام، جەمیل ڕۆژبەیانی... هتد.

پێم باشە لە بارەی هونەری (وتار) نووسین لەم شارەدا ئەم چەند تێبینییەی خوارەوە ڕوون بکەمەوە:

١-بێ گومان گرنگترین دەرگەی بڵاوکردنەوەی ئەو سەردەمە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوون، لەبەرئەوەی کە وتاریش گونجاوترین هونەری دەربڕینی ڕۆژنامەگەرییە، بۆیە (وتار) لەو سەردەمەدا ١٩٣٥-١٩٥٨ بەشێوازی دەربڕینی سەرەکی دادەندرا.

٢- هەر پسپۆڕێک بۆی هەبوو (وتار لە بواری پسپۆڕی) خۆیدا بنووسێت.

٣- هەر لەبەر نەبوونی بواری چاپکردنی کتێب هەندێ جار بابەتی زۆر درێژ بەشێوەی زنجیرە وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وتاری زۆر کورتیش بەرچاو دەکەوتن.

(١٥٠) هیمداد حوسێن، هەمان سەرچوەی پێشوو، ل(١٣٦).

(١٥١) ژ، خاوەن کچ لە خوا بترسن، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(١٣٠)، (٢٢) تشرینی یەکەم (١٩٥٣).



٤- بەگوێرەی ئەوەی کە هونەری وتار نووسین هونەرێکی نوێ بووە ڕۆشنبیران تا ساڵی ١٩٣٥ تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆیان لەم بوارەدا نەبووە، بۆیە لە ڕووی ڕەچاوکردنی هونەری وتار نووسین و دەستپێکردن و چوونە ناو بابەت و تەواوکردنییەوە تاڕادەیەکی چاک وتارەکانی ئەو سەردەمەی کە لێیان دەکۆڵینەوە بەسەرکەوتوو دادەندرێت، لەوانەشە بەدووبارە چاو پێخشاندنەوەی سەرپەرشتیکارانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە بابەتەکاندا دەورێکی هەبووبێت لە پوخت کردنەوەی وتارەکان و دەرهێنانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک.

٥- لەلایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوەی بیرە سیاسییەکان و تەشەنەکردنی جوڵانەوەکانی ڕێکخستن و ژیانی سیاسی ڕێپێنەدرا و لە شاری هەولێر و لەو ماوەیەدا، هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە نهێنییەکان کە زۆربەی ناوەڕۆکەکانیان بەشێوەی (وتار) خۆی دەنواند.

ئەمانەش گشتیان هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی هونەری وتار نووسین لەم شارەدا، ئەم وتارانەش بوون بەبنەمایەک بۆ گەشەسەندنی ئەم هونەرە لە ساڵانی پاش شۆڕشی تەمووز و بە بەردەوامیش تا ئێستا.

## ٢- شانۆگەری:

یەکێک لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە دەکرێت بەهەردوو شێوەی پەخشان و شیعر ئەنجام بدرێت، هونەری شانۆگەرییە، کە مێژووەکەی بۆ پێنج سەد ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، واتە لەگەڵ کرانەوەی مێشک و هۆشی مرۆڤ و فراوان بوونی ئاسۆی بەردەمیدا سەری هەڵداوە و هەر بەردەوامە[152].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە، ئاوڕدانەوەیەکە لە مێژووی چاوهەڵێنانی دەق و درامای کوردی لەم شارەدا، جا (چ لەلای نووسەرانی هەولێرەوە نووسرابنەوە یا لەسەر شانۆ لەم شارەدا نمایش کرابن).

شایانی ئاماژە پێ کردنە کە یەکەم شانۆگەری بەدەقێکی خۆماڵی لە کوردستاندا نمایش کرابێت، لە هەولێر ئەنجام دراوە، ئەویش بەناوی (سەلاحەدین ئەیوبی) بووە و

(١٥٢) د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، الكويت، ١٩٧٨، ل(١٣٥).

له ساڵی ١٩٢١ له قوتابخانەی یەکەمی هەولێر (اربيل الاولى) پێشکەش بەدانیشتوانی ئەم شارە کراوە[١٥٣].

ئەوەش لەبیرنەکەین کە چەند تیمێکی هونەری میسری و لوبنانی سەردانی ئەم شارەیان کردووە و چەند چالاکییەکی شانۆییان پێشکەش کردووە و ئەمەش بوو بەهۆیەک بۆ چاوکرانەوەی خەڵکەکە لەم بوارەدا[١٥٤].

گرنگترین ئەو بەرهەمە درامایییانەش کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ لە هەولێر نمایش کراون ئەمانەن: (شەڕی قادسیە) لە ١٩٣٦، (قژکاڵی لێوئاڵی) ١٩٤٦، (ئۆتێلۆ) ١٩٥٣، (ئینتیخابات) ١٩٥٤، (سەرتاش) ١٩٥٥، (شەهرەزاد) ١٩٥٧[١٥٥].

بەڵام جێی داخە، هیچ دەقێکی نووسراومان لەم کولتورە ڕۆشنبیرییەمان نەماوە تاوەکو لە ڕووی ئەدەبییەوە لێیان بکۆڵینەوە. لێرەشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەهەبوونی چیرۆکێکی شانۆیی دوو پەردەیی بەناوی (ڕێگەی گەڕانەوە)[١٥٦] بکەم، کە لە ڕاستیدا ئەمەش چیرۆکێکی تەمسیلی کورتە و ناخرێتە چوارچێوەی شانۆگەرییەکی تەواوەوە.

### ٣- خوتبە (دواندەری):

ئێستاش ڕوو لە بەشێکی دیکەی پەخشان دەکەین کە خوتبەیە (دواندەری) ئەمەش بریتییە: "لە هونەری قسەکردن لەپێناو قایل کردن و کارتێکردندا"[١٥٧].

خوتبە هەر لە سەرهەڵدانییەوە وەک هونەرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، گرنگترین هۆی ڕاگەیاندن بووە و بۆ ڕێنماییکردنی جەماوەر و پەیوەندی کردن پێیەوە بەکار

(١٥٣) سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە عێراقدا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٠، ل(٥٥).

(١٥٤) جەلال خدر حوسێن، ژیاننامەی شەهابەی هەولێری ١٨٩١-١٩٣٩، هەولێر ٢٠٠٢، (٦٧-٦٨).

(١٥٥) سەلام فەرەج کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٥-٥٦).

(١٥٦) جەمال خەزنەدار، (ڕێگەی گەڕانەوە)، گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٧)، (٣١) تشرینی یەکەم، (١٩٥٦).

(١٥٧) د. شوکریە ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤٦).



هێنراوە[١٥٨]. بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی هۆیە نوێیەکانی ڕاگەیاندن، وردە وردە ئەم دەورە گرنگەی کزتر بووەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەکی بەرز کاریگەریی خۆی هەر ماوە و وەک هونەرێکی قەناعەت پێهێنان لە گشت کۆمەڵگەیەکدا خۆی دەسەپێنێت.

خوتبە بەپێی ناوەڕۆکەکەیەوە بەچەند شێوەیەکی جیاجیا خۆی دەنوێنێت، لە مانەش خوتبەی (ئەکادیمی، سیاسی، ئاینیی، دادوەری...)[١٥٩].

جا لەم ماوەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکەماندا دەستنیشانمان کردووە، واتە لە ١٩٣٥-١٩٥٨ دوو شێوە خوتبەی ئاینیی و سیاسی بەزمانی کوردی لە شاری هەولێر تاڕادەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و ڕەگی داکوتا. خوتبەکانی ڕۆژانی هەینی و ئێوارە و شەوانی ڕەمەزان و بۆنە ئاینییەکان بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەش دەکران و زۆربەشیان بریتین لە ئامۆژگاری و وەعز لەلایەن پیاوانی دنیا دیدە و ئاینییەوە و زۆربەی بابەتەکانیشیان لە بارەی خوای گەورە و دروست بوونی کەون و پێغەمبەران و زیندووبوونەوە و کردەوەی چاکە بوو. دیارترین خەتیبە ئاینییەکانی سەردەمی ئاماژە پێ کراویش لە هەولێر ئەمانە بوون: (مەلا فەندی، شێخ مستەفا نەقشبەندی، مەلا ساڵحی کۆزەپانکەیی، محەمەد ڕەشاد موفتی، مەلا سەعید فەرهادی، مەلا عەبدوڵڵای شەنەغەیی مەلا شەریفی دوشیوانی، مەلا عەبدوڵڵا کۆنە فلوسەیی،...).

لەلایەکی دیکەشەوە بار و زرووفی سیاسی نالەبار و تەشەنەکردنی دیاردەی حزبایەتی و ڕێکخستنی ڕێپێوان و خۆپێشاندانەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و هەڵچوونی وەک ڕووداوەکانی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ و مایسی ١٩٤١ و هەروەها لە بۆنە نەتەوایەتییەکانی وەک نەورۆز، هەموویان هۆی کاریگەر بوون بۆ گەشەسەندنی ئەم هونەرە و دەرکەوتنی چەندین خەتیبی بەتوانا و لێهاتوو. لەم بارەیەوە خەتیبەکان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕۆڵێکی گرنگیان بینیووە.

جگە لەمانەش لێدوانی مامۆستایەکان لە ڕێزبوونی بەیانیانی قوتابیان، بەشێوەیەکی خوتبەدا دەندرێت، لەوانەشە قوتابیانیش بەگوێ گرتن لێیان، ئارەزووی

(١٥٨) د. محمد مندور، الادب وفنونة، مصر، الطبعة الثانية، ص(١٦٥).

(١٥٩) د. حسن عون، نظرية الانواع الادبية (مترجم)، المجلد الثاني، مصر، ص(٦٤).

لاساییکردنەوەیان لەلا پەیدابوو بێت و لە ئەنجامدا ئەم کردارە بوو بەئامادەکردنێکی ناڕاستەوخۆی نەوەی نوێ بۆ خۆ لە قەرەدانی ئەم هونەرە.

### ٤- چیرۆک:

ئێستاش نۆرە دێتەسەر لێدوان لە گرنگترین بەشی پەخشان ئەویش هونەری (چیرۆکە)، ئەمەش بریتییە لە گێرانەوەی چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەک کە بەسەر چەند کەسێکی جیاواز و لە چەند لە شوێنەوارێکی جیاوازدا دێن و تێدەپەڕن(١٦٠). چیرۆک نوێترین شێوەی هونەریی ئەدەبییە، ئەگەرچی ئادەمیزاد لە کۆنەوە ئاشنای حیکایەت بووە، بەڵام مێژووی چیرۆک لە ئەدەبی جیهانیدا وەک هونەرێکی تازە بۆ دوو سەد ساڵێک دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە چیرۆک حیکایەتێک دەگێڕێتەوە، بەڵام بەپێشخستنێکی حیکایەت دادەنرێت بەشێوەیەکی وا کە سیمایەکی مرۆڤانەی واقیعی دەداتێ و لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی مرۆڤ دەیبەستێتەوە(١٦١).

دەربارەی جۆخینی چیرۆکی شارەکەمان یاخود بڵێین، زادەی قەڵەمی ڕۆشنبیر و نووسەرانمان لەم ڕووەوە و لە ماوەی ١٩٣٥-١٩٥٨، زۆر لاوازە، تەنیا چەند هەوڵدانێک یاخود بڵێین تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی هەبووە کە زەمینەیەکی بۆ نەوەکانی دوای ئەم قۆناغە ئامادەکردووە.

بێ گومان پێشکەوتنی ئەم هونەرە نوێیەش بەپلەی تێکەڵبوونی کۆمەڵگەکەمان بەشارستانێتی ڕۆژئاوا و دەوروبەرمان و ڕادەی سوود وەرگرتن لێیانەوە بەندە. زۆر ئاساییشە کە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەگشتی و ئەم شارەش بەتایبەتی کار بکەنە سەر چیرۆک لە ڕووەکانی ناوەڕۆک و شێواز و تەکنیک و زمانەوانییەوە و شەقڵی قۆناغەکەی بەسەر بنەخشێنن.

(حوسێن عارف) لە لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بەچیرۆکی هونەری کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٦٠(١٦٢)، ئەم هونەرە لەم ماوەیەدا دابەش دەکاتە سەر سێ پلە،

(١٦٠) د. شوکریە ڕەسووڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٥٠).

(١٦١) د. محمد حسن عبدالله، المصدر السابق، ص(١٨٨).

(١٦٢) حوسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی، ١٩٢٥-١٩٦٠، بەغدا، (١٩٧٧).



یەکەمیانی ناوناوە بەپلەی سەر هەڵدان کە ساڵانی نێوان ١٩٢٥-١٩٣٩ دەگرێتەوە، دووەمیشیان پلەی نەش و نماکردنە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٥٠، بۆ سێیەمیشیان واتە لە ١٩٥٠ تا ١٩٦٠ پلەی بەرەو پێگەیشتنی بۆ داناوە.

ئەو ماوەیەی لەم باسەماندا مەبەستمە کە ١٩٣٥-١٩٥٨ دەگرێتە خۆی، دەکەوێتە ناو هەر سێ پلەکانەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو چیرۆکانەی دەکەونە ژێر تیشکی ئەم تێڕوانینەی ئێمەدا، دابەش دەکرێنە سەر سێ پۆلی جیاوازەوە کە هەر یەکەیان ئەدگار و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین هەندێ هێڵی سەرەکی هاوبەش لەنێوانیاندا دەستنیشان بکەین، بێ ئەوەی سیفاتە وردەکانی هەرقۆناغێک فەرامۆش بکەین یا بیانخەینە پشت گوێ.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەوە بڵێین کە لە ماوەی دیاریکراودا هیچ ڕۆمانێکی کوردی لەم شارەدا چاوی هەڵنەهێناوە، واتە تەنها کورتە چیرۆکمان هەبووە. ئەگەر چی لەسەر چیرۆکێکی محەمەد عەلی کوردیدا کە بەناوونیشانی "نازدار یا ژنی کورد لەلادێ" دایە، نووسراوە "ڕۆمانێکی کوردییە لە (١٠٠) لاپەڕەدا نووسراوە"، بەڵام ئەم چیرۆکە (بەناو ڕۆمانە)، تەنها سێ ئەلقەی لە گۆڤاری ڕووناکی بڵاوکرایەوە و تەواو نەکراوە.

جگە لەمەش هیچ کۆمەڵە چیرۆکێکی سەربەخۆش لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ نەکراون، ئەوەی هەبووە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بواری گەیشتن بەخوێندەوارانیان بۆ هەڵکەوتووە. بەچاوپێخشاندنێک بەناوەڕۆکی چیرۆکەکانی هەولێر لەماوەی دیاریکراودا، بۆم بەدەرکەوت کەلایەنەکانی کۆمەڵایەتی و پەند و ئامۆژگاری و چەوساندنەوەی چینی هەژاران و ئافرەتان و دیاردەی دەرەبەگایەتی بەسەریاندا زاڵە، گومانیش لەوەدا نییە کە هەر سێ قۆڵی دەردی (هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی) دەتوانین بڵێین دەبنە هەوێنی بەشی هەرە گەورەیان، چونکە ئەگەرچی باسە سەرەکییەکەشیان بۆ ئەو ئامانجە تەرخان نەکرابێ، بەڵام بەم شێوە یا بەو باردا خۆی هەر تیایاندا دەنوێنێ.

لەمەودوا بەدەردەکەوێت کەزۆربەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان (ریالزمییانە) چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە لە دەرگەی باری ئابووری خەڵک و جیاوازی چینایەتییانی داوە، ئەمەش بەخۆلێدانێک لەقەرەی سیاسەتەوە دادەنرێت، چونکە ڕژێمی ئەوساتی پاڵپشتێکی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە.

بەپۆلینکردنی چیرۆکەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە (ئافرەت و ماف خواردنی و چەوساندنەوەی)، لایەنێکی گرنگی ئەم چیرۆکانەی گرتووەتەوە، وەکو چیرۆکەکانی (موشکیلەی وەستا جەعفەر[١٦٣]، دایک[١٦٤]، سکالای مردوو[١٦٥]ی ئیحسان مستەفا و (قۆرتی ژیانی)[١٦٦]ی سەلاح ئەحمەد ڕەواندزی. لەگەڵ ئەمەشدا محەممەد عەلی کوردی لە چیرۆکی (نازدار یا ژنی کورد لەلادێ)[١٦٧] لە ڕێگەی کچێکەوە بەناو نازدار باسی سەربەخۆیی و سەربەزریی و چاپووکی و کارامەیی ئافرەتی کوردی لادێیی دەکات.

هەروەک ئاماژەم پێ کرد کە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕەگی لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوکاتی چەسپاند بوو، ڕۆشنبیر و نووسەرانیشمان بەنووسین و بەهونەری چیرۆک ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ستەمکاری ئەم چینە دڵڕەقەیان دەردەخست[١٦٨]. لە چیرۆکی (جۆخین و خوێن)[١٦٩]ی ئیحسان مستەفا و (زاڵم ڕۆژی ڕەشی خۆی دەبینێت)ی[١٧٠] عیزەدین فەیزی، بەڕوونی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکەوە چیرۆک نووسەکانمان گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخستە ناو چوارچێوەی هونەرەکەیان، بەتایبەتییش کێشە خێزانییەکان و کارتێکردنیان بەسەر منداڵاندا، ئەوا ع. قرگەیی لە (شەو چەرە)[١٧١] و مستەفا کرمانج لە (لەسەر گۆرستان)[١٧٢] تابلۆی جوانیان لەم بارەیەوە نەخشاندووە، هەروەها فوئاد عیززەت لە چیرۆکی (لۆمەت ناکەم)[١٧٣] توانیویەتی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە نەریتێکی

(١٦٣) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٥٤، (٥) ی کانوونی دووەم (١٩٥١).
(١٦٤) گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژمارە ٤ساڵی (١٩٤٤).
(١٦٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٥)
(١٦٦) گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٨٢، ساڵی (١٩٥٦).
(١٦٧) گۆڤاری ڕووناکی ژمارەکانی (١١،٩،٧) ساڵی (١٩٣٦).
(١٦٨) حوسێن عارف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٨).
(١٦٩) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٥٨، (٢) شوباتی (١٩٥٢).
(١٧٠) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ١٢٢، (٢) ی حوزەیرانی (١٩٥٣).
(١٧١) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٤٧)، (٢٠) تشرینی دووەم (١٩٥٥).
(١٧٢) گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٨)، (١٠)ی تشرینی دووەم (١٩٥٦).
(١٧٣) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١١٦)، (١٢) ی نیسانی (١٩٥٣).



بەدو ناهەمواری هەندێ لەلاوەکان بخاتە ڕوو، بێ گومان جیاوازی چینایەتی و ململانێی نێوان هەژار و دەوڵەمەند لە شار و لادێکاندا بەزەقی و ئاشکرایی لەناو کۆمەڵگەکەماندا هەست پێ دەکرێت ئەمەش بابەتێکی فراوان بوو لە بیر و هۆش و بەرهەمی چیرۆک نووسەکانماندا ڕەنگی دایەوە.

هەندێ لە چیرۆک نووسەکانمان لەپێناو چەسپاندنی پەندێک لە دڵ و دەروونی خوێنەرانەوە، بەڕووداوێک دەیبەستێتەوە و بەشێوەی چیرۆک دەری دەبڕن. هەردوو چیرۆکەکانی (قیمەتی ناڵێک)[١٧٤] و (پادشاهێکی دادپەروەری)[١٧٥] یونس مستەفا و چیرۆکی (هەرچی دەکەی دوا ڕۆژی ڕەچاوکە) کە بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە و مەزەندەیەکی زۆریش بۆ ئەوە دەچێت کە هی (حوزنی) بێت.

بەتێڕوانینی شێوازی چیرۆکەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبینەوە کەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، قۆناغی سەرەتایی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردییە، ئەگەر چی لەوانەیە لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەندێ بابەتی گرنگ و پێویستیشی چارەسەر کردبێت، بەڵام قەت ناکرێت لە تەمەنێکی وا کورتەوە لە ڕووی تەکنیکی نوێی چیرۆک نووسینەوەدا لەپلەیەکی پێشکەوتوودا خۆی بەدەربیەخیت، کەواتە شتێکی زۆر ئاساییە کە هەندێک لە چیرۆک نووسەکانی ئەو سەردەمەمان جیاوازی لە نێوان چیرۆکی هونەری و حیکایەت خوانی نەکەن و لە شێوەی حەکایەت گێڕانەوە یاسەردێکی سادەدا چیرۆکەکانیان بخەنە ڕوو[١٧٦]. یا لە پێشەکییەکەیدا چیرۆکنووس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە[١٧٧]، یاخود لەفلانە کەسی گوێ لێ بووە[١٧٨]. تەنانەت ناوی شوێنەکەش دیاردەکات کە تیایدا ڕووی داوە، واش ڕووی داوە چیرۆک لە بابەتە سەرەکییەکەیدا بترازێت و تێکەڵ بەبابەتێکی دیکە بێت[١٧٩].

(١٧٤) گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (٩،٨) ساڵی (١٩٣٦).
(١٧٥) گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (١٠)، (٢٥) نیسانی، (١٩٣٦).
(١٧٦) زۆربەی چیرۆکەکان بەم شێوەیەن جگە لە هەندێکیان نەبێت.
(١٧٧) جەژنم لێ بووە تاڵی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ (١٢٣) (٩)ی حوزەیرانی (١٩٥٣).
(١٧٨) زاڵم ڕۆژە ڕەشی خۆی دەبینێت، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ١٢٢، (٢)ی حوزەیرانی (١٩٥٣).
(١٧٩) نازدار یا ژنی کورد لەلادێ، گۆڤاری ڕووناکی، ژمارەکانی (٧، ٩، ١١)، ساڵی (١٩٣٦).

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لەچیرۆکی سەرکەوتووی ئەوتۆ هەبوو کەوەک ترووسکاییەکی ڕووناک کەرەوە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا دەژمێردرێن، ئەمەش بەبوونی بنەما سەرەکییەکانی کورتە چیرۆک تیایدا لەمانەش کەمیی ژمارەی کەسایەتییەکان، دایەلۆگی چڕ و کورت و ماوەی درێژخایەن، دامەزراندنی لەسەریەک ڕووداو، کە بەپێی ئەمەوە چیرۆکنووس خووڕەوشتی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی دادەڕێژێت[١٨٠]. چیرۆکەکانی (ئیحسان مستەفا)ی هەولێری "تاڕادەیەکی زۆرباش لەم بوارانەدا گۆی هونەرییان بردۆتەوەو بوونەتە مایەی تیڕامانێکی قووڵی سەرهەڵدان و قۆناغی ئەو سەردەمە، ئەم هونەرە بۆ ئەو گاڤە زۆر زۆر لەباربوو"[١٨١]. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا چیرۆکەکانی (ئیحسان مستەفا) سەرکەوتوو بوون، بەڵکو هەندێ چیرۆک و چیرۆکنووسی تریشمان هەبووە.

بەهەر جۆرێک و لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکیش دەتوانین بڵێین تەکنیکی چیرۆک لە قۆناغی دیاریکراودا ئەگەرچی سەرەتاییش بوو، بەڵام زەمینەیەکی لەبار و پتەوی بۆ قۆناغی پاش خۆی ڕەخساند.

لە بارەی (وەرگێڕانیش) کە بێ گومان یەکێک لەشێوە گرنگەکانی پەخشان وەرگێڕانە لە ماوەی دیاریکراودا چ کتێبێکی سەربەخۆی وەرگێڕدرا و لەم شارە بەچاپ نەگەیەندراوە، بەڵام چەندین بابەتی وەرگێڕدرا و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بەشێوەی وتار یا چیرۆک بەرچاو دەکەون و دیارترین وەرگێڕەکانیش هەردوو نوسەرانی گەورە (حوزنی) و (مارف خەزنەدار) بوون.

جگە لەمانەش نموونەی گاڵتەوگەپ و بابەتی (بۆ پێکەنین)یش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە لە بابەتێکی گاڵتە ئامێزدا نووسراوە (ئافرەتێک بەمێردەکەی ئەڵێ چەند مێشت کوشت، مێردەکەی وتی هەشت چواری نێر و چواری مێ. ژنەکەی وتی چۆن مێشی نێر و مێیەت لێک جوایەز کردەوە؟ مێردەکەی وتی نێرەکان لەسەر پارچە شەکرێک و مێیەکانیش لەسەر ئاوێنە نیشتبوون)[١٨٢].

---

(١٨٠) د. محمد حسن عبدالله، المصدر السابق، ص(١٢٠).

(١٨١) مەحموود زامدار، دامەزراندن، ئەفراندن، پێشڕەوێک، هەولێر ١٩٩٩، ل(١٢).

(١٨٢) عومەر ساقی، بۆ پێکەنین، گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٩)، (٢٠)ی تشرینی دووەم، (١٩٥٦)، ل(٥).

## بەشی سێیەم

### ژیان و بەرهەمی هەندێ لە شاعیران

### عەبدولجەبار ئاغای کانی ١٨٩٧-١٩٥٧

**ژیانی شاعیر:**

کانی نازناوی شیعری شاعیری کلاسیکی کوردی هەولێری عەبدولجەبار ئاغای کوڕی حاجی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی حاجی تەهای دۆغرەمەچییە. لە ساڵی ١٨٩٧ لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئاینپەروەر، لە قەڵا سەرکەشەکەی هەولێر چاوی هەڵێناوە باوکی زانایێکی ئاینیی ناوداربووە و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کراوە بە(موستەنتیق) لە شاری هەولێر[١].

بەڵام کانی کاتێ لە تەمەنی شەش ساڵان دەبێ باوکی کۆچی دوایی دەکات بۆیە لەو تەمەنەدا لە هیچ قوتابخانەیەکی میریدا نەیخوێندووە[٢]. کە گەورەش دەبێ بەهاندان و هەوڵی مەلا تۆفیقی برای و حاجی مەلا ئیبراهیمی دۆغرەمەچی مامی لە مەدرەسەی مزگەوتی قەڵاتدا بەماوەییێکی کەم فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێ و چەند کتێبێکی ئاینیی دەخوێنێ و ئینجا شارەزایی لە هەندێ کتێبی وەک زانستی فقهـو زانستی فەلەک پەیدا دەکا و بەتەواوی سەودای دەکرێتەوە[٣]. هەر چەندە شاعیر هیچ قوتابخانەیەکی ئاینیی یاخود میری تەواو نەکردووە، بەڵام بەهەوڵی تایبەتی خۆیەوە و لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوە و خۆ فێرکرنەوە، شارەزایی لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و تورکیدا پەیدا دەکات. دەبێتە خوێندەوارێکی باش و هەوڵی نووسین دەدا.

(کانی) لە ١٩٢٨/١/١دا بۆ یەکەم جار فەرمانی میری پێ سپێرراوە. لە شار و

(١) کەریم شارەزا، الشاعر کانی ١٨٩٧-١٩٥٧، جریدة خەبات، العدد (٩٢٢)، ١٩٩٩/٤/٣٠.

(٢) کەریم شارەزا، دیوانی کانی، کۆکردنەوەی (موفەق ئەکرەم کانی)، بەغدا، ١٩٨٠، ل(١٠)

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).



شارۆچکەکانی هەولێر و کەندێناوە و گوێر و شەقڵاوە و قوشتەپە و ڕەواندوز و کۆیە فەرمانبەرێتی کردووە و بۆ دواجاریش لە ١٩٥٣/٨/٤ دەکرێت بەنووسەر لە زاتیەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر تا ئەو ڕۆژەی لە تەمەنی شەست ساڵیدا و لە ١٩٥٧/٥/١٢دا کۆچی دوایی دەکات[٤].

**عەبدولجەبار ئاغای کانی و شیعر:**

کانی لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستپەروەر ژیاوە و پەروەردە بووە. کە بێ گومان ئەمە گرنگترین هۆکارە بۆ بەهێزبوون و گەشەسەندنی چەشەی ئەدەبی شاعیر. سەرەڕای ئەو بەهرە ڕەسەنەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و لە ئەنجامدا شاعیرییەتی لا تەقیوەتەوە و پەرەی سەندووە. هەروەکو لە پێشتریش تیشکم خستەسەر، شاعیر لە هیچ قوتابخانەیەکی میری نەیخوێندووە و هیچ بڕوانامەیەکی ئاینیشیی وەرنەگرتووە، تەنها لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتی و خۆ فێرکرنەوە خۆی پێگەیاندووە.

شاعیر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەشیعر دانان کردووە و بەماوەیەکی کەم لە ڕێگەی شیعرە جوان و پڕ هەست و مەبەستدارەکانی توانی ببێت بەیەکێک لە شاعیرە بەتوانا و لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی.

کانی تا لە ژیاندا مابوو برادەراتی و هەستان و دانیشتنی هەر لەگەڵ پیاوی زانا و ئەدیب و شاعیری ناودار و ڕۆشنبیران بووە[٥]. کە بێ گومان ئەم جۆرە پەیوەندییەش دەبێتە هۆی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و بەهرەی یەکتری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوە و بەرەو پێشەوەچوونی ئاستی ڕۆشنبیری و شاعیرێتییان. کانی شاعیری ئاشق و دڵ تەڕی بەهرەدارمان لەو جۆرە شاعیرە بێن کورت و پشووتەنگانە نەبووە، چەشەی ئەدەبی زوو هەڵچێ و زووش دامرکێتەوە، بەڵکو تا دوا هەناسەی ژیانی دەستی لە بەرهەمی نوێ و داهێنانی تازەی بەرنەدا[٦].

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(١١-١٢).

(٥) کەریم شارەزا، الشاعر کانی، (جریدة خەبات)، سەرچاوەی پێشوو.

(٦) کەریم شارەزا، دیوانی کانی، سەرچاوەی پێشوو. ل(١٤).

بێ گومان عەبدولجەبار ئاغا نەدەبوو بەو (کانی)یەی شاعیری بەتوانای کلاسیکی کورد بێ ئەوەی ئاشنایەتییەکی بەردەوام و شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبی کوردی و بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردی نەبێ. کانی زۆر کاریگەربووە بە بەرهەمی شیعری شاعیرانی وەک (نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزا و تاهیر بەگی جاف و بێخود و سافی) و بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هونەری شیعری سوودێکی زۆری لێ وەرگرتوون.

هۆنراوەکانی بەگشتی لە سەرێ و شوێن و لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردیدا دەخولێتەوە و بەدیالێکتی کرمانجی خواروو شیعری نووسیوە و لە هەندێ هۆنراوەیدا پتەوی و وردەکارییەکی تەواوی ئەنجامداوە و زمانێکی ئەدەبی بەرزی بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی زیرەکانەی وشە و یاریکردن بەوشەکان و بەهێزی دەربڕین و قوولی واتا و جوان کردن و ڕازاندنەوەی هۆنراوەکانی، بۆ نموونە لەم هۆنراوەیەدا لە ڕێگەی وەسفی ورد و سەیر و لێکچوواندنی سەرنج ڕاکێشەر و ناسکو وشەی ئاوازدار هۆنراوەیەکی پڕ لە هەستی خۆشەویستی و ناسک و جوانی داهێناوە:

سەد ئاهوویی وەحشی نەزەر و مەهوەش و دڵدار
سەد غەمزەیی جادوو و پەری ئەفسوونگەری عەییار
سەد ساقی ی ساغر بەکەف و نێرگز و خومار
هەریێکی بەسەد شێوە بکا حوسنی خۆی ئیزهار
سەد ئەبرۆ کەمال خاڵی سیاه زولفی پەریشان
سەد لەعلی لەب و غونچە دەهان، ڕوویی درەخشان
سەد سەروو قەد و شەمس و شەب و لەنجە خەرامان
هەریێکی بەسەد غەمزە بکا عاشقی حەیران

تا دەگاتە:

سەد ئەسمەری شیرین سوخەن و عاقڵ و خۆش خوو
سەد سوحبەتی خۆش جلوەنوما عەنبەری گێسوو
سەد عارضی گوڵ ئەهلی سەفا شاهید و مەهڕوو
هەر یێکی بەسەد لەهجە بلا کانی بفەرموو



مەیلم لە تۆ ڕەت نابێ ئەیا شۆخی ستەمکار
ڕووح و بەدەنم جانە بەقوربانتە سەد جار(٧)

زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی بنیات ناوە. بەڵام جار جارەش لە هەندێ غەزەلیدا کێشی پەنجەی خۆماڵییش بەدی دەکرێ، کە بێ گومان بۆ ئەو سەردەمە ئەم جۆرە کێشە بەنوێگەرییەک دادەنرا لە داهێنانی شیعریدا. لە ڕووی سەرواوەش زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر بنەمای یەکێتی سەروا و جووت سەروا داناوە... شاعیر چەپکێک غەزەل و هەندێ چوارین و کۆمەڵێک تاک و پێنج خشتەکییەکیشی لەسەر شیعری شاعیری ئێرانی (مەسیحا) داناوە.

"کانی لە سەرەتای شاعیریەتیدا زمانە ئەدەبییەکەی بریتی بووە لەکوردییەکی شێوەی هەولێری تێکەڵاو بە وشەی فارسی و تورکی. ئەمەش دیاردەیێکی ئاساییە بۆ شاعیرێکی هەولێری لە قەڵات پەروەردە بووی سەرەتای سەدەی بیستەم. بەڵام لە دواییدا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی هەمەجۆر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردییەوە و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵ و ئەنجوومەنی زانا و ئەدەبیاتی کورد... زمانە ئەدەبییەکەی لووس و لێکتر و پەتیتر بووە"(٨).

بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیوانی کانی و وردبوونەوە لە جیهانی شیعری شاعیر بەدەردەکەوێت کە شاعیر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە مەبەستەکانی (مەی نۆشی و دڵداری و نەتەوەیی و ستایش و شانازی بەخۆکردن و ئاینیی و هەندێ هۆنراوەی بەشێوەی مەتەڵ و هەڵێن) داناوە.

بێ گومان هەموو چەشنە ئەدەبێکی ڕەسەن دەبێ لەگەڵەوە بۆ گەل بێ بەتایبەتی ئەو وەختەی شاعیر لەناو ئازار و ژان و کێش و گیروگرفتەکاندا بتوێتەوە. ئەو کاتە دەبێتە پارچەیەک لە خەم و خەفەت و نەهامەتییەکانی گەلەکەی، ئا لەم حاڵەدا شیعر باشترین هۆیە کە بۆ پتەوکردنی باوەڕی مرۆڤ و گەشەپێدان و بزواندنی هەستی پاکی نەتەوایەتی و جوڵانەوەی شۆڕشگێڕان. بەم پێیە (کانی) هەندێ هۆنراوەی پڕ لە هەستی خۆشەویستی بەرامبەر وڵاتەکەی نووسیوە و دڵی هەردەم پڕ لە هیوا بووە بۆ ئەوەی میللەتەکەی بگات بەئامانجەکانی هەروەک دەڵێ:

(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٩-٥٠)
(٨) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٤-١٥)

وەتەن شیرینە لای من داخەکەم بەس کۆزی ساوایە
بەقیل و قالی من ئامانجەکەی ناگاتە هیچ پایە
ئەبێ ڕۆستەم سیفەت لاوانی من گورج و بەغیرەت بن
هەتاکەی چاوەکەم هەرلایە لایە و باوەشی دایە
مەڵێ بێ ئیشوکارم بەختەکەم هەرسەرنگوون دێنێ
ئەگاتە مەقصەدی کاسب بەدوو سێ ئانە سەرمایە[٩]

کانی هەر چەندە لە دەرگەی ئەو هەموو بابەتە شیعرییانەی داوە و لە هەر بابەتەی چەند هۆنراوەیەکی پێشکەش کردووین، بەڵام لە هیچ کامێکیاندا وا سەر نەکەوتووە وەک لە شیعری مەی و دڵداری دا سەرکەوتووە و گۆی هونەریی تێدا بردۆتەوە. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە کاروانی شیعری (کانی) شاعیری بادەنۆشی دڵتەڕمان، دەبینین بەئارەزوویێکی زۆر و بەکامی دڵی خۆی کەوتۆتە سەر ڕێبازی هۆنینەوەی شیعری (مەی و دڵداری) و کۆمەڵە شیعرێکی تەڕ و پاراوی خستۆتە بەردەستمان[١٠]. چونکە خۆی شاعیرێکی بادەنۆشی عاشق بووە، بۆیە هەسەت و ئەندێشەی شیعری هەردەم پەروازەی ناو ئاسمانی پان و بەرینی عیشقی ئافرەت و جوانی و مەستی مەی و بادەی خۆشەویستی بووە، بەهرەی هونەریشی هەر لەو سەرچاوەوە تەقیوەتەوە، بۆیە هەر شیعرێکی لەسەر جوانی ئافرەت و دڵداری و مەی و بادە بووبێ داهێنانێکی باشی لێ وەدەست هێناوە[١١]. کانی لە دووری یارەکەی هەردەم ناڵە ناڵیەتی و هەردەم لەشین و گرینە کاتێ دەڵێ:

هەر چەندە دەکەم سەعی لەبەر قەلبی حەزینم
ئومێدی ویسالم نییە (بێ بەهرەیە ژینم)
جانا وەکو بردت سەر و ماڵ و دڵ و جانم
ڕەحمێ بکە توخوا کە نەچێ مەزهەبو دینم
بێ عارە بکەم بۆی بەهەدەف سینەیی سۆزم
برژێنێ بەتیری موژەی ئەم زاڵمە خوێنم!

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٩).
(١٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠).
(١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٠).



ئەی ئەسمەری شیرین سوخەنم کانی وەفای تۆ؟
جارێکی بپرسی چییە دەرمانی برینم
شەو تا بەسەحەر هەر لە فیراقی تۆ ئەناڵم
عالەم هەموو بێزارە لەبەر شین و گرینم!!
ئەمرۆکە ئەتۆ ئارەزووی ساقی کەرەمت کرد
خوێنی دڵمە عەکسی لەناو بادە دەبینم!
(کانی) لەبەر ئەم فیکرە دەکەی بادەپەرستی
یانە لەئەزەلدا کەبەمەی حەل بووە تینم[١٢]

## ناسیح حەیدەری ١٨٩٨-١٩٨٦

ناسیح حەیدەری یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکی و بەسەلیقە و پێشەنگەکانی شیعری کوردی لە شاری هەولێردا. ناوی ناسیحە کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەبغەتوڵڵا گچکەی کوڕی سەبغەتوڵڵا گەورەی حەیدەرییە. لە ساڵی ١٨٩٨ز. لە بنەماڵەیەکی ئاینیی ناسراوی قەڵای هەولێر لەدایکبووە[١٣]. لە تەمەنی شەش ساڵاندا چۆتە بەرخوێندن و لەسەرەتادا لە قوتابخانە ئاینییەکەی مزگەوتی قەڵای هەولێردا خوێندوویەتی، پاشان لە ساڵی ١٩١٠ چۆتە قوتابخانەی میری و تا ساڵی ١٩١٦ تیایدا ماوەتەوە[١٤]، بەڵام لەبەر گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهان دەستی لە خوێندن لە قوتابخانەی میری هەڵگرتووە و چۆتەوە بەر خوێندن لە قوتابخانەی ئاینیی، تاوەکو لە پاییزی ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ نەمانی حوکمی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ هەولێر بۆ دواجار دەستی لە خوێندن هەڵ دەگرێ[١٥].

لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ یەکەمجار بەفەرمانبەری میری لە حکومەتی عێراقی

(١٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٢).
(١٣) بۆتان کەریم، مامۆستا ناسیح حەیدەری مێژووزان و فەرمانبەری دەستپاک و شاعیری کورد، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢٢٠١)، ٣٠/١٠/١٩٩٦.
(١٤) نەزیرە حەویز ساڵح، شاعیر و ڕەچەڵەکناس ناسیح حەیدەری (١٨٩٨-١٩٨٦) ژیاننامە و بەرهەمەکانی، گۆڤاری هەولێر، ژ(١٣)، کۆتایی ٢٠٠١، ل(١٠٣).
(١٥) بۆتان کەریم، سەرچاوەی پێشوو

دامەزراوە و (٣٠) ساڵی ڕەبەق لە دادگاکانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی کاری کردووە و لە هەر شارێکیش ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیران و نووسەرانیدا هەبووە و ئەوانیش لە توانست و ڕۆشنبیری ئەوادا گەیشتون[١٦]. لە ساڵی **١٩٥٥** لەسەر داواکاری خۆی خانەنشین کرا و لە **١٩٨٦/١١/٢**دا کۆچی دوایی کردوە.

هەر چەندە کە شاعیر هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنی وەرنەگرتووە بەڵام لەماوەی خوێندنی لەم قوتابخانانەدا جگە لە زمانی زگماکی کوردی بەچاکی فێری زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی بەئەدەبیاتەوە دەبێ، لەبەرئەوەی شاعیر هەر کتێبێکی عەرەبی و تورکی و فارسی و دیوانی شیعری شاعیرە ناودارەکانی کوردی بکەوتایە بەر دەست هەمووی بەوردی دەخوێندەوە[١٧]. تا بەرەبەرە توانی شارەزاییەکی تەواو لە شیعر پەیدا بکاو ڕێچکەیەکی ئەدەبی بگرێتەبەر. لەلایەکی تریش بێ گومان ئاستی ڕۆشنبیریی بنەماڵەکەیان و هەروەها بەهرەی شیعریشی دوو هۆکاری گرنگی تر بوون بۆ هۆنینەوە و داڕشتنی شیعری. لەم بوارەشدا بەهرەمەند بووە و شاعیرێکی هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بووە. دیوانێکی شیعری کوردی پوخت و پتەوی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

## ناسیح حەیدەری و شیعر

ناسیح حەیدەری لەشیعری کوردیدا زۆر کاریگەربووە بەهۆنراوەکانی شاعیرە گەورەکانی کلاسیکی کوردی[١٨]. بەوردبوونەوەش لە هۆنراوەکانی شاعیردا بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕاستی بەیەکێک لە دەرچوانی قوتابخانەی شیعری نالی دادەنرێت چ لە ڕووی تەکنیک و وردەکارییەوە چ لە ڕووی پتەوی ماناوە.

بێ گومان لەو سەردەمەی کە شاعیر دەستی بەدانانی شیعر کردووە شاعیران بەگشتی چەشەی ئەدەبییان بەرەو شیعری کلاسیکی کوردی دەچوو. هەر تایبەتییەکانی ئەو جۆرە ڕێبازە شیعرییە باو بوو لە شیعر نووسیندا، بەم پێیە شاعیر چەپکێک هۆنراوەی کلاسیکی بەپێز و پڕ سۆزی لە هونەرەکانی (غەزەل) و

(١٦) شێروان حەیدەری، دیوانی حەیدەری، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(٣١-٣٢).

(١٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٢)

(١٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٦).



(قەسیدە) و (چوارین) و (تاک) و (پێنج خشتەکی) لەسەر شیعری شاعیرانی تر داناوە و پێشکەش بەجیهانی شیعری کلاسیکی کوردی کردووە.

شاعیر بە بەهرەیەکی زاتی و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە و بەگشتی بەزمانێکی بەهێز و خاوەن دەربڕینێکی قووڵ شیعری نووسیوە، بەتایبەتی لە هۆنراوە دڵداری و پێنج خشتەکییەکانیدا بۆ نموونە دەڵێ:

من خەیاڵم لایی زولفی هەروەکو مارانە شەو
چونکە ئیستیحکام و قۆنکرەی دولبەر و یارانە شەو
عاشق و مەعشوق دەپارێزن خۆیان لە شەوقی ڕۆژ
تادەمێ زاهیر دەبێ لێیان لە ڕۆژ میوانە شەو
دولبەران بەڕۆژ لە گۆشەی ئینزیوادا موختەفین
تاکو هەڵدەدرێ بەسەر ڕووناکی ڕەشماڵانە شەو
ڕۆژ خیابانێکی واپان و بەرین پڕ فورسەتە
ئەمما بۆ وەصلی حەبیبان سەنگەری ژوانانە شەو[١٩]

هۆنراوەکانی ناسیح حەیدەری ڕەنگدانەوەی زادە و بەرهەمی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراون، بۆیەشە وشە و زاراوەیەکی عەرەبی بەرێژەیەکی باش لە هۆنراوەکانی بەکارهێناوە، کە بێ گومان ئەمە نەک هەر لەلای (ناسیح حەیدەری) بەڵکو لەلای زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردیدا بەدی دەکرێ: بۆ نموونە لە هۆنراوەیەکی ئاینییدا دەڵێ:

غەریقی بەحری عوصیانم، دەخالەت (یارسول الله)
ئەسیری نەفس و شەیتانم شەفاعەت (یارسول الله)
نییە ئەعمالی وا چاکم لە بۆ ڕۆژی سوئالم من
لە دەستی تۆیە من چاوم شەفاعەت (یارسول الله)
خەجیل و ملکەچێکی وام لە ڕۆژی مەحشەر و حەشرم
ئومێدم هەر بەتۆیە من شەفاعەت (یارسول الله)[٢٠]

(١٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل،(٦٨).

(٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٩)

شاعیر سەرجەم هۆنراوەکانی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی بنیات ناوە و لە غەزەلەکانیشیدا یەکێتی سەروای پەیڕەو کردووە و لە قەسیدەکانیشیدا جووت سەروا، شاعیر هەندێ جار زیرەکانە سەروایەکی ئاواز داری هەڵبژاردووە و دایناوە کە جۆر و مۆسیقایەکی ناوەکی بەهۆنراوەکە بەگشتی بەخشیوە بۆ نموونە:

دڵ نەما صەبر و قەراری مەیلی دڵداری دەکا
مەیلی چاوی کاڵ و لێوی ڕەنگی گوڵناری دەکا
مـــوودەتێکە یار لەمن تۆراوە بۆیێکە دڵم
مەیلی هاوار و فیغان و گریەوزاری دەکا[٢١]

سەیر دەکەین پیتی (ی) کە ڕەوییە جۆرە ئاوازێکی بەهۆنراوەکە بەخشیوە. لەلایەکی تر شاعیر داهێنەرانە زۆر هەوڵی داوە هۆنراوەکانی بەهونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەوڵەمەند و ڕازاوە و بەپێزتر بکات.

ناسیح حەیدەری هۆنراوەکانی لە ڕووی ناوەرۆکەوە وەک وەسیلەیەک بەکارهێناوە "بۆ تەعبیرکردن لە هەست و نەست و ڕازونیازی، ئامرازێک بووە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و خەفەتی هەوڵی داوە لە ئاست دیاردەکانی کۆمەڵ و لە ئاست خۆشەویستی و ئەڤینیدا، لە ئاست ژیان و مردن، بەچەند بەیتێکی کوردی کلاسیکی ئامێز، خۆیان پێ بناسێنێ"[٢٢] بەم پێیە کۆمەڵێک هۆنراوەی بەهێز و بەپێزی "دڵداری و لاواندنەوە (شیوەن) و پەند و ئامۆژگاری ئاینیی و کۆمەڵایەتی" نووسیوە.

هونەر و دەستڕەنگینی و داهێنانی شاعیر بەڕاستی لە هۆنراوە (دڵداری) و (شیوەن)ەکانیدا بەدەردەکەوێ. شاعیر هەروەکو شاعیرە کلاسیکییەکانی تر گرنگییەکی زۆری بەبابەتی ئەڤینی و خۆشەویستی داوە، بەتایبەتی کاتێ: "کەوتبێتە بارێکی پڕ سرووشی داهێنان و ئەفراندن"[٢٣]. هەر بۆ نموونە: شاعیر لەم هۆنراوەیەی خوارەوەیدا، چەند جوان وەسفی خۆیمان بۆ دەکات لە حاڵەتی خۆشەویستیدا، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە خۆی بەشەهیدی ڕێگەی دڵداری دابنێت:

وەها پڕ ترس و لەرزە دڵ لەچەنگی بازی موژگانت
چ خۆشە مردنم ئەمڕۆ بەغەمزەی چاوی فەتتانت

(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٢).
(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٨).
(٢٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٨).



وەصیەت بێ نیگارا بێت و ئەمڕۆ من ئەگەر مردم
دەبێ بۆم هەڵکەنن قەبرم لە ڕۆخ قەبری شەهیدانت
تەمەننای مردنم ناکەم ئەگەر گیانا بکەی ڕەحمێ
کەرەم بکرێ بەماچێ بۆم لەنێو چاهی زەنەخدانت
لە چەنگ بەخت جەفاکێشم کەمن پڕ حەسرەتە قەڵبم
شەوم لێ دەبتە ڕۆژ من گەر ببینم ڕووی خەندانت[٢٤]

لە ڕاستیدا شاعیر لە ڕێگەی هۆنراوەکانیدا ئەوپەڕی هەستی دڵتەنگی و سۆزی ڕێز و خۆشەویستی ڕاستەقینەی دەربڕیوە، لەکاتی لە دەستدانی کەسێکی ئازیز و نزیک. شاعیر چەپکێک هۆنراوەی زۆر جوان و ڕێکوپێکی لەم بارەیەوە نووسیوە. بۆ نموونە لەشیوەنی (سەعید حەیدەری) برا گەورەیدا دەڵێ:

ئەو نەمامێک بوو لەناو باغاتی عیلم و عالیمان
کاک سەعیدی حەیدەری بوو چەشنی غونچەی ناو گوڵان
دەرس و تەدریسی پەسەند بوو، خۆ لەناو ئەمسالی خۆی
زۆر موعەززەز بوو لەناو ئەصناف وصنفی مەردومان
واسەخیو تەبعی کەریم بوو خۆی لەهەر مەیدانەکی
نەی دەتوانی گەر بەتەنیا بوایە بخوا چێشت و نان[٢٥]

لەلایەکی تر ناسیح حەیدەری تاکە شاعیری هەولێرییە کە چیرۆکێکی شیعری و شاکارێکی بەرز و بەنرخی عیشق و دڵداری دانابێت، کە ئەویش بریتییە لە داهێنانی داستانی (شێخ ئەحمەدی جەزیری و ڕابیعە خاتوونی خوشکی بەدرخان پاشا). ئەم بەرهەمەشی بەزمانێکی جوان و سەرکەوتووش لە ڕووی دارشتنی ڕووداوەکاندا نووسیوە، هەروەها وەک مێژووزانێکی لێهاتووش قەسیدەیەکی دوور و درێژی لە بارەی بنەماڵەی حەیدەرییانی هەریر و ماوەران بەشیعر نووسیوە. کە بەسەرهاتی زانایانی بنەماڵەی حەیدەرییانە و باری زانستی و ژیان و گوزەرانی فەقێ و شاگردانی خوێندنی ئاینیی دەردەبرێت.

(٢٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٨).
(٢٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٢).

## محەمەد شەریف میهری ١٩٠٣-١٩٤٢

محەمەد شەریف میهری یەکێکە لە شاعیرە بەتوانا و بەهرەدارەکانی بزووتنەوەی شیعری کوردی بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، میهری لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە و ناوی (محەمەد شەریفە) و کوڕی مەلا ئیبراهیمی مەلا عەبدولفەتاحی مەلا محەمەدی شێخ عەبدوڵڵایە. لە ساڵی ١٩٠٣[٢٦] لە گەڕەکی تەکیەی قەڵای هەولێر لەدایک بووە لە بنەماڵەی مەوزین زادەی[٢٧] حەنەفی هەولێرییە، لەبەرئەوەی مەزهەبی ئیمامی حەنەفییان پەیڕەو کردووە.

محەمەد شەریف لە بنەماڵەیەکی خواپەرست و دیندار بووە[٢٨]، شێخ عەبدوڵڵای باپیرەی پێنجەمی پیاوێکی خواناس و بەرماڵ بەکۆڵ بووە. لەکاتی خۆی ئیجازەی ئیرشاد و شێخیێتی لە (شێخ عوسمان)ی خەتیبی مووسڵ وەرگرتووە، تەمەنی خۆی بەخواپەرستی بەسەربردووە، لە دوای کۆچکردنی ئەویشەوە کوڕ و نەوەکانی ئەگەر ئیرشاد و تەریقەتیشیان وەرنەگرتبێ لە خواپەرستیدا ڕێچکەی ئەویان بەرنەداوە[٢٩].

محەمەد شەریف لەو جۆرە بنەماڵە خاوەن ڕۆشنبیرییە ئاینییە ژیاوە و پەروەردە بووە. هەر لە قۆناغی منداڵییەوە بەناو کتێب و قاقەز و قەڵەم قامیشی باوکی مەلایدا دەخولایەوە[٣٠].

بۆ وەرگرتنی زانست و ئەدەب و زانیاری ڕووی کردە حوجرەی ئەوسای مەلایەتی، کە یەکە بنکەی بڵاوکردنەوەی تیشکی خوێندەواری و هۆشیاری بوون. لە سەرەتادا لای باوکی دەستی پێ کردووە و قورعان و هەندێ وردە کتێبی خوێندووە، هەر لەژێر چاودێری باوکیدا بووە تا سەرف وفقهی حەنەفی خوێندووە و لە دواییدا تینوێتی

(٢٦) د. عەزیز گەردی لە دیوانی میهریدا ساڵی (١٩٠٩ز) داناوە بۆ ساڵی لە دایکبوونی شاعیر، کەچی د. عەبدوڵڵا حەداد دەڵێ بەپێی تەسکەرەی نفوسی میهری دەبێ لە ساڵی (١٩٠٣) لەدایک بوو بێ، بۆیە منیش ساڵی (١٩٠٣)م هەڵبژارد.

(٢٧) لە بارەی ئەم بنەماڵەیە سەیری (سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێرم وادیوە و بیستووە، هەولێر، ١٩٩٧، ل(٢٠٠-٢٠٤). بکە.

(٢٨) عەزیز گەردی، دیوانی میهری، سلێمانی، ١٩٧٧، ل(٥).

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥)

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو ل(٦).



هەر بەوەندە نەشکاوە بەڵکو سوختایەتی باوکی بەجێهێشتووە و ڕووی کردۆتە حوجرەکانی تری هەولێر، زانیاری تەجرید و کەلام و ئوووسولی ئاداب و مونازەرە و مەنتیق و فقهی شافعیی خوێندووە[٣١]. سەرەتا بەخزمەت مەلا (یونس ئەفەندی)[٣٢] گەیشتووە، کە باش کاتبی دادگای هەولێر بووە.

میهری بەمەبەستی گەڕان لە دوای مەلای چاک و بەناوبانگ خۆی گەیاندە شاری کەرکووک و لەوێش لە خزمەت ماموّستا (مەلا تاهیر) کە بەمودەڕیسی خانەقا ناسرابوو، زانیاری فەلەکی خوێندووە. هێندەی نەبرد ئەمجارەیان ڕووی لە شەقڵاوە کرد، لەوێ ماوەیەک لەلای ماموّستا (مەلا سادق)ی خوێند. بەم جۆرە هەر لە گەڕان و وەرە و بڕۆی خوێندندا بوو تا لە کۆتاییی لە مەدرەسەی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر کە مەلافەندی بەڕێوەی دەبرد، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە[٣٣].

یەکەم جار لە مزگەوتی حاجی مەلا ساڵحی یەگەن لە قەڵای هەولێر ئیمامەتی کردووە. هاوکات بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دادگای شەریعەی هەولێر بەسیفەتی (ملازمی) دەوام دەکات[٣٤].

لە پاشاندا چۆتە بەغدا و دوای تاقیکردنەوەیەکی ڕەمزی، بۆ ماوەی چوار ساڵ بوو بەماموّستا لە وەزارەتی زانیاری (معارف). بەماموّستایەتی ڕەوانەی ناوچەی سلێمانی کرا و ماوەیەک لە قەرەداغ مایەوە[٣٥]. لەو ماوەیەی کە لە قەرەداغ بووە زۆر ناخۆشی و دەردەسەری و بەڵاو بێ کەسی و ئاوارەیی دیوە، ئەم حاڵەتە تاڕادەیەکی باش لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە.

میهری دوای چوار ساڵ لە ماموّستایەتی فەسڵ کراوە ئەم فەسڵ کردنەش کارێکی زۆری تێ دەکات، بۆیە ناچار دەبێ بەدوای کارێکی تردا بگەڕێ. ئەوەبوو چووە بەغدا و فەرمانێکی (کیتابەتی) پێ ڕەوا بینرا[٣٦].

(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٦).

(٣٢) باوکی شەهید و سیاسەتمەداری ڕۆژنامەنووسی هەولێری نافع یونس (١٩٢٥-١٩٦٣)ە.

(٣٣) د. عەبدوڵڵا حەداد، ژیاننامە و شیعرەکانی میهری، هەولێر، ١٩٩٧، ل(١٢).

(٣٤) عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٧).

(٣٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢).

(٣٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).

میهری پیاوێکی باڵا بەرز و سوور و سپی و مووزەرد و شۆخ و شەنگ بووە. جلوبەرگی مەلایانی لەبەر دەکرد و هەندێ جاریش چاکەت و پانتۆڵ[٣٧]. بەم چەشنە میهری دوای ڕابواردنی ژیانێکی ڕەش و ناڕێک و پڕ ژان و ئازار هەر بەڕەبەنی تۆماری ژیانی پێچایەوە و لە ١٩٤٢/١١/٧ لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی تەکیەی قەڵای هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی تووش بوونی بەنەخۆشییەکی کوشندە، کە بەدەستییەوە ناڵەناڵی بوو هەروەکو خۆی دەڵێ:

گەیشتە عەرشی ئەعلا ناڵەناڵم
لە ئازاری لەشی خۆم هەر دەناڵم
بەڕۆژ هاوار و شەوگریانە حاڵم
نییە مەردێ بپرسێتن هەواڵم[٣٨]

## میهری و شیعر:

میهری یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. وەکو شاعیرێکی بەتوانا و لێهاتوو و داهێنەر لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کردووە، یاخود وردتر بڵێین "بەردەوام بوونێکی سروشتیە بۆ ئەو قوتابخانە شیعرییەی کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ناوچەی سلێمانی (بابان) لەسەر دەستی نالی و هاوەڵەکانی نەشونمای کرد و لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیشدا لە چەند ناوچەیەکی تری کوردستانی باشووردا دەنگی دایەوە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەند هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوە نا"[٣٩].

میهری سەرەڕای ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییە باشەی کە لە ڕێگەی مزگەوت و حوجرە و دەوروبەرەکەیدا بەدەستی هێنا بوو، خاوەن بەهرە و داڕشتنێکی شیعری ڕەسەنیشە. جگە لە زمانی دایک زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی دەزانی و شیعری پێ داناوە. زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی کوردیین پاشان هەندێ شیعری عەرەبی و هەروەها تورکی و لەدوای هەموویاندا فارسی نووسیوە.

(٣٧) د. عەبدوڵڵا حەداد، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).
(٣٨) عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٢).
(٣٩) د. عەبدوڵڵا حەداد، سەرچاوەی پێشوو، ل(٦).



شیعرەکانی میهری بەزمانێکی سادە و ئاسایی و بێ زۆر لەخۆکردن و نزیک لە زمانی خەڵکەوە نووسراون. کاریگەریی شێوەزاری هەولێر بەسەر شاعیر لە هەندێ هۆنراوەیدا دیار و ئاشکرایە.

لە شیعرەکانیدا مۆسیقایێکی دڵڕفێن بەدی دەکرێ و ترپە و ئاوازێکی سەرنج ڕاکێشەر و ناسک و داهێنەرانەی پێ بەخشیون ئەمەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنی وشە و پیتی بەئاواز و گونجاو و دانانیان لە شوێنی دیاریکراودا تا ئەم جۆرە مۆسیقا و ئاوازە دروست بکات، تەنانەت لە شیعرە نەتەوەییەکانیشی ئەم ئاواز و ترپە ناسکە هەر هەیە بۆ نموونە:

وەتەن بۆ تۆ بەدایم من دەناڵم
وەتەن بۆ تۆ پەشێوە وەزع وحاڵم
دەم و ساعەت لە بۆ تۆ هەر نەساغم
لە بۆ تۆیە گرینی مانگ و ساڵم
وەتەن تۆز و غوبارت عەترە بۆ من
لەتەموزا ئەتۆی بایی شەماڵم
لەزستانا ئەتۆی گەرمی وجودم
بەتۆیە هەربەتۆ دەفعی مەلاڵم[٤٠]

شاعیر زۆر وەستایانە پیتی (ت) دووبارە دەکاتەوە و جۆرە ئاوازێک و ترپەیەکی مۆسیقەداری بەهۆنراوەکە بەگشتی دەبەخشێ. سەرەڕای بەکارهێنانی سەروایەکی یەکگرتووی ئاوازدار.

لە هۆنراوەکانیدا کێشی عەرووزی عەرەبی و یەکێتی سەروای بەکارهێناوە لەناو دەریای هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا مەلەی کردووە و وەستایانە بەکاری هێناون، بەتایبەتی هونەرەکانی (لێکچوواندن، خوازە، کەرت کردن، دژیەک، پێچان و کردنەوە... هتد). یەکێک لە دیارترین ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەی کە شاعیر تیایدا سەرکەوتوو بووە و لە بەشێکی باشی هۆنراوەکانیدا دەبینرێت، بریتییە لە (کەرت کردن) بۆ نموونە:

(٤٠) عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٧-٢٨).

بمدەرێ ساقی جامی مەی بەعیشقی چاوی یارەکەم
بەعیشقی قەد چنارەکەم، بەعیشقی گوڵعوزارەکەم
لای تۆبە ژینی جاویدی، ئەی بۆژینم مەدارەکەم
ڕەحمێ بکە بەحاڵەکەم، بەچاوی ئەشکبارەکەم[٤١]

هەروەها دەڵێ:

ئەی عاشیقی غەمگین ئەوا فەسڵی بەهارە
بولبول دەچریکێنێ لەسەر داری چنارە
شەیدایی گوڵە، داغ لەدڵە، بێ سەروپێیە
بێچارەیە،پڕ حەسرەتە، بێ سەبر و قەرارە
ئارامی نییە، هەروەکو من، سینە پڕ ئاهە
من داغی ڕەقیبانم، ئەویش کوشتەی خارە[٤٢]

میهری هۆنراوەکانی لەسەر قاڵبە شیعری جۆراوجۆر دارشتووە. بەگشتی (تاک) و (غەزەل) و (مولەممەع) و (چوارین) و (پێنجین)ی داناوە هەروەها شیعری هەندێ شاعیری وەکو (نالی و کانی و ئیبراهیم هوشیار و مەلا ڕەشید عەبدی) تەخمیس کردوە. بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکیدا لەسەر هۆنراوەیەکی (هوشیار)دا دەڵێ:

فەلەک زۆر دڵ حەزینم من ئەبێ کێ داد خواهم بێ
هەتاکەی دڵ وەها بێبەش لە دەرگەنەی ئیلاهم بێ
هەتاکەی من وەها گوڵخەن براگیان قیبلگاهم بێ
فەلەک ناسازە من چ بکەم لە دونیا کێ پەناهم بێ
سپە سالاری دڵ کێ بێ ئەبێ بەختی سیاهم بێ
بەشەو تاکو سەحەر جانا لەژێرداری بەلاو دەردم
بەڕۆژیش هەروەکو وەحشی لەناو شاخ و لەناو هەردم
بەبێ شک تێ ئەگەی چاوم تەماشاکەی بەڕووی زەردم

(٤١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٩)
(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٥)



هەمیشە هەر لەسەرتاپا بەزنجیری ئەلەم بەندم
شەوم پێ ڕۆژە ناچارم، ئەبێ هەر ئاهوزارم بێ[٤٣]

میهری تاکە شاعیری هەولێریشە کە لە ماوەی دیاریکراودا، چوار نیوە دێڕ (مصرع)ی تەنیا تەنیای نوسیوە بەم شێوەیەی خوارەوە.

هەروەکو ئاشێکە دونیا هەرکەسە دەیوێ لە بۆ خۆی نۆبەتێ[٤٤]

هەروەها دەڵێ:

دەست لەدەستی یارە عالەم گەردەشی گوڵزار ئەکەن[٤٥]

هەروەها شاعیر کۆمەڵە تاکێکی پڕ ماناو خاوەن تەکنیک و مۆسیقایەکی بەرزی شیعری نووسیووە:

زەمزەمەی ئاوازی بولبول، بۆنی گوڵ، عەتری هەناسەی یاسەمین
کاسی کردم، مەستی کردم، بێ شەراب و بێ مەزە و ڕووخساری یار[٤٦]

میهری هەروەکو زۆربەی شاعیرانی تر لە هەردوو لایەنی تەکنیک و مەبەستی شیعرییەوە، کاریگەر بووە بەشاعیرانی پێش خۆی لەوانەش (بابە تاهیری هەمەدانی و نالی و بێخود و شێخ ڕەزا و وەفایی و کوردی و قانیع و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و زێوەر و زۆری تریش)[٤٧]. بۆ نموونە شاسواری بەلاغەتی کوردان (نالی) زۆر سەرنجی میهری بۆ لای شیعرەکانی خۆی ڕاکێشاوە. ئەوەتا لە دێڕە شیعرێکیدا (نالی) وێنەیەکی جوانی کێشاوە و دەڵێ:

چۆن نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
مەی چۆن نەڕژێ شووشە لەسەد لاوە شکاوە

ئەم وەسفە جوان و بێ وێنەیە سەرنجی میهری ڕاکێشاوە و بۆیە هەمان شتی لە دێڕە شیعرێکدا باسکردووە و دەڵێ:

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٤)
(٤٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٧٤).
(٤٥) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٩)
(٤٦) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٩)
(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧).

دەزانی بۆچی میهری پڕ خەیاڵی
کە شووشەی دڵ لە سەد لاوە شکاوە(٤٨)

لەلایەکی تر چەند هۆکارێکی گرنگ هەن کاریگەریی سەرەکییان بەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی میهرییەوە هەبووە لە سەرووی هەموویان ژیانی تایبەتی شاعیر و ئەو ناخۆشی و نەخۆشی و ئازار و نەبوونییەی کە شاعیر لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا پێیدا تێپەڕ بووە. ئەمە لە هۆنراوەکانیدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. هەردەم لە هۆنراوەکانیدا ڕەشبینی و دڵتەنگییەک هەست پێ دەکرێ، کە بێ گومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەسەرهات و ژیانی تایبەتی خۆی. باس لەبەدبەختی خۆی دەکات کەوا چۆن کەوتۆتە سەردەمێک هیچ دابونەریت و خووڕەوشتێکی باش نەماوەو لەناوچووە.

من خۆم کە موعتەبەر بووم، پڕ قەدر و تاجی سەر بووم
بەدبەختی زۆری هێنا بێبەش بووم دەربەدەر بووم
ئازادی دەرد و غەم بووم، خاڵی لە فیکر و هەم بووم
لە پڕ لەبێ نەوایی ئەسیر و پڕ کەدەر بووم
دەزانی ئەمڕۆ بۆچی ئەسیری داوی شەڕ بووم
چونکە لە داری دونیا سەد حەیف بێ زەرەر بووم

تا دەگاتە:

لە خەتی دام و تەزویر، من چونکە بێ خەبەربووم
لەسەر ڕەوشتی عیلم و قانوون و ڕێی بەشەربووم(٤٩)

لە چوارینێکدا لەمە زیاتر و وردتر وەسفی سەردەمەکەی خۆی دەکات و ڕەشبینتر دەیهێنێتە پێش چاو:

لە ئەهلی ئەم زەمانە نەمدیوە عەهد و پەیمان
نەمدیوە ئیشی باش و نەمدیوە ئەمن و ئەمان
لە قەهری ئەم زەمانە، لە دەردی دۆست و ئەحباب
هەروەکو دیجلە و فورات خوێنی دڵم بوو ڕەوان(٥٠)

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٩)
(٤٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٠)
(٥٠) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٣)



لەلایەکی تر شاعیر کاتی تووشی داوی نەخۆشییەکی ترسناک و دەردێکی کوشندە دەبێت زۆر بەدەستییەوە دەناڵێنێ، بۆیە لە هۆنراوەکانیدا گەلێ جار باس لەو ئازار و ئەشکەنجەیە دەکات کە لە ئەنجامی ئەم دەردەوە تووشی هاتووە هەروەکو خۆی دەڵێ:

بەدەرد ئەمڕۆ کە زەرد بوو ڕەنگی سوورم
لەبەرچی من لە سیحەت هێندە دوورم
لەمن سیحەت بەجارێ بوو بەعونقا
ئەسیری دۆشەگ و بالیف و ژوورم(٥١)

ڕۆژ بەڕۆژ ئەم نەخۆشییەی لێ توند دەکا و تاوای لێدێ لە هەندێ شوێندا ئەم جۆرە دەربڕینەی ئێش و ئازاری دەگاتە ئەوپەڕی و پڕ بەدەنگ هاوار دەکا و دەردە کوشندەکەی بەشۆڕشێک لەناو بەدەنیدا دەشبهێنێ و مەگەر هەر خوا بەخۆی بزانێ چۆن دەردێکە:

عەجەب پڕ شۆڕش و پڕ دەردە دەروونم
لە دەست ئەم دەردە یاران زۆر زووبوونم
چریکەم دێ بەشەو تاکو بەیانی
مەگەر هەر خۆت بی ئەی خالیق موعینم(٥٢)

بەگشتی هۆنراوەکانی میهری لە ڕووی مەبەستەوە لە سێ تەوەری سەرەکی دەخولێتەوە، یەکەمیان سیاسی و نەتەوەییە و دووەمیان دڵدارییە و سێیەمیشیان کۆمەڵایەتییە کە بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ دەرد و نەخۆشی ناو کۆمەڵگایە.

میهری هەردەم لەگەڵ گیروگرفت و غەم و ئازاری گەلەکەیدا ژیاوە و کاریگەر بووە و کوردێکی دڵسۆز و ئەمەکدار بووە. هەوڵی داوە لە ڕێگەی هۆنراوەکانیدا خۆشەویستی ئەم خاک و وڵاتە لە دڵ و دەروونی لاوان و خەڵکی شارەکەی بچەسپێنێت.

شاعیر هەستی دڵی خۆی بەرامبەر بەبێبەش بوونی میللەتەکەی لە کەمترین مافەکانی خۆی و دەست بەسەراگرتنی خێروبێری وڵاتەکەی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەر و دراوسێیەوە دەربڕیوە. بۆ نموونە دەڵێ:

(٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨١)
(٥٢) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٢)

ئەتۆ بێرە تەماشاکە وەتەن حاڵی چییە ئەمڕۆ
شەو و ڕۆژی لەسەر دەڕوا بە بەدبەختی و پەرێشانی
چ لاوێکن برا ئەمڕۆ، وەکو ئەو ڕۆژە ڕووناکی
کە هەر یەک پارچە دوو ڕێگە چ سۆرانی، چ گۆرانی
مەنافیعی ئەوا ئەمڕۆ هەموو یەکبارە یەغمایە
وەلێ مەحروومە لاوانم لە باغ و هەم لە بیستانی
خوداوەندا دەخیلت بم هەتاکەی حاڵەتم وابێ
وەتەن داخی لەبۆ من بێ، لەبۆ خەلق بێ گوڵستانی
ئەیا میهری بناڵێنە بەدایم هەروەکو نالی
شەریکی تۆیە هەموارە کە دڵسۆزی و هەراسانی
هەراسانی هەراسانی بەمەسحەف تۆ هەراسانی
لە بۆ لاوانی کوردستان بەدایم تۆ لە نالانی[٥٣]

بەلای میهرییەوە نیشتمانەکەی لە هەموو شتێکی بەرز و بەنرخ بەرزتر و بەنرخترە هەروەکو دەڵێ:

وەتەن دووری، وتەن جانی، وەتەن رووحی رەوانم
وەتەن بۆمن ئەتۆی سەروەر، ئەتۆی ڕوئیا و نیشتمانم[٥٤]

لەلایەکی تر محەمەد شەریف میهری لە ژیانیدا دووچاری خۆشەویستی کچێک بووە دیارە بۆی نەبووە و چارەنووس شادی نەکردووە بەدڵدارەکەی، بۆیە هەردەم غەمبار و نائومێد بووە لە ژیان، گوایە هەر لەبەر ئەمەشە ژنی نەهێناوە و بەهیچ ئافرەتێکی تر ڕازی نەبووە[٥٥].

دیارە ئەم ڕووداوە سەرچاوە و هاندەرێک بووە بۆ داهێنانی هۆنراوە دڵدارییەکانی، تەنانەت شاعیر لە هەندێ هۆنراوەیدا مەستی و بێ ئاگایی خۆی بۆ جوانی و خۆشەویستی یارەکەی دەگەڕێنێتەوە:

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٩)
(٥٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٨٦)
(٥٥) عەبدوڵڵا حەداد سەرچاوەی پێشوو، ل(١١)



دڵ مەستی مەی مەزانە مەستی جەمالی تۆیە
حەیرانی عەقل و فام و نوکتە و کەمالی تۆیە
کوژراوی بەژن و باڵا و گفتارەکەی شیرینت
عاشیق بەچاوی شەهلا و ئەبرۆی هەلالی تۆیە

تا دەگاتە:

دەزانن بۆچی میهری لاوازە و ڕەنگی زەردە
هەمیشە ئیشوکاری فیکر و خەیاڵی تۆیە[٥٦]

لە ڕاستیدا میهری چەپکێک هۆنراوەی دڵداری زۆر ناسک و پڕ هەست و ڕازاوەی پێشکەش بەکاروانی شیعری کوردی کردووە.

شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگەی مەیەوە هەرچی ئازار و ناخۆشی هەیە لە ژیاندا لەبیر بکات، چ لە ڕووی دووری یار بێ چ لە ڕووی ئازاری لەشیەوە بێ چ لە ڕووی سەختی ژیان و بەسەرهاتی ناخۆش بێت. هەروەکو دەڵێ:

بدەساقی شەرابی ئەرخەوانی کە یەک دەم من ببینم شادومانی
لە چەرخی کەچ ئەمن شادیم نەدیوە دەسا تێکە پەیا پەی تابەیانی[٥٧]

شاعیر وەک مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و غەم خۆر و هەستیاری ناو کۆمەڵ درکی بەکەموکورتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەکەی خۆی کردووە، بۆیە کۆمەڵێک هۆنراوەی کۆمەڵایەتی ئاراستەکەری داناوە، کە بریتین لە هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی وەک نەزانین و دواکەوتوویی و نەفامی و هەژاری و کێشەی چینایەتی و... هتد.

(٥٦) عەزیز گەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٨)
(٥٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٩)

## شێخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی (نووری) ١٩١٢-١٩٩٥

نووری نازناوی شیعری شاعیری کلاسیکی بەتوانا و داهێنەری هەولێری شێخ جەلال کوڕی شێخ جەمیلی کوڕی شێخ شاکری نەقشبەندییە و لە ساڵی ١٩١٢ز. لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەری شاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی و تا پۆلی چوارەمی دواناوەندیشی لە شاری هەولێر خوێندووە، ئەمجا چووەتە بەغدا و لە قوتابخانەی (ئەمریکی)دا پلەی خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە[٥٨].

لە ساڵی (١٩٣٦)دا بۆ یەکەم جار لە فەرمانی میری دامەزراوە و تا ساڵی ١٩٣٧ سکرتێری لیژنەی ئاو و کارەبای هەولێر بووە و، لە دواییدا بووە بەیاریدەدەری ژمێریاری شارەوانی هەولێر و لە ساڵی (١٩٥٩)وە تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٦٠)یش کراوە بەچاودێر (ملاحظ) لە فەرمانگەی (ئینحصار)ی تووتن لە شاری ڕەواندوز، لە ساڵی ١٩٦٠دا گوێزراوەتەوە بۆ ئینحیساری هەولێر و لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٠)یشدا کراوە بە بەڕێوەبەری بەرژەوەندی گواستنەوەی هاتوچۆکەران هەر لە هەولێر، تاکو لە ساڵی ١٩٧١ لەسەر داواکاریی خۆی خانەنشین کراوە[٥٩]. لە ساڵی ١٩٩٥ پاش تەمەنێکی پڕ لە خزمەتی بواری ئەدەبیات و شیعر کۆچی دوایی کردووە.

### نووری و شیعر:

(نووری) لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەستی بەشیعردانان کردووە و بێ گومان لە ڕێگەی بەهرەی تایبەتی خۆیەوە و، هەروەها سوود وەرگرتن و شارەزابوونی لە شیعرە پڕ هونەرەکانی نالی و کوردی و تایەر بەگی جاف و بێخود و وەفایی و سافی[٦٠] بەرەو جیهانی شیعری کلاسیکی کوردییان بردووە. پەیوەندی و دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی شاعیرە کلاسیکییە ناسراوەکانی هەولێر هەبووە و چێژێکی

(٥٨) شێخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی، چەپکی سێیەم لە دیوانی نووری، هەولێر، ١٩٨٧، ل(٣).

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤).

(٦٠) سەردار میران، چەپکە شیعرێک لە دیوانی نووری، بەغدا، ١٩٨٣، ل(٤).



زۆری لە شیعرەکانیاندا وەرگرتووە، لەوانەش (کانی و ناسیح حەیدەری و میهری و ڕەشاد موفتی و ئیبراهیم هوشیار و بورهان جاهید و مەسعود بێبەش). شارەزاییەکی باشیشی لە زمان و ئەدەبیاتی تورکی و عەرەبی و فارسیشدا هەبووە.

لە ڕووی ڕووخسارەوە زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر بنەمای یەکێتی سەروا داناوە. جارجارەش جووت سەروای بەکارهێناوە و ئەمە و سەرەڕای داهێنانی چەندین چوار خشتەکی و پێنج خشتەکی. تا ساڵی ١٩٥٨ لە هیچ هۆنراوەیەکیدا کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردی نابینرێ، بەڵکو گشت هۆنراوەکانی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی بنیات ناوە. شاعیر زۆر شارەزا بووە لەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە، لەم لایەنەوە زۆر سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە لە غەزەلێکیدا بەزمانێکی پتەو و پڕ هەستەوە وەسفی یارەکەی دەکا و دەڵێ:

ئەم پەرچەمە لادە لەسەر ئەم ڕوومەتە لاچێ  
ماڵ و سەر و ڕۆحم کەمە بۆ قیمەتی ماچێ  
شەمعی ڕوخی تۆ شوعلەیی داوە وەکو لالە  
سووتاوە دڵم خوایە بەسووتانی چراچێ  
ئەم هەندە بەسە جەور و جەفا و ئەزیەت و میحنەت  
ڕەحمێ بکە بەسێتی فیغانم بەسە ماچێ[٦١]

شاعیر زۆر زیرەکانە لێکچوواندنێکی جوانی لەنێوان ڕووی یارەکەی و تیشکی درەوشاوەی چرا دروست کردووە، لە پاشانیش ئازاری دڵیشی بەسووتانی چرا دەچووێنێ. لە دێڕی دواییشدا دەڵێ: (جەور و جەفا و ئەزیەت و میحنەت) کە جۆرە ڕوونکردنەوەیەکی تێدایە، ئەمەش بێ گومان یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە دێڕێکی تردا دەڵێ:

لەبی لەعلت هەمە یاقووتە یاقووت  
کە قووتە بۆدڵی من وادیارە[٦٢]

لەو تاکە دێڕەدا دوو جۆرە هونەری ڕەوانبێژی بەدی دەکرێ، یەکەمیان پات کردنەوەیە کاتێ دەڵێ (یاقووتە یاقووت)، ئەوەی تریشیان ڕەگەزدۆزی ناتەواوە

(٦١) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٥).

(٦٢) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٦)

لەنێوان هەردوو وشەی (یاقووتە و قووتە) لە هەردوو نیوە دێڕدا کە لە یەکەمیاندا مەبەستی (یاقووتە) و ئەویتریشیان بەمەبەستی (خواردن) دایناوە.

لە ڕووی شێوازی شیعرییەوەش هۆنراوەکانی نووری دەبن بەدوو بەشەوە لە هەندێکیان زمانێکی پتەو و قورس و بەهێزی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەشیوەنی (سافی) دا دەڵێ:

فەریدی عەصری خۆی صافی گەلێ ڕەند و بەتەقوا بوو
مریدی موخلیسی زاتی جەنابی غەوثی بەغدا بوو
کە ئەم زاتە ئەگەرچی والەدووری بازی زەورابوو
دڵی دایم بەڕۆژ و شەو لە خزمەت ئەو جودانابوو
پەنا و پشتی وبیە گەیلان کە (قوطب الاولیا) ی ناوە
بەتوورەی خاتەمی جەددی خیتامی ئەنبیای داوە[٦٣]

لە هەندێ هۆنراوەشیدا زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێ و نزیک لە زمانی خەڵکەکەی بەکارهێناوە. بۆ نموونە دەڵێ:

هیلالی یەکشەوەی شەووال کە بینیم من بەدڵسۆزی
دەڵێ دولبەر وەرە ئیشمەو بکەین با جەژنە پیرۆزی
بە حەیرانی وتەی خۆش و کەلامی شیرینی زارت
کە جەژنت کردە دوو جەژنە ویصال و جەژنی نەورۆزی[٦٤]

لە ڕووی زمانی شیعرییەوەش هۆنراوەکانی دەبێ بە دوو بەشەوە لە بەشێکیاندا بەڕێژەیەکی زۆر وشە و زاراوەی عەرەبی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە ستایشی دوا پێغەمبەراندا دەڵێ:

دڵم دایم مەویتەلایە یا رسول الله
لە بەحری عاصیان غەرقی خەتایە یارسول الله
سوپاهی نەصرەتن (انا فتحنا) فەتحی کرد قوربان
کەلامت وەحی ی هەق ئەمری خودایە یارسول الله[٦٥]

(٦٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(٥٢)
(٦٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٣١).
(٦٥) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).



لە بەشێکی تریاندا بەتایبەت لە دوای شارەزابوونی زیاتری شاعیر لە فەرهەنگی زمانی کوردی، بۆیە هەندێ جار وشە و زاراوەی عەرەبی کەمتر بەرچاو دەکەوێ و لە هەندێ هۆنراوەدا هەرنییە، بۆ نموونە دەڵێ:

سەودا سەر و ڕیسوا و گرفتار و دەبەنگم
کوژراوی قەد و قامەتی یارێکی قەشەنگم
دڵ کەوتوە پێش تابووری غەم هەروەکو سەردار
جارێکی بنۆڕە لە جەفا نیمە لە جەنگم
خوێنی دڵمە وا دەتکێتەسەری غونچەی
بۆیە کە وەها من مەرەقی وەردی فشەنگم[٦٦]

نووری لە ڕێگەی وەسفی ورد و لێکچوواندنی سەرنج ڕاکێشەر چەندین وێنەی جوان و ڕەنگینی شیعری بۆ کێشاوین، هەروەکو لەپێشتریش یەکێک لەو وێنانەی شاعیرم خستە بەرچاو، ئارەزووی وێنەگرتنی خۆشەویست و دولبەری خۆی بووە، هەردەم هەوڵی داوە بەوپەڕی جوانی وەسفی بکات.

لەلایەکی تر و لە ڕووی قاڵبی شیعرییەوە، سەرەڕای دەیان غەزەل، هەندێ دێڕی شیعری (تاک)یشی نووسیوە و یەکێکیشە لەو شاعیرە هەولێرییانەی کەقاڵبە شیعری مولەممەعی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە داهێناوە هەروەکو لەم موناجاتەدا بەدەردەکەوێ کە بەهەر سێ زمانی کوردی و تورکی و عەرەبییە.

ئەی دڵ بەجەفاو وعاصی و ڕیسوا و گوناهکار
ڕووی خۆت بخە ژێر قەدەمی ئەحمەدی موختار
مەدحی وی لەلای ئەمجەدی غەففارە بەلولاک
بۆیە لەنبوەت بووە ئەم مەحرەمی ئەسرار
فارحم لی فیا خالق الارواح ترحم
الجنة للمؤمن والمشرك في النار
ما اكثر غفرانك فاغفر لي الهي
العزة والرافة للواحد القهار

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو، (٢٨).

یارب شـــوتره طوڤراغك آلتنده تیـــاركن
اول مـرقـده ویرسك ازه جق نوري ضـیـاكـار[٦٧]

لە ڕووی ناوەڕۆکـەوەش هەردوو مــەبەســتی (ئاینیی و دڵداری) بە دوو بابەتی بنچینەیی شاعیر دادەنرێت توانایی و دەست ڕەنگینی شاعیریش لە شیعرە پڕ وەسف و پڕ هەستە دڵدارییەکانیدا بەدەردەکەوێت.

لە زۆربەی هۆنراوە دڵدارییـەکـانیـدا شێـواز و ڕێچکەیەکی تایبـەتی تێـدا بە دی دەکرێت ئەویش بریتییە لەو شێـواوی و ئازار و ئەشکەنجە و غەم و پەژارەییەی کە شاعیر لە ئەنجامی خۆشەویستی یارەکەیدا تووشی هاتووە بۆ نموونە دەڵێ:

شێـواوە دڵم هێندە لەبەر فیکر و خەیاڵت
بۆ حاڵەتی من شاهدە ئەو چاوی غـەزالت[٦٨]

هەروەها دەڵێ:

جەور و ئەزیەت دڵ دەکێشێ چاو دەبینێ ماهی ڕووت
نیعمەت و لەززەت لەبۆ چاو، غەم لەبۆ دڵ بۆتە قووت[٦٩]

هەروەها دەڵێ:

لەنێو ناری مەحەببەتدا حەریق و دڵ سووتاوم من
بە نوکی تیری چاوی یار جەریح وپەی کراوم من[٧٠]

شـاعـیـر ژیرانە و بەوپەڕی دڵسـۆزی و غـەم خـۆرییـەوە هەوڵی داوە ئامـۆژگـاری میللەتەکەی خۆی بکات بەتایبەتی چینی لاوان و قوتابیان بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروست لەژیاندا بگرنە بەر و ڕوو لە خوێندن و زانست بکەن. بۆ نموونە دەڵێ:

دانا و زانا لە گـێـتـیـدا ژیانیـان بە حـورمـەتە
نەزانی و نەخـوێندەواریش زۆر بێ قەدر و قـیـمـەتە
ڕۆڵەکـــانی نەوجــەوانم بۆ قـــوتابخــانە بڕۆن
فێری خوێندن بن قوتابیان چونکە هەر ئەو نیعمەتە

(٦٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(١١).
(٦٨) سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٩).
(٦٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٨).
(٧٠) شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل(٢٢).



سەر بڵندی میللەتێک هەردەم بە زانست دێتە دی
چاو لەوان کـەی تۆ بەجـارێ دەربچی لەم زیللەتە
ئەی قــوتابی بەرز و ژیرم تێ بکۆشـە بۆ نەجـات
چونکە گـەل ئەمـڕۆ لە ئێـوە چاوەنۆڕی خزمـەتە[٧١]

شاعیر جگە لەم مەبەستە شیعرییانەی سەرەوە هەندێ بابەت و مەبەستی شیعری تری وەک (وەسـفی دیمەنە جـوانەکـانی کـوردسـتـان، لاواندنەوە، داشـۆرین)یشی بەکارهێناوە و پێشکەش بەجیهانی شیعری کلاسیکی کوردی کردووە.

## ئیبراهیم هوشیار ١٩١٦-١٩٩٤

هوشیار نازناوی شیعریی شاعیری وەسف و جوانی شاعیری کلاسیکی کوردی هەولێری سەید ئیبراهیم کوڕی سەید یوسفی کوڕی سەید عەبدوڵڵایە. لە ساڵی ١٩١٦ لە خێزانێکی کەم دەرامەتی قەڵاتی هەولێر لەدایکبووە. باوکی بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی جزیرەی (بۆتان) و دایکیشی لە بنەماڵەیەکی ناوداری هەولێر بووە، هۆشیاری شاعیر خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواوکردووە و دواپلەی خوێندنیشی تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بووە[٧٢]. بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٠ بە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی (عەربەتی) سەر بە لیوای سلێمانی دامەزراوە، کەچی دوای شەش مانگ لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو واز لە فەرمانەکەی دێنێت و دەگەڕێتەوە هەولێر. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤ دووبارە دەگەڕێتەوە سەر فەرمانی میری[٧٣]. ئیبراهیم هوشیار فەرمانبەرێکی لێهاتوو دڵسۆز و دەست پاک بووە و ئەو ئەرکەی لەسەرشانی بووە بەوپەڕی لەخۆبووردوویی و ڕێکوپێکییەوە جێبەجێی کردووە لە شارەکانی (هەولێر و ڕواندوز و هەریر و کۆیە و عەنکاوە و قەرەتەپە و کەرکووک و مەخمور)دا فەرمانبەرێتی کردووە. لە دوا فەرمانی میریشدا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی

(٧١) سەردار میران سەرچاوەی پێشوو، ل(١٩).
(٧٢) کەریم شارەزا، ئیبراهیم هوشیاری شاعیری وەسف، گۆڤاری کاروان ژ(١٢)، ئەیلول ١٩٨٣. ل(٤٧-٤٨).
(٧٣) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٧-٤٨).

هەولێر بووە، لە ساڵی (١٩٧٢)شدا لەسەر داوای خۆی خانەنشین کراوە[٧٤].

لەبەر ئەوەی شاعیر مرۆڤێکی کوردپەروەر و خاوەن هەستێکی نەتەوەیی بەرزبووە، بۆیە بە ماوەیەکی کەم بۆتە ئەندامێکی چالاک و ناسراوی نێو حزبی هیوا، چەندین کەس لە ماڵی ئەواندا سوێندی بەئەندام بوونیان لە حزبی هیوادا خواردووە و سەرەڕای سازدانی چەندین کۆبوونەوەی ئەندامانی حزب هەر لە ماڵەکەیاندا لە قەڵای هەولێر[٧٥]. هەر لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەریدا لە ساڵی (١٩٤٣)دا زیندانی کراوە و نێردراوەتە بەندیخانەی (عەمارە) و لە ساڵی (١٩٤٤)دا بەردراوە و بۆ ماوەیەک بۆ شاری موسڵ دوور خراوەتەوە و لەژێر چاودێریی پۆلیسدا بووە[٧٦].

هوشیاری شاعیری خامە ڕەنگین خاوەن کەسایەتییەکی خۆشەویست و بەهێز بووە. لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەدواداچوونێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرچاوە جیاجیاکانی عەرەبی و کوردی و دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەکو (نالی و حاجی و کوردی و وەفایی)دا[٧٧]، توانیویەتی شارەزاییەکی چاک بەدەست بێنێ و ببێت بە یەکێک لە ڕۆشنبیر و بیرمەندەکانی ئەو سەردەمە. بەهرەی شیعریش هانی داوە بۆ شیعر نووسین و تا بووە بە شاعیرێکی ئەندێشەدار و هەست ناسک و بەتوانای سەردەمی خۆی.

## ئیبراهیم هوشیار و شیعر

شاعیر هۆنراوەکانی بەگشتی لە قاوغی شیعری کلاسیکی کوردیدان و بە زمانێکی سانا و سادە و بێ گەرد و مۆسیقیش شیعری داهێناوە. شاعیر شارەزاییەکی زۆریشی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبووە، بەڕێژەیەکی کەمیش وشە و زاراوەی عەرەبیی بەکارهێناوە. بۆ نموونە دەڵێ:

لەسەر چەرخی فەلەک، ڕۆژێ بەنووکی خامە نووسرابوو
کەوا ڕۆژنامەی هەولێر نەما لەم شارە ئاوابوو

(٧٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٧-٤٨).

(٧٥) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز حاجی (حەیدەر عوسمان).

(٧٦) سەرچاوەی پێشوو.

(٧٧) کەریم شارەزا، سەرچاوەی پێشوو.



لەناکاو لەشکری غەم هاتە نێو دڵ خێوەتی هەڵدا
نەما خۆشی، خەفەت پەرتی زەمین و دەشتوو دەریابوو
لەپڕ هەوری ڕەش و تاریک داهات ئاسمانی گرت
سەراپا شاری هەولێر گشتی شێوا و شێت و شەیدا بوو[٧٨]

شاعیر چەپکێک غەزەل و چوارینی نووسیوە، زۆربەیانی لەسەر بنەمای یەکێتی سەروا و جووت سەروا بنیات ناوە، بەزۆریش کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە و جار جارەش کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردی. شاعیر زۆر بەتوانا بووە لەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا و بۆ مەبەستی جوانکاری و قووڵی مانا بەکاری هێناون بۆ نموونە دەڵێ:

سینە باخی ئیرەمە گرتوویە یەک جووتە شەمام
تەڕ و پڕچنک و شل و ناسک و شیرین و بەتام
سەری سووڕماوە هەموو نەک هەر ئەمن خاص و عەوام
ئەمە چۆن موعجیزەیە بەر دەگرێ تازە نەمام[٧٩]

بەڕاستی شاعیر وەسفێکی جوان و قەشەنگی لە ڕێگەی لێکچوواندنێکی زیرەکانە کردووە کاتێ کە سینەی یارەکەی بە(باخی ئیرەم) دەچووێنێ و شەمامی تەڕ و شل و ناسک و بەتامیشی وەکو (خوازە) بەکارهێناوە و لەبری (مەمکەکانی) دایناوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش، زۆربەی هۆنراوەکانی هوشیار لە چوارچێوەی بابەتی وەسفدا دەخولێتەوە، بەڕاستی شاعیر لەم بارەیەوە تواناییەکی یەکجار بەرزی نواندووە. لە ڕێگەی وشەی ناسک و ئاوازدار وردەکارییەکی بێ وێنە چەپکێک هۆنراوەی پڕ وەسفی خۆشەویستی و وەسفی یار و وەسفی دیمەنە جوانەکانی کوردستانی بۆ کردووین. ئەم جۆرە وەسفانە مرۆڤ بەرەو جیهانێکی پڕ لە ئەندێشە و خۆشی دەبات. شاعیر بیر و هۆشی مەستی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی کوردستان بووە هەربۆیە دەڵێ:

(٧٨) ئیبراهیم هوشیار، ڕۆژنامەی هەولێر (شیعر)، ژمارە (١٠٠)، (٣٠)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٢).

(٧٩) ئیبراهیم هوشیار، بەو قەد و باڵای صەڵەوات، گۆڤاری هەتاو، ژمارە (٧٣)، (٢٠) ئەیلولی ساڵی (١٩٥٦).

**گەڕانێک بەدەشتا**

هەڵسە گیانەکەم بڕۆین بۆ گەڕان
بەکێو و کەژا با بکەین سەیران
خۆشەویستەکەم بەفر تواوە
ژیانی شیرین لەخەو هەڵساوە
بەلار و لەنجە بەعشوە و سەرا
وادێت و ئەچی بە دوو دڵ دەرا
بێ با هەڵلگرین شوێن پێ بەهار
لەزەوی و زارا بەاستەم دیار
بێ، بەسەر کەوین سەرلوتکەی چیا
بابڕوانینە لەرەی سەوزەگیا
وا تارای ڕەشی شەوی زستانی
لە سەر ڕووی گەردوون لابدا بەیانی
داری هەڵوژە و خوخ ڕازانەوە
سێویش وەک ئەوان لەگەڵیانەوە
وەک بووکی شەوی (لیلە القدر)ن
بە ایت جێگایی هەزار مانگ ئەگرن
داری میوی ڕەز لە خەو هەڵساوە
تەرزەکانی گشت لەیەک ئالاوە
دەست لەمل ییکتر هەموو هاو ڕازن
هەروەک دڵداری ئاواتە خوازن
جۆگەلە و ڕووبار وا ئەڕژی و ئەشکێ
بەکەیف و خۆشی و سەماو هەڵپەڕکێ
دەم بەگۆرانی وشادی و دڵ تەڕن
بەسەر دار و بەرد واتێ ئەپەڕن
سەیر بکە لەنێو دڵی کردگار
واپشکووتوە گوڵ و لالە زار



وەک پشکوتنی کەفی دەریایە
وەک ئاو لەهەر لا شەپۆلی دایە
وەرە بەپیاڵەی نەرگسی یاران
بخۆین پاشماوەی فرمێسکی باران
لەگەڵ دەنگ خۆشی چوڵەکە شادبین
بەبۆن و خۆشی گوڵ با گیان ئازاد بین
وەرە لەپاڵ ئەو بەردە دانیشین
لەوێ شارراوە بنەوشەی ڕەنگ شین
بڕۆین هەردووکمان تێرتێر ماچی کەین
هەردوو یەک دڵ بین ماچ و موچی[٨٠]

لە ڕووی وێنەی شیعرییەوەش هەروەکو لە بەشی پێشوو و لە باسی داهێنانی وێنەی شیعریدا، یەکێک لە وێنە شیعرییە سەرکەوتوو و دڵگیر و داهێنەرەکانی شاعیرمان خستە بەرچاو، لە ڕاستیدا شاعیر وێنەکێشێکی شیعریی بەرزبووە. بەتایبەت کاتێ بیر و هۆشی دەچێتە ناو جیهانی پڕ لە ئەندێشەی خۆشەویستی و جوانی یار و دڵگیری دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان، ئا ئەوەتە لەو هۆنراوەیەیدا وێنەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشەری شاییەکی ڕەشبەڵەکی کوردیمان بۆ دەکێشێ و دەڵێ:

ڕۆژێ دەمی ئێوارە بوو ڕۆژ هێندەی نەمابوو
لەو دەشتە ئەهاتم لە هەموو لاوە هەرابوو
سەحرا ڕازاوە لەسەر تەختی تەبیعەت
تاجی سەری خورشیدی جیهانی نوکەری بابوو
ئەمری بەسەر ئەم بایە ئەکرد عەتری ئەبەخشی
بێ بادە و مەی مەست بوو هەمووی مەی نەخورابوو
ڕمبازی و شایی و زەماوەند بوو بە زوڕنا
تێکەڵ کوڕ و کچ ڕەش بەڵەک و ڕەقس و سەما
شاه نشاهی خووبانە لەنێودا کچی کوردی
قەد عەر عەر و دەم غونچە ڕوخی ماهی خودا بوو

(٨٠) گۆڤاری گەلاوێژ، ژ(٢)، ساڵی (٥)، شوبات، ١٩٤٤.

لەب لەعل و برژانگ تیر و برۆ عەینی هیلالن
باریک تەن و دوو بسکی وەکو ماری سیا بوو
چاو ئاسک و سینە سەدەف و گەردەنی مینا
چارۆگە هەتا دامەنی پڕ شەرم و حەیابوو
شایی کە ئەکرد دوگمە لەسەر سینە ترازا
یەک جووتە شەمامەی تەڕ و پررچنگی لەلابوو
دوو دەستی لەنێو دەستی کچانە کوڕی کوردی
دوو شانی لە دوو لاوە لەگەڵیانا تەبا بوو
خەنجە رلەقەدی پشتی موهەیا لەکەلانی
ئامادەیە سینەی سوپەری تیری بەڵا بوو
فەرشی چەمەنە سوسن و بەیبون و هەڵاڵە
شەو بۆ گەش و پرر نەگرس و گول تازە ژیا بوو
داوینی چیا یاسەمەن و عەرعەر و سونبل
وەک قامەتی ئەو یارە سەر و قەدی شکابوو
چەند خۆشە کە ئەڕژایەوە چەموجۆگەوکانی
هەر بلبلی بێ چارەیە بۆ گوڵ بەتەمابوو
ساقی وەرە زوو وەعدەیە کێشرا جەلەوی ڕۆژ
بۆم پررکە پیاڵە مەهو ئەستێرە پەیابوو[٨١]

لە کۆتاییدا ماوە بڵێین هۆنراوەکانی (هوشیار)ی شاعیری فەرامۆش کراو، بەنموونەیەکی زیندووی جیهانی شیعری کلاسیکی کوردی دادەنرێت و لە سەردەمی خۆیدا وەک تروسکاییەک وابووە و مەیدانەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕووناک کردۆتەوە.

(٨١) کەریم شارەزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.



# بورهان جاهید ١٩١٨-١٩٩١

## ژیان و بەسەرهاتی شاعیر:

جاهید نازناوی شیعریی شاعیری ڕەند و قەڵەندەری هەولێری (بوڕهان جاهید)ە. ناوی تەواوی بوڕهان کوڕی حاجی محەمەدی کوڕی حاجی عەبدولڕەحمانی دۆغرەمەچییە. لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری هەولێر چاوی هەڵێناوە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی یەکەمی هەولێر، تا پۆلی دووەمی ناوەندیشی لە ناوەندی هەولێر خوێندووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٤ بەهۆی هەندێ بەسەرهات و دەستکورتی ژیانی تایبەتی خۆیەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. لەنێوان ساڵانی (١٩٣٧-١٩٤٠)یشدا خزمەتی سەربازی کردووە و لەماڵی مامی (عەبدولجەبار ئاغای کانی)دا ژیاوە[٨٢].

بوڕهان جاهید لە قۆناغی منداڵی لەلایەن دایکییەوە نازێکی زۆری دراوەتێ و لەلایەن کەسوکاریەوەش گرنگییەکی زۆری پێ دراوە[٨٣]. بەڵام لە تەمەنی ١٨ ساڵیەوە دوای کۆچی دوایی کردنی (دایکی)، بوڕهان تووشی نەگبەتی و ناخۆشی دەبێت و ژیانیشی لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو بێ بەرنامەیی و تێکچوون دەڕوات.

بەتەنیایی و بەبێ جێگیربوون ژیان لە شوێنێک بۆ شوێنێک لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر بەسەر دەبات[٨٤]. لەوکاتانەدا نزیکترین هاوەڵی دەبێتە (مەی) و مەی خواردنەوە، بۆ ئەوەی هەردەم لە حاڵەتی (مەستی)دا بێت و ناخۆشییەکانی ژیان لەبیر بکات. هەروەکو خۆی دەڵێ "هیچ شەوێک لە شوێنێکدا نەنووستووم کە بزانم شوێنی خۆمە و تاهەتایی لێی ئەخەوم، هیچ ڕۆژێکیش لە خەو هەڵنەستاوم لە گیرفانما درهەمێک هەبێت. ڕۆژێکیان لە خانێک ئەویتریان لە مزگەوتێک و ڕۆژێکیشیان ئەبوومە میوان لە ماڵی یەکێک لە ناسیاوەکان"[٨٥]. هەر لە بارەی ئەو

(٨٢) کەریم شارەزا، ئەحمەد شەریف، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیکی بوڕهان جاهیدا، بەغدا، ل(٧).
(٨٣) عوسمان موفتی، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بوڕهان جاهیدا (دەستنووس)، ١٩٨٣.
(٨٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٨٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ژیانە ناهەموارەی کە تیایدا ژیاوە، لە پێشەکی یەکەم دیوانی شیعری خۆیدا کە لە ساڵی (١٩٥٧)دا دەرچووە دەڵێت "لێم ببورن خۆم هەر ئەوەندەی لێ دەزانم بەهەواییەکی بێهۆش و بەداڵغەیێکی چەوت تا ئەمڕۆ حیاتی خۆم چواند، بۆیە نەختێ سەرسامم، بەڵام دیسانەوە گەڵێ شکر ئەکەم بۆ خدای مستعان کە حالی حاضر او شعورەم هەیە و ازانم کە عومری ڕابووردووی خۆم بەبێهوودە چواندوە"[٨٦]. بەم شێوەیە تا پەنجاکانی تەمەنی خۆی، ژیانی بەم جۆرە ڕابواردووە، پاش ئەم تەمەنە ژنی هێناوە و لە دوا دوای ژیانیشیدا وازی لە مەی و مەی خواردنەوە و کۆڕی مەی گێران هێناوە و جۆرە جێگیربوونێکی بەخۆوە بینیوە.

دوا فەرمانی میریشی لە فەرمانگەی ئەشغالی هەولێردا مووچە خۆری میری بووە. لە (٢١)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٩١)یشدا دڵە ماندوو و پڕ ئێش و ئازارەکەی لە لێدان وەستاوە و کۆچی دوایی کردووە و لە دوای خۆشیدا (چوار) دیوانی شیعری بەپێز و دەوڵەمەند و بەمانای وەکو میرات بۆ گەلەکەی بەجێ هێشتووە، ئەو گەلەی هەردەم لە ناخ و بیری ئەودا بوون.

### بوڕهان جاهید و شیعر:

جاهید لە ساڵی (١٩٣٤)دا دەستی بەشیعر دانان کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک یەکەمیان ئەو دەوروبەرەیە کەتیایدا گەورە بووە، لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و شیعرپەروەر گەشەی کردوە و زۆر پێیانەوە کاریگەر بووە[٨٧]، مامی (عەبدولجەبار ئاغای کانی) شاعیرێکی ناوداری ئەم سەردەمە بووە، مامەکەی تریشی (تۆفیق ئاغای دۆغرەمەچی) گرنگی بەئەدەب و شیعر داوە. هەروەها ماڵی خاڵوانیشی کە نەقشبەندین گەڵێ شاعیریان لێ هەڵکەوتووە و بەحوکمی خزمایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵیاندا سوودی لە ئەزموونیان وەرگرتووە[٨٨].

هۆکارێکی گرنگی تری شاعیربیەتی جاهید بریتییە لەو بەسەرهات و بارودۆخە تایبەتییەی کە وای لە شاعیر کردووە واز لە قوتابخانە و خوێندن بێنێ و هەموو

(٨٦) دیوانی بوڕهان بەگی هەولێری، کەرکووک، ١٩٥٧، ل(٢).

(٨٧) کەریم شارەزا، ئەحمەد شەریف، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣).

(٨٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٣)



سات و کاتی خۆی بۆ گرنگیدان بەخوێندنەوە و هۆنینەوەی شیعر بدات، شیعریش وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێ بۆ دەربڕینی هەست و نەست و گیروگرفت و نەگبەتی و نەهامەتییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی. بۆ نموونە لە یەکەم هەوڵدانی شیعری و یەکەم هۆنراوەی خۆیدا دەڵێ:

لە بۆ دەفعی غەمی دونیا، لە دەستم بادەبوو پەیدا
عقل فەوتا جگەرم سووتا، بەجارێ کەوتمە صحرا
غەمم یەک بوو هەزاری کرد دەخیلی گوڵ عوزاری کرد
خەریکی ئاهوزاری کرد، بەشەو تا ڕۆژ ئەبێ بیبلا
نەما چارم کەبیمارم، بەدڵ لەم گیانە بێزارم
لە هیجرانا چبێ چارم، بەتیرێ بمکوژی لەیلا
فەلەک سووتا لە ئاهی من، مەلەک گریا لەڕاهی من
عەجەب بەختی سیاهی من، نەبو جارێ لەخەو ئاگا[٨٩]

بێ گومان لە سەرووی هەموو ئەمانەشدا ئەو بەهرەیەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و توانای ئەوەی داوەتێ ئەو داهێنانە شیعرییە بەرزانەمان پێشکەش بکات کە کەلێنێکی لە جیهانی شیعری کوردیدا پڕ کردۆتەوە. بەتایبەتی لە بابەتی شیعری فەلسەفیدا.

لەلایەکی تر دیارە شاعیر لە سەرەتای شاعیریەتیدا نازناوی (جاهید)ی بۆ خۆی داناوە و ئەم نازناوەشی لەژێر کاریگەری دێڕە شیعرێکی شاعیری گەورەی عەرەب و بەڕەچەڵەک کورد (ئەحمەد شەوقی) داناوە، دیارە شاعیر زۆر بەم دێڕە شیعرە سەرسام بووە. کە تیایدا هاتووە.

عش ماأستطعت في الحياة مجاهدا
ان الحياة عقيدة وجهاد[٩٠]

جاهید جگە لە شارەزایی تەواوی لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و تورکی بەئەدەبیاتەوە دەزانی. لێرەدا ئەگەر گەشتێک بەنێو جیهانی شیعری ئەم شاعیرە بکەین چ لە ڕووی ڕووخسارەوە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هەست دەکرێ کە

(٨٩) دیوانی بوڕهان بەگی هەولێری، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠).

(٩٠) عوسمان موفتی، سەرچاوەی پێشوو.

شیعرەکانی لە ئاستێکی بەرزدان و بەهرە و توانایییەکی زۆری تێدا تواندووە. بەتایبەتی لە بارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشە و یاریکردن بەوشەکان و دروستکردنی مۆسیقایەکی ناوەکی گونجاو لەگەڵ ماناو مەبەستی هۆنراوەکانی، ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێ و سەرکەوتنێکی زۆری تێدا بەدەستهێناوە.

ئەگەر بمانەوێ جاهید وەکو شاعیرێکی لێهاتووی کورد بناسێنین و لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانی ئەنجام بدەین چ لە ڕووی ڕووخسار و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەوا دەتوانین لە بواری چوارینەکانییەوە چاکتر بیناسین و لە تەکنیکە شیعری و بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی بگەین. شایانی باسە شاعیر دوو بەرگی تەواوی لە دیوانەکانی خۆی تایبەتن بە(چوارینەکانی).

جاهید لە ڕووی ڕووخساری شیعرەکانییەوە پەیڕەوی تایبەتییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کردووە، لەوانەش بەکارهێنانی کێش و عەرووزی عەرەبی و هەروەها لە زۆربەی زۆری غەزەلەکانیدا یەکێتی سەروای پەیڕەو کردووە و کە تاک تاکەش لە هەندێ غەزەلیدا جووت سەروا بەدی دەکرێ، زۆربەی هەرە زۆری سەروای چوارینەکانیشی چ بەتەنیا بن یاخود لە دوای یەکدا هاتبن لەسەر قاڵبە سەروای (AABA) و (AAAA)ین.

سەرەڕای بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی. لە ڕووی دیالێکتەوەش، بەگشتی هۆنراوەکانی بەدیالێکتی کرمانجی خواروو داناوە و کاریگەریی شێوەزاری هەولێریش لەسەر هۆنراوەکانیدا دیار و ئاشکرایە بۆ نموونە دەڵێ:

چۆن بمێنم من لە دەست دەرد و مراق
چۆن نەناڵێم لە دەستی افتراق
چۆن نەکەم هاوار و افغان و گرین
چۆن نەکەم لەم أذیەتە تەرکی و ئاق
کانی دڵسۆز کانی دولبەر کانی دڵ
کانی یاوەر کانی یار و کارفاق
پێ لە کوێ دانێم بریندارم ئەکات
پڕ لەدڕکو دارە کۆڵان و سوقاق



چو لە دەستت (جاهدا) ڕۆژی گەشت
تازە ناگەی تۆ بە مەیلو اشتیاق[91]

بێ گومان دیار و ئاشکرایە کە وشەی (کانی) کە چەند جارێک شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا دووبارەی کردۆتەوە، تایبەتە بەدیالێکتی هەولێر و دەوروبەری.

لە ڕووی زمانی شیعرییەوەش هۆنراوەکانی شاعیر بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبێت، قۆناغی سەرەتای شاعیرییەتی و تا پەنجاکانیش هۆنراوەکانی تاڕادەیەکی باش وشەی عەرەبی تێدایە، کەچی ئەم دیاردەیە بەرەبەرە لەگەڵ شارەزا بوونی زیاتری شاعیر لە فەرهەنگی زمانی کوردی، کەمتر دەبێ و شیعرەکانی پاک و پاراوتر دەبن لە وشەی بێگانە.

شیعرەکانی جاهید شێوازێکی تایبەتییان هەیە، ئەم جۆرە شێوازەش تام و چێژێکیانی پێ بەخشیوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە وشەو ڕستە و دەستەواژەی قەبە و بەهێزی هەندێ جار بەکارهێناوە، کەچی هۆنراوەکانی بەئاسانی و بەشێوەیەکی سووک و ئاسایی جێگای خۆیان لەناو دڵ و بیر و هۆشی هەر کەسێکدا دەکەنەوە. بۆ نموونە لە هۆنراوەیەکدا کە لە سەرەتای پەنجاکاندا و بەتایبەتی لە سەردەمی (نەجمەدین سائب)ی موتەسەڕیفی هەولێر نووسیویەتی، کاتێ باری کوردستان زۆر ئاڵۆز و نالەبار بووە و شاعیر خۆیشی لە بارێکی ناخۆش و نالەبار دەبێت، بۆیە ئەم هۆنراوەیە لە دژی میری دادەنێ و شەویش لەسەر دیواری سەرای هەولێردا هەڵیدەواسێ و تا بەیانی دەمێنێتەوە و گەلێ کەس دەیخوێننەوە لەسەر ئەمەش زیندانی دەکرێ و هۆنراوەکەشی بەم شێوەیەیە:

بازاڕی فەلەک چەوتە بەفلسێ نییە ئەشعار
مەیدانی عەقل بۆتە تەویڵەی کەر و کەردار
زیندانە مەقامی عوقەلا ژێر دەسی غەدار
ئیتر بەچ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار؟
قەصابی سەری میللەتە حوککامی زەمانە
جەللادی کەسی بێ کەسە پۆلیس و شەبانە

(٩١) دیوانی بورهان بەگی هەولێری، سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٧-٢٨).

لێمان ئەستێنن بەهەوەس باج و سەرانە
ئیتر بەچ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار
قانوونی عقوباتە مەگەر ئالەتی ئەزیەت
دانراوە لەبۆ مەنفەعەتی مامە حکومەت
شێواوە لە دەس زوڵمی هەموو میللەت
ئیتر بەچ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار
عالەم لە هەموو لاوە بریندارى جەفایە
مەعلومە کەئەم چەرخە چ بێ ڕەحم و وەفایە
ئەم کارە چ کارە چ عەزابە چ بەڵایە
ئیتر بە چ نەوعێ بکەن ئەم عالەمە هاوار(٩٢)

شیعرەکانی (جاهید) لە ڕووی ناوڕۆکەوە (لیریکین)، لە ڕێگەی هۆنراوە لیریکییەکانیشی چەندین مەبەستی فەلسەفی و ئامۆژگاری و ئەڤینی و نیشتمانپەروەری و وەسف و کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو. هەر چەندیش شاعیر بەگشتی بیروبۆچوونە لیریکییەکانی لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی خستۆتەڕوو، کەچی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر (ڕیالیزمیانە) خۆی لەقەرەی بابەتەکان داوە.

بۆ نموونە شاعیر لە چوارینێکی فەلسەفە ئامێزیدا خەیام ئاسا دەکەوێتە پرسیار لەخۆکردن و بەراورد کردن لەگەڵ ژیانی ڕابردووی سەردار و پاڵەوانانی مێژووی کۆندا، کە ئەوانە هاتن و ڕۆیشتن و هەر کۆنەیە دەڕوات و هەر تازەیەشە دێت. ئینجا بەتێڕوانینێکی فەلسەفەی بێهوودەیی، هەموو فەیلەسووف و فەلسەفەیەک بەهیچ دەردەچوێنێ و دەڵێ:

کوانێ ئەسکەندەر؟ کوا ڕۆستەمی زاڵ؟
کوا ئەو تەیرانەی کە دەفڕین بەباڵ؟
کۆنە دەڕواتن تازە دادێتن!
فەیلەسوفی چی؟ گشت قسەی بەتاڵ؟

ئەگەر لە هەموو چوارینەکانی جاهید وردبینەوە هەست دەکەین بەزۆریی

(٩٢) کەریم شارەزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٣-٣٤).



ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی و، لە ئەزموونی خۆی دەدوێ، ئینجا لە ژیانی ئادەمیزاد بەگشتی. لەم بارەیەوە بەدەیان و دەیان چوارینی زۆر بەرزی پڕ لە بیری فەلسەفی و بۆچوونی کۆمەڵایەتی داناوە هەر چوارینێکی وەکو پەندێکە و پێویستی بەوردبوونەوە و لێکدانەوە و سوود لێ وەرگرتن هەیە. لە چوارینێکدا شاعیر بیرێکی پێشکەوتنخوازی و خوڕەوشت بەرزی دەخاتە بەرچاو و بێ باکی و سەربەرزی بەڕاسترین ڕێگەی ژیان دادەنێت:

تاریکیم ناوێ ڕووناکی خۆشە
دڵ پیسیم ناوێ دڵپاکی خۆشە
مەترسە ڕێگەی ڕاست بگرە و بڕۆ
لە ژینی دونیا بێ باکی خۆشە(٩٣)

زۆر زیرەکانە لە چوارینێکی تردا پەند ئاسا بیرێکی فەلسەفی زۆر بەهێز دەخاتە ڕوو:

مەڕێک بەبزنێک وتی بزن گیان
مووی تۆ چەند ڕەشە هەی بەستەزمان
وتی سپی و ڕەش چارەمان ناکەن
هەر سەربڕینە لە دونیا بەشمان(٩٤)

(٩٣) بورهان محەمەد عەبدولڕەحمان جاهید، فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید، هەولێر، ١٩٨٥، ل(١٩).

(٩٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٨).

# مەلا مەسعود بێبەش ١٩٣٢-١٩٩٨

بێبەش نازناوی شیعریی شاعیری سەوداسەر و ژانگرتووی کورد و ئاشقی شیعری کلاسیکی کوردی مەلا مەسعودی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای شەنەغەیە، لە ساڵی (١٩٣٢ز) لە شاری هەولێر لەدایک بووە. باوکی لەلای (مەلا فەندی) لە مەدرەسەی مزگەوتی قەڵای هەولێر خوێندنی ئاینیی تەواو کردووە، یەکێک بووە لەمەلا و مامۆستا ئاینییە دیارەکانی شاری هەولێر و لە مزگەوتی گەورەی بازاڕدا بەخەتیب و پێش نوێژکەر دامەزراوە[٩٥]. یەکێک بووە لەو مەلایانەی کە بەوپەڕی دڵسۆزی و هەستی نەتەوەییەوە بەزمانی کوردی خوتبەی ڕۆژانی هەینییان پێشکەش کردووە[٩٦]. مەسعود بێبەشی کوڕیشی لە دوای تەواوکردنی مەدرەسەی ئاینیی و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی، بووە بەمەلا و مامۆستایەکی ئاینیی دیار لە شاری هەولێردا و لە (١١)ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٨ بەبێ دەنگی دڵە پڕ جۆش و خرۆشەکەی لە لێدان کەوت.

مەسعود بێبەش لە بنەماڵەیەکی ئاینیی و مەلازادە و ئەدەب دۆست پەروەردە بووە. سەرەڕای باوکی، دایکیشی مەلا بووە و پتر لە(٥٠) کیژە هەولێری لەلای خوێندوویانە و ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە[٩٧]. باوکیشی گرنگییەکی زۆری بەبواری ئەدەبیات داوە و خۆی لە خۆیدا دیوانێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبی بووە[٩٨]. دیوەخانەکەی باوکی لە مزگەوتی گەورەی ناو بازێڕدا، هەمیشە جمەی دەهات و شوێنی گفتوگۆی جیاجیای ئاینی و ئەدەبی بووە. بێگومان ئەم جۆرە دەوروبەرە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکرانەوەی شاعیردا هەبووە، لەلایەکی تر شاعیر لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە نهێنی و ئاشکراکانی ئەو سەردەمە و[٩٩]، سەرەڕای ئەوبەهرە تایبەتییەی کە

(٩٥) مەلا مەسعود، بەشێک لە دیوانی بێبەش، بەغدا، ١٩٧١، ل(٤).

(٩٦) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ کاک (مەحموود زامدار).

(٩٧) سەرۆ قادر، ئازاد عەبدولواحید، ئەنوەر مەسیفی، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەحموود زامدار، گۆڤاری ڕامان، ژ(٥)، تشرینی دووەمی ١٩٩٦، ل(٣٩).

(٩٨) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٩).

(٩٩) هەمان سەرچاوە پێشوو، ل(٣٩).



خوای گەورە پێی بەخشیوە، لە ئەنجامدا لە سەرەتای پەنجاکاندا دەستی بەشیعر نووسین کردووە و بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) و پاشانیش گۆڤاری (هەتاو) بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە و بەرەبەرە تا بووە بەیەکێک لە شاعیرە بەتوانا و دیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

## بێبەش و شیعر

بێبەش لەناو جیهانی شیعری کلاسیکی کوردیدا (نالی) بەڕابەری خۆی داناوە و[١٠٠]، لە ڕووی دارشتنی شیعرییەوەش بەیەکێک لە شاگرد و قوتابییە ژیر و بەتواناکانی ڕێباز و قوتابخانەی شیعری شێخ ڕەزا دادەنرێت، بەتایبەتی لە بواری شیعری داشۆریندا، کە لە ڕاستیدا شۆڕەسواری ئەم مەیدانە بووە لەناو شاعیرانی شاری هەولێردا.

بێبەش زمانزانێکی باش بووە لە بواری نووسیندا. شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبووە. زۆر وەستا بووە لە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو و پڕ مانا، هەر بۆیەشە شیعرەکانی جۆرە پتەوی و هێزێکی پێوە دیارە. ئەمەش نموونەیەکی ئەم جۆرە هۆنراوانەیە:

ئەی گلێنەی چاوەکەم ئەی شۆخی شەنگ و دلبەرم
ئەی گوڵی باغی ئومێد و نازەنین و سەروەرم
شەوقی عەشقت ئاگری بەردا دەروونم سەرتەسەر
قەقنەسی دڵ هەر ئەسووتێ ئەی خودا بۆ نامرم
دایمە مەستم بەمەستی چاوەکانی مەستەکەت
بۆیێ ئەمبینی هەمیشە مەست و واسەوداسەرم
وێنەکەت نەقشە لەسینەم نەقشەنەقشی بەستووە
ناوی تۆشم ئەی دلارا کردە وێرد و ئەزبەرم
وەسڵی تۆ جەننەتمە جەننەت دۆزەخە بۆمن مەگەر

(١٠٠) کەریم شارەزا، کۆچی ماڵئاوایی شاعیرێکی میللی ڕەند و قەڵەندەری کورد مەلا مەسعود بێبەش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٥٨٣)، ١٤/٥/١٩٩٨.

شەرتە عەشقت دەرنەخەم قوربان لە دڵما تاکو هەم
عەهدی خوابێ تاکو ئەمنێژن بەیادت ڕوح بەرم[١٠١]

بێبەش تەواو پابەندی تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی بووە لە داڕشتنی شیعریدا. لە زۆربەی زۆری غەزەلەکانیدا یەکێتی سەرواى پەیڕەو کردووە و، گشت هۆنراوەکانی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبین و وەستایانەش هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە بۆ نموونە:

هەتاکەی غەرقی لافاوی سروشکی خوێنی چاوم بم
سەفینەی نوحی وەسلی تۆ مەگەر بێ تۆ بکاچارم
هەتاکەی بەختی ڕەشی دولبەر وەکو شاماری زولفی تۆ
وەها ڕەش بێ عەکس بێنێ دووشەشی بەختەکەی زارم[١٠٢]

شاعیر لەم دوو دێڕەدا وردەکارییەکی جوانی نواندووە، لە نیوەدێڕی یەکەمدا فرمێسکەکانی بەلافاوەک لە خوێن چوواندووە. پاشان بەختەکەی خۆی لە ڕەشیدا بەڕەشی زولفی یارەکەی چوواندووە.

بێبەش لە ڕووی داڕشتنی قاڵبی شیعریەوە، چەپکێک غەزەل و چوارینی بەهێز و ڕازاوەی پێشکەش کردووین. بەڵام یەکێک لەو قاڵب و هونەرە شیعرییانەی کە شاعیر زۆرتر پێی ناسراوە و تیایدا دەست ڕۆیشتوو بووە و توانایی و داهێنانێکی بەرزی تێدا نواندووە، بریتییە لە دانانی (پێنج خشتەکی) لەسەر شیعری شاعیرانی تر و غەزەلەکانی خۆشی. کە بێ گومان ئەم جۆرە هونەرە شیعرییەش زیرەکی و وردەکارییەکی تەواوی پێویستە

لەم بارەیەوە، ئەگەر بەوردی سەیری نێو دیوانەکانی بکەین "بێ گومان گەلێ لایەنی ئەم قسەیەت بۆ ڕوونتردئەبێتەوە، ئا ئەوە جارێکیان لەگەڵ کەڵەشاعیرانی وەک: (نالی، مەحوی، وەفایی، حەمدی، حاجی، شێخ ڕەزا)دا خۆی دەدۆزێتەوە و هەندێ جاریش لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخ و سەردەمی خۆی وەک (مەلای گەورە، کانی، کەمالی، هەردی، بێکەس، هێمن، جاهید، پانی، صافی، صابیری، نووری،

(١٠١) مەلا مەسعود بێبەش دیوانی بێبەش، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٨٧، ل(٣٣-٣٤).
(١٠٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.



پاکژ، ئارام، ئەنوەر) تاد لە خشت خشتێنەی سوار و جوان و ڕەوان و قووڵ دەکەوێتە ڕاز و سکاڵا"[١٠٣].

زۆربەی زۆری سەرواى پێنج خشتەکییەکانیشی ئەگەر بەند بەند لە دواى یەکدا هاتبن لەسەر قاڵبەسەرواى (AAAAABBBBACCCCA) دایە. بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکیدا لەسەر هۆنراوەیەکی (مەحوی)دا دەڵێ:

وەفادارم وەفات بێ بۆ خودا بەس
نەماوە تاقەتم ڕۆیی نەمابەس
قەدی ڕاستم لە جەورت وا چەمابەس
بپرسە حاڵم ئیهمالی وەفابەس
بترسە تۆ لە حەق جەور و جەفابەس
قەسەم بێ سەدقەسەم بەم چاوە کاڵە
بەدینی من ڕەقیب قەتڵی حەڵاڵە
قسەی من ڕاستە ئی دوژمن بەتاڵە
بەکامی غەیر و بێگانە برا لە
بەری بوونت لە یار و ئاشنا بەس[١٠٤]

لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش شاعیر چ لە ڕێگەی پێنج خشتەکیەکانی یاخود لە ڕێگەی هۆنراوەکانی بەگشتی، مەبەستی جیاجیای پێشکەش کردووین لە بوارەکانی (داشۆرین، دڵداری، نەتەوەیی، مەی نۆشی، پەند و ئامۆژگاری، ئاینیی، لاواندنەوە).

بێ گومان بێبەش بەسەر قافڵەی شاعیرانی هەولێر دادەنرێت لە بواری شیعری داشۆریندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هۆنراوە داشۆرینەکانی لە دیوانەکانی بڵاونەکراونەتەوە تاک تاکە نەبێت گوایە تا دوو سێ پشتی تر دەست نادەن بۆ بڵاوکردنەوە[١٠٥].

(١٠٣) مەلا مەسعود بێبەش، هەندێ لە پێنج خشتەکییەکانی بێبەش، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٨٤، ل(٧-٨).
(١٠٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٣٥).
(١٠٥) سەرچاوەی پێشوو، ل(٩).

بۆ نموونە لە پێنج خشتەکییەکیدا لەسەر شیعرێکی شێخ ڕەزادا دەڵێ:

لادەخۆت لێم لادە ئەحمەق نامبڕێ تیغی دەبان
شیعرەکانم تیغ بەندە تۆ لە خوار و من لەبان
تۆڵە خواردت تانەکەم نازانی زانایيم جەبان
تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زوبان
فەرقی ئەو دوو تیغە هەروەک ئاسمان و ڕیسمان(١٠٦)

هەروەها لە پێنج خشتەکییەکی تردا لەسەر شیعرێکی تری شێخ ڕەزا دەڵێ:

دولبەرە دین بەرەکەم قەت کەمێ خۆم نادەمە قەرد
تازە ماچێکم ئەوێ بمدەیێ گەر تۆ کچی مەرد
چەند سەرنجت ئەدەمێ تۆ لە وجودت نییە گەرد
سەرونەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەکەری خواردووە نەی سەروسەری داوە لەبەرد(١٠٧)

لەلایەکی تر بێبەشی شاعیر هەستی بە نەهامەتییەکان و پاشکەوتوویی میللەتەکەی خۆی کردووە و بێ گومان تێکەڵ بوونی لەگەڵ سیاسەت لە سەرەتای پەنجاکانیشدا هاندەر بووە و تاڕادەیەک ئاسۆی بیری لەم بارەیەوە بەرەو پێشکەوتنخوازی و ڕووناکبیری بردووە. ئاوڕی لە بابەتە نیشتمانیی و نەتەوەییەکاندا داوەتەوە و هۆنراوەی بەپێزی لەم یارەیەوە داناوە:

برای مەرد و نەبەرد و پایەدارم
برای تێکۆشەر و دانا و بەکارم
برای زانام ئەزانی چونکە زانای
ئەگەر ڕاست و دروست و چەوت و خوارم
برای هوشیار و هوشیارم لە هەکار
ئەزانم وەک بزانی هەستیارم
بەڵێنم داوە تاماوم بمێنم
لەسەر یەک ڕێگە بم وابێ قەرارم

(١٠٦) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٢).
(١٠٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٥).



هەمموو ئاواتەکەم کوردە کە پێک بێ
کە پێک بێ کورد بەمە زۆر بەختیارم(١٠٨)

هەروەها بێبەش شاعیری خامەڕەنگین کۆمەڵێک هۆنراوەی داهێنەری لە جۆری غەزەلی عیشق و دڵداریدا داناوە، بەتایبەتی ئەو دەمەی کەوتبێتە حاڵەتێکی پڕ لە ئەندێشە و سۆزی خۆشەویستی بۆ نموونە دەڵێ:

منی مەجنون سیفەت بۆیێ ئەکەم هەر ئاهو واوەیلا
شکاندی شووشەیی دڵمی بە بەرردی فیرقەتی لەیلا
وەها جەزبی دڵی کردم بەقووەی جازبەی حوسنی
بەجارێ موڵکی جیسمم بۆی موسەخەر بوو هەموو بیلا(١٠٩)

## پیربال مەحموود ١٩٣٤ - ٢٠٠٤

یەکێکە لە شاعیرە بەرز و بەتواناکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش لە داهێنانی بەپێز بەردەوامە. ناوی پیربال مەحموودە و لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە گەڕەکی (سێتاقان)ی شاری هەولێر چاوی بۆ ژیانی پڕ لە ژان و ئازارکردۆتەوە. دایکی کچی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ کەریمی ئاڵتی بەرماغە، باوکیشی بەرەچەڵەک لە (بابانە)کانە(١١٠)، لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر چاودێری باپیری شێخ عەبدوڵلادا لە حوجرەی مزگەوتدا دەخوێنێ(١١١). بەڵام پاشان دەچێتە قوتابخانەی میری و قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکا و لە قۆناغی دواناوەندیش تا پۆلی پێنجەم لە دواناوەندی هەولێری شەوان دەخوێنێت(١١٢). بەڵام پاشان بەهۆی هەندێ بەسەرهات و ناخۆشی کە کاریگەرترینیان کۆچی دوایی کردنی باوکیەتی،

(١٠٨) مەلا مەسعود بێبەش، دیوانی بێبەش، سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٦).
(١٠٩) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧).
(١١٠) پیربال مەحموود، بەهەشتی دڵداری، (دیوان)، کەرکوک، (١٩٥٨)، ل(٣).
(١١١) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شاعیر.
(١١٢) شیعری کوردی لە پەنجاکاندا شەختەیەکی سارد و سڕبوو دەمویست ئەو بەستەڵەکە بشکێنم، چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربال مەحموود، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٦)، ٥/٨/١٩٩٨، ل١٠٤..

بۆیە بەناچاری دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و ناتوانێ خوێندن تەواو بکات. دیارە مردنی باوکی کۆسپێکی گەورە بووە، لەبەردەم شاعیر. هەروەکو خۆی دەڵێ: "مردنی باوکم ڕێبازی ژیانمی گۆڕی و تووشی بێ ئومێدی کردم و دەروونمی پڕ لە غەم و ئازار کرد و باری گران کردم"(١١٣) ئەمەش لە هۆنراوەیەکیدا بەئاشکرا بەدەردەکەوێت کاتێ دەڵێ:

باوە کـــۆچت کـــرد لە ئەم ژیانە
تەنیا جێت هێشتم لە ئەم جیهانە
لێم بووە دۆزەخ بەهەشـــتی ژینم
دوای ڕۆیینت باوی شـــیـــرینم
ئای گـوێت لە ناڵەی دەروونم بایە
هەتاکـــو باوە بـتــــزانی بـایە
چۆن ئاگری خەم ئەخوا دەروونم؟
چۆن شـەپۆل ئەدا لەدڵ گـرینم؟!
نرخم نەزانی هەتاکـــو مـــردی
تاکـــو ئەو ڕۆژەی بزرم کـــردی(١١٤)

ئینجـا ناچار بووە لە سـەرۆکـایەتی شـارەوانی هەولێـردا بەنازناوی (چاودێری خانووبەرە) دابمەزرێ(١١٥)، لە ساڵی (١٩٦٣)شدا لەسەر هەڵوێستی سیاسییەوە بۆ ماوەی دوو ساڵان لەلایەن ئەنجوومەنی عورفییەوە بەندکراوە(١١٦). دوای بەربوونی بۆ ماوەی (٧) ساڵ کاری تاپۆکردنی خانووبەرەی کردووە و لە ساڵی (١٩٨٣)شدا خانەنشین کراوە. لەو ساوەش چ بە(نووسەر)و چ بە(وەرگێڕ) و چ بە(هەڵەچن) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کاری کردووە(١١٧).

(١١٣) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شاعیر.
(١١٤) پیربال مەحمود، سەرچاوەی پێشوو، ل(٩٧).
(١١٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربال مەحمود، گۆڤاری ڕامان سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠٤).
(١١٦) چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شاعیر.
(١١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربال مەحمود، گۆڤاری ڕامان سەرچاوەی پێشوو.



**پیربال مەحموود و شیعر:**

بارودۆخی ناهەموار و هەژاری و ژیانی پڕ لەژان و ئازاری شاعیر، هۆکارێک بووە بۆ ئاوڕدانەوەی شاعیر لەبەهرە زاتییەکانی خۆیدا(١١٨). کاتێ شاعیریش هەست دەکا کە خاوەن جۆرە بەهرەیەکی شیعرییە، هەوڵ دەدا سوود لەم جۆرە بەهرەیە وەربگرێت و وەک ئامرازێک لە ڕووی پراکتیکییەوە بەکاری بهێنێت بەڵکو کەمێک لەم واقیعە تاڵە دوور بکەوێتەوە و بەهۆیەوە هەست و دەروونی بخاتە سەر کاغەز.

بەم پێیە شاعیر لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە دەستی بەداهێنانی شیعریی کردووە و لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوە و خۆ فێرکردنەوە(١١٩)، توانیویەتی ئاستێکی ڕۆشنبیریی باش بەدەست بێنێ و شارەزاییەکی باشیش لە بواری شیعردا پەیدا بکات. لە سەرەتا شیعری بەزمانی عەرەبی نووسیوە و یەکەم هۆنراوەی خۆی کە ڕەشبینییەکی زۆری تێدایە، لەگۆڤاری (الامل)ی(١٢٠)، قوتابییاندا بڵاوکردەوە. پاشان بەرەبەرە لە ڕێگەی هەوڵدانی بێوچانی خۆیەوە و بەهاندان و یارمەتیدانی هەندێ لە مامۆستا و نووسەرانی وەک بەڕێزان (گیوی موکریانی و مارف خەزنەدار)دا(١٢١) فێرە زمانی پاراوی کوردی بووە و چۆتە ناو جیهانی شیعری کوردی.

شاعیر زۆر کاریگەربووە بەشاعیرە نوێخوازەکانی کوردی وەک (گۆران، شێخ نووری شێخ ساڵح، هەردی، کامەران، دیلان، دڵدار). لەلایەکی تر پیربال مەحموود بەیەکێک لە دەرچووانی قوتابخانەی شیعری (مەهجەری عەرەبی) دادەنرێت. لەبەرئەوەی زۆر کاریگەر بووە پێیانەوە و لاساییشیانی کردۆتەوە، ئەم کارتێکردنەش لە ناوەڕۆک و ڕواڵەت و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە بەتایبەتیش لە ڕووی کێش و سەروا و وێنەی شیعرییەوە. لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێ:

(١١٨) عباس عبدالله یوسف، لکثرة ماحفظت للشعرا والکبار القدامی والمخضرمین والمجددین عرفت في الاوساط الادبیة بـ(انسکلوبیدیا الشعر) لقاء مع پیربال محمود، جریدة خەبات العدد (٩٩٩)، ٢٧/١٠/٢٠٠٠.
(١١٩) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شاعیر.
(١٢٠) ئەم گۆڤارە لە ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن هەندێ لە مامۆستایان و قوتابیانی دواناوەندی هەولێری کوڕان بەزمانی عەرەبی دەرچووە و، تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.
(١٢١) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ شاعیر.

(هەوڵدانەکەی من لەڕووباری شیعردا پازدانێک بوو بۆ کەنارێکی نەرمونۆڵ و سایەدا ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە کەشوهەوای شیعری مەهجەری بە کەش و هەوای شیعری کوردی دەچوو. وەک شیعری ئێمە زایەڵەکەیناڵەی دەروون و ماف خوراوان و بێ نەوایان بوو جار جارەش وێنەی خۆم و سروشتی کوردستانم لە ئاوێنەکەی دا بەدی دەکرد و لەگەڵ هەست و نەستی ڕۆمانسییانە و خەونەکانی خۆشی تافی لاوێتیم دەگونجا!)[١٢٢]. پیربال مەحموود دوای شارەزایی بوونی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بووە بەزمان زانێکی گەورە و هۆنراوەکانی بەزمانێکی کوردی زۆر جوان و پاراو نووسیوە و هەروەها زمانێکی شیعری سادە و سانا و ئاوازدار و مۆسیقیشی بەکارهێناوە. هەر بۆ نموونە دەڵی:

لە زستانا لە کاتێکا هەور گرما لەگوێی دۆڵان
گەواڵە کردیە ڕێژنە لەسەر کێو و چەم و چۆڵان
لە کاتێکا گیاوگوڵت ئەدەیتە پۆلی ئاسکۆڵان
لەوێدا لەو پەرستگایەی کە ئەنواریتە گردۆڵان
فەرامۆشم نەکەی گیانە، ئەمن شایانی بالاتم
هەتا ماوم لەگوڵشەندا تروسکەی ئاڵ و والاتم[١٢٣]

بەڕاستی پیربال مەحموود لە شیعر نووسیندا داهێنەر بووە، لەبەرئەوەی چ لە ڕووی ڕوخسار و چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە گۆڕانکارییەک لەهۆنراوەکانیدا بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تری هەولێر بەدی دەکرێ. بەتایبەتی لە ڕووی ڕوخسارەوە، چونکە شاعیر بەیەکێک لەپێشەنگەکانی شاعیرانی کوردی هەولێر دادەنرێت لە ڕووی بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردییەوە، لەبەرئەوەی توانی کۆت و زنجیری کێشی عەرووزی عەرەبی تێک بشکێنێ و لێی دەرباز بێت هەرچەندە لە سەرەتا هەندێ هۆنراوە و بەرهەمی بەم جۆرە کێشە داناوە، بەڵام زۆر کەمن. زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردییە. لە ڕووی سەرواوەش بەڕاستی داهێنەر بووە، توانیویەتی لە ڕێگەی یاریکردن بەسەرواکانی و هەڵبژاردنی سەروای ئاوازدار و مۆسیقی جوانکارییەک و قەشەنگییەکی داهێنەر بەهۆنراوەکانی

(١٢٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربال مەحموود، گۆڤاری ڕامان، سەرچاوەی پێشوو، ل(١٠١).
(١٢٣) پیربال مەحموود بزەی سروشت (دیوان)، بەغدا، ١٩٨٥، ل(٢٥).



ببەخشێت. سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین قاڵبە سەروای جۆراوجۆری وەک (یەکێتی سەروا، جووت سەروا، سێینە، چوارین، پێنجین) هەر بۆ نموونە شاعیر لەم هۆنراوەیەی خوارەوەدا سەروایەکی ئاوازداری بەکارهێناوە کە مۆسیقایەکی ترپەداری بەپێزی بەهۆنراوەکە بەخشیووە:

وەرە بۆم پڕکە بادەی ڕەنگاوڕەنگ
بەشیلەی گوڵان بەهەنگوینی هەنگ
وەرە دانیشین لەلای شاکاران
لەنێو باوەشی بەهاری قەشەنگ
وەرە گوێ بگرە شامەلی غەزەل
لەوێ ئەخوێنێ بەخۆشترین دەنگ
وەرە بڕوانە چۆن هەڵدەنیشێ
لە دەوروبەری گوڵی شۆخ و شەنگ
چۆن ئەچریکێنێ لە ئاست خەرمانەی
بێ وەی بترسێ لەچقڵی خەدەنگ[١٢٤]

شاعیری خامە ڕەنگینی هەست ناسکمان ئەوپەڕی هونەر و وردەکاری ئەنجامداوە لە داهێنانی وێنەی شیعریدا بەتایبەت لەکاتی وێنەگرتنی جوانی یار و دڵگیریی سروشتدا، بۆ نموونە دەڵێ:

زۆر گەشی ئێجگار گەشتر لەپڕشنگ
زۆر گەشی ئێجگار تریفەداری
دەمێ خۆر، دەمێ پەلکە ڕەنگینەی
دەمێ ئاوێنەی ڕووی شەبەقداری
دەمێ پەروانەی دیار خەرمانەی
دەمێ خەرمانەی مانگی ڕەنگداری
دەمێ ساز، دەمێ مۆسیقای (جاز)ی
دەمێ ئاوازی چریکەداری

(١٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٢٤).

چی نەمامێکی؟ چی شەمامێکی؟

چی بەتامێکی؟ چی عیشوەداری؟

چی ناز؟ چی نیاز؟ چی دڵخوازی تۆ؟

چی ڕاز، چی ئاواز، چی نەشئەداری

وەک دڵارامی ئەندێشەی باڵا

پێ داوێی، وەک ئەو چرپەداری

وەکو ئەو لەسەر عەرشی جوانی

دانراوی لەسەر عەرشی دڵداری(١٢٥)

شاعیر وەکو هەموو شاعیرانی تر بۆ چەند مەبەستێک شیعری داهێناوە لەوانەش (دڵداری و نەتەوەیی و مەی نۆشی و لاواندنەوە و وەسف و شانازی)، پیربال مەحموود بەشاعیری عیشق و دڵداری ناسراوە هۆنراوە دڵدارییەکانی پانتاییەکی فراوانی لەناو سەرجەم هۆنراوەکانیدا داگیر کردووە. یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە هاندەر بوونە بۆ نووسینی ئەم جۆرە هۆنراوانە لەلای شاعیر بەهۆی ڕووداوی لە دەستدانی دەستگیرانەکەیەوە بووە. ئەم ڕووداوە لەناخەوە (پیربال) دەهەژێنێت و بەرەو جیهانێکی پڕ لە غەم و تەنیایی و داهێنانی شیعری دەبات.

بەدەیان هۆنراوەی پڕ لە سۆزی خۆشەویستی نووسیوە جا لە ڕێگەی وەسفی یارەکەی بێت یاخود وەسفی دەروونی خۆی بێت بەرامبەر بەدولبەرە بەهەشتییەکەی یاخود دەربارەی خۆشەویستی بێت بەگشتی. بۆ نموونە شاعیر لەکاتی بینینی دولبەرەکەیدا دەچێتە ناو جیهانی خۆشەویستییەکی بێ وێنە و لەژێر کاریگەری هۆنراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی(٨) دێڕی شاعیری فارس (پەروینی ئیعتیصامی)(١٢٦) هۆنراوەیەکی (٤١) دێڕی لەژێر هەمان ناوەڕۆکدا و بەو پەڕی بەرزییەوە تێکەڵ بەهەستێکی دڵداری دەکات و بەم شێوەیە دەدوێت:

لە ڕووی تاجی شایەکی زاڵ

چەسپابوو گەوهەرێکی ئاڵ

(١٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل(٤٤).

(١٢٦) د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، باسێکە لە بارەی شاعیری فارس (پەروینی ئیعتیصامی)یەوە، (دەستنووس).



ئەدرەوشایەوە وەک پەڕەنگ

وەک گوڵ ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ

وەک مانگی پڕ بەئەم و ئەو

خەرمانەی ئەبەخشی بەشەو

ئەوەندە گەش و ڕووناک بوو

ڕەوگەی هەر دڵێکی چاک بوو

چوومە بەر دیمەنی تاکی

پرسیم لە تروسکەی پاکی

ئاخۆ گۆنای کام پەری بووی؟

لێوی ئاڵی کام زەری بووی؟

ئاوا بووی بەئەم چرایە

لە تاجی سەری ئەم شایە؟

خۆزگەم بەگیانت چەند گەشی؟

لە شێوەی گڕی ئاتەشی؟

وەک نیگاری نەوجەوانی

وەک چەپکی دەست باخەوانی

وەک پەلکەزێڕینەی چەمار

بەرامبەر ئاوێنەی هەتاو

دڵ ئەرفێنی بەخەندەی دەم

لەم شوێنە بەرزەی بەر دیدەم

ئەم قسانەی بیست لە زارم

سەری سوڕما لە پرسیارم(١٢٧)

(١٢٧) سەرچاوەی پێشوو، ل(١٧٨).

# ئەنجامەکان

بێ گومان بەوردبوونەوە لەباری ئەدەبی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)دا دەگەینە چەند سەرەنجامێک کە بەکۆڵەگەی بەرەوپێش بردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری لەم شارە لەماوەی دیاریکراودا دادەنرێت و ڕۆڵی کاریگەرییشیان هەبووە بەسەر ساڵانی پاش ئەم قۆناغە و تا ئێستاش بە بەردەوام هەستیان پێ دەکرێت، کە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان دەنوێنن:

* بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری بەڕادەیەکی کەمیش کۆمەڵایەتی، کاریگەریی خۆیان لە پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لەناو شاردا هەبووە هەریەکە بەپێی ئاستی خۆی.

* ماوەی دیاریکراو ١٩٣٥-١٩٥٨ لە ڕووی سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجییەتە سیاسییەکان و ڕووداوە مێژووییەکاندا لە جیهان و لە کوردستان و لە عێراق بەسەردەمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت. ئەمەش بەئاشکرایی لەسەر کۆمەڵگەی ئەم شارەدا ڕەنگی دایەوە و زۆربەی لاوە ڕۆشنبیرەکان خزانە ناو حزب و ڕێکخراوە نەتەوەیی و سۆشیالیستییەکانی وەکو (دارکەر، هیوا، کۆمەڵەی میللەت، یەکێتی تێکۆشین، شۆڕش، ڕزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی). هەر ئەو لاوانەش چینی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆستی ئەم شارەیان پێک دەهێنا و پێشخستنی باری ڕۆشنبیری بەگشتی و ئەدەبی بەتایبەتی لە ئەستۆی ئەواندا بوو. کەواتە لەماوەی دیاریکراودا لەناو شار کارتێکردنێکی بەهێزی هاوبەش لەنێوان هەردوو باری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی هەبووە.

* ڕاپەرین و خۆپێشاندان و بۆنە نیشتمانییەکانی وەک "مایس ١٩٤١، کانوونی ١٩٤٨، شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، ئاهەنگ و یادکردنەوەکانی جەژنی نەورۆز" لەناو شار ڕەنگدانەوەیان لەسەر بزووتنەوەی ئەدەبی و شێوازی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەبووە.

* هەولێر وەک هەر کۆمەڵگایەکی ئاسایی لە چەند جۆرە چینێکی ئابووری جیاواز پێکهاتووە ژمارەیەک لە چینە دەوڵەمەندەکان چەند پرۆژەیەکی وەک مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی و مەکینەی کارەبا و سینەمایان دروست کرد و دامەزراند، کە



بێ گومان ئەمانەش ڕۆڵی خۆیان لەپێشخستنی باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەبووە. هەروەها کوڕەکانی ئەم چینەش بەپێی ئاستی خوێندەوارییان، توێژێکی باشی ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەی ناو شاریان پێک دەهێنا.

* لەلایەکی تر ئەو جوڵانەوە بازرگانییەی لەناو شار لەماوەی دیاریکراودا هەبوو، بووەتە هۆی گەشەسەندنی باری ژیاری و شارستانی شارەکە بەگشتی.

* ئەگەرچی باری کۆمەڵایەتیی تایبەت بەشاری هەولێر، هاندەر نەبووە بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی چەند بنکەیەکی کۆمەڵایەتی وەک (مزگەوت و خانەقاکان، چایخانەکان، کۆبوونەوەی مەلاکان لە حوجرەکان، هەروەها ئاهەنگەکانی مەولوودی پێغەمبەر) تارادەیەک زەمینەیەکیان بۆ دەمەتەقێی شیعری و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونی ئەدەبی ڕەخساندووە.

* گرنگترین ئەو سەرچاوانەی بوون بەبنەما بۆ پەرەپێدانی بواری ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی دەیان خاوەن بیری ڕووناک و شاعیری بەتوانا و نووسەری خامەڕەنگین و هونەرمەندی بەهرەدار لە هەولێر ئەمانە بوون (مزگەوت و مەدرەسە ئایینییەکان، قوتابخانەکانی میری و مامۆستاکان، کتێبخانەکان، هونەر و هونەرمەندان، ڕۆژنامەگەری). کە ئەمەی دواییان ڕۆڵی تایبەتی لەو بوارەدا هەبوو. بەتایبەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی:

**ڕووناکی**: کە دەروازەیەکی ڕووناک بوو بۆ بەکوردی نووسین و چوونە ناو جیهانی ڕۆژنامەگەری و ئەدەبی لەم شارەدا.

**(هەولێر- اربیل)**: وەک شەمعێک بوو کە بواری بۆ دەیان پەروانەی عاشقی زمان و ئەدەبی کوردی ڕەخساند تا لە دەوریدا بخولێنەوە و بەرهەمی خۆیان تێیدا ببیننەوە.

**هەتاو**: کە بۆ ماوەی شەش ساڵ لەڕێڕەوی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبەکەمان بێ سڵبوونەوە لە خزمەتکرندا تێکۆشاوە.

* لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ کردن لەماوەی دیاریکراودا بزووتنەوەیەکی شیعریی باش لەناو شاردا لە ئارادابوو ژمارەیەکی بەرچاویش لەشاعیران بەدەرکەوتن کە زۆربەیان خاوەن دیوانن و ناوی گەشەداربوون لە جیهانی شیعری کوردیدا.

لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە هۆنراوەکانی شاعیرانی ئەم ماوەیە لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەخولانەوە و بەردەوامی قوتابخانەی شیعری (بابان) بووە کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی نالی و هاوەڵەکانی سەری هەڵدا و لە سەدەی بیستەمیش بەردەوامی وەرگرت.

ئەگەر چی شاعیران لە ڕووی دیالێکتی شیعرییەوە بەگشتی هۆنراوەکانیان بەدیالێکتی کرمانجی خواروو نووسیوە، بەڵام لە لای زۆربەیاندا کاریگەریی دیالێکتی (شێوەزاری) هەولێر دیار و زاڵە.

* هۆنراوەکانیان بەزمانێکی کوردی تێکەڵ بەوشە و زاراوەی عەرەبی بەپلەی یەکەم و هەندێ جاریش فارسی و تورکی دەنووسی، بەڵام ئەمە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەرەبەرە ڕووی لەکزی کردبوو و بەگشتی هۆنراوەکانیان بەرەو پاراوی دەڕۆیشت.

* زۆربەی شاعیران لە ماوەی دیاریکراودا هۆنراوەکانیان لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی بنیات ناوە هەندێکیشیان کێشی پەنجەی خۆماڵی کوردییان پەیڕەو کردووە. لە ڕووی بەکارهێنانی سەرواوەش دوو جۆرە سەروایان بەکارهێناوە، (یەکێتی سەروا) و (سەروای هەمەڕەنگ کە تیایدا هۆنراوەکانیان لەسەر ئەم جۆرە قاڵبە شیعرییانەدا داڕشتووە:

١- جووت سەروا.
٢- سێینە.
٣- چوارین.
٤- پێنجین و (پێنج خشتەکی).

هەروەها شاعیران توانایی و وەستاییەکی باشیان نواندووە لە پەیڕەوکردنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا بەتایبەتی (لێکچواندن و درکە و خوازە و ڕەگەزدۆزی). سەرەڕای بەکارهێنانی قاڵبی شیعری جۆراوجۆری وەک (تاک، غەزەل، قەسیدە، موستەزاد، مولەممەع).

* جگە لە (پیرباڵ مەحموود)یش گشت شاعیرانی هەولێر نازناوی شیعرییان هەبووە و لە هۆنراوەکانیشیاندا پەیڕەویان کردووە.

* هەندێ لە شاعیران داهێنەرانە لە ڕێگەی وەسف کردنێکی سەرکەوتوانە و بە



بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی توانیویانە وێنەی شیعری سەرنج ڕاکێشەر و جوان و ناسکمان بۆ بکێشن. هەروەها هەندێ لە شاعیران چەپکێک هۆنراوەی جوان و سەرکەوتوویان لە زمانەکانی تر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

* شاعیرانی هەولێر لەماوەی دیاریکراودا توانیویانە کۆمەڵێک هۆنراوەی (دڵداری و نەتەوەیی و فەلسەفی و پەند و ئامۆژگاری) زۆر بەهێز و جوان و قەشەنگ و مەبەستدار، پێشکەش بەبزووتنەوەی شیعری کوردی بکەن. سەرەڕای چەندین مەبەستی شیعری تریش لەوانە (ستایش، لاواندنەوە، وەسف، کۆمەڵایەتی، ئاینیی، داشۆرین، شانازی، مەی نۆشی).

* لەلایەکی تر لەبەر کزیی باری چاپەمەنی کوردی لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا یاخود بڵێین لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ بۆیە گۆڕەپانی سەرەکی نووسینی پەخشانی کوردی لەم شارەدا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی "ڕووناکی و (هەولێر-اربیل) و هەتاو" و تاڕادەیەکیش گۆڤارەکانی گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە خۆیان دەنوێنن. جگە لە بڵاوکراوە سیاسییە نهێنییەکان.

* دیارترین و گرنگترین جۆرەکانی پەخشانیش لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ لە شاری هەولێر لە وتار و کورتەچیرۆک و دواندەری و تاک تاکەش شانۆگەری پێکهاتوون.

* وتار، دیارترین هونەری نووسین بووە لەناو شاردا. لایەنێکی فراوانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی گرتۆتەوە و تیشکی خستۆتە سەر بابەتەکانی ئەدەبی و نەتەوەیی و پەروەردەیی و مێژوویی و ئاینیی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی. لە ڕووی پاراویی زمانەوەش بەگوێرەی پێشکەوتنی زمانەکەمان لە قۆناغی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تاڕادەیەکی چاک سەرکەوتوو بووینە.

* دواندەری: گرنگترین هۆی ڕاگەیاندنی ناو شار بووە، بۆ ڕێنمایی کردن و پەیوەندی کردن بەجەماوەرەوە، بەکارهێنراوە، لە ماوەی دیاریکراودا دوو جۆری دواندەری لەناو شاردا تاڕادەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و ڕەگی داکوتا، ئەوانیش (دواندەری ئاینیی و سیاسی) بوون، هەروەها لێدوانی مامۆستایان لە ڕیزبوونی بەیانیانی قوتابیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکانی دواندەری دادەنرا لەو سەردەمەدا.

* لە ڕووی هونەری چیرۆک نووسینەوەش هیچ کۆمەڵە چیرۆکێکی سەربەخۆ لە

دووتوێی کتێبێکدا چاپ نەکراون، ئەوەی هەبوو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بواری گەیشتن بەخوێندەوارانیان بۆ هەڵکەوتووە. لەم بوارەدا چەند هەوڵدانێک یاخود بڵێین تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی هەبوو، کە زەمینەیەکی لەبار و پتەو و گونجاوی بۆ نەوەکانی دوای ئەو قۆناغە ئامادە کردووە.

* لە ڕووی ناوەرۆکەوەش چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە لەناو شاردا گەلێ لایەنی وەک کۆمەڵایەتی و پەند و ئامۆژگاری و چەوساندنەوەی چینی هەژار و ئافرەتان و دیاردەی دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواری بەسەریاندا زاڵە. زۆربەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان (ڕیالیزمییانە) چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە. لە ڕووی هونەرییەوەش کەمی ژمارەی کەسایەتییەکان و دایەلۆجی چڕ و کورت و ماوەی درێژخایەن و دامەزراندن لەسەر یەک ڕووداو، لە دیارترین خاسیەتەکانی چیرۆکەکانی ئەوسەردەمە بوون.



## ژیاننامە و بەرهەمی هەندێ لە شاعیران بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ بەم شێوەیەی خوارەوە بووە

**عەبدولجەبار ئاغای کانی:**

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ یەکێک بووە لە شاعیرە کلاسیکییە بەتوانا و ناودارەکانی بزووتنەوەی شیعریی لەم شارەدا. زمانێکی بەرزی لە شیعر نووسیندا هەبووە. کانی شاعیرێکی بادەنۆشی عاشق بووە، بۆیە هەرچەند لە دەرگەی زۆر بابەت و مەبەستی شیعری داوە لەوانەش (ستایش و نیشتمانپەروەری و شانازی بەخۆوە کردن و کۆمەڵایەتی) بەڵام لە هیچ کامێکیاندا وا سەر نەکەتووە وەک لە شیعری (مەی و دڵداری)دا سەرکەوتووە و گۆی هونەریی تێدا بردۆتەوە.

**ناسیح حەیدەری:**

شاعیرێکی بەتوانا و هەڵکەوتووی سەردەمی خۆی بووە هۆنراوەکانی بەزمانێکی شیعری کلاسیکی نووسیوە، بەیەکێک لە شاگرد و قوتابییە بەهرەدارەکانی قوتابخانەی شیعری نالی دادەنرێت، چەپکێک هۆنراوەی بەهێز و پڕ مانای لە بوارەکانی (ستایش، دڵداری، ئایینی، پەند و ئامۆژگاری، کۆمەڵایەتی) پێشکەش کردووین. تاکە شاعیری هەولێرییە لە داهێنانی (داستانی شیعری) لەم بارەیەوە زۆر زیرەکانە و وەستایانە شاکارێکی شیعری بەرزی داناوە بەناوی داستانی (شێخ ئەحمەدی جزیری و ڕابیعە خاتوونی خوشکی بەدرخان پاشا).

**محەمەد شەریف میهری:**

یەکێکە لە ڕابەرانی بزووتنەوەی شیعریی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. وەکو شاعیرێکی (لیریکی) لێهاتوو چەپکێک هۆنراوەی زۆر بەنرخی لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردی نووسیووە. مۆسیقایەکی شیعریی و ترپە و ئاوازێکی سەرنج ڕاکێشەر و ناسک لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێ. زمانێکی شیعریی سادە و ساکاری بەکارهێناوە نزیکە لە زمانی خەڵکەوە، ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیاوە ئاسۆی بیر و لێکدانەوەی کردۆتەوە و کردوویانە بەکوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بۆیە کۆمەڵێک هۆنراوەی پڕ هەستی نەتەوەیی پێشکەش کردووین.

**شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری):**

شاعیرێکی کلاسیکی بەتوانا و داهێنەری شاری هەولێر بووە. بەزمانێکی پتەو و وردەکارییەکی بەرزەوە شیعری نووسیوە و زۆر شارەزا بووە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا، دەست ڕەنگین بووە لە داهێنانی وێنەی شیعرییدا بەتایبەتی لەکاتی وێنەکێشانی خۆشەویستەکەیدا.

لە زۆر مەبەستی شیعری بەرهەمیی داناوە، لەوانەش (دڵداری، ئاینیی، وەسفی دیمەنە جوانەکانی کوردستان، لاواندنەوە، داشۆرین، ئامۆژگاری).

**ئیبراهیم هوشیار:**

شاعیرێکی زۆر ڕۆشنبیر و بەهرەدار و هەڵکەوتووی سەردەمی دیاریکراو بووە. بەهرەیەکی ڕەسەن و شارەزاییەکی فراوانی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبووە. هۆنراوەکانی یەکجار پڕ هەست و ناسک و جوان و ئاوازدارن. لە وەسفی جوانیی دولبەر و جوانی سروشت و دیمەنە دڵرفێنەکانی کوردستاندا دەست ڕەنگین بووە. چەندین وێنەی شیعریی داهێنەر و بەرزی لەم بارەیەوە لە ڕێگەی وشەکانیەوە بۆ کێشاوین. زۆر زیرەکانە و وەستایانە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە. لە هەندێ هۆنراوەدا زمانێکی پتەو و بەهێزی بەکارهێناوە لە هەندێکی تریشدا زمانەکەی سادە و ساکار و بێ گرێ و قۆرتە.

**بورهان جاهید:**

یەکێکە لە دیارترین و بەتواناترین شاعیرانی نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ لە شاری هەولێردا خاوەن بەهرە و دارشتنێکی شیعری ڕەسەنە، لە ڕێگەی داهێنانی چەندین بەرهەمی شیعری بەرزدا کەلێنێکی لە جیهانی شیعری کوردیدا پڕکردۆتەوە و بەتایبەتی لە بابەتی شیعری پەند و فەلسەفیدا. لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و یاریکردن بە وشەکان توانیویەتی مۆسیقایەکی ناوەکی گونجاو لەگەڵ مانا و مەبەستی هۆنراوەکانی دروست بکات.

زۆر زیرەکانە و هونەرمەندانە دەیان چوارینی لە بارەی ژیانی خۆی و ئادەمیزاد بەگشتی داهێناوە، کە بەنموونەی شیعری زیندووی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دادەنرێت لە ئەدەبی کوردیدا.



**مەسعود بێبەش:**

یەکێکە لە شاعیرە داهێنەر و هەڵکەوتووەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو. بەقوتابییەکی زیرەک و شاگردێکی چاکی ڕێبازی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دادەنرێت لە شیعر نووسیندا و لە داهێنانی شیعری داشۆریندا. بەگشتیش ئاشقی شیعری کلاسیکی کوردی بووە. زۆر دەست ڕۆیشتوو بووە لە داهێنانی (پێنج خشتەکیدا) کە بێگومان ئەمەش توانایی و وردەکارییەکی زۆر زیرەکانەی پێویستە.

**پیربال مەحموود:**

یەکێکە لە شاعیرە بەرزەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. لە پەنجاکاندا کۆمەڵێک هۆنراوەی زۆر بەپێز و تەڕ و ئاوازدار و پڕ هەستیی بەزمانێکی کوردی پاراو و یەکجار مۆسیقی نووسیوە. شارەزاییەکی تەواوی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبووە. لە شیعر نووسیندا شاعیر خۆی بەڕێبازێکی تایبەتی نەبەستۆتەوە، زۆربەی زۆری هۆنراوەکانی دەکەونە قاڵبی شیعری دڵداری لە هەر چوار لایەنی داهێنانی وێنەی شیعریی و مۆسیقای شیعریی و وەسفی دولبەر و سروشت و پاراوی شیعرەکانی لە ڕووی زمانەوە زۆر سەرکەوتوو بووە.

## سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان


ئەحمەد دڵزار:

١- بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، بەشی یەکەم و دووەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩١.

٢- پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١.

ئەسعەد عەدۆ:

٣- پێناسینی بەشێکی شاعیرانی کورد، چاپخانەی الحوداث، بغداد، ١٩٨٠.

بورهان قانع:

٤- دیوانی قانع، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩.

بورهان محەممەد جاهید:

٥- دیوانی بورهان بەگی هەولێری، لەسەر نەفەقەی محەممەد ئەمین عصری خاوەنی کتێبخانەی ترقی چاپ کراوە، چاپخانەی ترقی، کەرکووک، ١٩٥٧.

٦- چوارینەکانی جاهیدی (دیوان)، بەشی یەکەم، (دار الحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٩

٧- چوارینەکانی جاهدی، چاپخانەی اوفیست ڕافد، بەغدا، ١٩٨٢.

٨- فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید (دیوان)، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان هەولێر، ١٩٨٥.

بەشیر حوسێن سەعدی:

٩- دیوانی فانی (ملا حسین شیخ سعدی)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٤.

پیرباڵ مەحموود:

١٠- بەهەشتی دڵداری (دیوان) چاپخانەی (الشمال) کەرکووک ١٩٥٨.

١١- شۆڕش (دیوان) چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک، ١٩٥٩.

١٢- بزەی سروشت (دیوان)، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٥.

تاریق جامباز:

١٣- هەفتەنامەی گۆڤار، چاپخانەی کریستال، هەولێر، ١٩٩٨.

تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر

١٤- هەولێر (١٨٨٥-١٩٨٥)، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٥.

جەلال خدر حوسێن:

١٥- ژیاننامەی شەهابەی هەولێری (١٨٩١-١٩٣٩)، چاپخانەی نازە، هەولێر، ٢٠٠٢.

جەمال خەزنەدار:

١٦- ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی (الجمهوریة)، بەغدا، ١٩٧٣.

حەبیب عەلی مەمی میرانی:





١٧- یادی ئەدیبان و شەهیدانی کوردستان، چاپخانەی (الآداب)، نەجەف، ١٩٧٣.

١٨- گۆمی خوێن، چاپخانەی (الغریی)، نەجەف، ١٩٧٤.

حەسەن تەنیا:

١٩- شانۆ و شانۆی کوردەواری، هەولێر، ١٩٨٥.

حەمە ساڵح فەرهادی:

٢٠- چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، چاپخانەی (الحوداث)، بەغدا، ١٩٨٨.

٢١- چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

حوسێن عارف:

٢٢- چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠، بەغدا، ١٩٧٧.

ڕەسووڵ بێزار گەردی:

٢٣- شیلان وشلێر (شیعر)، چاپخانەی (التضامن)، بەغدا، ١٩٦٧,ڕەشاد موفتی:

٢٤- قەسیدەی بوردەیی کوردی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.

٢٥- مەولوودنامەی کوردی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨.

ڕەفیق حلمی:

٢٦- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٨.

ساسان عەونی:

٢٧- یەکێتی قوتابییانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

سەردار میران:

٢٨- چەپکە شیعرێک لە دیوانی نووری، چاپخانەی (دار آفاق عربیة)، بەغدا، ١٩٨٣.

سۆران عیزەدین فەیزی:

٢٩- یادی عیزەدین فەیزی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨.

شاکر فەتاح:

٣٠- داماوی موکریانی، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٢.

شوکور مستەفا:

٣١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

د. شوکریە ڕەسووڵ:

٣٢- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩.

شێخ جەلالی شێخ جەمیلی نەقشبەندی:

٣٣- چەپکی سێیەم لە دیوانی نووری، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧.

شێروان حەیدەری:

٣٤- دیوانی حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

د. عەبدوڵڵا حەداد:

٣٥- ژیاننامە و شیعرەکانی میهری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٧.

عەبدولجەبار ئاغای کانی:

٣٦- لەیلەومجنون، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ٢٥٧٣ی کوردی.

عەبدولجەبار محەمەد جەباری:

٣٧- مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠.

عەبدولڕەزاق بیمار:

٣٨- کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، (دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٩٢.

د. عەزیز گەردی:

٣٩- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، (ڕوونبێژی)، بەغدا ١٩٧٢.

٤٠- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، ١٩٧٥.

٤١- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩.

٤٢- بەشێک لە دیوانی میهری، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧.

٤٣- سەروا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.

عەلائەدین سەجادی:

٤٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٥٢.

٤٥- ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٧.

عیزەدین فەیزی:

٤٦- یەکێتی نوسەرانی کورد و دوو کۆڕ، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، ١٩٨١.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ:

٤٧- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٧٩.

فەیسەڵ دەباغ:

٤٨- حزبی (هیوا) و شۆڕش (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٧.

کەریم شارەزا، ئەحمەد شەریف، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی:

٤٩ - گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیکی بورهان جاهیدا، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.

کەریم شارەزا:

٥٠- لە یادی گیوی موکریانیدا، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨.





٥١- دیوانی کانی، کۆکردنەوەی (موەفەق ئەکرەم کانی)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا ١٩٨٠.

د. کەمال مەزهەر:

٥٢- تێگەیشتنی ڕاستی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٥٣- مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣.

٥٤- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا زەنگەنە. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

د. کوردستان موکریانی:

٥٥- هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٠.

٥٦- ڕۆناکی یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێرە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

گیوی موکریانی:

٥٧- کەشکۆڵی گیو، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی د. کوردستان موکریانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٨٦.

دکتۆر مارف خەزنەدار:

٥٨- کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، ١٩٦٢.

٥٩- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، (دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧.

٦٠- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٤.

٦١- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٦٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر. ٢٠٠٢.

مەحموود زامدار:

٦٣- ڕۆژنامەی هەولێر ١٩٥٠-١٩٥٣، هەولێر، ١٩٨٨.

٦٤- دامەزراندن ئەفراندن پێشڕەوێک، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٩.

مەزۆ لەشکری عەزیز:

٦٥- وەرزش لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧.

مەغدید سۆران:

٦٦- هوما (دیوان)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم:

٦٧- دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

مەلا عەولای حاجی سمایل:

٦٨- سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ڕەشاد، بەغدا.

مەلا مەسعود بێبەش:

٦٩- بەشێک لەدیوانی بێبەش، چاپخانەی (اللواء)، بەغدا، ١٩٧١.
٧٠- هەندێ لە پێنج خشتەکییەکانی بێبەش، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٤.
٧١- دیوانی بێبەش، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٧.
مەولوود قادر بێخاڵی:
٧٢- هەولێرم وا دیوە، بەغدا، ١٩٩١.
٧٣- هەولێرم وا دیوە و... بیستوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.
محەمەد مەلا کەریم:
٧٤- دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٧٥- دیوانی بێکەس، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا، ١٩٨٠.
موسا ئەحمەد:
٧٦- ڕۆژنامەگەری یەکێتی قوتابییانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد:
٧٧- بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ (کۆمەڵێ وتار)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩١.
هادی ڕەشید چاوشلی:
٧٨- هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغدا،١٩٨٧.
هەرشەمی:
٧٩- دەستەگوڵ (دیوان)، چاپخانەی (الخنساء)، بەغدا ١٩٩٠.
هیمدادی حوسێن:
٨٠- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.

## کتێبە عەرەبییەکان

احمد شوکت:
٨١- حسين رشواني مربياً و صحفياً ١٩٢١-١٩٩٧، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٨.
د. بله ج شيركو:
٨٢- القضية الكوردية ماضي الكورد وحاضرهم، القاهرة، ١٩٣٠.
حبيب محمد كريم:





٨٣- تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، دهوك، ١٩٩٨.
د. حسن عون:
٨٤- نظرية الانواع الأدبية، (مترجم)، المجلد الثاني، مصر.
دبليو -آر- هي:
٨٥- سنتان في كردستان، ترجمة فؤاد جميل، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، دار الجاحظ للطباعة، بغداد، ١٩٧٣.
زبير بلال اسماعيل:
٨٦- اربيل في ادوارها التأريخية، مطبعة نعمان، النجف الاشرف، ١٩٧٨.
٨٧- علما و ومدارس في اربيل، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل، ١٩٨٤.
٨٨- الشيخ چولي، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٩.
٨٩- تاريخ اربيل، مطبعة وزارة الثقافة اربيل، ١٩٩٨.
٩٠- ثورات بارزان ١٩٠٧-١٩٣٥ الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨.
ستيفن هيملسي لونكريك:
٩١- العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى سنة ١٩٥٠، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، الجزء الاول، بغداد، ١٩٨٨.
سمير عبدالكريم:
٩٢- اضواء على الحركة الشيوعية في العراق ١٩٣٤-١٩٥٨، الجزء الاول، دار المرصاد، بيروت.
د. شوقي ضيف:
٩٣- في النقد الادبي، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٢.
صالح الكوزبانكي:
٩٤- الرسالة الجامعة للاحكام والدلائل النافعة، اعده للطبع ونشره عبدالحكيم عثمان صالح، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل، ١٩٨٤.
صامد الكردستاني:
٩٥- كفاح الاكراد، د.م، د.ت
طارق ابراهيم شريف:
٩٦- شخصيات تتذكر، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، بغداد، كانون الاول ١٩٩١.
عبدالرزاق الحسني:
٩٧- تاريخ الوزارات العراقية، الطبعة الاولى (الجزء الاول، الثالث، السابع، العاشر).
٩٨- الاسرار الخفية في حركة مايس ١٩٤١، الطبعة الخامسة، مركز الابجدية التحررية، بيروت، ١٩٨٢.

عبدالكريم المدرس:
٩٩- علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، (دار الحرية للطباعة)، بغداد، ١٩٨٣.
علي عبدالله:
١٠٠- تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق حتي انعقاد مؤتمره الثالث، ايلول ١٩٦٨، (اعيد طبعه سنة ١٩٩١).
د. فاروق صالح عمر:
١٠١- المعاهدات العراقية - البريطانية واثرها في السياسة الداخلية ١٩٢٢-١٩٤٨، منشورات وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٧٧.
الدكتور فاضل حسين:
١٠٢- مشكلة الموصل، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٥.
كامل الجادرجي:
١٠٣- سجل الحركة الوطنية ضد معاهدة (جبر - بيغن) ودور حزب الوطني الديمقراطي فيها، بغداد، ١٩٦٠.
محسن دزەيي:
١٠٤- احداث عاصرتها، حاوره طارق ابراهيم شريف، الجزء الاول، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
محسن محمد حسين:
١٠٥- اربيل في العهد الاتابكي، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦.
محمد حسن عبدالله:
١٠٦- فنون الادب، الكويت، ١٩٧٨.
د. محمد غنيمي هلال:
١٠٧- النقد الادبي الحديث، القاهرة، ١٩٧١.
د. محمد مندور:
١٠٨- الادب وفنونه، الطبعة الثانية، مصر، ١٩٧٢.
نكتل يونس كشموله:
١٠٩- النجم الزاهر، طبعة مزيدة منقحة، بغداد، ١٩٨٨.
هادي رشيد الجاوشلي:
١١٠- تراث اربيل التأريخي، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٥.
الدكتور هاشم خضير الجنابي:
١١١- مدينة اربيل دراسة في جغرافية الحضر، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل، الموصل، ,١٩٨٧



## گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان

### أ- گۆڤارەکان

بارش:
١١٢- بەرهەم عەلی، گەشتێک بەنێو کتێبخانەکانی شاری هەولێردا، ژمارە(٥)، تەمووزی ٢٠٠١.
١١٣- یوسف نانەکەلی، عەبدولڕەزاق دەباغ، مامەکانم قەیسەری هەولێریان دروست کرد، ژمارە(٦)، ٢٠٠١.
بەیان:
١١٤- مەحموود زامدار، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر، ژمارە (١٤)، ١٩٧١.
دەفتەری کوردەواری:
١١٥- عاصم حەیدەری، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی شاری هەولێر، بیرەوەری ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ١٩٤٦، ژمارە (٢)، ١٩٧٠.
دەنگی گێتی تازە:
١١٦- ئیحسان مستەفا، دایک (چیرۆک)، ژمارە (٤)، ١٩٤٤..
١١٧- ئیحسان مستەفا، سکاڵای مردوو (چیرۆک)، ژمارە (٥)، ١٩٤٤.
ڕامان:
١١٨- تاریق جامباز، شێخەشەل خاوەنی کتێبخانەی هەولێر، ژمارە (٢٠)، ١٩٩٨/٢/٥.
١١٩- ڕامان، باری ئەدەبی و ڕووناکبیریی پەنجاکان لە هەولێر و کۆیە، مێزگرد بەشداربووان (د. مارف خەزنەدار، دڵزار، پیربال مەحموود، جەوهەر غەمگین، کەریم شارەزا، مەجید ئاسنگەر، مەدحەت بێخەو)، ژمارە (٤٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٥.
١٢٠- ڕامان، شیعری کوردی لە پەنجاکاندا شەختەیەکی سارد و سڕ بوو ویستم بیشکێنم، چاوپێکەوتن لەگەڵ پیربال مەحموود، ژمارە (٢٦)، ١٩٩٨/٨/٥.
١٢١- سەرۆ قادر، ئازاد عەبدولواحید، ئەنوەر مەسیفی، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەحموود زامدار، ژمارە(٥)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٦.
١٢٢- د. فەرهاد پیربال، لەپێناو نووسینەوەی مێژووی هونەری ڕەسم لە کوردستاندا، ژمارە (٢٩)، تشرینی دووەمی ١٩٩٨.
١٢٣- کەریم شارەزا، وێنەی شیعریی لە هۆنراوەکانی دوو شاعیری نوێکار و دوو شاعیری نوێخواز، ژمارە (٧٨)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢.
١٢٤- مەحموود زامدار، ئازاد عەبدولواحید، لەبەردەم پەیکەری پەیکەرتاشێکدا، ژمارە (١٨)، ١٩٩٧,/١٢/٥

رۆژنامەڤانی:

١٢٥- ئازاد عوبێد، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەنووسانی کورد، ژمارە (٣)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠.

١٢٦- د. امیر شیت، ڕووناکی یەکەمین گۆڤاری شاری هەولێر، ژمارە (٧،٦)، ٢٠٠١، ٢٠٠٢.

١٢٧- د. هیمداد حوسێن، ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیریی کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری هەتاودا، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢.

ڕۆشنبیری نوێ:

١٢٨- د. کەمال مەزهەر، هەولێر نەک بەغدا یەکەم شاری عێراق بوو لە بواری مانگرتندا بۆ داشکاندنی نرخی کارەبا، ژمارە (١٤٢)، ١٩٩٩.

١٢٩- د. کوردستان موکریانی، تیشکێک لەسەر گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە (١٠٧)، ئەیلولی ١٩٨٥.

ڕووناکی

١٣٠- گشت ژمارەکانی، لە ٢٤/١٠/١٩٣٥تا١٦/٥/١٩٣٦.

سەنتەری برایەتی:

١٣١- تاریق جامباز، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی حزبی هیوا لە هەولێر، ژمارە(١)، ئابی ١٩٩٧.

١٣٢- تاریق جامباز، هەفتەنامەی گۆڤار هەفتەنامەیەکی حزبی هیوایە لە هەولێر، ژمارە(٥)، نیسانی ١٩٩٨.

کاروان:

١٣٣- کەریم شارەزا، ئیبراهیم هوشیاری شاعیری وەسفی، ژمارە(١٢)، ئەیلولی ١٩٨٣.

١٣٤- د. مارف خەزنەدار، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی ڕوخسار و ناوەڕۆک، ژمارە (٩٣)، ئاداری ١٩٩٢.

گەلاوێژ:

١٣٥- ژ(١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨، ٩،١٠،١١،١٢) ساڵی سێیەم، ١٩٤٢.

١٣٦- ژ(١،٢، ٨، ١٠) ساڵی چوارەم، ١٩٤٣.

١٣٧- ژ(٢،٥،٦،٨،١٠)، ساڵی پێنجەم، ١٩٤٤.

١٣٨- ژ(١)، ساڵی شەشەم، ١٩٤٥.

١٣٩- ژ(٤)، ساڵی هەشتەم، ١٩٤٧.

١٤٠- ژ(٣-٥)، ساڵی نۆیەم، ١٩٤٨.

گوڵان:

١٤١- د. مارف خەزنەدار، حزبی هیوا، ژمارە (٣٦٤)، ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢.

مامۆستای کورد:



١٤٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سیاسەتمەداری ناسراو عەزیز محەمەد، ژمارە (٤)، سوید، ١٩٨٧.

نووسەری نوێ:

١٤٣- عەزیز گەردی، میهری، ژمارە (٢)، ساڵی دووەم، ١٩٧٤.

١٤٤- کەریم دەشتی، بیبلۆگرافیای شاعیران، ژمارە (٩)، نیسانی ١٩٩٩.

١٤٥- د. ئیسماعیل شوکر، نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٨ لە هەولێر، ژمارە (٩)، دهۆک ٢٠٠١.

هەتاو:

١٤٦- گشت ژمارەکانی لە ١٥/٥/١٩٥٤ تا ٣٠/١٠/١٩٦٠.

هەولێر:

١٤٧- تاریق جامباز، هۆشیاریی نەتەوایەتیی گەنجانی هەولێر لە کۆتایی سییەکان و ناوەڕاستی چلەکان لەنێو حزبی هیوادا، ژمارە(١)، زستانی ١٩٩٨.

١٤٨- زبێر بیلال ئیسماعیل، هەولێر لە مێژوودا، ژمارە(١)، زستانی ١٩٩٨.

١٤٩- سەید مەولوود بێخاڵی، بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە بەغدا و هەرایەکەی شێخ حەسەن ئەفەندی لە شاری هەولێردا، ژمارە (٢)، ١٩٩٩.

١٥٠- سەید مەولوود بێخاڵی، هەولێر و بەهار و نەورۆز، ژمارە (٦)، بەهاری ٢٠٠٠.

١٥١- ساڵح حەیدەری، یاداشت و چاوپێخشاندن بەمێژووی بزووتنەوەی نیشتمانیی شۆڕشگێڕیی کوردستان و عێراقدا ١٩٤٠-١٩٥٣، ژمارە (١)، زستانی ١٩٩٨.

١٥٢- ساڵح حەیدەری، حزبی ڕزگاری کورد، ١٩٤٥-١٩٤٦، ژمارە (٢)، بەهاری ١٩٩٩.

١٥٣- د. فەرهاد پیرباڵ، دانیال قەساب دامەزرێنەری هونەری ڕەسم لە کوردستانی عێراق، ژمارە(١)، زستانی ١٩٩٨.

١٥٤- کەریم شارەزا، مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، ژمارە (١)، زستانی ١٩٩٨.

١٥٥- کەریم شارەزا، دەوری مامۆستایانی هەولێر لە کۆمەڵە و سەندیکای مامۆستایان بۆ پێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی، ژمارە(٧)، هاوینی ٢٠٠٠.

١٥٦- د. مارف خەزنەدار، هەولێری جاری جاران و چەند یادگارێک، ژمارە (٩)، زستانی ٢٠٠١.

١٥٧- نەزیرە حەویز ساڵح، شاعیر و ڕەچەڵەک ناس ناسیح حەیدەری ١٨٩٨-١٩٨٦، ژمارە (١٣)، کۆتایی ٢٠٠١.

### ب- ڕۆژنامەكان:

ئالای ئازادی:

١٥٨- تاریق جامباز، نەورۆزی سالانی ١٩٣٣-١٩٤٠ لە قەلای هەولێر لاپەڕەیەكی شاراوەی شكۆمەندی كوردایەتییە، ژمارە (٦٦)، ١٩٩٣/٣/٢١.

برایەتی:

١٥٩- جەمال ئیسماعیل، ٤٧ سال بەر لە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی هەولێر چۆن دەرچوو؟، ژمارە (٢٣١٥)، ١٩٩٧/٤/٢٢.

١٦٠- كەریم شارەزا، دەوری كورد لە ڕاپەڕینە نیشتمانییەكەی ١٩٤٨ی عێراقدا، ژمارە (٢٢٦٣)، ١٩٩٧/١/٢٧.

١٦١- كەریم شارەزا، كۆچی مالئاوایی شاعیرێكی میللی و ڕەند و قەلەندەری كورد مەلا مەسعود بێبەش، ژمارە (٢٥٨٣)، ١٩٩٨/٥/١٤.

١٦٢- مەغدید حاجی، یەكەمین قوتابخانەی هەولێر، ژمارە (٢٢٥٠)، ١٩٩٨/٣/١٩.

خەبات:

١٦٣- تاریق جامباز، نەورۆزانەی سالی ١٩٤٠، ژمارە (٩٠)، ١٩٩٤/٣/٢١.

كوردستانی نوێ:

١٦٤- ئیسماعیل بەرزنجی، لە كوردستانی جەلادەت بەدرخانەوە تا كوردستانی نوێ، هەولێر لە هەولێردا، ژمارە (١٣٧٠)، ١٩٩٣/٤/٢٢.

١٦٥- باوكی كوردستان، لە یادی (٤٢) سالەی دەرچوونی ڕۆژنامەی هەولێردا، ژمارە (٢٦٩)، ١٩٩٢/١٢/١٦.

١٦٦- كەریم شارەزا، دەوری گۆڤاری هەتاو لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٨٤)، ١٩٩٦/٥/١٥.

میدیا:

١٦٧- د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە یادگارییەكانی نەورۆز، ژمارە (٦٣)، ٢٠٠٠/٣/٢٧.

هاوكاری:

١٦٨- عەبدوللا عەباس، مامۆستا عیزەدین فەیزی لاپەڕەكانی ژیانی پەروەردە و ڕۆشنبیری بۆ هاوكاری هەلدەداتەوە، ژمارە (٤٧٩)، ١٩٧٩/٦/١٨.

١٦٩- عیزەدین فەیزی، یادگارەكانم لەگەل جەژنەكانی نەورۆزدا، ژمارە(٤١٧)، ١٩٧٨/٣/١٧.

١٧٠- مەحموود زامدار، ٣٥ سال و... یادێك، ١٩٨١/٤/٢٣.

١٧١- مومتاز حەیدەری، مامۆستا عیزەدین فەیزی بۆ هاوكاری ئەدوێ، ژمارە (١١٧)، ١٩٧٢/٥/٢٠.





هەرێمی كوردستان:

١٧٢- مەحموود زامدار، هەولێر لە هەولێردا، ژمارە (١٤٧)، ١٩٩٨/٢/١٢.

١٧٣- مەحموود زامدار، هەولێر لە هەولێردا، ژمارە (١٤٨)، ١٩٩٨/٢/١٩

(هەولێر - اربیل):

١٧٤- گشت ژمارەكانی ڕۆژنامەی لە ١٩٥٠/١٢/١٦ تا ١٩٥٣/١٢/٢٨.

هەولێر:

١٧٥- علی چوكل بەرییە، ڕۆژنامەگەریی هەولێر لە پەنجاكاندا، ژمارە (٤،٣)، ١٩٩٣/١/٣١.

## گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەكان

### أ- گۆڤارەكان

زاگرۆس:

١٧٦- طارق ابراهیم شریف، أوائل أحداث في اربیل، عدد(٣)، ١٩٩٧.

گولان العربي:

١٧٧- نجاة یاسین النجار، مجید أفندي، ١٩١١-١٩٦٨، الشخصیة السیاسیة المنسیة، العدد(١٧)، ١٩٩٧/١٠/٢٥.

### ب- ڕۆژنامەكان

الاتحاد:

١٧٨- صالح الحیدري، لمحات من تاریخ الحركة الوطنیة والثوریة في كوردستان العراق، العدد(١١)، ١٩٩٣/٤/٣.

خەبات:

١٧٩- كەریم شارەزا، الادیب والصحفي الكوردي گیوي موكریاني، (١٩٠٣-١٩٧٧)، العدد (٨٨٤)، ١٩٩٨/٧/٢٤.

١٨٠- كەریم شارەزا، العالم الدیني الشهیر رشاد المفتي، العدد (٨٨٩)، ١٩٩٨/٨/٢٨.

١٨١- كەریم شارەزا، الادیب والمؤرخ والصحفي حسین حزني موكریاني، العدد (٨٩٥)، ١٩٩٨/١٠/٩.

١٨٢- كەریم شارەزا، الشاعر كاني، ١٨٩٧-١٩٥٧، العدد (٩٢٢)، ١٩٩٩/٤/٣.

١٨٣- كەریم شارەزا، العالم الدیني والشخصیة الوطنیة الملا صالح الكوزبانكي، العدد (٩٣٢)، ١٩٩٩/٧/٩.

١٨٤- كەریم شارەزا، الرائد التربوي والتعلیمي أحمد ناجي العدد (٩٤٢)، ١٩٩٩/٩/١٧.

١٨٥- كەریم شارەزا، العلامة شیخ مصطفى النقشبندي، ١٨٨٨-١٩٨٦، العدد (٩٤٣)، ١٩٩٩/٩/٢٤.

١٨٦- كريم شارەزا، المناضل الوطني والشاعر التقدمي علي فتاح دزەيي، العدد (٩٥٨)، ٢٠٠٠/١/٧.

١٨٧- كريم شارەزا، المعلم والمربي والوطني المخلص خضر مولود أمين، العدد (٩٧٨)، ٢٠٠٠/٦/٢.

١٨٨- كريم شارەزا، المناضل الوطني الشهير خيرالله عبدالكريم ١٩١٢-١٩٤٧، العدد (٩٨٠)، ٢٠٠٠/٦/١٦.

١٨٩- کەريم شارەزا، الشاعر والمثقف الموسوعي ناصح الحيدري، ١٨٩٨-١٩٨٦، العدد (٩٩٨)، ٢٠٠٠/١٠/٢٠.

١٩٠- كريم شارەزا، المناضل القومي والشاعر المجدد دلدار، ١٩١٨-١٩٤٨، العدد (١٠٠١)، ٢٠٠٠/١١/١٠.

١٩١- كريم شارەزا، المربي والاديب والصحفي عزالدين فيضي ١٩١٧-١٩٨٥، العدد (١٠١٦)، ٢٠٠١/٣/٢.

١٩٢- ماجد الدباغ، قلعة أربيل احتضنت اولى الاحتفالات بعيد نوروز، العدد (١٠٧٠)، ٢٠٠٢/٣/٢١.

ڕێگای کوردستان:

١٩٣- ع. م فەرهادی، قبل (٤٢) عاماً طلبة ثانوية اربيل للبنين يصدرون مجلة (الامل)، العدد (١٦٧)، أوائل حزيران ١٩٩٨.

العراق:

١٩٤- أبو عمار، لقاء الشهر (عزالدين فيضي)، صفحة ثقافة كردية، ١٩٨١/١٢/١٧.

١٩٥- عزالدين فيضي، مرة اخرى حول الصحافة الكوردية في الموسوعة الصحفية العراقية، صفحة ثقافة كوردية، العدد (٣٦٩)، ١٩٧٧/٥/١٢.

١٩٦- محمود زامدار، جريدة (هەولير) وشهود من الخمسينات، صفحة ثقافة كوردية، العدد (٣٤٢٥)، ١٩٨٧/٤/٢٦.

## دەستنووسەکان

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان

١٩٧- باسێکە لە بارەی شاعیری فارس (پەروینی ئیعتیصامی).

جەوهەر غەمگین:

١٩٨- بەشێک لە هۆنراوەکانی شاعیر.

سەید محیەدین بەرزنجی (نەژاد):

١٩٩- باسێکی کورتە لە بارەی هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی شاری هەولێر سەرەڕای چەند شیعرێکی شاعیر.

د. عەبدولحەکیم عوسمان ساڵح:



٢٠٠- دیوانێکی شیعری خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی)

عوسمان ڕەشاد موفتی:

٢٠١- ژياننامەی (مەلا فەندی)

٢٠٢- ژياننامەی (ڕەشاد محەممەد موفتی)

٢٠٣- چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ شاعیری کلاسیکی هەولێری بورهان جاهید ١٩٨٣

عیزەدین فەیزی:

٢٠٤- چەند سەربردەیەکی ژیانی خۆی.

فەریدە یونس:

٢٠٥- باسێکە لە بارەی مێژووی بنەماڵەکەیان و ژياننامەی (یونس ئەفەندی) باوکی و شەهید (نافع یونس)ی برای.

د. کوردستان موکریانی:

٢٠٦- دیوانێکی شیعری مامۆستا (گیوی موکریانی).

مەدحەت بێخەو:

٢٠٧- بەشێک لە هۆنراوەکانی شاعیر.

## نامەی ئەکادیمی (دکتۆرا - ماستەر)

اسماعیل شکر رسول:

٢٠٨- اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، اطروحة دكتوراه، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، قسم التأريخ، اربيل، ١٩٩٩.

سەلام فەرەج کەریم:

٢٠٩- گەشەسەندنی درامای کوردی لە عێراقدا، ١٩٧٥-١٩٩٥، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٠.

نەوزاد وەقاص سەعید:

٢١٠- بزووتنەوەی شیعری لە کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە، ئیبن ڕوشد، بەشی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٩٦.

بەکر شاکر عەبدوڵڵا:

٢١١- عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٠.

خميس حزام والي:

٢١٢- وثبة كانون الوطنية في العراق ١٩٤٨، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، بغداد، ١٩٧١.

سەردار ئەحمەد حەسەن:

٢١٣- سافی، ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، هەولێر، ١٩٩٣.

## چاوپێکەوتنەکان

بەپێی مێژووی سازدانیان بەم شێوەیەن:

٢١٤- بەڕێز مامۆستا کەریم شارەزا: ٢٠٠١/١١/١، ٢٠٠٢/٤/٢٠.
٢١٥- بەڕێز کاک زیوەر خەتاب: ١١/٣، ١١/٢٠، ١٢/٥، ٢٠٠١/١٢/٢٥.
٢١٦- بەڕێز حاجی حەیدەر عوسمان: ٢٠٠١/١١/٦.
٢١٧- بەڕێز مامۆستا عەلی چوکل بەرییە: ٢٠٠١/١١/١٠.
٢١٨- بەڕێز پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار: ٢٠٠١/١١/٢٠، ٢٠٠٢/١/٣.
٢١٩- بەڕێز کاک نەژاد بەرزنجی: ٢٠٠١/١١/٢٢
٢٢٠- بەڕێز مامۆستا ئەحمەد دلزار: ٢٠٠١/١١/٢٨.
٢٢١- بەڕێز کاک سەید مەولوود بێخاڵی ٢٠٠١/١١/٣٠.
٢٢٢- بەڕێز کاک عومەر فەرهادی: ١٢/٣، ٢٠٠١/١٢/٦.
٢٢٣- بەڕێز د. عەزیز گەردی: ٢٠٠١/١٢/٥، ١٢/٥، ٢٠٠٢/٨/٩.
٢٢٤- بەڕێز کاک مومتاز حەیدەری: ٢٠٠١/١٢/١١.
٢٢٥- بەڕێز کاک تاریق جامباز: ٢٠٠١/١٢/٢٠.
٢٢٦- بەڕێز کاک عوسمان موفتی: ٢٠٠١/١٢/٢٣.
٢٢٧- بەڕێز د. کوردستان موکریانی: ٢٠٠١/١٢/٢٩.
٢٢٨- بەڕێز د. عەبدولمەناف: ٢٠٠٢/١/٥.
٢٢٩- بەڕێز کاک مەحموود زامدار: ٢٠٠٢/١/١٠، ٢٠٠٢/٢/٥.
٢٣٠- بەڕێز د. عەبدوڵڵا حەداد: ٢٠٠٢/١/١٥
٢٣١- بەڕێز خاتوو فەریدە یونس ئەفەندی ٢٠٠٢/١/٢٢.
٢٣٢- بەڕێز خاتوو شوکریە عەلی جیاووک ٢٠٠٢/١/٢٩.
٢٣٣- بەڕێز خاتوو قەدریە عەزیز: ٢٠٠٢/١/٣٠.
٢٣٤- بەڕێز مامۆستا محەمەد عارف: ٢٠٠٢/٢/٢.
٢٣٥- بەڕێز کاک پیربال مەحموود: ٢٠٠٢/٢/١٠.
٢٣٦- بەڕێز د. عەبدولحەکیم عوسمان ساڵح: ٢٠٠٢/٢/١٩.
٢٣٧- بەڕێز کاک جەلال خدر: ٢٠٠٢/٢/٢٦.
٢٣٨- بەڕێز کاک مەدحەت بێخەو: ٢٠٠٢/٣/٢٥.
٢٣٩- بەڕێز کاک مەغدید سۆران: ٢٠٠٢/٥/٢٧.
٢٤٠- بەڕێز کاک جەوهەر غەمگین: ٢٠٠٢/١١/٢٠.



## ملخص البحث

اربيل هذه المدينة العريقة المتسمة بالحضارة والعمران طوال المئات بل الآلاف من السنين والتي قاومت شتى صور الهجمات والغزوات الهمجية وبقيت قلعتها شامخة عزيزة بأهلها ومشعة بنور ابداعاتها التراثية والادبية.

وشهدت هذه المدينة في النصف الاول من القرن الماضي تحولات سياسية وفكرية واضحة، كانت لها الاثر الكبير والمتبادل على الحركة الادبية والثقافية فيها. وكونت قاعدة راسخة ومؤثرة في حاضرها وفي السنوات التي تلاها. وللارتباط الجدي لعائلتي بالمستجدات السياسية والثقافية في هذه المدينة في الفترة المذكورة، ارتايت اختيار موضوع (الحركة الادبية في اربيل لما بين سنوات ١٩٣٥-١٩٥٨) ليكون عنوانا لاطروحتي.

وقد تم توزيع البحث على ثلاثة محاور، الاول منها منصب على الوضع السياسي والاقتصادي والاجتماعي والثقافي في اربيل وتأثير كل منها على الابداعات الادبية، والتركيز بصورة اجلى على الناحية السياسية وذلك للتأثير المتبادل والواضح بينها وبين التطور الثقافي والادبي وبالاخص بين الشباب المتعلمين في الفترة المحددة بالبحث مع عدم التغاضي عن الناحيتين الاقتصادية والاجتماعية ومردودهما على المسيرة الادبية.

ويتناول هذا الفصل ايضا اهم المصادر الثقافية في اربيل ومنها الجوامع والمدارس الدينية والحكومية و المعلمين والمكتبات والفنون الجميلة والصحافة وقد تم التركيز على هذا الجانب، مع اغنائه بثلاث دراسات عن اهم الصحف والمجالات في الفترة المذكورة.

ويتناول المحور الثاني دراسة تحليلية للحركة الشعرية من حيث الشكل والمضمون في الابداعات التي ظهرت في تلك الحقبة التأريخية. واضافة الى ذلك فقد تم دراسة اهم الفنون النثرية في اربيل ومن ابرزها (المقالة، المسرحية، الخطبة، القصة).

وفي المحور الثالث تم استعراض لنبذ من تاريخ حياة ونماذج من ابداعات عدد من الشعراء في اربيل والذين عايشوا الفترة المحصورة بالبحث. وذلك بموجب التسلسل الزمني لظهورهم على المسرح الادبي في هذه المدينة، بغية اعطاء صورة صادقة عن المستوى الشعري وتطوره في هذه المدينة العريقة وهم "عبدالجبار آغا كاني ١٨٩٧-١٩٥٧، ناصح الحيدري ١٨٩٨-١٩٨٦، محمد شريف ميهري ١٩٠٣-١٩٤٢، شيخ جلال شيخ جميل النقشبندي (نوري) ١٩١٢-١٩٩٥، ابراهيم هوشيار ١٩١٦-١٩٩٤، برهان جاهيد ١٩١٨-١٩٩١، ملا مسعود بيبەش ١٩٣٢-١٩٩٨، پيربال محمود١٩٣٤".

واخيراً اتمنى ان يكون جهدي المتواضع هذا جزء من وفائي الواسع لمدينتي العزيزة اربيل.

# Abstract

For long eras, Arbil city, Which is known by its great civilization, defended itself and its citadel from the barbarian invaders. And it remained and kept its greatness like the citizen of this city whom are proud of their shining and brilliant culture.

During the first half of the last century, the political and the ideological changes, which are happened in Arbil, influenced the cultural and the literary movements in the city. So these changes established an effective and a stable base for the present and future time. And because of my family's relation with the political and cultural modifications in this city and especially in the period mentioned below, I preferred to choose (the literary movement in Arbil between the years 1935-1958) as the title of my study.

This research is divided into three parts. The first one concerns the political, economical, social and cultural situations in Arbil and their influences on the literary talent, focusing on the political side because of its reciprocal effects on the cultural and literary fields, specially its clear influence on the young learners during the specified period, without neglecting the economical and social effects on literature and its progression. This part deals also with the most important cultural sources in Arbil, like the Mosques, religious, governmental and teacher's schools, libraries, fine arts and press, in supplying great information in the three parts of this study.

The second part of this research contains an analytical study of the poetical movement concerning the shape and the form of the skilful talents that are appeared in that historical period. In addition to the study of the most important prose works in Arbil like: dramatic essay, speech and story.

The third part of this research is a short demonstration of the historical life of certain skilful poet of Arbil who are lived in this specified period like: Abdu-Al-jabar Aga Kani (1897-1957), Nasseh Al-Haidary (1898-1986), Muhammed Sharef Mehry (1903-1942), Sheque Jalal Sheque Jamel Al-Naqshabandy (1912-1995), Ibrahem Wshyar (1916-1994), Burhan Jahed (1918-1991), Mala Massud Bebash (1932-1998) and Perbal Mahmmud (1934). This selection is done according to the chronological time of their appearance on the literary stage in this city, which helps to give a true view of the poetical level and its progression in this great city.

Finally, I whish my humble effort proofed my loyalty to my dear city, Arbil.



# ناوەڕۆک

پێشەکی ........ 6

**بەشی یەکەم**

باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری شاری هەولێر لە... ........ 9

**باسی یەکەم**: باری سیاسی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨ ........ 9

حزب و ڕێکخراوەکان ........ 17

شاری هەولێر و شۆڕشی مایسی (١٩٤١)ی عێراق ........ 31

شاری هەولێر و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان ........ 33

شاری هەولێر و ڕووداوەکانی کانوونی (١٩٤٨)ی عێراق ........ 35

شاری هەولێر و ڕێکخراوی قوتابیان ........ 38

شاری هەولێر و جەژنی نەورۆز ........ 40

**باسی دووەم**: باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی شاری هەولێر لە... ........ 46

**باسی سێیەم**: باری ڕۆشنبیریی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨) ........ 53

١- مزگەوت و حوجرە ئاینییەکان ........ 53

٢- قوتابخانەکانی میری و مامۆستاکان ........ 55

٣- کتێبخانەکان ........ 57

٤- هونەرەجوانەکان ........ 59

٥- ڕۆژنامەگەری لە هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨) ........ 61

أ- گۆڤاری ڕووناکی (١٩٣٥-١٩٣٦) ........ 62

ب- ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) (١٩٥٠-١٩٥٣) ........ 70

ج- گۆڤاری هەتاو (١٩٥٤- ١٩٦٠) ........ 81

**بەشی دووەم**

بزووتنەوەی ئەدەبی لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨) ........ 89

شیعر ........ 89

أ- ڕوخسار ........ 91

١- دیالێکتی شیعری ........ 91

٢- زمانی شیعری ........ 92

٣- سەروا ........ 94

٤- کێش ... 102
٥- بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ... 107
٦- بەکارهێنانی قاڵبی شیعری ... 113
٧- داهێنانی وێنەی شیعری ... 118
٨- دانانی نازناوی شیعری ... 121
٩- شیعری وەرگێڕدراو ... 122
ب- ناوەڕۆک ... 123
١- دڵداریی ... 123
٢- نەتەوەیی ... 125
٣- ستایش ... 128
٤- لاواندنەوە ... 129
٥- ئاینیی ... 131
٦- مەی نۆشی ... 132
٧- شانازی ... 133
٨- داشۆرین ... 134
٩- وەسف ... 134
١٠- کۆمەڵایەتی ... 136
١١- فەلسەفی و پەند و ئامۆژگاری ... 137
پەخشان ... 138
١- وتار ... 140
٢- شانۆگەری ... 146
٣- دواندەری ... 147
٤- چیرۆک ... 149

**بەشی سێیەم**

ژیان و بەرهەمی هەندێ لە شاعیران ... 155
١- عەبدولجەبار ئاغای کانی (١٨٩٧-١٩٥٧) ... 155
٢- ناسیح حەیدەری (١٨٩٨-١٩٨٦) ... 160
٣- محەمەد شەریف میهری (١٩٠٣-١٩٤٣) ... 165
٤- شێخ جەلال شێخ جەمیل نەقشبەندی (نووری) (١٩١٢-١٩٩٥) ... 175



٥- ئیبراهیم هوشیار (١٩١٦-١٩٩٤) ... 180
٦- بورهان جاهید (١٩١٨-١٩٩١) ... 186
٧- مەسعود بێبەش (١٩٣٢-١٩٩٨) ... 193
٨- پیربال مەحموود (١٩٣٤) ... 198
ئەنجام ... 205
سەرچاوەکان ... 213
کورتەی لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی ... 228
کورتەی لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی ... 229